# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٧) تشرینی یەکەمی
٢٠١٦

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
تۆفیق کەریم
٠٧٧٠١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٥١١٤١٢٥٤٣
tofeqkarem@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
عادل سدیق

بەرێوەبەری هونەریی
ڕەوشت محەمەد

ڕاوێژکاری یاسایی
بەکر حەمەسدیق

ڕاوێژکاران

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
پ.ی. سەلام ناوخۆش
ئیدریس سیوەیلی

سایتی گۆڤاری خاڵ:
www.xalkurd.com

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار
چاپخانە: سەردەم

# لەم ژمارەیەدا


سەروتار ........................................................................................... (تۆفیق کەریم) ٣

**تەوەر**

دەوڵەت لەڕوانگەی ئیسلامەوە لە نێوان ئایینی و مەدەنیدا ........................................ (د. هادی عەلی) ٦

دەوڵەتی ئیسلامی فۆڕمێکی تری بەرهەمهێنانەوەی دەوڵەتی عەلمانی شکستخواردوی ناوچەکە (ئەبوبەکر کاروانی) ١٦

بەرکۆڵێک بۆ پەرتوکی (ئیسلامیەکان و دەوڵەتی مۆدێرن) ........................ (بوخاری عەبدولای قەسرێ) ٣٤

سەرکردەی کاریزما و پێگەی لە فیکر و مێژووی ئیسلامیدا ........................................ (نازم عەبدوڵڵا) ٤٢

دەوڵەتداری لە هزری ناصری سوبحانی خوێندنەوەیەکی ........................................ (زانا ڕۆستایی) ٥٠

دادگەریی وەک بەهایەکی قورئانی ................................................. (فاتح سەنگاوی) ٥٧

جیهاد لە نێوان نیگای خودایی و کەلەپووری کۆمەڵایەتیدا ................................ (و: کامەران جمال محمد) ٦٤

ئارام قادر: ئیسلام دژی حکومەتی ئاینییە ........................................................................ (دیمانە) ٧١

بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنی لە فیکری ئیسلامیدا ................................................ (محەمەد ڕەوف) ٧٦

ڕۆڵی میانڕەویی لە سەقامگیریی کۆمەڵگادا ................................................ (شیروان شەمێرانی) ٨٥

سستمی سیاسی ئیسلامی لەلای بونیاگەراکان و سەلەفییەکان ........................................ (ئیمداد تەها) ٩٤

**بابەتی گشتی**

ئاماژە بە کورد و کوردستان لە قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)دا ........... (د. عومەر عەبدولعەزیز) ١٠٧

جینۆساید و جینۆسایدی کورد لە عێراقدا .................................................................. (عادل سدیق) ١٢٦

مەلای گەورەی کۆیە و هەوڵە ڕیفۆرمخوازییەکانی ................................................ (زامدار ئەحمەد) ١٣٤

هۆشیاری سیاسی لە سەردەمی جیهانگیریدا .......................................................... (ئیدریس کاریتانی) ١٣٩

بەکەلتورکردنی دەوڵەتداریی ......................................................................... (سەرنووسەر) ١٥٢




سەروتار

# خەرمان بەرەکەت

تۆفیق کەریم

سوپاس بۆ پەروەردگار لە ماوەی ساڵێکدا بە ڕێکوپێکی شەش ژمارەمان لە گۆڤاری خاڵ بە چاپ گەیاند، بەم گشت قەیرانەوە کە ناوچەکە و بەتایبەت کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، دەرچوونی ئەو شەش ژمارەیە لە وادەی خۆیدا بەبێ دواکەوتن بۆ ئێمە جێگەی شانازی بوو، هەروەها بەشداربوونی دەیان نوسەری بە ئەزمون و قەڵەمی نوێ بە خۆبەخشانە لە دەوڵەمەندکردن و فرەڕەنگی بۆ گۆڤارەکە شانازییەکی دیکەمانە، کە ئەم دوو خاڵە هاندەرێکی باشبوون بۆ پێشوازی خوێنەران لە گۆڤارەکە و، دروستبونی جێگەوپێگەیەک بۆی لە ناوەندی ڕۆشنبیران و کاروانی ڕۆشنبیریدا لە کوردستان. ئەمانەی سەرەوە ئامانج و ستراتیجیەتی ساڵی ڕابردوومان بوو کە بە ئەندازەیەکی باش پێیان گەیشتین و جێبەجێمانکردن.

لە ساڵی ئایندەدا خوا یاربێت دەمانەوێت «خاڵ» لە گۆڤارێکەوە بکەین بە ناوەندێک و لە پاڵ دەرچوونی ژمارەکانیدا زنجیرەیەک کتێب و نامیلکەی هەمەڕەنگیش بە چاپ بگەیەنین، هەروەها کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانسی ڕۆشنبیری و فکری سازبکەین، لە چوارچێوەی ئامانجەکانماندا کە کرانەوە و نوێگەریی و ڕەسەنایەتین.

بۆیە لە دەستپێکی ساڵی نوێوە بە چاپ گەیاندنی دوو کتێب و سازکردنی کۆنفرانسێکی زانستی دەستمان پێکرد، کتێبەکانی (کاریگەری ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد- ئەدەبی گاڵتەوگەپ) و (پێکەوە ژیان، بەرەو بەخۆداچونەوە و گۆڕانکاری)، هەروەها کۆنفرانسێکی سەرکەوتووی فکری لەگەڵ

# سەروتار

پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی بەناوی (رووبەڕوبونەوەی بیری تەکفیر و بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئارام)، ئەمانە دوو بەرکوڵی جێبەجێکردنی ستراجیەتی ساڵی ئایندەمانن، هیواداریین ڕۆشنبیر و نوسەرانیش هاوکار و پشتیوانمانبن.

ئێمە لەبەرنامە و ستراتیجیەتی خۆمان بەردەوامین و لامان نەداوە، بەڵام گۆڕانکارییەک لە پەیکەری گۆڤارەکەدا ڕوویدابێت، دەستلەکارکێشانەوەی ئارەزوومەندانەی م.ئیدریس سیوەیلی بەڕێوەبەری نووسین بوو کە لە ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی بەرچاوی لە ئیدارەدان و پێشخستن و مشورخواردنی گۆڤارەکەدا بینی، هەروەها دەستبەکاربوونی (م. عادل سدیق) لە جێگای ئەو سوپاسی گەرمی مامۆستا ئیدریس دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ مامۆستا عادل دەخوازم.

هەر لە ساڵی نوێی دەستبەکاربونیشماندا لە تەلاری ئازادی «مۆڵ»ی شاری سلێمانی بارەگایەکی خنجیلانەمان بۆ «خاڵ» دابینکردووە، ئەمەشیان ئاسانکاری و هەنگاوێکی دیکەیە بەرەو پێشەوە، بەم کەم بودجەیی و دۆخە قەیراناوییەوە، ئەوەندە چالاکی و بەرنامە دارشتن، جێگەی دڵخۆشیمانە. سوپاسی هەموو هاوکارانمان دەکەین کە بە پشتیوانی ماددی و بە نووسین و ڕاوێژکاری ڕۆڵی گەورەیان بینی لەم کاروانەدا.

## تەوەری ژمارە

# دەوڵەتداری ئیسلامیی: مەدەنیبوون یان ئایینیبوون؟

کامەیە ئەو دەوڵەتدارییەی کە ئیسلام بانگەشەی بۆدەکات؟ ئایا لەهەرشوێنێك پەرچەمێکی (لااله الاالله) یان (الله اکبر) بەرزکرایەوە و حدودی شەرعی بینرا و دادگای ئایینی دامەزرا، ئەوە دەوڵەتی ئیسلامە؟
دەقە شەرعییەکان کۆتاییان هاتووە، بەڵام پێویستییەکانی کۆمەڵگا بەردەوامن، کەواتە چۆن بەو دەقە جێکیرانە کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی بەڕێوە دەبرێت؟ ئەم چەمکە نوێیانەی دەوڵەتداریی وەك دەوڵەتی مەدەنی ئیسلام چۆن لێیان دەڕوانێت؟
ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکە، لەتەوەری ئەم جارەی «خاڵ» لای کۆمەڵێك توێژەر  و نوسەر و رۆشنبیری خۆمان وروژاندومانن، ئەوانیش هەریەکە لە سۆنگەی شارەزایی خۆیەوە تیشکیان خستە سەریان، هەریەکەیان بە بابەتێکی زانستی بەشداری ئەم تەوەرەی «خاڵ»یان کرد، بەهیوایین خوێنەرانی خۆشەویست وەڵامی ئەم پرسیارانەو زۆر پرسیاری دیکەشیان لەم تەوەرەدا دەستبکەوێت.

**گۆڤاری خاڵ**



# دەوڵەت لەڕوانگەی ئیسلامەوە
# لە نێوان ئایینی و مەدەنیدا



**د.هادی عەلی**

لەدایکبووی ١٩٥٣ هەڵەبجە، دکتۆرا لە فکریی ئیسلامیی، وەزیری پێشووتری دادی حکومەتی هەرێم چەندین بەرهەم و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

## پێشەکی

بەتێڕامان لە مێژووی سیاسی ئیسلام و چۆنێتی مومارەسەکردنی ئەزموونی دەسەلاتی سیاسی لەلایەن خودی پێغەمبەر (د.خ)-و پاشان خەلیفەکانی ڕاشدین لە دوای خۆی، ئەم چەند ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت:

* پێغەمبەر- (د.خ)-هاوتەریب بەکاری پێغەمبەرێتی و گەیاندنی ڕاستییەکانی و وەحی، وەک ڕابەرێکی سیاسی سەرپەرشتی کاروباری گشتی مسوڵمانان و دانیشتوانی شاری مەدینەو دەوروبەری کردووە بەگشت ڕەهەندەکانی حوکمڕانییەوە لەو ڕۆژگارەدا.

* پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین بە هیچ شێوەیەک کاریان نەکردووە بۆ دامەزراندنی دام و دەزگایەک بۆ دەسەلاتێکی ئاینی هاوشێوەی ئەو دەزگا ئاینیانەی کە پیاوانی هەردوو ئاینی جوولەکە و مەسیحیەت مومارەسەیان کردووە.

* پێغەمبەر لە دوای خۆی پێگە ئاینی و سیاسییەکەی خۆی نەسپاردووە بە هیچ کەسێک و بە میراتی بەجێی نەهێشتووە بۆ هیچ کەس و دامەزراوەیەک.

* هەروەک شێوەو شێوازێکی دیاریکراویشی لەبارەی چۆنێتی مومارەسەکردنی دەسەلاتی سیاسی دیاری نەکردووە.

* بەلام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە پێغەمبەر چەندین بنەمای ئەساسی و بەهای بالای لە چوارچێوەی دەقەکانی قورئان و سوننەتی صەحیحدا لەبارەی چۆنێتی مومارەسەکردنی دەسەلاتی سیاسییەوە جێگیر کردووە، وەک بنەماکانی شورا و دادپەروەری و یەکسانی و دژایەتی کردنی ستەم و گەندەڵی، فەرماندان بە چاکە و نەهیکردن لە خراپە، ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ لە هەر ڕەگەز و ئاین و نەتەوەیەک بێت، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و ڕێزگرتن لە خواست و ئیرادەی ئوممەت، چاودێریکردنی دەسەلاتداران و لێپرسینەوەیان، هەروەها چەندین بەهاو بنەمای تر بۆ تەواوکردن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بەهاو بنەما سەرەکیانە.

## ئەزمونی ڕاشیدین

ئەزمونی خەلیفەکانی ڕاشیدین بەتەواوی ئەزمونێکی ئینسانی و ئیجتیهادی و مەدەنی بووە (١)، چونکە یەکەم خەلیفەی ڕاشدین لە وتاری دوای هەلبژاردنی ئەم ڕاستییانەی خوارەوەی سەلماند، کە:

* دەوڵەت و دەسەلاتی سیاسی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە لەسەر بنەمای ڕەزامەندی ئوممەت و بەرپرسیارێتی دەسەلاتدار بەرامبەر بە ئوممەت دادەمەزرێت.

* سەرۆکی وڵات وەکیلی خودا نیە و نوێنەرایەتی خودا ناکات، بەڵکو وەکیلی خەڵکەو نوێنەرایەتی خەڵک دەکات و لەلایەن خەڵکەوە ڕادەسپێردرێت و خەڵک مافی چاودێریکردن و لێپرسینەوە و لابردنیشی هەیە.

خەلیفە ئەبوبەکر لە وتارەکەیدا کە دەڵێت: ( لقد وليت عليكم ولست بخيركم، فان احسنت فأعينونى وان أسأت فقومونى، أطيعونى ماالطعت الله فيكم، فان أسأت فلا طاعة لمخلوق في معصية الخالق......) لە دەقەکانی ئەم وتارە گرنگەدا ڕاشکاوانە دانیناوە بە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی مەدەنیدا، کە بریتین لەم بنەمایانەی خوارەوە (٢):

یەکەم: بنەمای دیاریکردنی سەرۆکی وڵات لەلایەن گەل یان نوێنەرەکانییەوە.

دووەم: بنەمای چاودێریکردنی دەسەلات لەلایەن گەلەوە.

سێیەم: بنەمای مەشروعیەت یان سەروەری

یاسا لە چوارچێوەی مەرجەعیەتی دەستووریدا، کە دیارە مەرجەعیەت و سەرچاوەی باڵای یاسادانان بۆ مسوڵمانان ئیسلام و شەریعەتەکەیەتی.

بەوشێوەیە دەتوانین بڵێین ئەزمونی خەلیفەکانی ڕاشدین لە حوکمڕانیدا، تێکرای تیۆرەکانی دامەزراندنی دەسەلاتی سیاسی نامەدەنی هەڵوەشاندوەتەوە وەک:

- تیۆری بەکارهێنانی هێز بۆ زاڵبوون و دەستبەسەراگرتن.
- تیۆری مافی خوایەتی و پێ سپاردن لەلایەن خواوە.
- تیۆری بە میراتی و بۆماوە لە بنەماڵەیەکی خاوەن پێگە و ڕەگەزێکی بە حساب باڵا کە تا ئێستاش لەلای هەندێ نەتەوەو ناوچە کاری پێ دەکرێت (٣).

بۆیە دەتوانین بڵێین دەوڵەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دەکرێ مەدەنی بێت، بەڵکو پێویستە مەدەنیبێت، چونکە ئەرک و وەزیفە سەرەکیەکانی دەوڵەت لە کۆن و نوێدا، ئەرک و وەزیفەی مەدەنی و ئینسانیە و پێویستی ژیانی تاک و کۆمەڵگە و سەلامەتی وڵات دەیخوازێت.

ئیسلامیش داوای هەموو ئەو ئەرک و وەزیفانە دەکات، بەبێ ئەوەی شێوەو شێواز و میکانیزمێکی تایبەتی بۆ دیاری کردبێت، لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێن کە:

*جیاوازی زۆرە لە نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتی ئایینی بە تێگەیشتنە ڕۆژئاواییەکەی و دەتوانین بڵێن کە دەوڵەتی ئایینی بە تێگەیشتنە ڕۆژئاواییەکەی لە ئیسلامدا بوونی نیە.

* ئەگەرچی نکوڵی لەو ڕاستیەش ناکرێت کە دەوڵەتی خەلافەت لە مێژووی ئیسلامیدا وەک پێویست نەیتوانیوە مەدەنی بێت، چونکە لە دوای خەلیفەکانی ڕاشدین بنەماکانی شورا و

**دەوڵەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە پێویستە مەدەنیبێت، چونکە ئەرک و وەزیفە سەرەکیەکانی دەوڵەت لە کۆن و نوێدا، ئەرک و وەزیفەی مەدەنی و ئینسانیە.**

ڕەزامەندی ئوممەت کاری پێ نەکراوەو هەوڵیش نەدراوە کارپێکردنیان بخرێتە چوارچێوەی دامەزراوەییەوە. لەلایەکی دیکەوە هەموو دەسەلاتە ئاینی و زەمەنیەکان لەکۆتاییدا لە دەستی شەخسی خەلیفەدا کۆدەبوویەوە، هەندێ جاریش خەلیفە و دەوروبەرەکەی کاریانکردووە بۆئەوەی شێوەیەک لە پیرۆزی ئاینی بدەن بەبڕیار و هەڵسوکەوتەکانیان.

* ئەوشێوازە مێژووییە لە دەوڵەت تا ئێستاشی لەگەڵدابێت داواکاری زۆرێک لە ڕەوتە ئیسلامیەکان و زانایانی سەر بە مەزهەبە جیاوازەکانی ئیسلامە، بۆ نمونە ئەزمونی (ویلایەتی فەقیهـ) لە کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەرچی پشت بەستووە بە هەڵبژاردنی گەل یان نوێنەرانی گەل، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا شێوازێکە لە دەوڵەتی ئایینی و تێکەڵکردنە لە نێوان ئایینی و مەدەنیدا.

* ئەڵبەت کاتێک دەڵێین لە ئیسلامدا دەوڵەت پێویستە مەدەنی بێت، بەومانایە نیە کە هیچ پەیوەندیەک نەبێ لە نێوان ئیسلام و دەوڵەتدا، چونکە لە وڵاتانی ئیسلامیدا دەوڵەت پێویستە پشت بەستوو بێت بە مەرجەعیەتی ئیسلامی، مەدەنیبوونی دەوڵەت ڕێگە لەوە ناگرێت پەیوەندیەکی ئیجابی هەبێ لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا، ئیسلام و دەوڵەت دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن و جۆرێک لە پەیوەندی لە

**بەداخەوە چەمکی(جێبەجێکردنی شەریعەت) کورتکراوەتەوە لە جێبەجێکردنی یاسای سزاکان و پۆشاکی ئافرەت و هەندێ دیاردەی تری ڕواڵەتی.**

نێوانیاندا هەبێ، بەڵام دەوڵەتی ئایینی و دەوڵەتی مەدەنی پێکەوە کۆناکرێنەوە (٤).

لە دەوڵەتی ئایینیدا دەسەڵاتدار خۆی بە نوێنەری خوا دەزانێت و بڕیارەکانی ڕەتناکرێنەوە و بەرگێکی پیرۆز دەبەخشێت بە بڕیارەکانی، بەڵام لە دەوڵەتی مەدەنیدا تەواو پێچەوانەیە، لە دەوڵەتی مەدەنیدا کاروباری ئایینی تایبەتە بە تاک و کۆمەڵگەوە، بەڵام دەوڵەتی ئایینی دەستوەردەداتە هەموو کاروبارێک و سروشتێکی تاکڕەوانەی هەیە. دەوڵەتی مەدەنی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ڕێگاچارەیەکی مامناوەندە لە نێوان دەوڵەتی عەلمانی و دەوڵەتی ئایینیدا (٥).

## دەوڵەتی مەدەنی و پرسی جێ بەجێکردنی شەریعەت

مەسەلەیەکی گرنگ هەیە لەم بوارەدا، بووەتە (تحدی)یەک لە بەردەم دانانی تەواو بە پێویستی و ئاسایی بوونی دەوڵەتی مەدەنی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ئەویش ئەوەیە هەرکاتێک باس لە مەرجەعیەتی ئیسلام و هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕەوتە ئیسلامیەکان دەکرێت، ڕاستەوخۆ مەسەلەی حوکمکردن بە شەریعەت و جێبەجێکردنی شەریعەت، دەبێتە جێگای مشتومڕو تێڕوانینی دژبەیەک لە نێوان پێکهاتە فیکریی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا بەگشتی و لەلای نوخبە عەلمانیەکان بەتایبەتی.

ڕاستە لە ڕووی تیۆرییەوە کۆڵەکەی یەکەمی دەوڵەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بریتییە لە دانانن بە مەرجەعیەتی ئیسلام و شەریعەتەکەی لە بواری یاساداناندا وەک بنەمایەکی دەستووری، بەڵام لە ڕووی پراکتیکیەوە تێگەیشتن و بۆچوونی نادروست هەیە، تەنانەت لای زۆرێک لە ئاڕاستەکانی ڕەوتی ئیسلامی خۆیشیان، هەرئەوەشە بووەتە هۆی دروستبوونی کێشەی فیکری دژ بەیەک لە نێوان ڕەوتە ئیسلامی و عەلمانیەکاندا.

هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنێکی نادروست لە نێوان هەردوو چەمکی (شەریعەت) و چەمکی ( جێبەجێکردنی شەریعەت)دا (٦).

لە ڕوانگەی ئەو تێگەیشتنە نادروستەوە بەداخەوە چەمکی (جێبەجێکردنی شەریعەت) کورتکراوەتەوە لە جێبەجێکردنی یاسای سزاکان و پۆشاکی ئافرەت و هەندێ دیاردەی تری ڕواڵەتی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە، لەسەر حسابی ئامانجە گەورەکانی تری شەریعەتی ئیسلام کە پەیوەستن بە پاراستنی ماف و کەرامەتی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری و بەگژاچوونەوەی ستەم و گەندەڵی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان و پێشکەشکردنی نمونەی شارستانیانەو پێشکەوتوو لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە بەتایبەتی لە بواری حوکمڕانی کردن و بەدیهێنانی دادپەروەریدا.

لەم دیدگا بەرتەسکەوە، ئەگەر لە وڵاتێکی موسڵماندا دەسەڵاتی سیاسی هەندێ لە سزا شەرعیەکانی جێبەجێکرد، یان بەلایەنی کەمەوە بەشێک لە یاساکانی وڵات بەسەر کەسانێکی کەم دەسەڵات و بێچارەدا جێ بەجێ کردن، یان

ئافرەتانی ناچارکرد بە پۆشینی جۆرێکی دیاریکراو لە پۆشاک، یان فشار و رێگری کرد لە هەندێ هەڵسوکەوت و دیاردە لەسەر ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئیتر ئەو دەوڵەتە یان ئەو دەسەڵاتە سیاسییە ئیسلامییە و جێبەجێکاری شەریعەتە.

بەڵام هەر لەو دەوڵەتەدا–بەداخەوە–رەنگە زۆرجار دەسەڵاتێکی ستەمکار و گەندەڵ و نادادپەروەر لەسەر حوکم بێت، بنەماڵەی حوکمڕان و دەستەو دائیرەکەی لەسەرو یاساوە بن و لە لوتکەی گەندەڵیدابن، لە سایەی ئەو سستەمە بەناو جێبەجێکاری شەریعەتدا حسابێکی ئەوتۆ نەکرێت بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکان و پاراستنی سەروماڵ و کەرامەتی هاوڵاتیان، رەنگە لە زۆر بواری ژیاندا دواکەوتوویێت و لەریزی دەوڵەتە زۆر گەندەڵ و دواکەوتووەکانی جیهانیشدا تۆمار بکرێت.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر لە وڵاتێکی تری موسڵماندا دەسەڵاتی سیاسی بتوانێت دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکان و خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی دەستەبەربکات، بەبێ هیچ جیاوازییەکی ئایینی و رەگەزی یان تائیفی و سیاسی. لەهەمانکاتدا یاسا سەروەر بێت و لە سەروو هەموانەوە بێت، تایبەتمەندییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە پارێزراو و رێزلێگیراو بێت، دەسەڵاتە سیاسییەکە لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردرابێت، لە سایەی ئەو دەوڵەتەدا هەموو بەرپرس و کاربەدەستێک مل کەچ بێت بۆ لێپرسینەوەو یاسا، وڵات ئاوەدان و پێشکەوتوو بێت، ئاین و ئاینداری ئازادو رێزلێگیراوبێت بۆ هەمووان، ئاستێکی باش لە ماف و کەرامەت و خۆشگوزەرانی بۆ تێکرای هاوڵاتیان دەستەبەرکرابێت.

بەڵام لە سایەی ئەو دەوڵەتەدا یاسای سزاکانی ئیسلامی جێ بەجێ نەکرێت، ئافرەت ناچار نەکرێت بە پۆشینی شێوازێکی دیاریکراو لە پۆشاک، دەوڵەت و دەزگاکانی حکومەت دەستوەردانی نەبێت لە هەڵسوکەوت و کاروباری تایبەت و رۆژانەی هاوڵاتیاندا، ئەو دەوڵەتە یان ئەو سستەمە سیاسییە–بەداخەوە–لە دیدی زۆرێک لە رەوتە ئیسلامیەکانەوە، بە دەوڵەتی ئیسلامی و جێبەجێکاری شەریعەت لە قەڵەم نادرێت، بەڵکو زۆر وادەبێت کە بە دەوڵەتێکی عەلمانی و دوور لە ئاین لەقەڵەم دەدرێت.

## چەمکی شەریعەت و چەمکی جێبەجێکردنی شەریعەت

هۆکاری سەرەکی ئەم دیدە نادروست و تێگەیشتنە ناڕاستەی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێکەڵکردنە نادروستەی نێوان چەمکی (شەریعەت) و چەمکی (جێبەجێکردنی شەریعەت). چەمکی شەریعەت لەڕاستیدا بە تەنها ئەحکامە شەرعیەکان و تەکالیفە عەمەلیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئیسلام دەگرێتەوە بە (عەقائید و عیبادەت و موعامەلات) و تێکڕای رێنماییە شەرعی و ئاینیەکانەوە.

لەڕاستیدا چەمکی شەریعەت مەودایەکی زۆر فراوانی هەیە بە ئەندازەی هەموو ئیسلام بە قورئان و سوننەت و دروشمە ئاینیەکانەوە، پێویستە لەسەر موسڵمانان ئیمان و بڕوای تەواویان بە هەمووی هەبێ و هەوڵ بدەن لە ژیانی تاک و کۆدا بەپێی توانا جێبەجێیان بکەن. چونکە چەمکی شەریعەت زۆر لەوە فراوانتر و گشتگیر ترە تا کارپێکردن و کارپێنەکردنی پەیوەست بکرێت بە دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسییەوە (٧).

- ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنج بدەین، جیاوازییەکی ئاشکرا دەبینین لە نێوان چەمکی (شەریعەت) و چەمکی (جێبەجێکردنی شەریعەت)دا، چونکە شەریعەت بریتییە لە خودی ئاین و لەلایەن

خوداوه هاتووه بۆ پێغەمبەر و (معصوم و مقدس)ە و ملکەچ نابێت بۆ کۆت و پێوەندەکانی کات و شوێن، بەڵام چەمکی (جێبەجێکردنی شەریعەت) ئیجتیهاد و کرداری مرۆڤەکانە و لەژێر کاریگەری هەلومەرجی کات و شوێندایە و بە هیچ شێوەیەک (معصوم و مقدس)نیە و هاوتانیە بە خودی شەریعەت کە ئایینی خودایە (٨). بۆیە جێبەجێکردنی شەریعەت یەکسان نیە بە شەریعەت، قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی شەریعەت یەکسان نیە بەقبول کردن یان ڕەتکردنەوەی خودی شەریعەت.

لێرەدا گرنگە ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو بگرین کە خواستی کۆمەڵگە موسڵمانەکان و داواکارییان بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت، بریتی نیە لە سەپاندنی هەندێ کۆت و پێوەندی فیقهی و مێژوویی بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵکو موسڵمانان بەشێوەیەکی گشتی لە کۆن و نوێدا کاتێک باس لە جێبەجێکردنی شەریعەت دەکەن، مەبەستیان دادپەروەری و یەکسانی و ڕێزگرتنی تەواوە لە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە و خاکی بوونی دەسەڵاتداران و کەمکردنەوەی جیاوازییە ڕەهاکانە لە نێوان نوخبەی دەسەڵات و تێکڕای هاوڵاتیاندا، چونکە لە هەست و نەستی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا ئەو وێنا جوانە لەبارەی ژیانی پێغەمبەر و هاوەڵەکانی و خەلیفەکانی ڕاشدینەوە چەسپیوە (٩).

لەڕاستیدا ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و (تحدیە) یەکی گەورەشە لە بەردەم ڕەوتی ئیسلامیدا و یەکێکە لە گرێکوێرەکانی نێوان عەلمانیەکان و ڕەوتە ئیسلامیەکان بەشێوەیەکی گشتی، چونکە هەردوولا دوو تێروانینی زۆر ناکۆک و دژ بەیەکیان هەیە:

عەلمانیەکان پێیانوایە شەریعەت ناگونجێ لەگەڵ کۆمەڵگەی هاوچەرخ و ئازاددا، لەولاشەوە ڕەوتە ئیسلامیەکان بەتایبەتی سەلەفیەکان تێروانینیان وایە کۆمەڵگەی ئازاد ناگونجێ لەگەڵ ڕێنماییەکانی شەریعەتدا. عەلمانیەکان ئیسلام وەک دیاردەیەکی مێژوویی دادەنێن کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بە هیچ شێوەیەک جێگای قبوڵ نیە، هەروەک سەلەفیەکان مێژووی سیاسی و فیقهی ئیسلام وەک بەشێک لە ئیسلام دادەنێن و داوای دووبارەکردنەوەو جێبەجێکردنی دەکەن کە بە هیچ شێوەیەک مومکین نیە (١٠).

## پێگەی ئاین و دامەزراوە ئاینیەکان لە دەوڵەتی مەدەنیدا

لێرەدا مەسەلەی دامەزراوە ئاینییەکان و پێگە و ئەرک و وەزیفەیان دێتە ئاراوە، کە ئایا لە دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخدا چۆن مومارەسەی وەزیفەی خۆیان دەکەن و بە چ شێوازێک پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵات و دامەزراوەی دەوڵەتدا ڕێکدەخەن.

لە دەوڵەتی مەدەنیدا پێگەی سروشتی و شیاوی ئاین و دامەزراوە ئاینییەکان ئەوەیە کە بەشێکی زیندووبێت لە حەرەکەتی کۆمەڵگەی ئەهلی و دامەزراوەکانی، نەک بەشێک بێت لە بیرۆکراتیەتی دەوڵەت (١١)، بەوشێوەی کە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا وەزارەتێک تەرخانکراوە بۆ ئەو بوارە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینییەوە، چونکە دەوڵەت بە سروشتی خۆی بەتایبەتی دەوڵەتی هاوچەرخ کۆنترۆڵی هەموو شتێک دەکات لەپێناو مانەوەو بەهێزکردنی پێگەی خۆیداو توانای ئەوەی هەیە دەست وەربدات لە هەموو ورد و درشتێکی ژیانی تاک و کۆمەڵگە.

بۆیە دەسەڵات ناتوانێت پاسەوانێکی ئەمینی ئاین بێت و ناڕەوایە ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی پێ بسپێردرێت. نمونەی خەلیفەکانی ڕاشدین نمونەیەکی زۆر ناوازە و دەگمەنە، دەکرێ وەک نمونەیەکی باڵا سەیر بکرێت، بەڵام مەرج نیە دووبارە ببێتەوە.

له مێژووی دەوڵەتی ئیسلامیدا و له سەردەمی ئەمەوییەکان بەدواوە وردەوردە لێک دوورکەوتنەوە لە نێوان نوخبەی دەسەڵات و زانایاندا دەستیپێکرد، نەک بە ئاڕاستەیەکی عەلمانی، بەڵکو لێک جیاکردنەوەی ئەرک و وەزیفەو پسپۆڕیتی. ئەوەبوو لە مێژووی ئیسلامدا دوو توێژی سەرەکی هەبوون کە خاوەنی پێگەو دەسەڵات بوون لەسەر تێکڕای ئوممەت و کۆمەڵگەی ئیسلامی، یەکەمیان، کاربەدەستانی دەوڵەت (الامراء)، کە بریتی بوون لە خەلیفە و وەزیرەکان و والیەکان و فەرماندەکانی سوپا و کەسە نزیکەکانی بنەماڵەی خەلیفە، دووەمیان، زانایان (العلماء)، کە بریتی بوون لە فەقیهەکان و قازییەکان و ڕێبەرانی مەزاهیبی فیقهی و فیکری و تەریقەت.

•هەر زوو زانایان و پێشەوایانی ئاینی دەرکیان بەو ڕاستییە کرد کە گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر ژیانی موسڵمانان و سستەمی حوکمڕانیدا هاتووە و پیاوانی دەوڵەت جگەلە ئەرکی دەوڵەتداری و سیاسەت زیاتریان پێناکرێت، بۆیە کاریان بەو ئاراستەیە کرد کە مافی ڕێبەرایەتیکردنی ئوممەت و ڕاڤەکردنی قورئان و سوننەت و ئیجتیهاد و فتوا، ئەرک و وەزیفەی زانایان و پێشەوایانی ئاینییە و پیاوانی دەسەڵات پێویستە خۆیان لەو بوارە بە دوور بگرن. ئەگەرچی دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایان بەشێوازی جیاجیا هەمیشە هەوڵیانداوە پشتیوانی و لایەنگیری بۆ هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن لەژێر چەتری سیاسەتی شەرعیدا.

•بەڵام ئاڕاستەی سەرەکی پێشەوایانی گەورەی ئیسلام لە بەرامبەر خەلیفەکان و دەزگای حوکمڕانیدا دوای ململانێ و قوربانیدانێکی زۆر، هاتەسەر ئەوەی کە هاوکێشەی نێوان ئەو دووبەرەیە لەسەر ئەو حاڵەتە سەقامگیر ببێت کە

**دەسەڵات ناتوانێت پاسەوانێکی ئەمینی ئاین بێت و ناڕەوایە ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییەی پێ بسپێردرێت.**

ئیسلام مەرجەعیەتی باڵای دەوڵەت و ئوممەت بێت، بەبێ ئەوەی دەوڵەت شێواز و ڕێبازێکی عەقائیدی یان فیقهی دیاریکراو بەسەر ئوممەتدا بسەپێنێت.

## دوو هەڵوێستی نمونەیی

لەم ڕووەوە لە مێژووی دوڵەتی ئیسلامیدا دوو نموونەی بەرچاوو بەناوبانگمان لەبەردەستدایە: یەکەمیان: هەڵوێستی ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەس لەگەڵ ئەبو جەعفەری مەنسور خەلیفەی عەباسی، کاتێک داوای لێکرد کتێبەکەی (الموطأ) دابەش بکرێت بەسەر ویلایەتەکانی دەوڵەتدا بەمەبەستی یەکخستنی ڕاوبۆچوونە فیقهیەکان، بەڵام ئیمامی مالیک قبوڵی نەکرد و داواکەی ڕەتکردەوە و پێی گووت : (ان اصحاب الرسول-صلی الله عله وسلم- تفرقوا فی البلاد، فأفتی کل في بلده بما رأى وان لاهل (مكة)قولا، ولاهل (المدينة)قولا، ولأهل (العراق) قولا، قد تعدوا فيه طورهم وهم لايرضون علمنا، واختلاف الفقهاء رحمة من الله بهذه الامة) (١٢).

لەم هەڵوێستە مێژووییەی ئیمامی مالیک ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە بەلایەنی کەمەوە بەشێک لە زانایان لەو ڕۆژگارەدا هەوڵیانداوە ڕێگانەدەن بە دەوڵەت ئیجتیهادێکی فیقهی یان بە واتایەکی تر مەزهەبێکی فیقهی دیاریکراو بەسەر خەڵک دا بسەپێنێت، چونکە کاروباری ئاینی و فیقهی

## کاری ئاینی و فیقهی دەبێ سەربەخۆبێت لە کاری سیاسی، نابێ دەوڵەت ئەو دەسەڵاتەی هەبێ ڕێبازێکی عەقائیدی دیاریکراو بەسەر ئوممەتدا بسەپێنێت

پێویستە سەربەخۆ بێت لە هەیمەنەی دەوڵەت و پیاوانی دەوڵەت و نابێت لە چوارچێوەی مەزهەبێک یان ئیجتیهادێکدا کورت بکرێتەوە.

دووەمیان: هەڵوێستی ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل لە مەسەلەی (خلق القرآن) بەرامبەر خەلیفەی عەبباسی (المأمون) بەهەمانشێوە ئاماژەیە بۆئەوەی کاری ئاینی و فیقهی دەبێ سەربەخۆبێت لە کاری سیاسی، نابێ دەوڵەت ئەو ماف و دەسەڵاتەی هەبێ ڕێبازێکی عەقائیدی دیاریکراو بەسەر ئوممەتدا بسەپێنێت، هەروەک زانایان و پێشەوایانی ئاینیش نابێ مەزهەب و ئیجتیهادێکی دینی و فیقهی دیاریکراو بەناوی ئاینەوە بەسەر دەوڵەت و کاری سیاسیدا بسەپێنن (١٣).

### دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخ

لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا پێویستە دەوڵەت بەپێی دەستور پابەندبێت بە بەرگریکردن لە مەرجەعیەتی ئیسلامی و پاراستنی کولتوور و دابونەریتی گشتی کۆمەڵگە، بەڵام بەناوی عەلمانیەتەوە بێت یان بەناوی ئیسلامیەتەوە، نابێ ڕێگا بە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بدرێت دەستوەربداتە کاروبارو هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانی هاوڵاتیان، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە دەوڵەت هەموو ئامرازێکی لەبەردەستە بۆ کۆنترۆڵکردن و سەرکوتکردن بەشێوەیەکی زۆر ترسناک..

•ئەڵبەت ئەوەی پەیوەستە بە دەزگا و دامەزراوە ئاینیەکانەوە لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە ڕابردوو و ئێستاشدا، هەرگیز کێشەکە لەوەدا نەبووە کە دەزگای ئایینی کۆنترۆڵی دەوڵەت بکات، بەوشێوەیەی کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کڵێسا و پاپا بەتەواوی کۆنترۆڵی دەوڵەت و کۆمەڵگەیان کردبوو، تا بە ناچاری گەلانی ئەو وڵاتانە ڕاپەڕین و کۆمەڵگە و ژیانی فیکریی و ڕۆشنبیریی و زانستیی و سیاسیان لەچنگی کلێسا و پیاوانی کڵێسا دەرباز کرد. بەپێچەوانەوە لە وڵاتانی ئیسلامیدا کێشەکە لەوەدایە کە دەوڵەت ئیسلامی بێت یان عەلمانی، بەتەواوی کۆنترۆڵی هەموو شتێکی کردووە بە دەزگا ئاینیەکانیشەوە و لە خزمەت خۆیدا بەکاریان دەهێنێت.

لە کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕاستەقینەدا موسڵمانان بەشێوەیەکی گشتی هوشیارانە و شارستانیانە بە خواست و ئارەزووی خۆیان پابەند دەبن بە ڕەوشت و ڕێنماییەکانی ئیسلامەوە و دروشمەکانی جێ بەجێ دەکەن لە ڕێگای پرۆسەی ئامۆژگاریکردن و ڕێنماییکردن لەلایەن زانایان و بانگخوازانەوە، بەبێ هیچ جۆرە فشار و سەپاندنێک لەلایەن دەوڵەت و دەزگاکانی حکومەتەوە، چونکە هەرکاتێک دەوڵەت پابەندکردنی بە ڕینماییە ئاینیەکانەوە گرتەدەست و کردی بە وەزیفەی خۆی، ئەوکاتە ئاین دەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیایەکی بێزراو، دیاردەی دووڕوویی ئاینی و دوڕوویی لە هەڵسوکەوت و چۆنێتی پابەندبوون بە ڕینماییە ئاینیەکانەوە، دەبێتە پیشەی بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیان.

لە سایەی دەوڵەتی مەدەنیدا یان دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخدا پێویستە ئەو بابەتانە چارەسەر بکرێن، واتە پێویستە ئەرک و وەزیفەی دەوڵەت و چۆنێتی حوکمڕانیکردن لە ئەرک و

وەزیفەی کۆمەڵگەو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەهلی جیابکرێتەوە.

•رەوتە ئیسلامیەکانیش پێویستە لەو بوارەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێ و گۆڕانکاری لە فیکرو بیروبۆچونیان لەم بوارەدا ئەنجام بدەن و بەشێوەیەکی پراکتیکی و دامەزراوەیی لایەنی بانگەوازو ئەمر بەچاکە و نەهی لە خراپە و بانگەشەکردن بۆ پابەندبوون بە دروشم و ڕێنماییە ئیسلامیەکانەوە نەکەنە بەشێک لە بەرنامەی کاری حیزبی و ململانێی سیاسی، بەڵکو کاری دروست ئەوەیە کە لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوەی تایبەت و سەربەخۆوە کاروچالاکی بانگەوازو پەروەردە ئەنجام بدەن.

مەسەلەی چاکسازی سیاسی ڕاستەقینە لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئەوە دەخوازێت کە مەسەلەی ئاین و بانگەشەکردن بۆ ئاین پارێزراوبێت لە کێشەو ململانێی نێوان ڕەوتە ئیسلامی و عەلمانیەکان لەسەر دەسەڵات، پێویستە هەردوولا خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان.

دەتوانین بڵێین ئاینەکان بە گشتی و ئاینی ئیسلام بەتایبەتی پەیوەندی بەهێزیان هەیە بەشێوەی دەوڵەت و شێوازی سستەمی سیاسییەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئاینەکان هەرچەند جیاوازبن و کۆمەڵگەکان هەرچۆنێک بن، ئەوا پەیوەندی نێوان ئاین و دەوڵەت یەکێک لەم سێ شێوە سەرەکییەی خوارەوەی دەبێت (١٤):

یەکەم/ دەوڵەتی دینی: بە تێگەیشتنە باوەکەی کە نمونەی دەوڵەتی تیۆکراتی و ئیستیبدادیە، لەسەر بنەمای تێکەڵکردنی تەواوی نێوان ئاین و دەوڵەت دادەمەزرێت و تیایدا هەموو دەسەڵاتەکان: ئاینی و مەدەنی، تەشریعی و تەنفیزی، هەر هەمووی لە لوتکەدا لەلای تاکە کەسێک یان دەزگایەک کۆدەبێتەوە کە لەسەرو هەموو دەزگا دەستووری و سیاسیەکانەوەیە بە نوێنەرایەتی خودا شەرعیەت دەبەخشێت بە بڕیار و ڕێنماییەکانی.

ئەوەی پەیوەستە بە ئیسلامەوە، ڕاو بۆچوونی جیاجیا لەمبارەیەوە هەیە، بەڵام بە گشتی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا لە ڕوانگەی ئایەتەکانی قورئان و سوننەت و مێژووی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیەوە دەکەن، ئەگەرچی تێڕوانینی میانڕەوانەو توندڕەوانەش لە نێوانیاندا هەیە.

ڕاستە دەوڵەتی خەلافەت لە مێژوودا هاوشێوەی ئەو دەوڵەتە ئاینییە (تیۆکراتی) ە نەبووە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەلایەن کلێسا و پاپای مەسیحیەکانەوە سەپێنرابوو بەسەر گەلانی ئەورووپادا، بەڵام لەهەمانکاتدا بەشێوەیەک لە شێوەکان نمونەیەک بووە لە دەوڵەتی ئایینی و هەموو دەسەڵاتەکان (ئایینی و دنیایی) لەکۆتاییدا گەڕاوەتەوە بۆ خودی خەلیفە یان سوڵتان، بەبێ ئەوەی بەرپرسیاربێت بەرامبەر هیچ دامەزراوەیەکی دەستووری کە نوێنەرایەتی ئوممەت بکات.

ئێستاش لە تێڕوانینی ئەهلی سوننەتدا دەوڵەتی ئیسلامی هەر هەمان شێوازە مێژووییەکەی هەیە، هەروەک مەزهەبی شیعەش لەسەر بنەمای ئیمامەت دامەزراوەو هەموو دەسەڵاتەکان پێویستە بگەڕێتەوە بۆ لای خودی ئیمام، ئەویش بەشێوەیەک لە شێوەکان نوێنەرایەتی خودا دەکات لەسەر زەوی.

تیۆری ویلایەتی فەقیهیش کە لەبری تیۆری ئیمامەت دانراوەو ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەسەر دامەزراوە، ئەگەرچی پشت بەستووە بە هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجومەنێکەوە کە گەل هەڵیان دەبژێرێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا شێوەیەکە لە دەسەڵاتی ئایینی.

لە هەردوو حاڵەتەکەدا خودی خەلیفە یان ئیمام یان وەلی فەقیهـ وەک ڕابەرێکی ئاینی باڵا سەیر

دەکرێت و جۆرێک لە (عیصمەت و قودسیەت) بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی دەدرێت کە دەیخاتە سەرو یاساوە بەبێ هیچ لێپرسینەوە و لێپێچینەوەیەک.

دووەم: دەوڵەتی عەلمانی: کە لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی تەواوی ئاین لە دەوڵەت دادەمەزرێت، وەک ئەو مۆدیلەی کە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بەشێوازی جیاجیا هەیە. دەوڵەتی عەلمانیش بەشێوازی جیاجیا مومارەسە دەکرێت لە نێوان شێوازی توندڕەوانەی وەک مۆدێلی فەرەنسا و تورکیای کەمالیزم، یان شێوازی میانەڕەوانەی وەک بەریتانیا.

سێییەم: دەوڵەتی مەدەنی: لەسەر بنەمای بەشداربوونێکی ئیجابی لە نێوان ئاین و دەوڵەتدا دادەمەزرێت، بەشێوەیەک کە سستەمی سیاسی شەرعیەت لە دەستورەوە وەردەگرێت و دەستوریش لە کۆدەنگی میللەتەوە.

دەوڵەتی مەدەنی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەیە و لە سایەیدا جیاوازی ئاین ناکرێتە کێشە لە نێوان هاوڵاتیاندا، لە دەستوری هەمیشەیی دەوڵەتی مەدەنیدا لە وڵاتانی ئیسلامیدا کە ئیسلام ئاینی زۆرینەیە ئیسلام دەبێتە ئاینی ڕەسمی دەوڵەت و لەهەمانکاتیشدا ڕێز لە تایبەتمەندێتی ئاینەکانی تر دەگیرێت.

هەروەک جەخت لەسەر ئەوەش دەکرێتەوە کە لە پرۆسەی یاساداناندا پێویستە ڕەچاوی بنەماکانی ئاینی ئیسلام وەک ئاینی زۆرینە بکرێت، بەڵام لە بواری یاسای کەسێتیدا یاسای تایبەت بە خاوەن ئاینەکانی تر ڕێگای پێدەدرێت.

ئەم مۆدێلە لە دەوڵەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە گونجاوە بۆ ئەم سەردەمە بۆ وڵاتانی ئیسلامی و ڕێگاچارەیەکی مامناوەندیشە لە نێوان دەوڵەتی ئاینیی و دەوڵەتی عەلمانیداو، پێویستە ڕەوتە ئیسلامیەکان پشتیوانی لەم مۆدێلە لە دەوڵەت بکەن و دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخ پێویستە شێوەیەک بێت لە دەوڵەتی مەدەنی.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


(١) د.عبدالفتاح ماضی: تطویر نظام دیمقراطي بمرجعیة اسلامیة، اعمال المؤتمر العربي الترکي الاول للعلوم الاجتماعیة.

(٢) د.حاکم المطیری: تحریر الانسان وتجرید الطغیان، دراسة في اصول الخطاب السیاسی القرآنی والنبوي والراشدي، الجزء الثانی.

(٣) المصدر نفسه، الجزء الاول.

(٤) ابراهیم الخطیب: الاسلامیون عقب الثورات-التحدیات والمخاوف بین الدولة الدینیة والمدنیة، مؤتمر لمرکز الجزیرة لدراسات، سیبتمبر ٢٠١٢: www. alzaituna.net

(٥) المصدر نفسه.

(٦) عبدالله المالکي: سیادة الامة قبل تطبیق الشریعة، الشبکة العربیة للابحاث والنشر، ط١، بیروت، ٢٠١٢، الفصل الثانی: (مفهوم تطبیق الشریعة).

(٧) المصدر نفسه.

(٨) المصدر نفسه.

(٩) د.هادی علی: ڕەوتی ئیسلامی و پرسی چاکسازی لە سایەی شۆڕشەکانی گەلانی ناوچەکەدا، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

(١٠) ابراهیم الخطیب، المصدر السابق.

(١١) د.رفیق عبدالسلام: اراء جدیدة في العلمانیة والدین والدیمقراطیة، مؤسسة الانتشار العربي، بیروت-لبنان، ٢٠١١.

(١٢) د.عبدالرحمن عباد: الخلافات بین المذاهب الاسلامیة، من الانترنت: (www.passia.org)

(١٣) عبدالجواد یاسین: السلطة في الاسلام-الکتاب الاول، العقل الفقهي السلفي بین النص والتأریخ، المرکز الثقافي العربي، دارالبیضاء، المغرب، ١٩٩٨.

(١٤) هادی عەلی: دەوڵەتی مەدەنی لە دیدێکی ئیسلامیەوە - دیدێکی نوێ بۆ شێوەی پەیوەندی نێوان ئاین و دەوڵەت لە کۆمەڵگە موسڵمانە هاوچەرخەکاندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

# دەوڵەتی ئیسلامی

## فۆڕمێکی تری بەرهەمهێنانەوەی
## دەوڵەتی عەلمانی شکستخواردوی ناوچەکە

خوێندنەوەیەك لە ئەدەبیاتی
براياني موسڵمان و دامەزرێنەرەکەیدا






**ئەبوبەکر عەلی**

لەدایکبووی ١٩٦٥. بەکالۆریۆس لە یاسا
پانزە بەرهەمی چاپکراوی هەیە
چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

## پێشەکی

دەوڵەتی ئیسلامی، یەکێک لەو چەمکانەیە لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە بە شێوەیەکی خەست بوو بە بەشێک لە تەوەرەی قسەکردنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی نوێ. ئەم دەوڵەتە هەڵگری رەهەندێکی یۆتۆپیایی قوڵ بوو، بیرۆکە و بە خەونکردنی و دواتر بە ئامانج کردنی، پاڵنەرێکی گەورەی پشت شەپۆلێکی گەورە لە ئیسلامخوازانی جیهانی ئیسلامی بوو. دەوڵەت لە فکری نوێدا وەک چوارچێوەیەکی مێژوویی‌و ئەخلاقی دەگمەن‌و فەزایەکی بێ هاوتا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناسنامە و نەبوونی دادپەروەری‌و ژێردەستەیی خراوەتە روو.

بابەتێکی زۆری لەسەر نوسراوە و وتراوە و ئێستاش قسەکردن لەسەری بە ئاراستەی جیاوازدا بەردەوامە. دامەزرێنەری برایانی موسڵمان‌و کۆمەڵەکەشی بە هەڵگرانی یەکەم و مێژوویی ئەم گوتارە لەقەڵەم دەدرێن. بۆیە قسەکردن لە دیدی برایان بۆ پرسی دەوڵەتی ئیسلامی قسەکردنە لەسەر پانتایی بنەرەتی بیرۆکەکە، چونکە ئەوەی لە دوای ئەوانەوە قسەی کردووە کاری ئەوانی تەواوکردووە، قسەکردنی ئێمەش لێرەدا قسەکردنێکی شیکاری رەخنەیی‌و دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی چەمکەکەیە لە روانگەی بنەما تیۆرییەکانی‌و هەندێکواقیعی کردەییش کە لەسەر بناغەی ئەو دروستبوون، پێویستیشە بوترێت رەخنەگرتنەکانمان لە دوور و نزیکەوە قسەکردن نیە لەسەر نیازو پاڵنەری هەڵگرانی گوتارو تێزی دەوڵەتی ئیسلامی هەر لە (بەننا)وە تا ئەوانی تر، چونکە بەش بە حاڵی خۆم گومانم لە نیازچاکی ئەوان‌و پاڵنەری ئیجابی‌و روحی خزمەتکردنیان نییە، بەڵکو ئەوەی لە سەری دەوەستم ئەوەیە، کە لە هەڵبژاردنی ئامرازو میکانیزمدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان‌و خێرو خۆشی میللەتەکانیان بە هەڵەدا چوون. تێگەیشتنیان بۆ دەوڵەت، لەسەر ناسینێکی قوڵ و فرە رەهەندی لۆژیکی سەردەمەکە و سروشتی دەوڵەتی نوێ و میکانیزمە ترسناکەکانی بۆ پیادەکردنی دەستەڵات و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە، دانەمەزراوە. بۆیە تێزەکە نەبووە چوارچێوەیەک بۆ چاکسازی‌و راپەرینی شارستانی نوێی گەلانی موسڵمان‌و لە هەندێک کات‌و شوێنیشدا بەرەنجامی پێچەوانەی بەدەستهێناوە و بۆتە چوارچێوەیەک بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەوی هەندێک لە فۆرمەکانی ستەمکاری و بێ بەشکردن. ئەوەی لێرەشدا دەینوسین هەموو ئەوە نیە کە ئێمە دەمانەوێت و پێویستە بوترێت، بەڵام پوختەیەکە دەتوانێت وێنایەکی روون‌و چوارچێوەدار بە خوێنەر بدات.

## پێشهاتەکانی سەرهەڵدانی بیرۆکەی دەوڵەتی ئیسلامی

دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، یەکێک لە گەورەترین قەیرانەکانی ناسنامە لە ناوچەی عەرەبی و ئیسلامیدا تەقییەوە، کە تاکو ئێستاش درێژەی هەیە و بە تەواوەتی نەبراوەتەوە، ئەویش لە دیاریکردنی سروشتی ئەو قەوارە سیاسیانەدا بەرجەستەبوو، کە لە دوای روخانی ئیمپراتۆریەت هاتنە کایەوە، مەسەلەی پەیوەندی نێوان ناسنامەی (قطري) یاخود قەوارە نوێکان لەگەڵ ناسنامەی ئیسلامیشدا پرسێ بوو لە ریزبەندی پێشەوەی قەیرانە فکریی‌و سیاسییەکەدا جێگەی گرتبوو.

سەرهەڵدانی کۆمەڵێک قەوارەی نوێی نەتەوەیی (مصر، عراق، تورکیا...هتد)و سرینەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە بووندا، کێشەی هۆگری (انتماء) و فۆرمەکانی یەکبوونی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی سیاسی لە ئارادابووی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

لەژێر کاریگەری ئەم دۆخەدا هەر لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە گۆڕانکاری گەلێک لەسەر ئاستی هۆشیاری بەرپرسی دەوڵەت و دەسەڵات لە فکری ئیسلامی نوێدا سەریانهەڵدا. ئەم گۆڕانکارییانە وایان کرد، مەسەلەی دەوڵەتی نیشتمانی نوێ، کە بابەت و کێشەیەکی گرنگی فکری ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی سەدەی نۆزدەهەم بوو، لە بازنەی فکری ئیسلامی بچێتە دەرەوە و لیبرالیستەکان ببن بە هەڵگری گوتارەکەی. لانیکەم لە پەیوەندی بە بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی دنیای عەرەبی، وەک یەکێک لە ڕواڵەتەکانی پاشەکشەی بیری ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی لەسەر ئاستی هێماو بابەت.

هەر لەم چوارچێوەدا جارێکی تر بیرۆکەی خیلافەت وەک ئاماژە بۆ فۆرمێکی دیاریکراوی ڕێکخستنی سیاسی موسڵمانان لە مێژوودا، کە ماوەیەکی زۆر بوو بێدەنگی لێکرابوو، تەوەرەی مشتومڕی فکریی و فیقهی و کەلامیمان بوو، سەری هەڵدایەوە و زیندو بۆوە، بەمەش سەرلەنوێ پرسی سیاسی پێی نایە ناو قەیرانێکی نوێوە.

ئەم گواستنەوە لە بابەتی دەوڵەتی نیشتمانی نوێوە کە وەک وتمان تەوەری بیری ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بوو، بۆ خەلافەت لە بیری ئیسلامی نوێدا، کودەتایەکی تیۆری و کێشەیەکی ڕاستەقینەی بۆ ئەم فیکرە پێشهێنا. بەجۆرێک کە پرسی دەوڵەت و سیاسەتی لەسەر بناغەیەکی جیاواز لەوەی بیری ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی لەسەری دارشتبوو، دارشتەوە. کێشەکەش لەوەدا بەرجەستە دەبوو، کە ئەو کودەتایە بەسەر بیری ڕیفۆرمخوازی ئیسلامیدا کرا، لە مەسەلەی دەوڵەت و سیاسەتدا، کە جارێکی دی (خیلافەت)ی، وەک شێوازێکی مێژوویی بۆ بەرجەستەکردنی مۆدێلی حوکمرانی لە جیهانی ئیسلامیدا، کردەوە بە ئیشکالیەتێکی فکری.

کتێبەکەی (شیخ محمد رشید رضا)ش بە ناوی (خیلافەت و پێشەوایەتی مەزن) بە ڕەمزو مەرجەعیەتی ئەم هەڵگەڕانەوە و ئیشکالیەتە لەقەڵەم دەدرێت. لەکاتێکدا (رضا) خۆی یەکێک لە ڕەمزە ڕیفۆرمخوازەکان بوو، بەڵام لە بەشێک لە بنەماکانی ئەو فکرە لە پەیوەندی نێوان ئاین و سیاسەت، کۆمەڵسازی مەدەنی و پێویستییەکانی پەرەپێدانی و بابەتی دەوڵەتی نیشتمانی پەشیمان بۆوە، جارێکی تر لەگەڵ مەنزومەی تەقلیدی فکری ئیسلامی مێژوویی لەمەڕ پرسی خەلافەت بەتایبەتیش لای ماوەردی و ئیبن تەیمییە ئاشت بۆوە.

ڕەشید ڕەزا دانانی خەلیفەی بە ئەرکێکی شەرعی موسڵمانانی جیهان ناساند؟! بەڵام دەبێت بوترێت کە بانگەشەی ئەو بۆ سەرلەنوێ بوژاندنەوە و زیندوکردنەوەی پێگەی خەلافەت و پێشەوایەتی مەزن لەنێو موسڵماناندا، لە بارودۆخە بابەتییەکەی سەردەمی ئەو دابڕانە بوو، بەڵکو لە هەندێک ڕووەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک هۆکاری تایبەت بەو بارودۆخە. نەبوونی سەرگەورەیی یاخود مەرجەعیەتێکی یەکگرتووی ئایینی و سیاسیش بۆ موسڵمانان، لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هۆکارانەوە بوو، ڕەشید ڕەزا خۆی دان بەوەدا دەنێت کە فشاری بارودۆخی سیاسییە نوێکان و، دابڕانی (خەلافەت) لە (سەڵتەنەت) واتە دەسەڵاتی بڕیاردان و جێبەجێکردن، کە هەنگاوی یەکەمی کەمالیەکان بوو، بەمەبەستی زەمینە سازکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی و، دواتر هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکی.

دوای دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا، دەموەردانە باسو خواسی تایبەت بە چەمکی خەلافەت و پێگەکەی بە ڕاست و ناڕاست و هەق و ناهەق لەلایەن زۆر کەس و لایەنەوە، ئەم دۆخە

وای لە ڕەشید ڕەزا کرد کە لە ڕوانگەی خۆیەوە بکەوێتە بیری خستنەڕووی دیدگای دروستی شەرعیی بۆ پرسی خەلافەت. دوای ئەوەی بە دانپێدانانی خۆی بابەتێک بوو بێ‌دەنگی لێ کرابوو. بەڵام کودەتا لە تورکیا و هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەتی عوسمانی کە لە بەرگی خەلافەتدا خۆی نمایش دەکرد، سەرلەنوێ کردیە بابەتێکی گەرمی قسە لە سەرکردنو فکریی.

بەڵام ئەوەی لە پەیوەندی بە دووبارە زیندوکردنەوەی پرسی خەلافەتەوە لەلایەن ڕەشید ڕەزاوە پێویستە سەرنج بدرێت، چەند خاڵێکە، لەوانەش:

(أ) مەبەستی لەم پرسە بەرگری نەبوو لە کۆتا خەلیفەی بێ دەسەڵاتی عوسمانیو مۆدێلە تورکییە زۆردارەکە لە خەلافەتدا، بەڵکو بانگەشەی بۆ زیندوکردنەوەی خەلافەت دەکرد لەسەر بناغەی شوراو بەرگە ڕاشیدینییەکەی.

(ب) ڕازی بوو بە جیاکردنەوە لە نێوان یەکێتی پێشەوا(خەلیفە)و ئوممەتدا، بەو واتایەی کە هەموو موسڵمانان لە سایەی دەسەڵاتێکی سیاسی یەکگرتووی شێوە ئیمپراتۆریەتدا، یەک خەلیفەیان هەبێت. ئەمەش لەبەر چەندین هۆکار، لەوانەش:

١. لەبەریەک ترازانی گەلانی موسڵمان لە یەکتر، لە سۆنگەی چەندین هۆکاری مەزهەبیو نەتەوایەتییەوە.

٢. داگیرکردنی چەندین وڵاتی ئیسلامی لەوکاتەدا لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاواوە، کە ڕێگر بوو لە بەردەم یەکێتی نەتەوەی ئیسلامیدا. هەروەها ڕێگری لە دامەزراندنی ئەنجومەنی شورا و (أهل الحل و العقد)، چونکە داگیرکاری و نەبوونی ئازادی ڕێگرن لە دروستکردنی ئەنجومەنێکی لەوشێوە، کە پێویستییەکی دووبارە زیندووکردنەوەی خەلافەتی شورایی و کامڵن.

لەبەرئەوە ڕەشید ڕەزا بانگەشەکەی بەوجۆرە بوو، کە گەلانی موسڵمانان سەربەخۆیانە هەریەکەیان کاروباری خۆی لە وڵاتی خۆیدا بەڕێوە ببات، لە پاڵ بوونی خەلیفەیەکی هەڵبژێردراو لەلایەن ئەهلی حەلو عەقدەوە، کە لە نوێنەری هەڵبژێردراوی گەلە موسڵمانە جۆراوجۆرکان پێکدێت.

(ج) نائومێدبوو لەوەی بارودۆخی دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەت و سەڵتەنەتی عوسمانی ڕێگا بە دووبارە گێڕانەوەی خێرای خەلیفە و خەلافەت بدات. لەبەرئەوە پرسەکەی بە دواڕۆژێکی نادیار سپارد، بۆ ئەوەی موسڵمانان هەرکاتێک هاتنەوە سەرخۆو پەرژایانو توانیان، بەو شێوازەی کە دۆخە نوێکان و پێویستییەکانی خۆیان دەیخوازێت، بیر لەم پرسە بکەنەوە و هەوڵی بەدیهێنانی بدەن و لە خەونەوە بیکەن بە ئامانج، کە ئەوەی لە بیرکردنەوەی برایانی موسڵماندا دەبینرێت دووبارە لەبەرگرتنەوەی هەمان بۆچوونە.

لەبەرئەوە هەوڵەکانی ڕەشید ڕەزا لەمەڕ خەلافەتی شورایی ڕاست و دروست، دوای نائومێدی تەواوەتی لە کەمال ئەتاتورک لەوەی جارێکی تر بە بیرۆکەکە قایل بێتەوە و سەپاندنی عەلمانیەتو پارچەپارچەبوونی جیهانی ئیسلام و واقیعی دواکەوتوویی موسڵمانان و داگیرکاری خۆرئاوا، مەبەست تیایاندا دووبارە بەرپاکردنەوەی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی سیاسی دیاریکراو لە سەردەمی خۆیدا نەبوو. بەڵام سەرەڕای ناواقیعی بوونی بیرۆکەی دووبارە گێڕانەوەی خەلافەت لە چوارچێوەی دۆخی موسڵمانان و سستمی حوکمڕانی نێودەوڵەتی، بوو بەهۆی خوێندنەوەی چەمکە سیاسییە شەرعییەکان لە دەرەوەی مەرجەعیەتی فکری ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی نوێ و گێڕانەوەی دەوڵەت و بواری سیاسی بۆ

چوارچێوەی تیۆری خەلافەت و، ڕێگا خۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی هۆشیاری و بیرۆکەیەکی نوێ لە فکری سیاسی ئیسلامیدا، کە ئەویش بیرۆکەی (دەوڵەتی ئیسلامی) بوو. کە دواتر لەسەر دەستی دامەزرێنەری ئیخوان و تیۆریستەکانی ئەم بزاڤە و ئەبو ئەعلای مەودودی و چەندین نوسەری ئیسلامی، دارێژرا.

لە دوای ئەم ساتە وەختەشەوە قسەکردن لە بواری دەوڵەتدا لە فکری ئیسلامی نوێدا بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و دواتر لە زۆربەی جیهانی ئیسلامیدا، لە بە تەوەرەکردنی پرسی دەوڵەتی ئیسلامیو ڕەنگدانەوە و پێویستییەکانی بەدیهێنانیدا چڕبۆوە. هەر لێرەشەوە (خیلافەت) وەک ئامانجێکی سیاسی دواخرا بۆ دوارۆژێکی نادیار و دەوڵەتی ئیسلامی شوێنی ئەوی گرتەوە.

## چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی

هەروەک لە پێشەکیەکەدا دەرکەوت بیرۆکەی دەوڵەتی ئیسلامی جێگرەوەی بیرۆکەی (خەلافەت)ە. هەربۆیە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانیشی لە زەمینەسازکردن بۆ دووبارە گێڕانەوەی سستمی خەلافەتدا خۆی شاردۆتەوە، خوالێخۆشبوو (حسن بەننا)ی دامەزرێنەری (اخوان)یش بە مژدەدەری دەوڵەتی ئیسلامی دەناسرێت، دوای ئەوەی بە بیروڕاکانی شێخ ڕەشید ڕەزا کاریگەر ببوو و کۆمەڵەی برایانی موسڵمانی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دامەزراند.

بەڵام ئەوەی بەننای سەرقاڵ کردبوو مەسەلەی (خەلافەت)نەبوو، بەوچەشنەی ڕەشید ڕەزای بە خۆوە سەرقاڵ کردبوو، چونکە هەڵگرتنی دروشمی گێڕانەوەی خەلافەت لە چوارچێوەی ئەو دۆخەدا بە جۆرێک بوو لە خەیاڵپلاوی ناواقیعی بوون. هەربۆیە ئەو لە دامەزراندنی حکومەتو دەوڵەتی

> **ڕەشید ڕەزا بانگەشەکەی بەوجۆرە بوو، کە گەلانی موسڵمانان سەربەخۆیانە هەریەکەیان کاروباری خۆی لە وڵاتی خۆیدا بەڕێوە ببات.**

ئیسلامی وەک ئامانجێکی سیاسی کرد بە دروشم و ئامانجی کارو تێکۆشانی خۆی و کۆمەڵەکەی، واتە (اخوان). لە ڕووی تیۆریشەوە دەستبەرداری بیرۆکەی دووبارە گێڕانەوەی خەلافەت نەبوو، بەڵکو کردی بە ئامانجێکی دوور مەودای دوای بڕینی چەندین قۆناغی پرۆژە ئیسلامییە نوێیەکەی.

بەڵام گواستنەوەی لە دروشمی (خەلافەت)ەوە بۆ (دەوڵەتی ئیسلامی) لە ڕووی جەوهەرەوە یەکسان نەبوو بە دەرچوون لە لۆژیک و سنورە ئاماژەپێیەکانی خەلافەت، بەڵکو هەموو ئەوەی هەبوو دەستکاریکردنێکی ناوەڕۆکە یۆتۆپیاکەی بوو. بەمانایەکی تر دەوڵەتی ئیسلامی خەلافەتە لە بەرگێکی بچوکتردا، بچوککراوەی بیرۆکەی ئەوە و بەهەمان ڕۆحیەت و عەقڵیەتیش بەڕێوەدەبرێت، لەگەڵ هەندێکجیاوازیدا، کە دۆخە نوێکانو جەبری دەوڵەتی نوێ و سستەمە نێودەوڵەتییەکە و توانای دەوڵەتدارانی دەوڵەتە ئیسلامییەکە، سەپاندویەتی. هەربۆیە ئەگەر دانانی (خەلیفە) لای لایەنگرانی بیرۆکەی خەلافەت ئەرکێکی ئاینی و شەرعی بێت، هەمان شت سەبارەت بە لایەنگرانی بیرۆکەی دەوڵەتی ئیسلامیش ڕاستە.

بەننا سەبارەت بە حوکمڕانی دەڵێت: لە کتێبە فیقهییەکاندا بە بەشێک لە مەسەلە عەقیدەیی و بنچینەییەکان(اصول) لەقەڵەمدراوە، نەک مەسەلە

**ئەگەر دانانی (خەلیفە) لای لایەنگرانی بیرۆکەی خەلافەت ئەرکێکی ئاینی بێت، هەمان شت سەبارەت بە لایەنگرانی بیرۆکەی دەوڵەتی ئیسلامیش ڕاستە.**

فیقهی و هەندەکی(جزئی)یەکان. هەروەها دەڵێت: هێزی ڕاپەڕاندنیش (حکومەت) بەشێکە لە ئیسلام، دەچێتە چوارچێوەی و لەژێر ئەحکامەکانیدا ڕیز دەگرێت و پایەیەکە لە پایەکانی.

بەننا مەسەلەی دەوڵەت و حوکمڕانی ئیسلامی و بانگەشەی برایان لە ئایینی بووندا دەگەیەنێتە ئاستێک کە بەتەواوەتی لەگەڵ خودی ئیسلامدا تەمامی دەکات و، کەمتر مەودایەک لە نێوانیاندا دەهێڵێتەوە، هەر لێرەشەوە تێگەیشتنی خۆی بۆ هەمەلایەنەبوون (شمولیة)ی ئیسلام و (اخوان) و (دەوڵەتی ئیسلامی)یش دەخاتە ڕوو.

لای ئەو ئیسلام سستەم و پیشەوایە، دین و دەوڵەتە، یاسادانانو جێبەجێکردنە، ئەوەی ڕوویداوە و قابیلی ملپێدان نیە و دەبێت کار بۆ گێڕانەوەی بکرێت ئەوەیە کە : سستەم ماوە و پیشەوا نەماوە، ئاین ماوە و دەوڵەت تیاچووە، یاسادانان(تشریع) گەشەی کردووە و پیادەکردنی و جێبەجێکردنی وەلانراوە. ئەگەر بە وردی لەم پەرەگرافە وردببینەوە (دەوڵەت) چی تر بۆ مانەوەی ئاین پێویست نیە و، بەو جۆرەی تیۆری کلاسیکی خەلافەت بۆی چووە، ئیسلام پێویستی بە پاسەوان نییە، پێویستی دەوڵەت لە سۆنگەی هۆکاری ترەوە سەرچاوە دەگرێت.

لای بەننا کۆمەڵەی برایان (اخوان) وەک بانگەوازێکی ئیسلامی لە سەرو ناونیشان و ڕێکخستنە لە ئارادابووەکاندا جێ دەگرێت. نە حیزب و کۆمەڵە و نە تیپ(فرقة) توانای لەخۆگرتنی ئەویان نییە، بەڵکو ئەو واتە بانگەشەی (اخوان) فکر و عەقیدەیە، سستم و بەرنامەیە، شوێن و سنوری بۆ دانانێ و ڕەگەز نایبەستێتەوە و کۆتی ناکات، هیچ بەربەستێکی جوگرافی لە بەردەمیدا ناوەستێت، بە هیچ فەرمانێکیش ڕاناوەستێنرێت تا دەبێتە میراتگری سەراپای زەوی و دانیشتوانەکەی، چونکە سستمی پەروەردگاری جیهانو ڕێبازی پێغەمبەری دەستپاکە (د.خ).

بەمشێوەیە بانگەوازی ئیسلام لە بەرگی (اخوان) دا لەوە دەردەچێت، ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی دیاریکراوو لە چوارچێوەی هەلو مەرج و ژینگە و سەردەم و شوێن و کاتێکی دیاریکراودا بێت، وەک هەر تێگەیشتنێکی مرۆیی‌و کارێکی عەقڵانی دەیخوازێت. بەڵکو سەردەکێشێ بۆ لافلێدانی یەکبوون لەگەڵ خودی ئیسلام و پەیامەکەی، کە ئەوەش جۆرێک لە ڕەهاگەرایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندن و نوێکردنەوەی فکرەکە لە داهاتوودا سەختترو قورستر دەکات.

بەم جۆرە تێگەیشتنەی (بەننا)ش بۆ ناوەڕۆکی چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی، (اخوان) بازنەی ئیسلاحگەرایی ئیسلامی بەوجۆرەی فکری ریفۆرمخوازی ئیسلامی نوێ لە سەدەی نۆزدەدا خەملاندبووی، لە زۆر ڕووەوە بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە چوارچێوەی مۆدێلێکی تر لە فکرو کاری ئیسلامی کە بەشی لە تێزمەندانو نوسەران بە بوژێنەرەوەگەرایی ئیسلامی (الأحيائة الأسلامية) ناودێریان کردووە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بوونی (اخوان) پرۆسەی بوژاندنەوەی زانستی و کرداری

ئیسلام و درێژەپێدانیان و زەرورەتی ناڕازی بوونو چاودێری بۆ ئیسلامو لەپێناو ئیسلام و هێنانەدی ئامانجەکانی ئیسلام دەیخوازێت. لەسەر ئەم بناغەش جوڵانەوەی برایانی موسڵمان ئامانجی ڕێکخستنە نێودەوڵەتییەکەی لە سەرەتای چلەکانەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکردووە:

١. پێگەیاندنی نەوەیەکی ئیسلامی.

٢. بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی.

٣. بەرهەڵستیکردنی بانگەشە و بنەما و جوڵانەوە ڕوخێنەرەکان.

٤. بەشداریکردن لە بزوتنەوەکانی ڕزگاری نیشتمانی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی.

٥. دامەزراندنی دەوڵەتێکی باش کە حوکمەکانی ئیسلام پیادە بکات و پارێزگاریان لێ بکات و لە سەراپای جیهانی ئیسلامیدا بڵاویان بکاتەوە.

## مەبەست لە دەوڵەتی ئیسلامی و ئامانجەکانی دامەزراندنی

بەسەرنجدان لە ئەدەبیاتی (اخوان)و لەو نێوەندەشدا پەیامەکانی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە، زوو لەوە تێدەگەین کە مەبەست لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و بەرپاکردنی لە پاڵ ئەرکە ئاساییەکانی دەوڵەت و لە پەیوەندی بە ڕووە ئیسلامییەکەیەوە لە کۆمەڵێک خاڵدا کورت دەبێتەوە، بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

١. جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعەت و بانگەشەکردن بۆ ئیسلام و بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیو پارێزگاری لێکردنیو بە موسڵمانکردنەوەی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانو کۆمەڵگە. ئەم بۆچوونەش لەو بنەما فکرییەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە بەشێک لە ڕێنوێنی و خواست و حوکمە ئیسلامییەکان، کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە، بەدەر لە بوونی دەستەڵاتێک جێبەجێی کات، پیادە ناکرێن، ئەو لایەنەی ئەو دەسەڵاتەی فەرمان بە چاکە و بەرگری لە پیادە و پیادەکردنی هەیە دەوڵەتە.

کتێبەکانی فیقهی ئیسلامی کۆن و نوێ پڕن لە ئەحکامی دادوەریی و شایەتی دان و داوانامە و کڕین و فرۆشتن و مامەڵە و (حدود)و (تعزیرات)، چونکە ئیسلام هەڵگری حوکمە ڕۆحی و کردەییەکانە، پاراستن و جێبەجێکردنی لایەنە یاساییەکەی، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و داوەری دەخوازێت.

٢. یەکخستنەوەی نێوماڵی موسڵمانانی جیهان، ڕزگارکردنی خاکە ئیسلامییە داگیرکراوەکان، گێڕانەوەی شکۆی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی لەدەستچوو و بەدەستهێنانەوەی سەرجەم ئەو سەرزەمینو وڵاتانەی ڕۆژگارێک لەژێر دەستی موسڵماناندا بوون، لە وێنەی ئیسپانیا و سقلیە و...هتد. گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، هەڵگرتنی ئاڵای بانگەواز و جیهاد بەمەبەستی ڕزگارکردنی سەراپای زەوی و گەلانی دنیا و بەختەوەرکردنیان بە ئیسلام لەو سۆنگەوە کە بەننا قەناعەتی وابوو مرۆڤایەتی دوای ئەزموونێکی دووروودرێژ و قوربانیدانێکی گەورە لەپێناو شارستانێتی نوێدا، ئێستا هەست بە تاڵاوی شکست و نائومێدی و ئازاری بێبەشی دەکات، جیهان پەرێشان و سەرگەردانە و هەموو سستەمەکانی دەسەوسانن لە چارەسەرکردنی کێشەکانی، بۆیە جگە لە ئیسلام هیچ چارەیەکی تر بۆ مرۆڤایەتی نەماوەتەوە، هەموو دنیاش چاوەڕێی ڕزگارکارێکە.

بە سەرنجدان لەم پەرەگرافانە جگە لە هەستکردن بە قەناعەتی قوڵی خاوەنەکەی بە پەیامەکەی بۆ ئاستی ناواقیعی بوون، بە تەواوەتی ئاسەوارە وێرانکارییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و ئەو تەوژمە لە ڕەشبینی و نائومێدی کە لە خودی

ڕۆژئاوادا کە بە دوای خۆیدا هێنا، پێوە دیارە.

لێرەشەوە پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی (اخوان)دا، ڕەهەندێکی خودایی پیرۆز وەردەگرێتو لە کارێکی سیاسی مرۆڤانەی ڕووتو دنیایی دەردەچێت، ئەوە خودا خۆیەتی برایانی سەربەرز کردووە بەوەی پاڵی داونە لای خۆیو لەسەر ئاینەکەی پەروەردەی کردوونو بەوەش پێگەی پێشەنگی دنیا و پێشەوایەتی جیهانیان و کەرامەتی مامۆستایی (استاذ)ەتی پێ بەخشیوون، هەر لەسەر ئەم برایان و لاوانی برایان دەبێت خۆیان بە سەرووەری جیهان بزانن؟!، چونکە ئامانجی کۆتایی بانگەوازی (اخوان) مامۆستایێتی کردنی جیهانە لە ڕێی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلام و سەرووەرکردنی لە جیهاندا و ڕاماڵینی بەربەستەکانی بەردەمی و باڵادەستکردنی بەسەر کۆی ئایین و بیروباوەڕەکاندا. ئەرکێکی مەزنو جیهانی لەم جۆرەش لە ڕێی دامەزراندنی دەوڵەتی (بنکە) یاخود ناوک (النواة)ەوە نەبێت، ئەنجام نادرێت. دەوڵەتێک توانای ڕێبەرایەتی جیهانی ئیسلامی و ئاڵای بانگەواز و پەیامە جیهانییەکەی ئیسلامی هەبێت.

لە ڕوانگەی ئەوەی لە پێشەوە وتمان دەبێت بڵێین دەوڵەتی ئیسلامی لە بیری دامەزرێنەری(اخوان)و کۆمەڵەکەیدا، لە سۆنگەی ئەرکە جۆراوجۆرو گەورەکانی لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی و قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی مێژوویی و سەراپای جیهان و مرۆڤایەتی، تایبەتمەندی خۆی هەیە و، قەتیسدانی دەسەڵات و پەیامی ئەم دەوڵەتە نیە لە چوارچێوەی یەکێ لەو دەوڵەت و قەوارانەی لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی دا لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە دروست بوون، بەڵکو لە دەوڵەت و وڵاتێکدا دەستپێدەکات، دواتر ئەمە دەبێتە بنکە و دەستپێک و لێرەوە پەلدەهاوێت بۆ سەراپای جیهانی ئیسلامی بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی و یەکخستنەوەی و پێکهێنانەوەی ئوممەت و دەوڵەتی یەکگرتووی ئیسلامی جیهانیو نەخشەدانان بۆئەوەی سەراپای زەوی و گەلانی دنیا بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیەوە. وڵاتی پاڵێوراو بۆ بینینی ئەم ڕۆڵە تەوەرییەش (میسر)ە لە سۆنگەی هەڵکەوتەی جوگرافی و توانستەکانی و ژمارەی دانیشتوانی و هۆکارگەلێکی تر.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم دەوڵەتە لە حاڵی بەرپابوون و دامەزراندنیدا بە چ شێوازێک ڕێبەرایەتی دەوڵەتانی ئیسلامی دەکات؟ ئایا مەسەلەکە پەیوەستە بە ئازادی گەلانی موسڵمان و خواستییان بۆ یەکگرتنەوە یاخود دەوڵەتی ناوبراو لە سۆنگەی ڕەوایەتییە ئیسلامییەکەی و ئامانجەکانییەوە دەتوانێت لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە ئەم کارە ئەنجام بدات و پرۆسەی یەکگرتنەوەی جیهانی ئیسلامی و ئوممەت بە ئەنجام بگەیەنێت؟ یاخود مەسەلەکە پێویستی بەوەیە هاوکات یاخود بەگوێرەی چەند قۆناغێک لە هەر وڵاتێکی ئیسلامیدا ئەم دەوڵەتە دابمەزرێت و دواتر بە سەرکردایەتی دەوڵەتی ئیسلامی (بنکە) یاخود (ناوک) یەکبگرن؟

(سەعید حەوا) وەک نوسەرێکی (اخوان) ی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە لەکاتێکدا لە وڵاتێکدا (دار العدل)و دەوڵەتی ئیسلامی تەواو بەرپا ببێت، کە ئیسلام بە تەواوی بەرجەستە بکات، مافی ئەوەی هەیە (عدل) بەسەر هەموو ئەو وڵاتانەدا بسەپێنێ لە ئیسلام لایانداوە و بەوەش بە (دارالفسوق) با بە جەنگیش بێت! بەڵکو بۆ (دار العدل)و دەوڵەتی ئیسلامی هەیە گەر توانای هەبوو هەرچی لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیەتی دەستی بەسەردا بگرێت. ئەم بۆچوونەش درێژەدانە

به بۆچونه تەقلیدییە ئیسلامییەکە و لۆژیکی دابەشکردنی دنیا بەسەر (دار الأسلام) و (دار الكفر أو الحرب)دا لە فیقهی کلاسیکی ئیسلامیدا.

بەڵام هەمان نوسەر و لە نوسینێکی تردا بە هەڵسەنگاندنی واقیعی نوێی جیهان و سستمی باڵادەستی حوکمڕان بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، کارێکی لەو جۆرە لەم سەردەمەداو لە چوارچێوەی ئەو واقیعەدا بە سەختو گران دەزانێت، لەبری ئەوە پێی وایە دەبێت لە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا هەوڵی بەرپاکردنی حکومەتی ئیسلامی بدرێت و ئەوەش بە ئەرکی شەرعی سەرشانی موسڵمانانی هەر وڵاتێک دەزانێت و کەمتەرخەمی تیاکردنی بە تاوانی شەرعی لەقەڵەم دەدات، چونکە دەستێوەردانی دەرەکی کە مەبەستی دەوڵەتی ناوک یاخود (دار العدل)ە، لە رووی نێودەوڵەتییەوە قبوڵ ناکرێت و، سستمی نوێی نێودەوڵەتی رێگای پێ نادات، پەنابردنە بەر شتێکی لەو جۆرە دەرەنجام و دەرهاویشتەی خراپ و نەخوازراوی سەبارەت بە دەوڵەتی دەستێوەردەر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەبەرئەوە تێکۆشانی ئیسلامی موسڵمانانی هەر وڵاتێک بۆ بەرهەمهێنانی حکومەتی ئیسلامی لە وڵاتەکەیاندا، لە حاڵەتی نەبوونیدا، بۆتە تاکە رێگای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی. لەبەرئەوە حەوا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە هەر وڵاتێکی ئیسلامیدا بە یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی (حزب الله) دادەنێت، وەک پێشەکییەک بۆ بەدیهێنانی، سێ ئامانجی تر دیاری دەکات کە ئەمانەی خوارەوەن:

(أ) یەکخستنی نەتەوەی ئیسلامی.

(ب) زیندوکردنەوەی پێگەی خەلافەت.

(ج)دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی جیهانی.

حەوا پێیوایە بەدیهێنانی ئەم خواستە لە رێی رێکەوتننامەی نێوان دەوڵەتە ئیسلامییە

## لای بەننا کۆمەڵەی برایان (اخوان) وەك بانگەوازێکی ئیسلامی لە سەرو ناونیشان و رێکخستنە لە ئارادابووەکاندا جێ دەگرێت.

دامەزراوەکان و بەوجۆرەی پێچەوانەی بنەماکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی نەبێت، دێتە دی. هەر لە سۆنگەی رێگرییەکانی دۆخ و واقیعی نوێی نێودەوڵەتیشەوە، مەسەلەی دەوڵەتی ئیسلامی (ناوک) یاخود (بنکە)، ئەو دەوڵەتەی رێبەرایەتی گێڕانەوەی یەکێتی خاکو ئوممەتی ئیسلامی دەگرێتە ئەستۆ، گێڕانەوەی قەوارەی نێودەوڵەتی ئیسلام، وەک ئامانجێک دوادەخرێت و بە کردەوە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ئەو ئاستە لە بیرکردنەوە بەجێ دەهێڵێت و دەبێتە کارکردن بۆ دەستگرتن بەسەر دەوڵەتدا لە چوارچێوەی قەوارە نەتەوەیی و (قطر)ییە نوێکان و جەبرەکانیدا.

### هەنگاو و میکانیزمەکانی دامەزاندنی دەوڵەتی ئیسلامی

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی هەڵگرانی بیرۆکەی دەوڵەتی ئیسلامی، روون نەبوونی ئەو میکانیزم و هەنگاوانەن کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستن. لەم رووەوە هەست بە تەمومژو نا روونییەکی زۆر دەکرێت. پێشموایە ئەمەش هۆکارێکی گرنگی لەدەستدانی چەندین دەرفەت بووە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتەکە لەلایەن برایانی موسڵمانەوە.

بەننا بە گشتی ئاماژە بە چەند شێواز و میکانیزم

# بەننا شۆڕش وەك فۆڕمێكی بەكارهێنانی هێز بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی ڕەتدەكاتەوە و یەكسانی دەكات بە چەمكی (فتنة)

و هەنگاو و قۆناغێك لە پرۆژەكەیدا دەكات لە وێنەی: باوەڕی قوڵ، پێگەیاندنی وردو تۆكمە، كاری بێ وچان، لەگەڵ بانگەواز، پرۆسەكەشی بەسەر سێ قۆناغدا بەم جۆرەی خوارەوە دابەشكردووە:

١. قۆناغی ناساندنی بانگەواز.

٢. قۆناغی پێگەیاندنو بنیاتنان.

٣. قۆناغی كارو سەركەوتنو دەسەڵات پەیداكردن.

ئامانجەكانیشی بەم جۆرەی خوارەوە ڕیزبەندی كردووە:

١. تاكی موسڵمان.

٢. خێزانی موسڵمان.

٣. گەلی موسڵمان.

٤. حكومەتی موسڵمان.

٥. ڕزگاركردنی خاكە ئیسلامییە داگیركراوەكان.

٦. گێڕانەوەی خەلافەتو قەوارەی نێودەوڵەتی ئیسلام.

٧. مامۆستایەتی و ڕێنوێنی كردنی جیهان.

لە ڕوویەكی ترەوە ئاماژە بە پێویستییەكانی پێگەیاندنی نێوخۆیی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكان دەكات كە لە یەكێتی و هاودڵی و پتەوی ڕیزەكاندا خۆی دەبینێتەوە، كە لەسەر بناغەی ئیمانی و فكرە و عەقیدە و پەروەردەی ڕۆحی و جەستەیی وەستابێت و بەوەش سەرچاوەكانی هێزی پێویست دەستەبەر كرابن.

## شێوازی ڕیفۆرمخوازانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دەوڵەوتو حكومەتی ئیسلامی

بەننا تا ساڵی ١٩٤١یش هەر بە ئومێدی ئەوەبوو ئاین بە فەرمانڕەواكان پشت ئەستور بكات و یارمەتی بدات. واتە لە ڕێی قەناعەت پێكردنی حوكمڕانانی ئەو كاتەی میسرەوە هەوڵی جێبەجێكردنی پرۆژەكەی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و پیادەكردنی حوكمە شەرعیەكانی دەدا، بۆئەوەی لەناو گەلی موسڵماندا حكومەتێكی موسڵمان بەرپا ببێت و گەلە موسڵمانەكە پشتیوانی لێ بكات و لە ڕێی ئەوەوە ژیانی خۆی لەسەر بناغەی شەریعەتی ئیسلام ڕێك بخات و دابڕێژێت.

هەر لەم پێناوەشدا پرۆژەیەكی چاكسازی نێوخۆییو بەرنامەیەكی بۆ بە ئیسلامی كردنەوەی دەوڵەت و دەسەڵات و ژیان و بوارە جۆراوجۆرەكانی پێشكەش بە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواكانی ئەوكاتەی میسر كرد، بۆئەوەی تێیان بگەیەنێت ئەركیان چییە و ئەوەی ئەو كۆمەڵەكەی داوایان لێ دەكات و خواستی دەوڵەتی ئیسلامی و پیادەكردنی شەریعەت چۆن بەدی دێت. كە لە هەمان كاتدا لە ڕێی سەرنجدان لەم بەرنامە و پرۆژەیە لە ڕواڵەتە گشتییەكانی ژیان لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامی و شوێن و جێگەی ئازادییەكانی تاك و پەیوەندی ئەخلاق و شەریعەت و، كێشەكانی ئەم مۆدێلەش لە حوكمڕانی لە دنیای نوێدا تێدەگەین.

ئەمەی خوارەوەش پوختە و كورتكراوەی بەرنامەكەی بەننایە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕێگەی قەناعەتپێكردنی خودی حوكمڕانانی ئەوكاتەی میسرەوە:

یەكەم/ لە ڕووی سیاسیو داوەرییو كارگێڕییەوە:

١. زاڵبوون بەسەر ژیانی حیزبایەتیو

قەدەغەکردنی فرەحیزبیو ئاراستەکردنی هێزو تواناکانی نەتەوە بەرەو یەک ئاراستە.

٢. چاکسازی کردن لە یاسادا تاکو لە سەرجەم لقەکانیدا لەگەڵ یاسای ئیسلامیدا کۆک و ساز دەبێت.

٣. بەهێزکردنی سوپا و پێکهێنانی تیمەکانی لاوان و جۆشدانیان لەسەر بناغەی جیهادی ئیسلامی.

٤. بڵاوکردنەوەی گیانی ئیسلامی لە فەرمانگە حکومیەکاندا بەجۆرێک سەرجەم فەرمانبەران هەست بکەن داوالێکراون و پابەندی ئەرک و ڕێنوێنییە ئیسلامییەکان بن.

٥. چاودێری ڕەفتاری تاکەکەسی فەرمانبەران و جیانەکردنەوەی بواری تاکەکەسی و کاری تایبەت بە پیشە و فەرمانگەکان.

٦. پێشخستنی کاتی دەوامی فەرمانگەکان لە هاوین و زستاندا، بەجۆرێک لەگەڵ ئەنجامدانی ئەرکە ئیسلامییەکان و، نەهێشتنی شەوبێداریدا گونجاو بێت.

٧. نەهێشتنی بەرتیل و خزم خزمێنە و بەتەنها پشتبەستن بە لێهاتوویی و مەرجە یاساییەکان.

٨. پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی سەرجەم کاروبارەکانی حکومەت بە ئەحکام و پێوەرە ئیسلامییەکان.

٩. بەکارهێنانی دەرچووانی ئەزهەر لە وەزیفە سەربازیی و کارگێڕییەکاندا.

١٠. بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان وڵاتانی ئیسلامی و بەتایبەتیش عەرەبی، وەک ڕێخۆشکردنێک بۆ بیرکردنەوەی جدیو کردەیی لەمەڕ پرسی خەلافەتی لەدەستچوو و گێڕانەوەی.

دووەم/ لە ڕووی کۆمەڵایەتیو زانستییەوە :

١. پابەندکردنی گەل بە ئادابی گشتییەوە لە ڕێی یاسا و قورسکردنی سزاکانەوە!.

٢. چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت و بەرهەڵستیکردنی بێ حیجابی و سەختگیری لەم ڕووەوە لە هەمبەر مامۆستا و قوتابیانی ئافرەتەوە، لەگەڵ چاوخشاندنەوە بە بەرنامەی خوێندنی کچان و قەدەغەکردنی تێکەڵاوبوونی قوتابیانی کچ و کوڕ.

٣. لەناوبردنی لەشفرۆشی و قومارکردن و دژایەتی مەینۆشی و مادده هۆشبەرەکان.

٤. داخستنی یانە و سەماخانەکان و قەدەغەکردنی سەما.

٥. چاودێریکردنی یانەکانی نواندن و فلیمە سینەماییەکانو دەستداگرتن لەمەڕ هەڵبژاردنی جۆری بابەت و کاسێتەکاندا.

٦. پاکژکردن(تهذیب)ی گۆرانییەکانو چاودێریکردنو سەختگیری نواندن لەم ڕووەوە.

٧. دەستبەسەرداگرتنی ڕۆمانە وروژێنەرەکان و ئەو کتێبانەی گومان بڵاودەکەنەوە و هەموو ئەو ڕۆژنامانەی خەریکی بڵاوکردنەوەی خراپەکاری و داوێن پیسیو بابەتی وروژێنەری حەزی سێکسین.

٨. ڕێکخستنی هاوینەهەوارەکان و نەهێشتنی فەوزاو بێ بەندوباوی و بەڕەڵایی تیایاندا.

٩. دیاریکردنی وادەی کردنەوە و داخستنی چایخانە گشتییەکان.

١٠. گرتنەپێشی (حسبة)و لێپێچینەوەی لەگەڵ هەموو ئەوانەی سەرپێچی ڕێنوێنییە ئیسلامییەکانیان بەسەردا ساغ دەبێتەوە.

١١. هەوڵدان بۆ یەکخستنی جلوبەرگ و هاوپۆشی پلە بە پلە لەنێو تێکڕای ئوممەتدا!!.

١٢. فێرکردنی ئایینی ماددەیەکی بنەڕەتی سەرجەم قۆناغەکانی پەروەردە و فێرکردن بێت.

لەوە زیاتر درێژە بە هێنانی بەش و بڕگەکانی ئەم پرۆژە نادەین و مەسەلەکە بە گشتی روون بۆوە و خوێنەر دەزانێت باسی چی دەکەین و ژیان لە سایەی دەسەڵاتێکی لەو جۆرەدا چۆنە و چ

ڕەنگ و بۆیەک دەگرێت.

بەڵام زۆری پێنەچوو بەننا نائومێد بوو لەوەی حوکمڕانانی ئەو کاتەی میسر بڕوایان بە پڕۆژەیەکی لەم جۆرە هەبێت و لە ڕووی فکری و ڕۆحی و ئەخلاقییەوە لە ئاستی ئەودا بن. لەبەرئەوە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی کردە ئەرکێکی (اخوان)و بەتایبەتی نەوەی نوێی گۆشکرا بە فکر و ڕێنوێنییەکانی. هەرلەوێشەوە ڕایگەیاند برایان دان بە هیچ کام لەو پارتانەی هەن و شێوازەکانی حوکمڕانی کردنی ئەهلی کوفردا نانێن و بەڵێنیدا سستمی حوکمڕانی ئیسلامی زیندو بکەنەوە و حکومەتێکیش لەسەر بناغەی ئەو دابمەزرێنن.

بەڵام دوای نائومێدبوون لەوەی بە ڕێگای ڕیفۆرمیستانە و لە ڕێی قەناعەتپێکردنی دەستەبژێری حوکمڕانەوە، دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێت. داخۆ (بەننا)و (برایان) ڕێگا بە بەکارهێنانی هێز دەدەن لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا؟.

بەننا وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، بەوەی ئەگەر بە شێوازی ئاشتیخوازانە نەهێڵرا بگەن بە ئامانجەکانیان و ناچارکران و هیچ ڕێگایەک لەبەردەمیاندا نەما ئەوا بەکارهێنانی هێز بە مافی خۆیان دەزانن و دەتوانن پەنای بۆ بەرنو (هێز)یش دروشمێکی ئیسلامییە و داوای دەکات.

لە هەندێک شوێنی تری پەیامەکانیشیدا ئاماژە بە مەسەلەی جیهاد دەکات و پێی وایە (هیچ بانگەوازێک بێ جیهاد نابێت و، هیچ جیهادێکیش بێ ڕەنجو چەوساندوەوە نابێت). لە وەڵامی هەندێک لە ئەندامانی گرووپەکەشیدا باس لەوە دەکات ئەگەر (۳۰۰)کەتیبەی پەروەردەکراو ئامادەکراویان هەبێت ئەوا قۆناغی (تمکین)یان پێ دەستپێدەکات و بەگژ ستەمکارانی زۆر ویژو دوژمنانو ڕێگراندا دەچێتەوە.

کەچی لە هەمان کاتدا بەننا شۆڕش وەک فۆرمێکی بەکارهێنانی هێز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕەتدەکاتەوە و یەکسانی دەکات بە چەمکی (فتنة) لە (فقه)و کەلەپووری ئیسلامی مێژوویدا و دەرهاویشتەکانی بە خراپ و کارەساتباراوی وەسف دەکات.

سەبارەت بە کودەتای سەربازیش وەک ڕێکارێک و شێوازێکی توندوتیژ بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری و دامەزراندنی دەوڵەت و حوکمڕانی ئیسلامی، (برایان) لەسەر زاری یەکێ لە ڕەمزو نوسەرە دیارەکانی خۆیەوە، کە (د.یوسف قەرزاوی) یە، لە سۆنگەی چەندین هۆکارو ناشایستەبوونی ڕەتیدەکاتەوە.

ئەمەش بەشێ لە دیدگالێلی بەننا و برایانیشمان لەمەڕ میکانیزمەکانی گەیشتن بە دەوڵەتی ئیسلامی بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە هەروەک وتمان کاریگەری زۆری بەسەر ئاراستەکردنی سیاسیانەی ئەم هێزە و نەگەیشتن بە ئامانجەکانی هەبووە.

لەڕاستیشدا گەر سەیری تایبەتمەندی و سرووشتی دەسەڵات و دەسەڵاتداران و جۆری ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و، پەیوەندی نێوان دینو دەوڵەت و پێویستییەکانی بەئیسلامیکردنی کۆی ڕواڵەتەکانی ژیان و کۆمەڵگە، لە ڕێی دامەزراوە و تواناکانی دەوڵەتەوە بکەین و لە سستمە سیاسییەکەی ڕامێنینو ئامانجە نێوخۆیی و دەرەکییەکانو سرووشتی ئایدۆلۆژیانەی ئەم مۆدێلە لە دەوڵەت بخەینە ڕوو، بە ئاسانی لەوە تێدەگەین، کە دەوڵەتی ئیسلامی بەو جۆرەی لە ئەدەبیاتی ئیسلامی نوێ و بە تایبەتیش ئەدەبیاتی (اخوان)دا هاتووە کە لە ڕووی مێژوویییەوە هەڵگری ئەم گوتارە لەمەڕ دەوڵەت بوون، دامەزراندنی دەوڵەت و سستمێکی لەم جۆرە، لە ڕێی بەکارهێنانی

هێزو دەستگرتن بەسەر دەوڵەتدا نەبێت، کە ئەویش لە سەردەمی نوێدا لە فۆرمی (شۆڕش)و (کودەتا)دا بەرجەستە دەبێت، قابیلی بەدیهاتن نیە. واتە بەدیهێنانی وەها خواستێک بە ئاشتی، جگە لە ڕێگەی قەناعەتپێکردنی فەرمانڕەوایەک یاخود دەستەبژێرێکی فەرمانڕەواییەوە ببنە هەڵگری گوتارەکەی، قابیلی بەدیهاتن نییە.

خواستێکی لەو جۆرەش یاخود بەدیهێنانی قورسە، چونکە سرووشتی ئایدۆلۆژی بوونی دەوڵەتەکە و دەستورەکەی، پێوەری قورس لە فەرمانڕەواکان دەخوازێت، هەرجۆرە سازشو دەست شلکردنێکیش لەم ڕووەوە، بەوجۆرەی لە سەردەمی (نومەیری)و تا ڕادەیەکیش جەنەڕاڵ (ضیاء الحق) لە پاکستان بینرا، بە کارەسات بەسەر پرۆژەی ئەم دەوڵەتەدا دەشکێتەوە و بە ناوی پیادەکردنی شەریعەتەوە، کە جەوهەری پەیامی ئەم دەوڵەتەیە.. ناوەڕۆکەکەی دەشێوێنرێ و تێکەڵ بە گەندەڵی و ستەمکاری و ناعەدالەتی دەکرێت.

بۆ ڕاستی ئەو لێکدانەوەی پێشەوەشمان ئەوەندە بەسە وەبیری ئەوە بێنینەوە کە تێزی دەوڵەتی ئیسلامی تەنها لە دوو وڵاتدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە ئەوانیش (ئێران) و (سودان) بوو، کە یەکەمیان لە ڕێگەی شۆڕشو دووەمیان لە ڕێی کودەتای سەربازی بە شۆڕش ناوزەند کراوەوە بوو. هەردووکیشیان لە ناو جەبرەکانی مۆدێلی دەوڵەتی پاش کۆلۆنیالیومی ناوچەکە نغرۆبوون و نەیانتوانی هیچ گوتارێکی ڕەخنەیی جددی بەرامبەر فۆرمی دەوڵەتی نوێ، بەتایبەتیش لە فۆرمە نادیموکراسییەکەیدا پێشکەش بکەن.

کەچی (اخوان) لە سەردەمی شۆڕشدا پرۆژەی شۆڕشی ڕەتکردۆتەوە، لە سایەی سستمە نادیموکراسیەکانیشدا هیچ جێگرەوەیەکی کردەیی نەبووە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دەوڵەتی ئیسلامی، لە هەمان کاتدا دەستەبەرداری ئەم گوتارەش نەبووە، کە سەرچاوەی ترس بوو بۆ دەستەبژێرە فەرمانڕەواکانو پاساوی دەستیشیان بوو، بۆ درێژەدان بە دەستەڵاتەکانیان و ترساندنی خۆرئاواو بەدەستهێنانی پشتیوانیان.

## دەربارەی سستمی سیاسی دەوڵەتی ئیسلامی

لە سایەی دواخستنی پرۆژەی گێڕانەوەی خەلافەت وەک فۆرمی مێژوویی حوکمڕانی ئیسلامی دانپیانراو و، نەبوونی هیچ سستمێکی سیاسی ئیسلامی دیاریکراو و، تێڕوانینی ئامێریانە بۆ دەوڵەتو وەرگرتنی فۆرمی دەوڵەتی نوێ، وەک میکانیزمێک یاخود کۆمەڵێ میکانیزم بۆ پیادەکردنی دەسەڵات و نوێبوونی چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی لە فکری ئیسلامیدا، مەسەلەی جۆری حوکمڕانی و سستمی سیاسی و مۆدێلەکانی و جیاوازی دامودەزگاکانی حوکمڕانی لە سیاسی و یاسایی، بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێت. بە پاساوی ئەوەی سستمەکانی حوکمڕانیی بە جیاوازی دامودەزگاکان ناناسرێنەوە، بەڵکو ئەوەی پێی لە یەکتر جیادەکرێنەوە بیروڕاو بیروباوەڕو بەهاو ڕێساو پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزرێنەرەکانی سستمەکان و تێڕوانینیان بۆ ئەوەی چی هەقە و چی هەق نیە و چی دادپەروەرییە و چی نادادپەروەرییە، چی ستەم و ناهەقییە، دیاری دەکرێت.

ئەوەی لە پەیوەندی بە سستمی حوکمڕانی دەوڵەتی ئیسلامیدا بە گرنگ دانراوە، پابەندی حوکمڕانەکانە بە ئیسلامەوە، هەروەها ئەوەیە کە گەڵاڵەنامە و یاسا و دەستور و ڕێنوێنییەکان لەم دەوڵەتەدا ئیسلامی بێت، بە بەدیهاتنی ئەم ئامانجە شێوازو فۆرمەکانی حوکمڕانی بایەخی خۆیان لەدەست دەدەنو نابنە بابەتی مشتومڕی فکری.

هەربۆیە گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەدەبیاتی (اخوان)و دەرەوەی ئەوانیش لەم ڕووەوە، دەبینین ئاماژە بەوە کراوە کە دەکرێت سستمی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامی نویدا، پادشایەتی، کۆماری، یاخود هەر جۆرێکی تر بێت، زۆر بە دەگمەن دەتوانین گفتوگۆ و قسەکردنێکی فکری لەنێو تیۆرسینەکانی دەولەتی ئیسلامی، لەمەڕ جۆرەکانی سستمی حوکمڕانی لە فکری سیاسی نوێدا لە وێنەی.. کۆماری، پەرلەمانی، کۆمەڵە وردەکاریان بدۆزینەوە و هەستی پێ بکەین.

ئەگەرچی بە حوکمی پێگەی خەلیفە لە کەلەپوور و فیقهی مێژوویی ئیسلامی زۆری دەسەلاتەکانی زیاد لە هۆکارێکی تری سەردەمیانە، هەلگرانی بیرۆکەی دەولەتی ئیسلامی بە کردەوە، بەلای فۆڕمی سستمی سەرۆکایەتیدا شکاندویانەتەوە، هەروەها لە نمونەی کۆماری ئیسلامی ئێران و سوداندا دەیبینین. لەگەڵ هەندێک جیاوازی و بوونی تایبەتمەندی لە سستمی کۆماری ئیسلامیدا، کە بوونی پێگەی رابەری شۆڕش و دەسەلاتە بەرفراوانەکەی دروستیکردووە، سستمی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە، وا وێنا دەکرێت کە شورا و دادپەروەری دوو پایەی ئەو پێکدەهێنن، بەڵام لە ڕووی تیۆریی و کرداریشەوە کێشەی لەگەڵ دیموکراسی شێوازێکی نوێ بۆ بەرجەستەکردنی دادپەروەری سیاسی هەیە، خۆ ئەگەر لای (بەننا) نیزامی دەستوری پەرلەمانی و لیبراڵی بە نزیکترین سستم لە سستمی ئیسلامی لەقەڵەم درابێت و، وا باسی پایەکانی سستمی حوکمڕانی دەستوری و پەرلەمانی نوێی کردبێت کە هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ ئیسلامدا نییە، ئەوا هەر خۆی دژی ژیانی حیزبی و فرەیی سیاسی بووە و وێنای کۆمەڵگایەکی بێ حیزبی سیاسی کردووە، یاخود کۆمەڵگایەک تەنها یەک دەستەی سیاسی یەکگرتوو تیایدا باڵادەست بێت و بەڕێوەی ببات.

خۆ دوای بەننا بیرمەندانی وەک (سید قطب)و (محمد قطب) پاشەکشەیەکی ترسناک لە پەیوەندی بە دیموکراسییەوە ڕوودەدات و بە فۆڕمێکی نەفامی لە حوکمڕانی سیاسیدا لەقەڵەم دەدرێت. بە کورتی و لەبەر زیاتر درێژنەکردنەوەی وتارەکە لەم ڕووەوە ماوە بڵێین: بە سەرنجدان لە ئەدەبیاتی نوسراو و، ئەزموونی کرداری کۆماری ئیسلامی ئێران و سودان، هەڵگرانی گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی، شێوازە نوێکانی وەک هەڵبژاردن و دروستکردنی پەرلەمان و هاوشێوەکانی وەردەگرن، بەڵام تەنها لەگەڵ فۆڕمێ لە دیموکراسیدا هەڵدەکەن و پەنجە نەرم دەکەن کە لە چوارچێوەی هێڵ و تێزە گشتییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دەرنەچێت، بەوەش لە سایەی قبوڵکردنی فۆڕمی دەوڵەتی نوێ وەک چوارچێوەیەکی سیاسی و یاسایی و یەکەیەکی یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا و، بوونی کێشە لەگەڵ دیموکراسی و فرەیی و داننان بە جیاوازیدا وەک مافێکی خودایی و سیاسی و قانونی و ئەخلاقی لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا، پرسی دەوڵەتی ئیسلامی دەبێتە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی فۆڕمێکی شکستخواردو و قەیراناوی دەوڵەتی نوێ لە ناوچەکەدا، لە بەرگێکی ئاینیدا، کە بە دەوڵەتی پاش کۆلۆنیالیزم ناسراوە و چەندین تایبەتمەندی و کێشە و قەیرانی تایبەت بەخۆی هەیە.

لەم چوارچێوەشدا بەها مەزنەکانی وەک شورا، دادپەروەری، ئیسلاح، ستەم دژی، کەرامەتپارێزی و مافی جیاوازبوون، کە ئیسلام دانی پێدا ناون و لە هەمان کاتدا بەهای گەردوونین، دەبن بە قوربانی گوتاری ناسنامەی ئیسلامی و ڕواڵەتگەرایی فیقهیو گوتارێکی تێکەڵەی ناهۆرمۆنی. بەم

جۆرەش گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی و مۆدێلە حوکمڕانییەکەی بە کردەوە، نەک هەر ناتوانێت هیچ زیادەیەک بخاتە سەر دووبارە داڕشتنەوەی پایەکانی دەوڵەتی نیشتمانی نوێ لە ناوچەکەدا و، کۆتکردنی ڕووە وێرانکەرەکەی لە ڕێی میکانیزمەکانی دیمکراسییەوە، بەڵکو ڕەهەندێکی ئایینی و تایەفەگەریش دەخاتە سەر کێشەکانی.

لە کۆتایشدا ئیسلامی بوونی دەوڵەت جگە لە پیادەکردنێکی نادادپەروەرانەی (فقهـ) و هەندێک دروشم و ڕواڵەت، هیچی وای لێ نامێنێتەوە. لە جەوهەریشدا نزیکی و هاوشێوەیەکی زۆریش لە نێوان گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی و گوتاری مارکسیزم لەمەڕ دەوڵەت بەدی دەکرێت، کە دەکرێت لێرەدا و لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

١. هەردوو گوتارەکە نێو نەتەوەین و پێ لەسەر نا نەتەوەیی بوونی دەوڵەتەکە دادەگرن و تەنها ڕەچاوی ئەم ڕووە دەکەن و پێیان وایە دەبێت دەوڵەت لەسەر بناغەی فکر و ئایدۆلۆژیا دابمەزرێت نەک ناسنامەی نەتەوەیی.

٢. هەردوو گوتارەکە لە ڕووی مێژووییەوە پێشبینی هەرەسهێنانی سەرمایەداریان کردووە (هەڵبەت گوتاری ئیسلامیش و هەم کۆمۆنیزمیش) خۆیان بە تاکە چارەسەری کێشەکانی جیهان زانیوە و ڕاستیان لە خۆیاندا کۆکردۆتەوە.

٣. هەردوو گوتارەکە کێشەیان لەگەڵ دیموکراسی و فرەحیزبی و مافی جیاوازبووندا بە ئاست و ڕووکاری جۆراوجۆر هەیە.

٤. سستەمی سیاسی هەردوولایان بە ئاستی جیاواز(چونکە لە کۆمۆنیزمدا بۆ ئاستێکی ترسناک سەرکوت و پاکتاو و خوێنڕێژی بەربڵاوە) هەمەلایەنەیە و ئایدۆلۆژیا لە ڕێگەی دەوڵەتەوە

## (اخوان) لە سەردەمی شۆڕشدا پرۆژەی شۆڕشی ڕەتکردۆتەوە، لە سایەی سستمە نادیموکراسیەکانیشدا هیچ جێگرەوەیەکی کردەیی نەبووە بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی ئیسلامی

بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنرێت و سەرجەم کایە و چالاکی و دامەزراوەکان بە ڕەنگی خۆی ڕەنگ دەکات.

٥. هەردوو گوتارەکە دەوڵەتی نوێ بە بوونێکی کاتی و ناچاری و قۆناغێکی ڕاگوزەری دەزانن، لای مارکسیزم بۆ گەیشتنە قۆناغی سۆشیالیزم و دواتر کۆمۆنیزم و دۆخی نەمانی دەوڵەت و، لای هەڵگرانی (بەننا)و هەڵگرانی گوتاری دەوڵەتی ئیسلامیش، تێپەڕاندنێتی بەمەبەستی گەیشتن بە سستمی خەلافەت و دووبارە گێڕانەوەی فۆرمی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی.

خۆ ئەگەر بە وردی سەرنج لە پەیامەکانی دامەزرێنەری (اخوان) و نوسینی نوسەرانی سەر بەم ڕەوت و قوتابخانە دەعەوی و ئایدۆلۆژییە و کەسانی وەک (ئەبو ئەعلای مەودودی) بدەین، بە ڕوونی هەست بە کاریگەرییە ئایدۆلۆژییە شمولییە گەورەکانی ئەو سەردەمە لە کۆمۆنیزم ، فاشیزمو نازیزم بەسەر داڕشتن و ناسنامەدان بە گوتاری دەوڵەتی ئیسلامییەوە دەکەین. هەربۆیە دەبینین بەننا دەپرسێت بۆچی دەبێت فاشیزم و نازیزم و کۆمۆنیزم و خەڵکانێک ئەو مافە بەخۆیان بدەن بە ناویانەوە بانگەشە بکەن و قەوارەی سیاسی

**ئیسلامی بوونی دەوڵەت جگە لە پیادەکردنێکی نادادپەروەرانەی (فقهـ) و هەندێك دروشم و ڕواڵەت، هیچی وای لێ نامێنێتەوە.**

دروست بکەن کەچی ئەو مافە بە ئیسلام و موسڵمانان نەدرێت، هەروەها لای بەشێ لە نوسەرانی ئیسلامی بۆ ڕەوایەتیدان بە ئایدۆلۆژی بوونی دەوڵەتی ئیسلامی و دامەزراندنی لەسەر بناغەی فکرەیەکی دیاریکراو پەراوێزخستنی ڕەوت و فکر و تەوژمەکانی تری کۆمەڵگە دیسان نمونە بە سۆڤیەت و مۆدێلی کۆمۆنیستەکان دەهێنرێتەوە! کە بە بڕوای ئێمە نمونە هێنانەوە بەو جۆرە سستمانە بۆ پاساودانی هەندێک تایبەتمەندی دەوڵەتی ئیسلامی و سەرچاوەکانی ڕەوایەتی لە نێویدا، بە کارەساتێکی مەنهەجی و ئاماژە بە قەیرانێکی قوڵی فکری و پوکانەوەی هەستی عەدالەتخوازی ئیسلامی لەقەڵەم دەدرێت.

لێرەوە کە قسەی زۆرماوە لەم ڕووە بکرێت و ئێرە جێگای ئەوە نیە، دەڵێم: گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی بە ڕواڵەتێکی قەیرانی فکری ئیسلامی نوێ و سیمایەکی لە ڕێ لادان (انحراف) لەو فکرەدا دەزانم و بووە سەرچاوەیەکی بەفیڕۆدانی وزە و تواناکان و شێوانی پرۆژەکانی هەڵسانەوە و ریفۆرم لە بازنەی ئیسلامی و تەنانەت ئاستی گەلانی موسڵمانیشدا، بۆیە پێویستە لە کۆنەستی ئیسلامییەکان بکرێتە دەرەوە ـ هەروەک چۆن ئێستا هێزە پاشخان ئیسلامییەکان لە تونس و مەغریب و تەنانەت خودی میسریش لە دوای شۆڕش و لە نوسینەوەی دەستوردا ـ ئەوەیان کرد، هەروەها ناوچەکە پێ بنێتە قۆناغێکەوە کە دەوڵەتی ئیسلامی و عەلمانی بەو فۆرمەی لە سەدەی بیستەم و بە تایبەتیش لە نیوەی دووەمی ئەو سەدەدا بینیمان، تێپەڕێنێت. گەلان لەسەر دەستورێکی نوێی سازان لەسەر کراو لە نێوان ئیسلامی و عەلمانی و سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگەوە ڕێکبکەون و، هەمووان لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانی و دیموکراسی نوێدا، کە تیایدا ڕێز لە ناسنامەی ئیسلامی کۆمەڵگە و ماف و ئازادییە تایبەتی و گشتییەکان بگیرێت، لە خەمی دووبارە خۆبیناکردنەوەی بەدیهێنانی ئەرکی گەشەکردنی هەمەلایەنەدابن و، لە هەموو ئەمەشدا (مرۆڤ) ئامانجی سیاسەتکردن بێت و، (دادپەروەری)و مافی بە شایستەیی ژیان پێوەری هەڵسەنگاندنی سیاسەت و سیاسییەکان و فۆرمەکانی حوکمڕانی بن.

## پوختە و بەرەنجام

لەبەر ڕووناکی ئەوەی لە ڕابردوودا خستمانە ڕوو دەتوانین بەرەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا چڕو پوخت بکەینەوە، بەم جۆرەی خوارەوە:

(١) چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی داهێنراوێکی نوێی ئایدۆلۆژی و فکری ئیسلامی نوێ و هاوچەرخی ئیسلامییە و ریشەی لە کەلەپوور و مێژووی ئیسلامیدا، لە سۆنگەی جیاوازی فۆرمی دەوڵەتی نوێدا، بەو جۆرەی هەیە، نییە.

(٢) برایانی موسڵمان و دامەزرێنەرەکەی بە ئالاهەڵگرانی یەکەمی ئەم تێزە و هەوڵی بە ئیسلامیکردنی دەوڵەتی نوێ دادەنرێن و ڕەشید ڕەزاش لەم ڕووەوە ڕێخۆشکەر بووە و کەرەسە سەرەتاییەکانی گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکەی خستۆتە

بەردەمیان.

(٣) خستنەڕووی تێزی دەوڵەتی ئیسلامی بەرەنجامی کاردانەوە بووە بەرامبەر رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەو قەیرانەی لەو سۆنگەوە دووچاری فکر و واقیعی موسڵمانان بووە و، تووشی قەیرانی ناسنامەی کردوون. لە بنەڕەتیشدا بەرهەمی گوتاری فکری ئیسلامی بوژانەوەگەراو ناسنامەی گەلانی موسڵمان خراوەتە روو.

(٤) دەوڵەتی ئیسلامی بچووککراوە و لەبەرگیراوەی سستمی خەلافەتە لە چوارچێوەی واقیعی نێودەوڵەتی و جەبرەکانیدا. مەبەست تیایدا زەمینەسازکردن بووە بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەت و یەکێتی جیهانی ئیسلامی.

(٥) ئەم شێوازە لە دەوڵەت کاریگەری ئایدۆلۆژیا زاڵ و باوەکانی ئەو سەردەمەی لە کۆمۆنیزم و نازیزم و ناسیونالیزمی بەسەرەوەیە.

(٦) تێزی دەوڵەتی ئیسلامی بەتایبەتیش لەناو عەرەبەکاندا کارێکی کرد، بیرو بزاڤی ئیسلامی نوێ نەتوانێ پرۆژەی دەوڵەتی نیشتمانی نوێ، بەو جۆرەی هەیە و، بیری ریفۆرمخوازی ئیسلامی مژدەی پێدابوو خستبویە چوارچێوەوە قەبوڵ بکەن هەربۆیە بە کردەوە لە دەرەوەی پرۆژەی دەوڵەتی نوێوە بیریانکردۆتەوە، چونکە دەوڵەتی نیشتمانی نوێیان وەک بەردەباز و قۆناغێکی کاتی و راگوزەر بەرەو دووبارە بوژاندنەوەی کولتووری خەلافەت و ئیمپراتۆریی مێژوویی ئیسلامیان سەیرکردووە و بینیوە.

(٧) تیۆریزەکردنی دەوڵەتی ئیسلامی و میکانیزمەکانی گەیشتن پێی و هەندێک لە رەهەندەکانی، بەدەست نارۆشنی و ناتەواوی مەنهەجی و کەموکورتییەوە دەناڵێنێ.

(٨) دەوڵەتی ئیسلامی لە هەندێک روویدا بە مودێلێکی نادیموکراس و هەمەلایەنەی دەوڵەت دادەنرێت، لەو سۆنگەوە کە بڕوای بە سەپاندنی شێوە ژیان و ئەخلاقی ئیسلام و فیقهی ئیسلامی لە رێی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە هەیە و فرەحیزبی تێدا نییە و هەموو ئەوەی لەم رووەشەوە لەژێر فشاری واقیعدا لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا زیادکراوە، لە دیموکراسییەکی سنوردار و مەرجدار تێناپەڕێت.

(٩) هەڵگرتنی گوتاری دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بووە هۆی جۆرێک لە نامۆکردنی بزاڤی ئیسلامی نوێ بە لۆژیکی سەردەم و پێویستییەکانی ملکەچکردنی دەوڵەتی نوێ بۆ خواستی خەڵک و پەی بردن بە ئەرکە ژیاریی و سەردەمییەکان و خولانەوە لە بازنەیەکی داخراوی فکریی و ئایدۆلۆژی و کاریگەربوون بە سرووشتی رژێمە دواکەوتووەکان و، نوێکردنەوەی شێوازەکانی کارکردن، بەتایبەتیش لە بازنەی فکرو کاری برایانی موسڵماندا. هەڵبەت ئەوەی ئێستا لای هەندێک لە هێزە پاشخان(اخوان)ییەکان لە ئارادایە ئاماژەیە بە قۆناغی پاش دەوڵەتی ئیسلامی و سیاسی و مەسەلەیەکی ترە و ناچێتە ئەم چوارچێوەوە.

(١٠) پێویستە فکر و تەوژمی ئیسلامی هاوچەرخ دیدێکی رەخنەگرانەی بۆ چەمکەکە هەبێتو تێیپەڕێنێت، چونکە بە کردەوە نەبووە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی گوتارێکی رەخنەیی لە دەسەلات و بە کردەوە بە پێچەوانەی ئەوەی خەونی پێوە دەبینرا لە هێنانەدی هێز و شکۆ و دادپەروەری و ئازادی، ئەویش بووە بە چوارچێوەیەک بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی فۆرمە عەلمانییە دواکەوتووە شکست خواردووەکەی دەوڵەت لە ناوچەکەدا لە بەرگێکی نوێدا.



## سەرچاوەکان


(١) مجموعة رسائل الأمام الشهيد حسن البنا ، الطبعة الأولى ، ضاث نهضت ، تهران، ١٣٧٥ ه. ش. دووبةش.

(٢) الأمام الشهيد حسن البنا، مذكرات الدعوة و الداعية، الطبعة الأولى، مكتبة آفاق، ٢٠١٢.

(٣) سعيد حوى، في آفاق التعاليم ، دار عمان، بيروت، ١٩٨٨.

(٤) سعيد حوى: جندالله ثقافة و أخلاقا، دار العمان ، بيروت – عمان ، ١٩٨٨.

(٥) د.عبد الإله بلعزيز: الدولة في الفكر الأسلامي المعاصر، الطبعة الثانية ، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٤.

(٦) د. عبدالإله بلعزيز: الأسلام و السياسة دور الحركات الأسلامية في صوغ المجال السياسي ، الطبعة الأولى، مركز الثقافة العربي، بيروت ، ٢٠٠١.

(٧) د. وجيه كوثرانى : الدولة و الخلافة في الخطاب العربي ابان الثورة الكمالية في تركيا، الطبعة الأولى، دار الطليعة، بيروت، ١٩٩٦،

(٨) مجموعة من الباحثين : الحركات الأسلامية في الوطن العربي، مجلدين، الطبعة الأولى، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، ٢٠١٣.

(٩) د.فهد بركات الشوابكة: محمد رشيد رضا و دوره في الحياة الفكرية و السياسية، الطبعة الأولى ، دار عمان ، ١٩٨٩.

(١٠) مجموعة من الباحثين ، محمد رشيد رضا جهوده الأصلاحية و منهجه العلمي، المعهد العالمي للفكر الأسلامي, ٢٠٠٧.

(١١) محمد عفان: الوهابية و الأخوان الصراع حول مفهوم الدولة و شرعية السلطة، الطبعة الأولى، الجسور للترجمة و النشر، بيروت، ٢٠١٦.

(١٢) د.يوسف القرضاوي: الحل الأسلامي فريضة و ضرورة، الطبعة السادسة ، مكتبة الوهبة، القاهرة، ٢٠٠١.

(١٣) راشد الغنوشي: الحقوق و الحريات العامة في الدولة السلامية.

(١٤) سيد قطب: معالم في الطريق، الطبعة العاشرة، دار الكتاب الأسلامي ، قم ،طهران، ١٩٨٣.

(١٥) بورهان غليون: المحنة العربية الدولة ضد الأمة ، الطبعة اللثالثة ، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ، ٢٠٠٣.

(١٦)مجموعة من الباحثين ، القومية مرض العصر أم خلاصه، الطبعة الأولى، دار الساقي، بيروت ، ١٩٩٥.

# بەرکۆڵێك بۆ کتێبی

## (ئیسلامیەکان و دەوڵەتی مۆدێرن)

## ی

## ئیسماعیل شەتتی






**بوخاری عەبدوڵڵای قەسرێ**
لەدایکبووی ١٩٩٠ شاری هەولێر
قوتابی ماستەرە لە ئەدەبی ئینگلیزی.
خاوەنی دوو پەرتوکی وەرگێردراوە.

توێژینەوە و نوسینی بابەتیی لەبارەی ئاراستە و ئامانجی پارتە ئیسلامیەکان، لە دنیای ئەکادیمی و فیکریی ولاتانی مسوڵمانشیندا تارادەیەکی زۆر پشتگوێ خراوە، تەنانەت لەلایەن خودی ئیسلامیەکانیشەوە ئەو باسە کەمتر خراوەتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوەی جدییەوە. ئەمەش سەرەتا بۆ لێنەزانیی و سادەیی فیکریی پارتە ئیسلامیەکان دەگەڕێتەوە کە هەڵوەدای توێژینەوەی زانستی نین و تارادەیەکی زۆریش پێی ئاشنا نین، پاشان، بەهۆکاری ئەوەی کە نوسینی نوسەرانی نا ئیسلامیش لەوبارەیەوە زیاتر لە شێوەی دارشتن بووە، چ بە لایەنگیریکردن یانیش بەلای دژەباویدا، هەروەها ناوەندی فیکریی و سەنتەری توێژینەوەی تایبەتیش لەو بوارەدا- لانی کەم لە کوردستاندا- دانەمەزرێنراوە.

ئەم کتێبەی (د.ئیسماعیل شەتتی) یەکێکە لەو کارانەی کە دەشێ بە نوسینێکی ئەکادیمی هەژماربکرێت کە لەو دۆسیەدا نوسراوە. کتێبەکە بە وەرگێرانە کوردییەکەی پرۆژەی (کرانەوە)ەوە (٢١٦) لاپەرەیە، پێویستە ئەوە بڵێم کە وەرگێر (سۆران مەحمود) توانست و هونەرکاریی و لێزانییەکی زۆر نایابی پێشکەشکردوە لە بە کوردی کردنی نامەکەدا، ناواخن و زمان و شکڵی زانستییانەی کتێبەکەی زۆر بە باشی گواستۆتەوە.

خودی د.ئیسماعیل شەتتی، نوسەر و بیریارێکی کوێتیی ناودارە و ماوەیەکیش لەنێو رەوتی (ئیخوان) دا لە کوێت کاری کردووە، تێروانین و جیهانبینی هاوچەرخییانە و کراوەی ناوبراو یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە بە چاوێکی رەخنەگرانە و بابەتیی و نوێوە تەماشای پارتە ئیسلامیەکان بکات، ئەوەش لە کتێبەکەدا تارادەیەکی زۆر رەنگیداوەتەوە.

بیرۆکەکانی کتێبەکە کە لێرەدا تۆمارم کردوون راو بۆچونی نوسەر خۆیەتی، ئێمە وەک گوێزەرەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، هەڵبەت دوبارە خوێندنەوە و دارشتنەوە و شیکارکردنمان بۆی کردوەو، هەندێ بیرۆکەی دیکەشمان خستۆتە سەری، رەنگە لە هەندێ شوێن رەخنەشمان لەسەری هەبێت.

ئامانجی هەرە باڵای کتێبەکە دوو خاڵی سەرەکییە: یەکەم، ئیسلامییەکان لە چەمکەکانی فیقهی سیاسیی کلاسیک وەربچەرخێنێت بۆ واقیعی ئەمرۆ کە جیهانی مۆدێرنیزم و سەرمایەداری و رێکخراوە نێونەتەوەیی و سستەمی نێودەوڵەتیی و نەتەوە یەکگرتوەکانە. پێیان بڵێ کە دنیای ئێستا پێویستی بە تێگەیشتن و شکڵ و شێوە و چەمک و ئەقڵیەت و بەرنامەی تازە هەیە بۆ سیاسەت کە بۆ واقیعی ئێستا بشێ، شەتتی دەیهەوێ پێیان بڵێ کە (گوتار) و ئامانجی کار و پرۆژەی سیاسیی ئیسلامییەکان دەبێ بۆ بنیاتکردنی ئەمرۆ و داهاتوو بێت نەک دوبارەکردنەوەی رابردوو (کە بەرای ئەو مەحاڵە). دووەم ئامانجی کتێبەکەش کە پانتایی کتێبەکەی داگیرکردووە، بریتییە لە پێکەوە گرێدان و پێکەوە موتوربەکردنی هەردوو چەمکی (دەوڵەتی مۆدێرن) و (پارتی ئیسلامی) ئەمەش بە جەختکردنەوە لەسەر چەمکی (دیموکراسی).

بەلای شەتتی، ئیسلامییەکان زیاتر لەنێو جیهانی دروشمدا دەژین، بەرنامە و پرۆژەیان نیە، بۆ ئەم مەبەستە دەنوسێت:» گرفت لە ئیسلامیەکان خۆیانە، چونکە تائێستا نەیانتوانیوە پرۆژەیەکی زانستی ... بەرهەم بهێنن» (ل ٦٣). بە بۆچونی ئەو، ئیسلامیەکان نەیانتوانیوە لە دەرەوەی بازنەی دروشمەکانەوە بیربکەنەوە، هەمیشە گوتارەکانیان پڕیەتی لە دروشمی ئینشائی، دەڵێ

هەر لەگەڵ گواستنەوەی سەنتەری کارەکانیان لە دروشمە گەورەکانەوە بۆ پرۆژە، ئیدی ناکۆکیەکان دەستپێدەکەن لەوەی کە بە چ میکانیزم و ئامێر و ئالییەتێک ئەو دروشمانە بهێنرێنە سەر ئەرزی واقیع، یان بە چ شکڵێک مومارەسەیان بکرێ، سازان لەنێویاندا نییە لەوەی کە خودی (شەریعەت) چییە؟ دادگەری کۆمەڵایەتی چۆن بەرقەرار بێت؟، گۆڕاو و نەگۆڕ لە ئاییندا چییە؟

شەتتی پێی وایە کە بانگخواز و هزرمەندە ئیسلامیەکان لەسەر شكڵ و ئامرازی پەیوەندی نێوان ئاین و سیاسەت زۆر ناکۆکن، لەسەر هزری سیاسەت درەنگ هاوڕا دەبن، چونکە لە خیلافاتی مێژوودا دەژین و جیهانبینیشیان زۆر جیاوازە، هێندێک بەرەو ڕۆشنگەری دەڕۆن، هەندێکی تر بەرەو سەلەفییەت دەگەڕێنەوە. ئەمە جگەلەوەی کە هیچ تێزێک یان توێژینەوەیەک یان تێڕوانینێکی واقیعییان لەوبارەیەوە لەبەردەستدا نیە، ڕوونتر بڵێین شەتتی وای دەبینێ کە ئیسلامییەکان لە سیاسەتدا پراگماتی نین(ل٦٣).

بەشێکی کتێبەکە سەربوردەی مێژووی ئیسلامە لە دیوی مامەڵەی سیاسییەوەو لە بواری دەوڵەتدارییەوە. ئامانجی نوسەر لەوەدا ئەوەیە کە پیمان بڵێ شێوازی سیاسەتداری و دەوڵەتداری لە مێژووی ئیسلامدا دوو جەمسەرەیە: جەمسەرێکیان پەیوەستە بە دەقەوە، کە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتن، جەمسەرێکیشان پەیوەستە بە ئەزمونی مرۆڤکردەوە کە وردو درشتی ڕۆژانەی سیاسەتە. لەو توێژینەوەیەی ئەو دەردەکەوێ کە بەشی هەرە زۆری مامەڵە سیاسی و ئیدارییەکان لە مێژووی ئیسلامیدا پشت ئەستوورە بە زیرەکایەتی ئەقڵانی و ئیجتیهادی تایبەتیی سیاسەتمەدارە مسوڵمانەکان و، تێگەیشتنی واقیعبینانەی ئەوان بۆ دین و ژین.

لەڕاستیدا ئەو پێی وایە کە مێژووی دەوڵەتداری مسوڵمانان لە سەردەمی ڕاشیدین و ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی، تا ئەو ڕادەیە گرنگە کە ئیسلامیەکان بە چاوێکی پەندئامێزانە و سودلێوەرگرتن و ڕەخنەگرتن (ڕەخنە بە واتای شیکارکردن و لێکۆڵینەوە و خەملاندن و دەستنیشانکردنی خاڵی بەهێز و لاواز) تەماشای بکەن، نەوەک بە چاوی قودسییەت و ئاوات خواستن بۆ دوبارە کۆپیکردنەوەی، چونکە جگەلەوەی کە ڕۆژگار گۆڕاوە، شێواز و ئاراستەی سیاسەتداری و دەوڵەتداریش لە دنیای ئێستادا تەواو گۆڕاوە. بەشێکی زۆری کارە کارگێڕیی و سیاسییەکانی مسوڵمانانی ئەوسا دەرئەنجامی بیرو ئیجتیهادی ئەوسای ئەقڵی خۆیان بووە لە تێگەیشتن لە واقیع، نەک دەقی پابەندکەر، وەک نوسەر دەڵێ:» ئەزمونە ئیدارییەکان بەشێک نین لە ئایین، بەڵکو لە چوارچێوەی کەلەپوردا دەمێننەوە کە پێویستە نەوەکان بیخوێننەوە و سودی لێ وەربگرن» (ل٢٣).

نیوەی دووەمی کتێبەکە قسەکردنە لەسەر مۆدێل و چوارچێوە و شکڵی پێشنیارکراوی دەوڵەتداری بۆ ئیسلامیەکان لە سەردەمی مۆدێرن دا. هەڵبەتە باشتروایە چەمکی سیاسەتوانە «ئاینپەروەرەکان» بەکاربهێنرێت لەبری «ئیسلامیەکان»، ئەوەش لە کتێبەکەدا بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە چەمکی «ئیسلامی» بۆ بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی مسوڵمان کە خەڵکەکەی بڕوای بە ئیسلام هەیە تاڕادەیەکی زۆر کێشەدارە!، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو چەمکە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهاتووە، ئێمەش لێرە

وەک خۆی بەکاری دەهێنینەوە.

شەتتی دەنوسێت کە سەردەمی مۆدێرن سەردەمێکی زۆر ئاڵۆز و تێکپرژێنراوە، وێنەی ژیان وەک جاران سادە و سینا نیە. ژیانی مۆدێرن پڕیەتی لە جەنجاڵی تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان و سستەمی سەرمایەداریی هەژموندار و میدیا و سیاسەت و دەستەواژەی فرەی زانستی و فیکری و تێگەیشتنی کولتووری فرە و جۆراوجۆر...هتد. لەم جیهانە جەنجاڵەدا بێگومان دەستەڵاتداری و دەوڵەتداریش دژوارتر و ئاڵۆزتر دەبێت، بۆیە پێویستە خوێندنەوەیەکی تر بۆ حوکمڕانی بکرێت.

شەتتی وەهای دەبینێت کە ناکرێت جارێکی تر ئەو شکڵ و چوارچێوەیەی جاران بینابکرێتەوە کە پانتاییەکی زۆری کتێبە فیقهیەکانی کلاسیکی داگرتووە، چونکە داخوازییەکانی دنیای ئێستا و ئەزمونە پێشکەوتووەکانی دەوڵەتداری و سستەمی نێودەوڵەتی جیهان ڕێگرن لە بەردەم ئەوەدا، بەتایبەت دوای ئەوەی کە بەهۆی هەرەسهێنانی (خەلافەت) لە ساڵی ١٩٢٣ چەمکی دەوڵەت لە جیهانی ئیسلامیدا لکاوە بە چەمکی (نەتەوە) وە و، هەر پارچەیەک لە خاکی مسوڵمانان لەلایەن نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە، یان کۆمەڵێک تائیفە و نەتەوەی سازاو لەگەڵ یەکتر بەڕێوەدەبرێت(ل ١٨٠-١٩٠).

بەڕای شەتتی، دەوڵەتی مۆدێرن لە جیهاندا، ئەگەرچی ئایین تێیدا بونێکی کاریگەری هەیە، بەڵام لە ڕەهەندی (ئیسلامیبوون) یان (مەسیحیبوون) یان (بودایی بوون) دابڕێنراوە و تەرکیز لەسەر دانیشتوانەکەی دەکات، بۆیە چەمکی (هاونیشتیمانی) و (هاوزمان) و (هاوڕەگەز) و (هاوڵاتی)، کە ئینتیمایەکی ئاسۆییە زۆر گرنگە لە دەوڵەتی مۆدێرن دا. ئێستا خەڵک و نەتەوە بە قەوارەی سیاسییەوە دەلکێنرێت، بەپێچەوانەی جاران کە ئینتیمایەکی ستونی بوو و ئاینێکی دیاریکراو بە قەوارەی سیاسیەوە دەلکێنرا و ناوی قەوارەکەش ناوی ئەو ئایینە دەبوو کە لەسەری دادەمەزرا. دەوڵەتی مۆدێرن دەوڵەتی فرەییە، لە کولتوور، ئاین، مەزهەب، یان ئایدۆلۆژیا. بۆیە کتێبەکە دەڵێت کە ئیسلامیەکان ئەگەر بیانەوێ ببنە خاوەنی پێگە لە دەوڵەتی مۆدێرن دا دەبێت لەگەڵ ئەو فرەیی و جیاوازییە ئاینی و ئایدۆلۆژییەدا بسازێن کە لە دەوڵەتی مۆدێرن دا هەیە و، تەنانەت پەرەشی پێ بدەن (ل١٩٦-١٩٧)، شەتتی دەڵێت کە نابێ مۆدێلی فەرمانڕەوایی ئیسلامییەکان لە دەوڵەتی مۆدێرن یاخی ببێت و نابێت هەوڵی گۆڕینی جۆری هاوڵاتیبوونیش بدەن (ل١٩٦).

نوسەر زیاتر بەو باسەدا هەڵدەچێ، پێی وایە کە کۆمەڵێک شەنگست و ڕێککاری سەرەکیی هەن دەبێ ئیسلامیەکان لە وەرگرتنی حکومەتدا ڕەچاوی بکەن، بۆئەوەی باش لەگەڵ دەوڵەتی (مۆدێرن)دا ئاوێزان و تێکەڵ ببن و بتوانن کاریگەرانە ڕۆڵی خۆیان لە خزمەتی کۆمەڵگەکانیاندا بگێڕن، ئەمانەی خوارەوە پوختەیەکن:

یەکەم: دەبێ پاڵپشتی بکەن لە سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن و مەدەنییەت لە وڵاتدا. وەک خۆی دەڵێت: «نابێت ئیسلامییەکان هیچ جۆرە گەیشتنە دەستەڵاتێک پەسەند بکەن تەنیا ڕێگەی هەڵبژاردن نەبێت، نابێت هیچ مۆدێلێکی تر بە شەرعی و ڕەوا بزانن» (ل١٩٧). تەواوی کتێبەکە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە ئایندارەکان لە هەبوونی دیموکراسیدا لە هەموو کەسێ زیاتر بانگەوازەکەیان تەشەنە

دەکات و باشتر دەتوانن دروشمە دیندارییەکانیان بە ئازادی مومارەسە بکەن، بۆیە دەبێت پاڵپشتی لە پرەنسیپەکانی ڕای ئازاد و هەڵبژاردن و دیموکراسی بکەن.

دووەم: دەبێ ئیسلامیەکان ددان بە سەروەری بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکاندا بنێن، بەتایبەتی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ، بەتایبەت کە زۆرینەی ئەو بەندانەی کە لەنێو پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا هەن لەگەڵ ئیسلامدا تەریب و کۆکن. ئەوان نابێت سنورە نێودەوڵەتیەکان ببەزێنن، یان پەیمان و بەندە نێودەوڵەتییەکان بترازێنن (ل٦٠-٦١ ).

سێیەم: دەبێت ئیسلامیەکان ڕێز لە ماف و ئازادی ئافرەت بگرن، هاوتەریب لەگەڵ جەختکردنەوە لە کەرامەتی ئافرەت و شکۆ و بەها ئەخلاقیەکانی ڕەگەزی (مێ) لە هەڵسوکەوت و جموجۆڵەکانیدا. بەپێی نوسەر داخوازییەکانی دنیای مۆدێرن، لە شێوەی ژیان و بژێوی، پاڵیان بە ئافرەتەوە ناوە کە بچێتە دەرەوە و پیشەیەکی ئۆفیسی مومارەسە بکات ئەمە جگە لە دایکایەتی و منداڵ خستنەوەو ماڵ و مێرد، بۆیە پارتە ئیسلامییەکان دەبێ لە پرۆژە و بەرنامەکانیاندا ئەو ئازادییە بە ئافرەت بدەن کە شان بەشانی پیاو لە کار و پیشەدا بوونی هەبێت و موچە و دەستهەقی خۆیشی هەبێت، بەتایبەت کاتێک کە خودی ئایینیش ڕێگر نییە لە کارکردنی ئافرەت (ل٨٨-٨٩).

چوارەم: دەبێ ئیسلامییەکان ڕێز لە کەمینە ئاینیەکان و کەمینەی نەتەوەیی و مەزهەبی بگرن. دەبێ بوار بدەن هەر ئاین و ئاینزایەک مومارەسەی ئازادانەی ئاینی خۆی لە وڵاتدا بکات، چونکە خودی ئیسلام وەک ئاینێک ئەو ئازادیەی بە ڕەوا زانیوە بۆ هەموو مرۆڤێک. لە مەنزومەی فیکری ئیسلامیدا مرۆڤ ئازادە لە ئایدۆلۆژیا و هزر و تێگەیشتنیدا. شەتتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت ئیسلامییەکان تەنها یەک ئایدۆلۆژیای زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا فەرز بکەن بەبیانوی «هەقیقەتی موتڵەق»، دەبێت ڕێز لە ڕاجیایی و فرەبۆچونی پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگەش بگرن. لەوبارەوە دەڵێت: «مادام ئەو ئامانجەی ئیسلامییەکان هەوڵی بۆ دەدەن هەمان ئەو ئامانجەیە کە هەموو هاوڵاتییەک هەوڵی بۆ دەدات، کە بریتییە لە گەشەپێدانی ئابووری و حوکمی دانا (الحکم الرشید) و دیموکراسیەت، کەواتە ئیتر پێویست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکات لە بەشدارییپێکردنی ئەوانیتر» (ل١٩٧). هەڵبەتە مەبەست لە ئەوانیتر لەلای شەتتی، بریتییە لە سیکۆلار و بێدین و ئاین و ئاینزاکانی تر، لە وەرگرتنی پۆستە ئیدارییەکان و شەراکەتی سیاسیدا.

**ئامانجی کار و پرۆژەی سیاسیی ئیسلامییەکان دەبێ بۆ بیناکردنی ئەمڕۆ و داهاتوو بێت نەك دووبارەکردنەوەی ڕابردوو**

پێنجەم: پارتە ئیسلامیەکان دەبێ پێشینە (ئەولەوییات)ی ئیشەکانیان جەخت بکاتەوە لەسەر پلانی ئابووری. دەبێ پرۆژەی جدییان هەبێت لە بەرەوپێشبردنی کەرتە سەرەکییەکانی ئابووری بە (پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و بازرگانی). بەبڕوای شەتتی، گەشەی ئابووری ئەو

**ئیسلامییەکان ئەگەر بیانەوێ بنە خاوەنی پێگە لە دەوڵەتی مۆدێرندا دەبێت لەگەڵ ئەو فرەیی و جیاوازییە ئاینی و ئایدۆلۆژییەدا بسازێن.**

دەروازە زێرینەیە کە لەوێوە کۆمەڵگەی ئیسلامی دەبوژێتەوە و خودی چەمکی (شەریعەت)یش کە ئیسلامییەکان هەمیشە باسی لێوە دەکەن دێتەدی، چونکە هەتا هەژاری بنبڕ نەکرێت و دواکەوتنی تەکنەلۆژی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان قەڵاچۆ نەکرێت، ئەوا دادگەری گەشە ناکات، خودی شەریعەتیش دادگەرییە. جگەلەوەش پەروەردەی ئیسلامی بە هەژاری گەشە ناکات و هزری مسوڵمانانەش لەنێو کۆمەڵگەدا بنیات نانرێت، چونکە لە حاڵی هەژاری و نەداریدا هاوڵاتی گرنگی یەکەم بە پەیداکردنی ڕۆزی و نان دەدات نەک پەرستش و ئامۆژگارییە ئایینیەکان (ل١٩٢).

بۆ ئەو مەبەستە نمونە بە وڵاتی (سەنگافور) دەهێنێتەوە، پێی وایە کە ئەگەرچی ڕووبەری وڵاتی سەنگافورە بچوکە، بەڵام بەهۆی حوکمێکی دانایانەی سەرکردەکانیەوە توانراوە کەرتی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا ببوژێتەوە و ئابوورییەکی بەهێز لەو خاکەدا بینا بکرێت (ل١٩٣). هەڵبەت ڕەنگە لەپاڵ ئەزمونی سەنگافورە، ئەزمونی وڵاتی (مالیزیا)ش نمونەیەکی زۆر شیاو بێت کە بهێنرێتەوە لەوبارەوە دوای ئەوەی سەرکردەی مسوڵمان (مەهاتیر محەمەد) توانی بە پرۆژەی (ئیسلامی شارستانی) ئەو وڵاتە لە وڵاتێکی دواکەوتووی کشتوکاڵییەوە وەربچەرخێنێت بۆ وڵاتێکی پیشەسازی-کشتوکاڵی بەهێز.

شەشەم: نابێ ئیسلامیەکان دروشمی (فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە) لە وەعز و ئیرشادەوە بگۆڕن بۆ یاسا. ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بانگخواز و بیرمەند و مامۆستایانی ئایینی دەبێت لە چوارچێوەی پەروەردە و میدیای هۆشیارکەرەوە و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کۆڕە ئەخلاقییەکان بهێڵرێنەوە، بۆئەوەی تاک بە ئازادانە بڕیار لەسەر پابەند بوون بە ئایینەکەی بدات نەک بە زۆرلێکردن. چونکە ئەگەر وەعز و ئیرشاد بوو بە (یاسا) ئەوا ئازادییە تاکەکەسییەکانی هاوڵاتیان بەرتەسک دەبێتەوە. شەتتی پێی وایە کە پێویستە ئیسلامییەکان ڕێگە خۆش بکەن بۆ هەبوونی وەعز و ڕێنمایی و دەرس و وانەی ئایینی و پەروەردەیی، تا کۆمەڵگەی مسوڵمان لە لادانی ڕەوشت پارێزراوبێت و تاک پابەندبێت بە ئایینەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێ پانتاییەک بۆ ئازادییەکان بهێڵنەوە کە هەر هاوڵاتییەک لەسەر بنەمای (ویست)ی خۆیەوە پابەندیی بە ئایین هەڵبژێرێت بەسەر پابەندنەبونیدا نەوەک لەسەر بنەمای زۆرەملێی (یاسا)!. هەڵبژاردنی چاکە بەسەر خراپە لە مەسەلە تایبەتییەکانی (جلپۆشین بۆ نمونە) ئەگەر لەژێر چەپۆکی (یاسا) بێت ئەوا دوور دەبێت لە ڕێنماییە میهرەبانییەکانی ئیسلام کە خودی ئیسلام ئایینی ئازادییە(فمن شاء فالیؤمن ومن شاء فالیکفر).

پابەندبوون بە ئاین پێویستی بە یاسا نیە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە هۆشیاری تاکەکەسییەوە و لەسەر پەروەردەی خێزانیی تاک ڕادەوەستێت. هەندێ لە ئیسلامییەکان لەو خاڵەدا بەهەڵەدا چوون کە

وادەزانن دەبێ دیاردەی (بالاپۆشی) و پابەندبوونی کوڕ و کچ بە ئەخلاقیاتی ئیسلامی بکرێن بە (یاسا) و بخرێنە ژێر دەستتێوەردانی دەوڵەتەوە. بێئاگان لەوەی کە پۆشینی جلوبەرگ پەیوەستە بە شێوازی تێگەیشتنی تاکەکەسی و پەروەردەی خێزانی و کەم و زۆریی بانگەوازی ئایینیەوە، بۆیە ناتوانرێ کۆت و بەند بکرێ. نوسەر لەوبارەوە دەڵێت: « ئەو دیاردەی حیجابەی ئەمڕۆ لە دنیادا دەیبینین بەهۆی دەستەڵاتی یاساوە نیە، بەڵکو لە رێگەی بانگەواز و قەناعەتەوە بووە، کە وایکردووە زۆرینەی ئافرەتان خۆیان داپۆشن وەک نزیکبوونەوە لە خودا» (ل٦٥).

نوسەر پاڵپشتی قسەکەی بە قسەیەکی (د.یوسف قەرزاوی) دەهێنێتەوە، بەوەی کە «نەتەوە تەنیا بە یاسا بنیات نانرێت، بەڵکو ئوممەت و نەتەوە بە پەروەردەکردن و رۆشنبیرکردن دێتەدی» (ل٦٦).

بۆیە هەم (شەتتی) و هەمیش تەواوی بیرمەندانی دیکەی هزری ئیسلامی پێیان وایە دەبێت ئیسلامییەکان کار لەسەر پەروەردەی تاک بکەن لە کۆمەڵگەدا لەسەر بنەمای (ئازادی هەڵبژاردن) و (ویست) و (هۆشمەندی) نەوەک سەپاندن. شەتتی لەوبارەیەوە دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەنتەر و رێکخراوەکانی پەروەردە بە باش دەزانێت کە بخرێنە گەڕ (ل١٩٨). وەک نوسەریش وای دەبینێ، مادام ئیسلامییەکان پێیان وایە کە ئیسلام هۆکاری بەختەوەری تاکەکانە لە رووی کولتووریی و کۆمەڵایەتییەوە، کەوایە زۆرلێکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێنماییانە کارێکی زۆر هەڵەیە و دووریشە لە کرۆکی ئایین، چونکە قەناعەتی پابەندبوون بە ئایین لە رێگەی دیالۆگ و ئارگیومێنتکاری و مشتومڕی هێمنانەوە بۆ مرۆڤ پەیدا دەبن.

حەوتەم: شەتتی دەنوسێ کە پارتە ئیسلامییەکان نابێ ئازادییەکانی لاوان فەرامۆش بکەن. پێش هەموو شتێک دەبێ ئاسودەیی و خۆش ژیانی ئەوان دابین بکەن. ئەم باسەش پەیوەندیدارە بە خزمەتگوزارییەکانی خوێندن و ئاو و کارەبا و پەیوەندییەکان و تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت و گواستنەوە و خان و ماڵ و ئەساسیات و خێزان و هاوسەرگیری...هتد، ئەمە لەپاڵ مافی رادەربڕین دەبێ بۆ هەموو هاوڵاتییەک دەبێ دابین بکرێ.

دواتر، نوسەر پێی وایە کە گەشت و هونەر و شیعر و شانۆ و رۆمان و سینەما و تەمسیل و شێوەکاری و مۆسیقاو وێنەگرتنیش پێکهاتەیەکی دانەبڕاوی ژیانی مۆدێرنن، بۆیە نابێ لاوان لێیان بێبەش بکرێن. هەڵبەتە ئەم باسانە پەیوەندیدارن بە فیقهی تازەی ئیسلامییەوە و دەکرێ سود لە بیرمەندانی ئیسلامی هاوچەرخ ببینرێت بۆ ئەو مەبەستە. لاوان نابێ بێبەش بکرێن لە مافی چێژوەرگرتن لە گەشتوگوزار و یارییەکانی تۆپی پێ و سەفرە و مەلەوانی و فێستیڤاڵ و چالاکییە تەرفیهییەکان...هتد، ئەمانەش لە چوارچێوەی عورفی رێگەپێدراوی کۆمەڵگە و ئەخلاقیاتدا. لاوان دەبێ ژیانێکیان بۆ فەراهەم بهێنرێت کە خۆش و فراوان بێت نەک بەرتەسک و رەشبین بێ، لەپاڵ ئەوەشدا فەراهەمکردنی ئازادی لاوان دەبێ دووربێت لە لادانی ئەخلاقی و هەژمونە سێکچواڵی و وروژێنەرەکان و کات بەفیرۆدان. بۆ ئەو مەبەستەش دەگونجێ لاوان لەگەڵ پەروەردە و وەعزی ئایینی و رێنمایی رۆشنبیریی تێکەڵ بکرێن، تا هاوسەنگ بن (ل٨٦-٨٧).

گەشتوگوزار یەکێکە لە باسە گرنگەکانی

دەوڵەتی مۆدێرن. بۆیە شەتتی پێی وایە کە، لە چوارچێوەی ئازادی گەشتوگوزار، دەبێ پارتە ئیسلامییەکان ڕەواج بە گەشتوگوزاری خێزانی بدەن و کارئاسانی بۆ بکەن (ل١٩٨ ). ئەمەش بەوپێیە کە گەشتوگوزاری خێزانیی لەسەر ئەخلاق و نەریتی خێزانی و عورفی ڕەسەن ڕاوەستاوەو پێچەوانەش نییە لەگەڵ شەرع. گەشتوگوزاری خێزانی هەم چێژبەخشە بۆ خێزان و هەمیش ڕەسەن و ڕەوشتداریشە. بەمشێوەیە دەتوانن هەژمونی هەرجۆرە گەشتوگوزارییەک کەم بکەنەوە کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەخلاقیاتی کۆمەڵگە و نەریتی کۆمەڵایەتیی.

هەروەها، نوسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هونەر و جوانی (ئیستاتیک) نابێت کۆتوبەند بکرێت و بخنکێنرێت، بەڵکو دەبێت جۆرێک لە ئازادی تێدا هەبێت، ڕێگری لە هونەرێک دەکرێت کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بشێوێنێت، یان دوور لە نەریت و ڕەوشتەکان بێت و لاوان بەرەو هەڵدێر ببات، ئەو دەڵێت ئیسلامییەکان پێویستە لە بری ئەو جۆرە هونەرە تێکدەرە، بەرهەمی هونەری بە ڕەهەندی ئەخلاقییەوە پێشکەش بکەن (ل١٩٨).

هەشتەم: بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر پایەی (توێژینەوەی زانستی) و گەشەی زانستگا و زانکۆو، سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی ڕاوەستاوە، ئیسلامییەکان دەبێت ئاگاداری پێشکەوتنی مەعریفی بن، بە هەردو جۆرەکانی زانستی (سروشتی) و (مرۆڤایەتی). نوسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زانکۆ و پەروەردە و خوێندن دانەبڕێنرێن لە پێشکەوتنە ئەکادیمیەکانی وڵاتانی سەرمایەداری، بەوپێیەی کە ئەمڕۆ لە دنیادا وڵاتە سەرمایەدارەکان یەکەمین لە پەروەردە و فێرکردندا و، پێشکەوتنی زانکۆکان لە جیهانی ئەواندایە. بۆیە نابێ ئیسلامییەکان خۆیان دابڕنن لەو سستەمە مەعریفیە سەرمایەدارییەی کە بەرهەمهێنراوە، بەڵام نابێ تێشیدا بتوێنەوە و کتومت وەریبگرن، دەبێت خۆیشیان خوێندنەوەی خۆیان هەبێت بۆ ئەو ماریفەتەی کە بەرهەمهێنراوە، بە ڕەخنەگرتن، زیاد و کەمکردن، لێ هەڵگۆزین و دەرئەنجامی نوێ. پێویستە مەعریفەی لاوانی مسوڵمان تێکەڵەیەک بێت لە مەعریفەی ئیسلامی (ئەدەبیاتی ئیسلامی) لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و ئەکادیمی دنیای مۆدێرن، تاوەکو نەوەیەکی چاوکراوە و خوێنەوار بێتە بەرهەم کە بۆ دنیای ئەمڕۆ گوتار و تێگەیشتنی هاوچەرخی خۆی هەبێت (ل٦٩-٧٢).

پوختەی مەبەست ئەوەیە کە بەگشتی کتێبەکە دەروازەیەکی گرنگ دەکاتەوە بۆ گۆڕینی زۆرێک لە بیروبۆچون و تێگەیشتنە هەڵەکانی پارتە ئیسلامییەکان لەبارەی دەوڵەتدارییەوە، تێڕوانینێکی نوێ دەخاتە بەردەستی ئیسلامییەکان بۆ حوکمداریتی و دەوڵەتداری و سیاسەتداری. وەک نوسەریش بڕوای وایە، پێویستە بۆ ئەم باسە کۆنگرە و کۆنفرانس و توێژینەوەی زۆرتر ئەنجام بدرێت تا تێگەیشتنی دەوڵەمەنتر بێتە بەرهەم (ل٢٠٧-٢١٤).

**سەرچاوە:**

د.اسماعیل الشطي: ئیسلامییەکان و دەوڵەتی مۆدێرن، و.سۆران محمود، پرۆژەی کرانەوە، چ١، ٢٠١٦.



# سەرکردەی کاریزما و

## پێگەی لە فیکر و مێژووی ئیسلامیدا



**نازم عەبدوڵڵا**
لەدایکبووی ١٩٦٣.
ماستەر لە فیکری ئیسلامیی.
چەند بەرهەم و توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

سەرکردەی کاریزمایی سەنگێکی گەورەی هەبووە لە مێژووی دێرینی مرۆڤایەتیدا، لە هەندێک قۆناغی گەلاندا کەسانی کاریزمای وەک پێغەمبەران(س) سەرکردایەتی گەلانیان کردووە، یان کەسانێک کە بەڕاستی جێ پێی ئەوانیان هەڵگرتووە، جگە لەوانیش بە درێژایی مێژوو سەرکردەی خۆنەویست لە ناو گەلانی دونیادا پەیدابوون کە خۆنەویستانە هەموو قوربانیەکیان داوە بۆ هۆشیارکردنەوە و ئازادی و حەسانەوە و ئاسودەکردنی گەلەکانیان.

لە سەرچاوەکانی زانستی سیاسیدا بەمشێوە پێناسەی کاریزما کراوە: کاریزما وشەیەکی یۆنانیە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحییەتەوە پەیدابووە(١) کە بە چەند واتایەکی وەک: بەخشندەیی خودا، یان کەسانی خوداپێداو، یان مولهەم دێت، ئەوان کەسانێکی لاساییکەرەوە نین، متمانەیان بەخۆیان هەیە، لە قسەکردندا وردەکاری دەکەن، توانای بروا پێهێنانیانی بەرانبەریان بەهێزە، لەسەرخۆ و خۆگرن، خۆشەویستی بۆ دەوروبەریان دەردەبڕن، بە ئاسانی ڕەخنە قبوڵ دەکەن، لەناو هەموو کەسە خاوەن بۆچوونە جیاوازەکاندا جێگەی خۆیان دەکەنەوە، بە هۆی خۆنەویستیانەوە کەسایەتیان باڵ دەکێشێت بەسەردەوروبەریاندا و دەیانخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، لە هەست و هۆشیاندا دەمێننەوە(٢)، کەسایەتی کاریزمایی بەشێکی دەسکردە و بە هەوڵ و کۆشش و خۆماندوکردن و بینینی خول و بە دواداچوونی ئەزمونی کەسە سەرکەوتووەکان بەدەست دەهێنرێت، بەشێکیشی خواکردە و دەبێت وەک خاڵێکی بەهێزی خۆی بە دوایدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە و بە هێزی بکات.

لەبەرئەوەی سەرکردەی کاریزمایی کۆمەڵێک مەترسی گەورە دەوریداون، هەندێک کات ئەگەر خۆشیان گۆڕانکاریان بەسەردا نەهاتبێت، لەلایەن دەوروبەرەکانیانەوە، پێگەکانیان قۆرخکراوە، خەبات و کەسایەتیان خراوەتە ژێر پرسیارەوە، بوون بە نەگبەتی و سەرئێشە بۆ گەل و نەتەوەکانیان، ئەم مەترسیەش وایکردووە گەلانی دونیا زۆر بە هەستیاری و وشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو چەمکەدا بکەن، ڕێگا نەدەن کەس لە سەرووی یاساوە بێت، ئەوانیش لە چوارچێوەی کارنامە و یاسا و دەستوورەکاندا ئەرک و مافەکانیان بۆ دیاری بکرێت، ڕێگە نەدرێت دەوروبەرو کەسانی بەرژەوەندخواز کەسایەتیان بشکێنێت، لەهەمان کاتدا سوود لە لایەنە پۆزەتیفەکانیان ببینرێت، بە کۆمەڵێک دیسپلینی سەردەمیانەی خۆیان و گەلەکانیان لە لایەنە نیگەتیفەکانیان بپارێزرێت.

ئامانجیش لەم بابەتە ئەوەیە چیتر گەل و پارت و ڕێکخراوەکان نەبنە قوربانی هەندێک ئامانجی دەوروبەری کەسە کاریزماییەکان، چیتر ئەوانیش هێڵی سوور نەبن کەس نەتوانێت دەستیان بۆ بەرێت، ئێمەش وەک گەلانی دنیا چیتر چارەنووسی خۆمان نەسپێرین بەو متمانەیەی هەیە بە سەرکردە کاریزماکان، بەڵکو ئاکار و کەسایەتی و خورەوشتی بەرزی ئەوان پشتیوانێک بێت بۆ زیاتر جێبەجێکردنی، کارنامە و یاسا و دەستوورەکان.

جیاوازی نێوان سەرکردەی کاریزما و سەرکردەی کاریزمای خۆسەپێن ئەوەیە: سەرکردە کاریزماکان هەموو کات بەرژەوندی گشتی دەخەنە پێش بەرژەوەندی خۆیان(خزم و کەس، پارتەکانیان و دەوروبەریان)، خۆیان دەکەن بە قوربانی لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا، زۆرجار

سەرکردە کاریزماییەکان بە چاک و خراپیانەوە، خۆیان لە سەرووی یاساوە دەبینن، ئەوانەی چاکن، پێش ئەوەی خەڵک پێیان بڵێن واز لە کورسی دەسەڵات بێنن خۆیان وازی لێ دەهێنن، بە هیچ شێوەیەک موڵک و ماڵی گشتیان بەلاوە نییە تا خەڵک پێیان بڵێن بیگێڕنەوە، ڕێگەنادەن کوڕ و کچ و نەوەکانیان دەم بژەننە موڵک و ماڵ و دەسەڵات و بە خراپی سوود لە پێگەی کەسانی هەڵکەوتووی بنەماڵەکەیان وەربگرن، ئەوان لە جیاتی پارتێک یان بنەماڵەیەک بەرژەوەندی هەموو خەڵکی ڕەچاو ئەکەن.

بەڵام سەرکردە خۆسەپێنەکان لە هەموو هەنگاوێکدا بەرژەوەندی خۆیان و دەوروبەرو پارتەکانیان دەخوێننەوە، تەنها بایەخ بە پێداویستی دەوروبەریان دەدەن، هەندێک جار بۆئەوەی لاواز دەرنەکەون، ڕاو پێشنیازی خەڵکانی تر دەخەنە لاوە، لەبەرئەوەی کەس لە ئاستی خۆیاندا نابینن قەناعەتیان وایە کەس ناتوانێ ئامۆژگاری، یان ڕێنماییان بکات، ئەمەش وا دەکات هەندێک جار دڵەڕاوکێ لە نێوان دەوروبەریاندا دروست بکەن و کەسانی لاواز و بێدەنگ لە دەوروبەری خۆیان کۆبکەنەوە، ئەگەر کەسانی کاریزما هەوڵ بدەن بۆ پێگەیاندنی کەسانی تر کە جێگەیان بگرنەوە، بەڵام کاریزمای خۆسەپێن واپیشانی دەدەن دەوروبەریان لاوازن و کەسیان ناتوانن جێگەیان بگرنەوە، کەسانی کاریزمای خۆسەپێن بەجۆرێک یاساکان دادەڕێژن، خۆیان و دەوروبەریان نەگرێتەوە، ئەوان موڵکی بنەماڵەیەک یان پارتێکن. لە وڵاتی ئێمەش ئەگەر نەخرانایەتە جوغزێکی سیاسی و هەندێک ناونیشانی تەسکەوە، کەسانی کاریزما و هەڵکەوتوو هەبوون کە جێگەی شانازی

**لە حوکم و سیاسەتدا (الفرقة الناجیه) ئەوانەن کەوا لە سیاسەت و حوکمڕانیدا چاو لە پێغەمبەر و جێنیشینە سەرڕاستەکانی دەکەن**

هەموو پێکهاتەی خەڵک و گەل و نەتەوەکەیان ببوونایە.

ئاساییە ئێمە سوود لە ئەزموون و ڕاوبۆچونی کەسە هەڵکەوتووەکانی مێژوو وەربگرین، سوود لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەوروبەریان وەربگرین، بەڵام هەڵەیەکی کوشندەیە کەوا گەل و نەتەوەکان هەوڵ بدەن دەقاودەق ئەزمون و تێڕوانینەکانی ئەوان بگوازنەوە بۆ سەردەمی خۆیان، چونکە لە ڕووی سیاسیی، ئابوریی، کۆمەڵایەتیی و حوکمڕانییەوە جیاوازی هەیە لە نێوان سەردەمەکاندا، ئەوەی لە سەردەمی ئەواندا ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووە، لەوانەیە بۆ سەردەمەکانی تر سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت، مەرج نییە ئەوەی لە قۆناغێکدا کاریزما بوبێت بە درێژایی هەموو مێژووی هەر بە کاریزمایی مابێتەوە، لەوانەیە ئەو کەسانەی لە قۆناغێکدا توانیویانە بە جوانی ئیدارەی ململانێکان بدەن و گەل و وڵات بەختەوەر بکەن، نەیانتوانی بێت لە هەموو قۆناغەکاندا بە هەمان ڕیتم برۆن بەڕێوە، بۆیە دور نییە هەر ئەو کەسەی لە قۆناغێکدا کەسێکی کاریزمایی بووە و خەڵکی خۆشیان

**لە کتێبەکانی فیقهی سیاسی ئیسلامیدا تەنها مەرج بۆ (خەلیفە) دانراوە، هەموو مەرجەکانی بەڕێوەبردنی وڵات لە کەسی یەکەمدا کۆکراوەتەوە.**

ویستووە، لەوانەیە لە قۆناغێکی تردا لەبەر لاوازی ئەدای هەر ئەو خەڵکە بە لە ناوبردنی خۆیان لە دەستی ڕزگار کردبێت.

هۆکاری ئەوەی ئێستا کۆڕای گەلانی دنیا هاتوتە سەر ئەوەی وڵاتان بە دەستور و یاسا نەگۆڕەکان ببرێت بەڕێوە، مانای ئەوەنییە کەسانی کاریزمای سەرکەوتوو لەناو گەلانی دونیادا نەماوە، یان وا وێنا بکرێت مرۆڤایەتی قۆناغی سەرکردەی کاریزماییان بڕیوە و گەیشتوون بە قۆناغی کارپێکەوە کردن لە چوارچێوەی یاساو دەستوردا، بەڵکو ئەبێ مکوڕبوونی گەلان لە سەر دیسپلینی یاسایی بەوشێوەیە وێنا بکەین کەوا مرۆڤایەتی بە ئەزموونی دوورودرێژ و فەلسەفەی حوکمڕانی گەیشتووە بەو ئاستەی بۆئەوەی پەیوەندی گەل و نەتەوە و ئایین و ئاینزاکان دوور بێت لە ستەم و پێشێلکردنی مافی یەکتر، لەگەڵ بوونی سەرکردە کاریزماییەکانیشدا پێویستە یاسا و دەستور هەبێت، تاوەکو بەرژەوەندی گەل و نەتەوەکان دەسپێردرێت بە ویژدانی کەسانی تر، لەبەرئەوەی تا کەسێکی ویژدان زیندو هەڵدەکەوێت، تەنها بەرژەوەندی گەل و وڵاتی مەبەست بێت، چەندین کەسانی ویژدان مردو لە پەنای کەسانی ویژدان زیندودا سەرهەڵدەدەن و یاری بە چارەنوس و کەرامەتی خەڵکانی تر دەکەن.

لەبەرئەوەی لە دونیای ئەمڕۆدا بە تەنها بوونی کەسانی کاریزمایی و بەرزکردنەوەی دروشمی پابەندبوون بە ئاکارە بەرزەکانەوە و پەروەردە لەسەر ئاکارە جوانە نمونەییەکان ئارامی و دڵنیایی نابەخشێت بە گەل و نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان، وایانکردووە خەڵکی لە وشەی کاریزما بسڵەمنەوە، چونکە بە ئەزمون دەرکەوتووە کەسانی کاریزما گرەنتی چۆنێتی جێبەجێکردنی یاسا و دەستورەکانن، بەڵام هەرگیز نابن بە ئەڵتەرناتیفی یاسا و دەستور، دور نییە لە سایە و سێبەر و ناونیشانی ئەواندا چەندین بەرژەوەندخواز پەیدا نەبێت کە بەشێوەی نەشیاو سوود لە پێگەی کەسە نزیکە هەڵکەوتووەکان وەربگرن، جگە لە خەلیفەکانی ڕاشیدەین و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (خوا لێیان ڕازی بێت)، ئەگەر تەماشای مێژووی حوکمڕانی مسوڵمانان بکەین لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵدا جگە لەو چەند کەسە، بەدەگمەن کەسانی خاوەن کەسایەتی کاریزمایی هەڵکەوتوون، کە خۆیان پاراستبێت لە عەیب و عاری دەسەڵات، بەشێوەیەک خۆیان یان دەوروبەرەکانیان بە خراپی سودیان لە پێگەکانیان وەرنەگرتبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کەسانی کاریزما لەم سەردەمەدا ئەوانەن کە بەشێوەیەکی سەرسەختانە بانگەشە بۆ بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەت دەکەن، کاردەکەن بۆئەوەی وڵات خاوەن دەستور و سەروەری یاسا بێت.

لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەک لەسەر ئەوە بکەین بزانین بۆچی فیقهی سیاسی ئیسلامی زیاتر کاری

لەسەر پێگەیاندنی سەرکردەی کاریزمایی کردووە؟ هەموو مەرجەکانی دەوڵەت و سەرکەوتوویی حکومەت لە کەسەکاندا کۆکراوەتەوە؟ لە چەند خاڵێکدا باس لە هۆکارەکانی دەکەین:

١. کەسایەتی پێغەمبەر(د.خ)، لە چەندین ئایەتی قورئاندا باس لەوە دەکات هەرکەسێک دەیەوێت خوای باڵادەست لیی ڕازی بێت ئەوە پێویستە شوێن پێغەمبەر (د.خ) بکەوێت و خۆی بە کەسایەتی ئەو بچوێنێت: **(لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا)(٣) یان دەفەرمو□ت: (قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)(٤)**، ئەم ئایەتە پیرۆزانە هانی ئیمانداران دەدەن لە هەموو ڕوویەکی خواپەرستی و ئاکارەوە چاو لە پێغەمبەر (د.خ) بکەن، چونکە کەسایەتی ئەو کەسایەتییەکی پاک و دوور لە هەڵەیە، هەرچۆنێک شوێنی بکەوێت زەرەر ناکەیت و ناکەویتە هەڵەوە.

٢. پێغەمبەر(د.خ) لە چەند شوێنێکدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ڕێچکەی خۆی و خەلیفە سەرڕاستەکان هەڵبگرن:( **فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ)** (٥) لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە: **(أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإِنْ كَانَ عَبْدًا حَبَشِيًّا فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ فَتَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ) (٦).**

ئەم فەرمودانە لە هەموو هەنگاوێکدا چاولێکردنی پێغەمبەر و هاوەڵە بەڕێزەکانی دوپات دەکەنەوە، ئاماژە بەوە دەکەن، لە حوکم و سیاسەتدا

## سەرکردە کاریزماکان هەموو کات بەرژەوندی گشتی دەخەنە پێش بەرژەوەندی خۆیان

دەستەی سەرکەوتوو(الفرقة الناجیه) ئەوانەن کەوا لە سیاسەت و حوکمڕانیدا چاو لە پێغەمبەر و جێنیشینە سەرڕاستەکانی دەکەن، بە بەڵگەی ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) هەموو بنەماکانی وەک بیروباوەڕ و خواپەرستی و حەرام و حەڵاڵی ڕوونکردۆتەوە، شتێکی لە ئاییندا بە ناڕوونی نەهێشتۆتەوە تاوەکو بیسپێرێت بە خەلیفە سەرڕاستەکانی تا ئەوانیش دوای خۆی بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە، مەبەستیش لە کاری داهێنراو و بیدعە لەم فەرموودانەدا لادانە لە چۆنیەتی سیاسەت و حوکمڕانی خۆی و جێنیشینە سەرڕاستەکانی.

٣. لە کتێبەکانی فیقهی سیاسی ئیسلامیدا تەنها مەرج بۆ کەسی یەکەم (خەلیفە) دانراوە، هەموو مەرجەکانی بەڕێوەبردنی وڵات لە کەسی یەکەمدا کۆکراوەتەوە، ماوەردی لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، دە مەرجی بۆ کەسی یەکەم داناوە وەک: پارێزگاری لە ئایین، چارەسەری کێشەی خەڵک، پاراستنی وڵات، چەسپاندنی سنورە شەرعییەکان، دروستکردنی ئاسایش، جیهاد لە ڕێگەی خوادا، وەرگرتنی زەکات و دەسکەوتەکان، بڕینەوەی مووچە بۆ کەسانی شایستە، سەرپەرشتی گشتی کاروباری وڵات(٧)، کۆمەڵێک سیفەت و ڕەوشتیش

## کەسانی کاریزما گرەنتی چۆنێتی جێبەجێکردنی یاسا و دەستورەکانن، بەڵام هەرگیز نابن بە ئەڵتەرناتیڤی یاسا و دەستور

وەک مەرج دانراون بۆ کەسی یەکەم، وەک: دادگەری، لە رووی زانستیەوە پلەی موجتەهیدی هەبێت، ئەندامەکانی لاشە و هەستەوەرەکانی سەلامەت بن، شارەزابوون لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئازایەتی، خاوەن رەچەڵەکی قورەیشی بێت(٨)، کە دەبێت لە کەسی یەکەمدا هەبێت، بەڵام یەک مەرجیش بۆ دامەزراوەی دەوڵەت دانەنراوە، کە ئەمەش وایکردووە کۆمەڵێک مەرجی گران بۆ کەسی یەکەم دابنرێت، کە جگە لە چەند کەسێک ئاماژەمان پێدا، بە درێژایی مێژوو خەلیفە و سوڵتانەکان نەیانتوانیوە ئەو مەرجانە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئێمە دژ بە کەسانی هەڵکەوتوو کاریزمایی نین، بەڵکو زۆرجار کەسانی کاریزماییە رێڕەوەی ژیان دەگۆڕن، دونیایەکی پڕ لە خۆشی و ئارامی ئەسازێنن، بە شێوەیەک گەل و وڵات لە سایەیاندا بحەسێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیە و پێویستە هەڵوێستەی باشی لەسەر بکرێت، بایەخ پێدانی لە رادەبەدەری فیکری سیاسی ئیسلامییە بە پێگەیاندنی سەرکردەی کاریزمایی، کە بەداخەوە بە درێژایی هەزار ساڵ ئەو مەرجانەی نووسراون، مرەکەبی سەرکاغەز بوون و سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێت کە لە خەلیفە سەرڕاستەکان و یەکێکی وەک عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (خوا لێیان ڕازی بێت) تێپەڕناکات.

بەبێ ئەوەی کەس بیر لەو بنەما و مەرجانە بکاتەوە، زانایانی ئیسلامی بۆ کەسی یەکەمیان داناوە، کاتێک خەلیفە مردووە، کەسێکی تری بنەماڵە هاتووەتە جێگەکەی، کە بەشی هەرە زۆریان زۆربەی ئەو مەرجانەیان تێدا نەبووە کە زانایان و شارەزایانی بواری سیاسەتی شەرعی بۆ کەسی یەکەمیان داناوە، باشتربوو زانایان و ئاگادارانی بواری سیاسەتی شەرعی، لەبری ئەوەی خۆیان بەو بنەما خەیاڵیانەوە سەرقاڵ بکەن، دەبوو بەدوای بەدیلی تردا بگەڕانایە، لەجیاتی رێگەدان بە سستەمی حوکمڕانی بنەماڵە، حوکمی میراتی، کودەتا و حوکمی زۆرەملێ، هەوڵیان بدایە دەسەڵات بگێڕنەوە بۆ خاوەنی شەرعی خۆی کە خەڵکە، ئەوان رۆڵیان بگێڕایە لە دیاریکردنی خەلیفە و سوڵتانەکاندا.

ئەگەر زانایان لەبری بایەخدان بە سستەمی حوکمڕانی بایەخیان دابێت بە کەسی یەکەم و، بەڵگەیان ئایەتە پیرۆزەکان و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) بێت، ئەوە دەقی قورئان لە وەسفی مسوڵمانانادا دەفەرموێت: **(وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ)** (٩). کە شورا واتە گەڕانەوە بۆ رای خەڵک، یان پێغەمبەر(د.خ) لە ژیانی خۆیدا دەستوری نووسیوەتەوە و لەو چوارچێوەیەدا وڵاتی بەڕێوەدەبرد، بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زانایان و شارەزایانی بواری سیاسەتی شەرعی کە پشتیوانیان لە حوکمی تاکەکەسی و دوور لە رای خەڵک کردووە، کاریگەری حوکمی ئەمەوی و عەباسی بووە، نەک دەقی قورئان، یان

فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ).

٤. توێژەران و راڤەکارانی فەلسەفەی یۆنانی وەک: فارابی، ئیبن سینا، ئیبن روشد و هاوشێوەکانیانی کاریگەری فەلسەفەی حوکمرانی و مەدینەی فازیلەی ئەفلاتونیان لەسەربووە، بۆ نموونە مەرجانەکانی سەرۆکی وڵات، کە لە لایەن ئەفلاتونەوە دانراوە، بەوەی کە دەبێت کەسێک بێت کەموکورتی لەلاشەیدا نەبێت، تێگەیشتن و لەبەرکردنی باش بێت، کەسێکی زرنگ بێت، گوزارشت جوان، حەزی لە زانست بێت، فێرخواز بێت، تەنها لە خەمی خواردن و خواردنەوە و ژنهێناندا نەبێت، راستگۆ بێت و کەسانی راستگۆی خۆش بوێت، نەفس بەرز و کەسێکی بە شەهامەت بێت، گوێ بە دنیا نەدات(١٠)، فارابیش هەمان ئەو مەرجانەی دوبارەکردۆتەوە، لەگەڵ جیاوازییەکی کەمدا، ماوەردیش هەمان ئەو دوانزە مەرجەی کە فارابی لە (المدينه الفاضلة ومضاداتها)دا دایناوە بۆ سەرۆکی وڵات(١١)، کە ئاماژەمان بە مەرجەکانی کرد، ئەگەر بەراووردی بکەیت، ئەویش دووبارەی کردۆتەوە بۆ کەسی یەکەم.

٥. شێوازی حوکمرانی رۆم وفارس و هیندییەکان و چینییەکان بە هەمان شێوە کاریگەریان جێهێشتوە لەسەر چۆنیەتی حوکمرانی لە جیهانی ئیسلامیدا، بۆیە دوای ئەوەی لە سەردەمی مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا سستەمی حوکمرانی لە خیلافە و شوراوە گۆڕا بۆ پاشایەتی و میراتی، هەندێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) نارەزاییان دەربڕی و بە مەعاویەیان گووت: ئێمە بە هیچ شێوەیەک بە سستەمی حوکمرانی رۆم وفارس رازی نین(١٢)، کە رۆم و فارسەکان تا هاتنی ئایینی مەسیحی پاشاکانیان وەک خودا تەماشا دەکرد، دەسەڵاتی رەهایان پێ بەخشیبون، دوای هاتنی مەسیحیەت بەشێک لەو دەسەڵاتەیان بەخشی بە پاپا و پیاوە ئاینییەکان، لە ئەنجامدا ئەم هەڵە کوشندەیە بوو بە هۆی خەشم و قینی گەلانی رۆژئاوا و ریشەکێشکردنی پێگەی ئایینی مەسیحی.

ئیسلامیش بە حوکمی ئەوەی ئایینی یەکتاپەرستی رەهایە، دژ بە هەموو ئەو جۆرە دەسەڵاتانە وەستایەوە، قبوڵی نەبوو هیچ سیفەت و دەسەڵاتێکی خوای تاقانە بدرێت بە پاشا و دەسەڵاتدارەکان، بوونی دەیان دەقی قورئان و فەرمودە و مومارەسەی خەلیفەکانی راشیدین، هەندێک لە لوتبەرزی سوڵتانەکانی مێژووی مسوڵمانانی کەمکردەوە، رازیبوون زانایانی پایەبەرز و خاوەن پێگەی جەماوەری بەهێز رەخنەیان لێ بگرن و هەڵەو کەموکورتیەکانیان بیربخەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاکرەوییە لە مێژووی مسوڵماناندا شوێنەواری زۆر خراپی بەجێهێشتوە و تا ئێستاش هەرماوە و نەتوانراوە بە کۆرای زانایان و بیرمەند و شارەزایانی ئیسلامی بە هەڵەیەکی مێژوویی گەورە لەقەڵەم بدرێت، بە گەرانەوەی دەسەڵات بۆ خەڵک و پیادەکردنی سستەمی شورا قەرەبوو بکرێتەوە.

گۆرینی سستەمی حوکمرانی لە شورا و خیلافەوە بۆ پاشایەتی و دەسەڵاتی بنەماڵە تەنها لە رووی پراکتیکەوە نەبووە، بەڵکو کاریگەری لەسەر تێروانین و بیرکردنەوە و دوونیابینی هەبووە، ئەوە بوو لە رووی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، دیبلۆماسی و پەیوەندی نێودەوڵەتیەوە، شارەزایان و فوقەها و بیرمەندە مسوڵمانەکان واقیع و دوونیابینی و چۆنێتی

مامەڵە و هەڵسوکەوتەکان لەسەر ئەو بنەمایانە دارشت و کردیان بە بنچینە و پێوەرێک، هەر بیرکردنەوە و بۆچوونێک لەگەڵ ئەو سستەمەدا یەکی بگرتایە وەردەگیرا، هەر فیکرو پۆ چوونێکیش پێچەوانە بوایە ڕەتدەکرایەوە، کە لە ڕووی فیکری سیاسییەوە کتێبەکانی ئیبنو ئەبی ئەلرەبیع، بە تایبەت کتێبەکەی بەناوی: (سلوک المالک فی تدبیر الممالک ٢٢٧هـ)، فارابی (٢٥٩ـ ٣٣٩هـ) کتێبەکەی بەناوی: (آراء اهل المدینه الفاضلة ومضاداتها) ئیمامی ماوەردی ( ٣٦٤ـ ٤٥٠) کتێبەکەی بەناوی: (الاحكام السلطانية) ئەبوبەکری تەرتوشی (م ٥٢٠ هـ ) کتێبەکەی بەناوی (سراج الملوک)، خۆ ئەگەر خوێندنەوەیەکیش بۆ کتێبە فیقهیەکان لە بابی مامەڵەکان و کوێلە (کتاب العتق)دا بکەین بەهاوشێوەی فیقهی سیاسی، ئەو کاریگەرییە دەبینیت، ئەگەر بتەوێت ئەم بابەتە وەک پێویست مافی خۆی پێ بدرێت دەبێت چەندین لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر بکرێت.

## سەرچاوەکان


١ عبدالوهاب الکیالی: موسوعة السیاسیة، ط٤، ١٩٩٩، حرف الکاف، ٣٦/٥.

٢ د.ایهاب فکری: اصحاب الکاریزما، ط٣، القاهرة، ٢٠١٢ ، ل٢١.

٣ الاحزاب:٢١.

٤ ال عمران: ٣١.

٥ موسنةدي ئةحمةد: ٩/٣٥/ ١٦٥٢١.

٦ موسنةدی ئةحمةد: ١٠/٣٥ /١٦٥٢٢.

٧ الاحكام السلطانیة، ل٢٦.

٨ سەرچاوەی پێشوو، ل:١/ ٥.

٩ شوری: ٣٨.

١٠ امام عبدالفتاح امام: الاخلاق والسیاسة، ٢٠٠١، ل٢٠٦.

١١ سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦.

١٢ ابوالقاسم الجوهری: السنن الکبری، للنسائی ، ٦/ ٤٥٩، والوافی فی الوافیات ، ٢٥٧٤/١.




# دەوڵەتداری لە هزری ناصری سوبحانی

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ کتێبی

# (سستەمی سیاسی ئیسلام)

**زانا ڕۆستایی**



لەدایکبووی ١٩٦٩. بەکالۆریۆس لە یاسا

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

## پێشەکی

کتێبی (سستەمی سیاسی ئیسلام) لە نووسینی نوسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوالێخۆش بوو مامۆستا ناصری سوبحانی خۆی لە دوو توێی (٥٦٠) لاپەڕەدا دەبینێتەوە و لەلایەن دەزگای بەرهەم چاپکراوە، لەم کتێبەدا مامۆستا ناصری سوبحانی تێگەیشتنی خۆی بۆ دەوڵەتداری و حوکمڕانی بە شێوازی ئیسلامی و بەشێوەیەکی تێروتەسەل خستۆتەڕوو..

کتێبەکە خۆی لە شێوەی (١٨)دا وانە ڕێکخراوە، کە هەر وانەیەک وەک بەشێک دادەنرێت و بوارێک لە بوارەکانی دەوڵەتداری نیشان دەدات. لە سەرەتای هەر وانەیەک لەم (١٨) وانەیە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی هێناوە کە ناوەڕۆکی وانەکە لەخۆدەگرن و ئیتر مامۆستا ناصری سوبحانی هاتووە وشە گرنگەکانی ئایەتەکانی لە ڕووی زمانەوانیەوە زۆر بەجوانی شیکردۆتەوە و پاشان هاتووە ئایەتەکانی ڕاڤەکردووە و کۆمەڵێک بنەما و حوکمی هەڵێنجاوە بە پشتبەستن بە ڕووداوە مێژوییەکانی سەردەمی زێڕینی حوکمڕانی ئیسلام.

منیش لەبەرئەوەی بابەتی سستەمی سیاسی ئیسلامی گرنگی پێدەدەم و ئەمەش یەکەم کتێبی خوالێخۆشبووە دەیخوێنمەوە و مەبەستم بوو لە هزر و هەڵێنجانەکانی شارەزا و بەهرەمەندبم بۆیە لەم نوسینەدا هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی بۆ ئەم کتێبە و هزر و تێگەیشتنی مامۆستای خوالێخۆش بوو ناصری سوبحانی ئەنجام دەدەم، لەخوای گەورە داواکارم باشترین پاداشتی مامۆستا بداتەوە و بەرچاوڕوونی و هیدایەتی ئێمەش بدات بۆ تێگەیشتنێکی ڕاست. لە فەلسەفەی دەوڵەتداری و حوکمڕانی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە شارەزامان بکات و لە کەم و کوریەکانمان ببورێت.

## سستەمی سیاسی

سستەمی سیاسی بریتییە لەو شێوازەی پیادە دەکرێت بۆ حوکمڕانی و دەوڵەتداری لە دەوڵەتێکی دیاریکراودا لە ڕووی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا، دەتوانین بڵێین سستەمی سیاسی یەکێکە لە پایەکانی دەوڵەت شانبەشانی (خاک و خەڵک و دەسەڵات)، لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت، ئایا ئیسلام سستەمێکی سیاسی دیاریکراوی هەیە؟

بە بڕوای من سستەمی سیاسی وەک شێوازێک بۆ حوکمڕانی لە قاڵبێکی دیاریکراودا کە هەموو وردەکارییەکانی ڕوون بێت لە ئیسلامدا بوونی نیە.. بۆیە دەستەواژەی (سستەمی سیاسی ئیسلامی) لە جێی خۆیدا نیە، چونکە ئیسلامێکی موتڵەق و گشتی ناتوانرێت بچووک بکرێتەوە لە قاڵبێکی نەگۆڕی دیاریکراودا.. بەم بیرکردنەوەیە غەدر لە ئیسلام دەکەین کاتێک دەیهێنینە ڕیزی ژمارەیەک سستمی سیاسی تر، ئەوەی ئێمەی موسڵمانان هەمانە سستەمی سیاسی نیە، بەڵکو کۆمەڵێک بنەما و بەهای ئینسانی و بەرزن وەک: ڕاوێژ و دادپەروەری و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤایەتی... هتد، کە دەبێت موسڵمانان کاربکەن بۆ ئەوەی لە سستەمی سیاسی وڵاتەکانیاندا پیادەیان بکەن..

## پایەکانی سستەمی سیاسی

بەبڕوای مامۆستا ناصری سوبحانی پایەکانی سستەمی سیاسی ئیسلامی بریتییە لە: یەکتا پەرستی ـ پەیام ـ جێنشینی(التوحید ـ الرسالة ـ الخلافة)، ئەوەی مامۆستا ناصر پێی گەیشتووە شتێکی لۆژیکی تەواوە ئەو خودایەی کە بەدیهێنەر و ڕۆزیدەر و بەرنامەڕێژی هەموو بونەوەرە، هەر ئەو خودایە شایەنی پەرستن و فەرمانڕەواییە لە

ژیانی مرۆڤدا، بەڵام قسە و باس لەسەر لایەنی ئیرادی مرۆڤە لەو لایەنەی کە خودای گەورە مرۆڤی سەرپشک کردووە و ڕێنمایی کردووە بۆ ڕێگای دەربازبوون، لە بواری عەقیدە و ڕەوشت و یاسایی کە سستەمی سیاسی دەکەوێتە ئەو بازنەیە، بازنەی لایەنی ئیرادی کە تیایدا تەنها چەند چوارچێوەیەکی بەهایی(القیم) دیاریکردووە کە پیادەکردنی ڕێژەییە بەپێی سەردەم و شوێن و هۆشیاری کۆمەڵگا..

بەڕای من یەکتاپەرستی بەو لێکدانەوەیەی مامۆستا ناصری سوبحانی دەتوانین ناوی لێ بنێین بنەمای فەلسەفی و عەقیدەیی بۆ تێروانینی دروستی مرۆڤی مسوڵمان، بەڵام ناکرێت وەک بنەمای سستەمی سیاسی لە قەڵەم بدرێت..

سەبارەت بە (پەیام) وەک بنەمای دووەمی سستمی سیاسی ئیسلام کە پێغەمبەران درودی خوایان لەسەر بێت هێناویانە بۆ مرۆڤ هەتا تێیان بگەیێنن کە ئەوەی دروستی کردوون هەر دەبێ فەرمانیش لە ئەو وەربگرن..

لەم بەشەدا مامۆستا ناصری سوبحانی باوەڕی وایە کە دەبێ ڕۆژێک بێت هەموو مرۆڤایەتی بگەڕێتەوە سەر (قانونی ئیلاهی) و (حکومەتی ئیلاهی) پێکبێت، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی هەموو بەرنامەکانی تری بەشەری و دەرکەوتنی خراپە و فەسادیان ئیتر تەواوی مرۆڤایەتی بە ئیختیاری خۆی واز لە هەموو بەرنامە بەشەریەکان دەهێنێت و قانونی ئیلاهی جێبەجێ دەکات.

لەڕاستیدا ئەمە هاوشێوەی بیردۆز و بیرکردنەوەی کۆمۆنیستەکانە کە بڕوایان وایە چۆن سەرەتای مرۆڤایەتی کۆمۆنی سەرەتایی بووە مرۆڤایەتی پاش بڕینی قۆناغەکانی کۆیلایەتی

**یەکتاپەرستی بەو لێکدانەوەیەی ناصری سوبحانی دەتوانین ناوی لێ بنێین بنەمای فەلسەفی و عەقیدەیی بۆ تێروانینی دروستی مرۆڤی مسوڵمان.**

و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری هەمووی دەگاتە سەردەمی سۆسیالیستی و دەوڵەت باوی نامێنێت و ئازادی ڕەها پیادە دەکرێت..!!

لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم دوو تێروانینە، ئاخر چۆن شتی وەها ڕوودەدات ؟! تەواوی مرۆڤایەتی بگاتە ئەو ئاستە هۆشیاریەی کە بڕیار بدات هەموو سستمە بەشەرییەکان فڕێ بدات و بگەڕێتەوە سەر سستمی (حوکمی ئیلاهی)؟! پاشان حوکمی ئیلاهی چیە ؟ ئەم دەستەواژەیە ناڕۆشنە و مەبەست لێی نادیارە تەنانەت بۆنی (ثیوکراتی) لێ دەکرێت، هەرچەندە لە شوێنی تر مامۆستا ناصری سوبحانی ڕەتیدەکاتەوە کە سستمی حوکمڕانی ئیسلامی تەنها تیۆکراتی بێت، بەڵکو ئەو پێی وایە کە تێکەڵەیەکە لە (ثیوکراتی و دیموکراتی و ئینسانی)، ئەمەش لەسەر وەستانێکی پێویستە لە دواییدا..

بەبڕوای بەندە مرۆڤایەتی بە ئەزموونی سەدان ساڵەی خۆی گەیشتۆتە جۆرێک لە سستمی سیاسی و ئەو گەشەسەندنەش بەردەوام دەبێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەو بەهایانە نزیک دەبێتەوە کە ئیسلام وەک چوارچێوە دایناوە، هەر لە ئێستادا سستمی حوکمڕانی وڵاتە پێشکەوتووەکان بەشێکی باشی

ناوەڕۆکی شەریعەتی خوا دادگەرییە، کەوایە با ئیسلامییەکان ئەمە بکەنە ئامانجی خۆیان و چیدی بەناوی خواوە قسە نەکەن.

لەو بەها ئینسانیانە لەخۆگرتو،وە کە قورئانی پیرۆز داوای کردوون وەک ڕێزی مرۆڤ و دادپەروەری و یەکسانی و...هتد.

پەیامی پێغەمبەران (س) موژدەدان و هۆشدارییە، ڕێنماییە بۆ فەرمانڕەوایەتییەکی دادپەروەرانە (بالقسط)، بەڵام وردەکاری و چۆنێتییەکەی دەمێنێتەوە بۆ خودی مرۆڤەکان و هەلومەرجی کۆمەڵگاکان. کەواتە ئەوەی لەسەر (پەیام)ی پێغەمبەران هاتووە سەبارەت بە سستەمی سیاسی وردەکاری نیە و تەنها ڕێنماییە بۆ دادپەروەری، کەواتە دەکرا مامۆستا ناصر (دادپەروەری) بکاتە بنەما نەک (پەیام)..

سەبارەت بە خیلافەتیش بێگومان خیلافەت ئەرکی مرۆڤە لەسەر زەوی (اني جاعل في الارض خليفة)، خودا بە فریشتەکانی فەرموو من لە زەویدا جێنشینێک دادەنێم، ئیتر مەبەست لە جێنشینی مرۆڤ چیە و چۆنە؟ زۆری لەسەر نووسراوە لێرە جێی باسکردن نیە باشترینیان ئەو ڕاڤەیەیە، کە دەڵێت ئەرکی جێنشینی بریتییە لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بەڕێوەبردنی ژیان بەو شێوەیەی کە بگونجێ لەگەڵ ویستی خودای گەورە واتا بە دادپەروەری..

کەواتە بنەمای دادپەروەری کە بەهایەکی بەرزە و هەموو مرۆڤە دەروون ساغەکان داوای دەکەن و پیشوازی لێ دەکەن و حەزیان لێیە ناوەڕۆکی جێنشینەکەیە، ئیتر پێویست نەبوو مامۆستا ناصری سوبحانی خودی جێنشینی بکاتە بنەمای سستەمی سیاسی، بەڵکو ناوەڕۆکی جێنشینی کە دادپەروەرییە دروستترە..

## ئایا حوکم و دەسەڵات مەبەستە یان هۆکار (هل الحكومة غاية ام وسيلة)؟

مامۆستا ناصری سوبحانی لە باسی ئامانج لە دامەزراندنی سستەمی سیاسی، باسێکی زۆر جوان و گرنگ دەوروژێنێت، پرسیار دەکات ئایا لە ئیسلامدا حکومەت مەبەستی سەرەکییە یان وەسیلەیە بۆ کارێکی تر؟ ئەم پرسیارە زۆر زیرەکانەیە، وەڵامەکەشی گەلێ شت دەگۆڕێت، خۆ ئەگەر حکومەت مەبەستی سەرەکی (الغاية) بێت ئەوە دەبێت مسوڵمانان هەموو شتێک بکەن و هەموو ڕێگایەک بگرنەبەر بۆ گەیشتن پێی، بەڵام ئەگەر حکومەت هۆکار(وسيلة)بێت بۆ گەیشتن بە شتێکی گرنگتر و پڕ بەهاتر، ئەوا حوکمی هۆکار زۆر جیاوازە لە حوکمی مەبەست، هۆکار لە شتە گۆڕاوەکانەوە دەکرێ بەشێوازی جیاجیا بەکاربهێنرێت و گۆڕانکاری تێدا بکرێت و بگرە جێگرەوەشی هەبێت، چونکە گرنگ ئەوەیە بگەیتە مەبەست ئیتر بەم هۆکارە نا بە هۆکارێکی تر..

مامۆستا ناصر لە ڕاڤەی ئایەتی ژمارە(٢٥) سورەتی(الحديد) دەگاتە ئەو بڕوایەی کە مەبەست لە سستەمی حوکمرانی ئیسلامی بەرپاکردنی (القسط)ە وەک دەفەرموێت (ليقوم

الناس بالقسط)، واتا وەک خەڵک بە بڕوادار و بێباوەڕەوە(الناس) بە دادگەری بەڕێوەبچن و پیادەی بکەن، کەواتە مەبەستی سەرەکی (القسط) دادگەرییە و حکومەت و سستمی سیاسی تەنها هۆکارن بۆ گەیشتن بەم مەبەستە پیرۆزە... هەروەها لە ئایەتی ژمارە(٤١) سورەتی(الحج) ئەم ڕاستییە زیاتریش دەردەکەوێت کە حوکمڕانی بە چ مەبەستێکە (الذين إن مكناهم في الأرض أقاموا الصلاة وآتوا الزكاة وأمروا بالمعروف ونهوا عن المنكر) واتە ئەوانەی ئەگەر حوکمڕانیان کەوتەدەست لەسەر زەوی لە ژیانی تایبەتیاندا پەیوەندییان لەگەڵ خوای خۆیان بەهێز دەکەن بەهۆی کردنی نوێژەکانیان و لە ڕووی خزمەتگوزاری گشتی خۆیان بۆ خزمەت تەرخان دەکەن (وآتوا الزكاة) و فەرمان دەکەن بە چاکە و ئەوەی لە خزمەتی مرۆڤایەتی بێت (وأمروا بالمعروف) و هەرچی شتی بەد و ناپەسەندە و دژی سرووستی مرۆڤە لایدەبەن (ونهوا عن المنكر)، کەواتە ئامانج لە دەسەڵات گرتنە دەستی موسڵمانان و حوکمڕانی پیادەکردنی ئەو شتانەیە.

بەڕاستی مامۆستا ناصری سوبحانی باشی بۆ چووە، حوکم و دەسەڵات ئەگەر ئەو مەبەستانەی نەهێنایەدی خۆی لە خۆیدا هیچ نیەو لە سەریشی قەرزار دەبین، لەنێو وڵاتانی ئیسلامیدا هەندێک نمونەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئیسلامی و حکومەتی ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی لەبەرچاوی هەمووومان هەیە، کە خۆزگە دەخوازین هەر نەبوونایە و لەخوا دەپاڕێینەوە لەناویان بەرێت..

**(کاردەکەین لەپێناو بەرقەرارکردنی شەریعەت و بەرنامەی خوا) یان «تێدەکۆشین بۆ پیادەکردنی دادگەری»**

دەیان ساڵە ئیسلامییەکانی جیهان ئەم دروشمەیان بەرزکردۆتەوە و خۆیان و کەموکورتیەکانی خۆیانیان لە پشت شاردۆتەوە، لەو شوێنانەی کە دەسەڵاتیان بەشێوەیەکی کاتی هەبووە یان لەنێو گرووپەکانی خۆیاندا لە پیادەکردنی ئەو دروشمەیان سەرکەوتوو نەبوون، بگرە زۆرجار بونەتە مایەی شەرمەزاری بۆ موسڵمانان و هاندانی نەیارانی ئیسلام و بیانویان داوەتە دەست بۆ پەلاماردانی و سوکایەتی پێکردنی.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە چاو بگێڕینەوە بەم دروشمانەدا و چیتر خەڵکی پێ نەخەڵەتێنین و هەندێکیشی پێ نەترسێنین و کەموکوڕی و بێ بەرنامەیی خۆمانی پێ پەردەپۆش نەکەین، ئێستاش کە باسی پیادەکردنی شەریعەت دەکرێت ئەو وێنەیەی کە لە زەینی خەڵکدایە بریتییە لە فراوانکردنی سنوری قەدەغەکان و سزادان و هەڵواسین و دەستبڕین، لەبەرئەوەی لە مێژووی نزیک و دوور جگە لە سەردەمی زێڕینی ئیسلام ئەم وێنانە باوبوون و گواستراونەتەوە و لە زەین و بیری خەڵکدا چەسپیون..

ناوەڕۆکی حوکمی خودا و شەریعەتی خودا، پەیامی پێغەمبەران درودی خوایان لەسەر بێت پیادەکردنی دادگەرییە، خوا دەفەرموێت (واذا حكمتم بين الناس ان تحكموا بالعدل) و (ليقوم الناس بالقسط)، کەواتە بۆ دادگەری ناکەنە دروشم ؟ بۆ نالێن «تێدەکۆشین بۆ پیادەکردنی دادگەری «؟

خۆئەمە مەبەستە سەرەکیەکەیە لە دەسەڵاتی ئیسلامی و ئەوە ناوەڕۆکی شەریعەتی خودایە،

ئەوە ئەو دروشمەیە کە فیترەتی پاکی مرۆڤەکان بە بڕوادار و بێباوەڕەوە تامەزرۆیین، لەسەر بنەمای ئەم مەبەستە هەموو دادپەروەرخوازان کۆدەبنەوە و پشتیوانی لێ دەکەن و نابێتە جێی مەترسی تەنها بۆ ستەمکاران و گەندەڵکاران نەبێت، کەواتە با ئیسلامیەکان ئەمە بکەنە دروشم و ئامانجی خۆیان و چیتر بەناوی خوداوە قسە نەکەن و لە پەنای دروشمە پیرۆزەکاندا کەموکورییەکان حەشار نەدەن..

## ئەنجومەنی (اولي الامر)

مامۆستا ناصری سوبحانی پێیوایە کە مرۆڤەکان تاک تاکیان و بەگشتی جێنشینی خودان و ئەرکیان لەسەرە، بەڵام خۆ ناکرێت هەرکەس لای خۆی کاربکات بەبێ سستم و برا گەورە، بۆیە دەبێت موسڵمانان و تەنها موسڵمانان!! لەنێو خۆیان ژمارەیەک کەس هەڵبژێرن بەپێی پێویست کە پێیان دەوترێت (أولي الامر)، بە کۆمەڵێک مەرجی گرانەوە کە نە نا موسڵمان دەگرێتەوە و نە ئافرەتان، ئەو مەرجانەی کە مامۆستا باسیان دەکات مەرجی (موجتەهید)ن کەواتە کەسانی سادە و ئاست نزم ناگرێتەوە(ل٢٣٥).

هەروەها مامۆستا ناصری سوبحانی پێیوایە خۆکاندیدکردن و بەرنامەی هەڵبژاردنیش ناشەرعیە، بەبۆچونی ئەو دەبێت ئەو کاندیدانە بەهۆی پەرێزی باشیان لەنێو خەڵکدا دەرکەوتووبن و جەماوەری موسڵمانان کاندیدەکانی(أولي الامر) دیاری بکەن و بەرنامە و بەڵێنی هەڵبژاردنەکانیش پێویست نیە، چونکە بە بۆچونی مامۆستا جگە لە درۆو چەواشەکردنە و هیچی تر نیە(ل٢٣١).

ئەم لێکدانەوە سەلەفی و مێژووییەی مامۆستا ناصری سوبحانی بۆ ئەم سەردەمە ناشێت، ڕەنگە واقیعی ژینگەی ئێرانی کاریگەری لەسەر مامۆستا هەبووبێت کە ئەم بڕوایەی بۆ دروست کردبێت، چونکە سستمی حوکمڕانی لە چۆنیەتیەکەیدا ئیسلام لێی گەڕاوە بۆ کات و شوێن و کۆمەڵگاکان، بەڵام چوارچێوەکەی دیاریکردووە، بۆ نمونە لەم بابەتەدا ئیسلام دژی حوکمڕانی خۆسەپێنەو لەگەڵ سستمی نوێنەرایەتی دایە، کە خەڵک بە هەڵبژاردن فەرمانڕەواو کاربەدەستەکان دیاری بکات، بەڵام لە چۆنیەتیەکەی مسوڵمانان ئازادن هەڵبژاردن چۆن بێت و ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە چەند بێت و پسپۆڕییەکەیان چی بێت و تەمەنیان چەند بێت ....هتد.

لە کۆمەڵگەیەکی فرە ئایین و پلورالدا کە چەندین نەتەوە و ئایین و ئاینزا لەخۆبگرێت موسڵمانان کە زۆرینەبن ناکرێت ڕێگا بە نوێنەری پێکهاتەکانی تر نەدەین بێنە پەلەمان، ناکرێت بڵێی ئافرەت ئەرکی لە ماڵەوەیە و بۆی نیە بێتە پەرلەمان، ناکرێت بڵێی هەڵبژاردنە و نابێت کەسیش خۆی کاندید بکات، ناکرێت ڕکابەری هەبێت لەناو کاندیدەکان و بۆیان نەبێت بەرنامەی هەڵبژاردنیان بخەنەڕوو، ناکرێت بەپێی پێوەرێک ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان(أولي الامر) دیاریکراو نەبن.

هەروەها مامۆستا ناصری سوبحانی لەگەڵ ئەوەدا نیە ئەندامانی(أولي الامر) کە مەبەستی پەرلەمانە ماوەیەکی دیاریکراویان هەبێت وەک (٤) ساڵ جارێک، بەڵکو بەبڕوای مامۆستا دەبێ بەردەوام بن تا شایستەییان هەیە، هەروەها خەلیفە و کەسی یەکەمی دەوڵەت بەهەمان شێوە، ئەوە لەکاتێکدا هیچ ڕێگرییەکی قورئان و سوونەت بوونی نیە کە دەسەڵات دەوران بکات (٤) ساڵ جارێک یان زیاتر یان کەمتر بەئەنجامدانی هەڵبژاردن، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە بەردەوام مەترسی لادان و ستەمکاری و گەندەڵکاری لە

بەرپرسەکان دەکرێت..

کەواتە قورئانی پیرۆز تەنها بنەما گشتییەکانی دیاریکردووە، ئەم وردەکارییەش مامۆستا ناصری سوبحانی چۆتە ناوی و کردوویەتی بە شتێکی حاشاهەڵنەگر و نەگۆڕ، خوێندنەوەیەکی فیقهی سەلەفیە و ناتوانێت وەڵامی پێداویستییەکانی ئەم سەردەمەبێت.

## لە کۆتاییدا..

ئەم کتێبەی مامۆستا ناصری سوبحانی (سستەمی سیاسی ئیسلام) هەوڵێکی گرنگی زانایەکی موسڵمانی کوردە کە لە وڵاتێکدا ژیاوە ئەهلی سوننەت تیادا بە قەدەر کەمینەیەکی نا موسڵمان مافی پێ ڕەوا نەبینراوە، کەچی بەناوی ئیسلامیشەوە حوکمڕانی دەکات، ئەمە کاریگەری هەبووە لەسەر بیرو بۆچوونەکانی مامۆستا، ئەم خوێندنەوەی ئێمەش بۆ ئەو شاکارەی مامۆستا ناصری سوبحانی، گوزەرێکی خێرایە بەسەر کتێبەکەیدا و لەم کورتە نوسینەدا هەرئەوەندە جێی دەبێتەوە ئەگەرنا زۆر بابەتی دیکەی وەک: جیهاد و دەسەڵاتی دادوەری و جزیە و زۆر چەمکی تر هەبووە مامۆستا باسی کردوون و پەیوەستن بە پرۆسەی دەوڵەتدارییەوە ئەوانیش قسە و باس هەڵدەگرن.

بە کورتی مامۆستا لەهەر بابەتێک پشتی بە قورئانی پیرۆز بەستبێت گەیشتۆتە هەڵێنجانی جوان و نایاب، بەڵام کاتێ دوورکەوتۆتەوە لە قورئان و کاریگەری فیقهی سیاسی کۆنی تێکراوە شتێکی هاوچەرخی واقیعی و نوێی نەهێناوە و تەنها قسەی زانایانی پێش خۆی دوبارەکردۆتەوە و نەیتوانیوە ئیشکالیەتە فیکرییەکان لەو بارەیەوە چارەسەر بکات.

خوای گەورە پاداشتی مامۆستا ناصری سوبحانی بداتەوە و لێی خۆشبێت و خوا لەو کەموکوڕیانەی ئێمەش ببورێت ئەگەر ڕاستیمان نەپێکابێت..



# دادگەریی

## وەك بەهایەكی قورئانی



**فاتح سەنگاوی ـ ١٩٧٦**
ماستەر و دكتۆرا لە واتاسازی و فیكری ئیسلامیدا. توێژەر لە بواری فیكری ئیسلامی توێژەر لە بواری پرۆسەكانی ئەنفالدا

**ئەو دادگەرییەی ئیسلام داوای دەکات، دەبێت حەز و ئارەزووە کەسییەکانی مرۆڤ نەبێتە ڕێگری.**

کاتێک خوێندنەوەیەکی خێرای قورئان و سوننەی سەحیح دەکەی زۆر بە ڕوونی دەگەی بەوەی یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی هاتنی ئیسلام بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە، بە هەردوو باری نەهێڵانی خراپەکارییەکان و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە ژیانی مرۆڤ، لەم ڕوانگەیەوەیە زانایەکی وەک (عز بن عبدالسلام) دەڵێت: **(وَالشَّرِيعَةُ كُلُّهَا مَصَالِحُ إِمَّا تَدْرَأُ مَفَاسِدَ أَوْ تَجْلِبُ مَصَالِحَ)**، شەریعەت هەمووی لەپێناوی بەرژەوەندی مرۆڤەکاندایە، چ بە لابردن و نەهێشتنی خراپەکارییەکان بێت یاخود بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان بێت، لای (ابن تيمية)ش، ئامانج لە ناردنی پەیامبەران:بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان و تەواوکردنیانە و پەکخستنی خراپەکان و کەمکردنەوەیانە، هەرشتێکیش فەرمانی خوایی لەسەر هاتبێ زۆرترین بەرژەوەندی مرۆڤەکانی تێدایە، هەروەک دەڵێت: **(فَإِنَّ اللَّهَ بَعَثَ الرُّسُلَ بِتَحْصِيلِ الْمَصَالِحِ، وَتَكْمِيلِهَا، وَتَعْطِيلِ الْمَفَاسِدِ وَتَقْلِيلِهَا، فَكُلُّ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ وَرَسُولُهُ فَمَصْلَحَتُهُ رَاجِحَةٌ عَلَى مَفْسَدَتِهِ)**.

لە وتەیەکی دورو درێژیشدا ئیبنوقەییمی جەوزی لەژێر ناونیشانی: (بناء الشريعة على مصالح العباد في المعاش والمعاد) باس لەم بابەتە دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە ئیسلام بۆ بەرژەوەندی دین و ژینی مرۆڤەکان هاتووە و پڕاوپڕە لە دادگەریی و بەزەیی و دانایی، هەرشتێکیش ئەم بەهانەی تێدا پشتگوێ خرا ئەوە شەریعەتی تێپەڕاندووە، لەمبارەیەوە لەبەشێکی قسەکانیدا دەڵێت: (فإن الشريعة مبناها وأساسها على الحكم ومصالح العباد في المعاش والمعاد، وهي عدل كلها ، ورحمة كلها، ومصالح كلها، وحكمة كلها، فكل مسألة خرجت عن العدل إلى الجور وعن الرحمة إلى ضدها وعن المصلحة إلى المفسدة وعن الحكمة إلى العبث فليست من الشريعة وإن أدخلت فيها بالتأويل، فالشريعة عدل الله بين عباده ورحمته بين خلقه، وظله في أرضه، وحكمته الدالة عليه، وعلى صدق رسوله (ص) أتم دلالة وأصدقها)، (شاطبي)ش وەها دەڕوانێتە شەریعەت کە تەنها بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان دانراوە: **(أَنَّ الْمَعْلُومَ من الشريعة أنها شُرِعَتْ لِمَصَالِحِ الْعِبَادِ، فَالتَّكْلِيفُ كُلُّهُ إِمَّا لِدَرْءِ مَفْسَدَةٍ، وَإِمَّا لِجَلْبِ مَصْلَحَةٍ، أَوْ لَهُمَا مَعًا)**. ئەم بۆچوونانە دەربڕی مەبەست و ناوەڕۆکی شەریعەتە و سازە لەگەڵ فەرمایشتی: **(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ)**، بەهایەکی گەورەی کرۆکی دەقەکان: بابەتی دادگەری و دژایەتی ستەمکارییە، ئەگەرچی لە مێژووی مسوڵماناندا ڕەنگدانەوەی پێویستی نەبووە و نەتوانراوە بە پێی پێویست و چاوەڕوانکراو لە بەهاوە بگوازرێتەوە بۆ واقع، لەکاتێکدا زۆرترین پاساوی ئەم گواستنەوەیە لەئارادا بووە.

ئەوەی ئێمە لێی دەدوێین تەنها باری

**ئامانجی سەرەکی ناردنی پێغەمبەران جێبەجێ بوونی دادگەرییە لە نێوان خەڵکی و نەهێشتنی ستەم و زۆردارییە.**

بەهاییەکە و بوونی دەقی ڕوون و ئاشکرایە لەوبارەیەوە، پیادە نەبوونی بەپێی خواست و پێویست لە مێژوودا و نەبوونی بە بنەما و سستەم بۆ فەرمانڕەوایی وەک پێویست ئەوە بابەتێکی ترە و بۆ دەرفەتێکی تر جێی دەهێڵین...

دادپەروەربوون لە ڕەفتار و گوفتاردا فەرمانێکی خواییە، ئەرکێکە دەبێ موسڵمان پێی هەستێت و بنەمایەکی ڕەوشتی وەهایە کە ناکرێ دەستبەرداری بین، خوای گەورە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی فەرمانمان پێ دەکا دادگەر بین: **(إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَ الْأَحْسَانِ وَ إِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَ يَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَ الْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ) (النحل:٩٠)**، خوای گەورە فەرمان دەدات بە دادپەروەریی و چاکەکاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی بە خزمان و قەدەغەی گوناهـ و تاوان و دەستدرێژی دەکات بۆ سەر (ماڵ و نەفس و ناموس)و ئامۆژگاریمان دەکات بۆئەوەی ئەو ڕاستیانەمان لە بیردا بێ.

ئەو دادگەرییەی ئیسلام داوای دەکات، دەبێت حەز و ئارەزووە کەسییەکانی مرۆڤ نەبێتە ڕێگری و بەپێی ئەو حەزانە لە بەرامبەر کەسەکاندا یاری بە چەمکی دادگەری نەکات، بەڵکو پێویستە لەگەڵ ناحەزەکانیشیدا دادگەرانە ڕەفتار بکات، ئەمەش داوایەکە خوای گەورە ویستویەتی و دەیەوێ **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ) (المائدة : ٨).**

نابێ دادگەری لەژێر کاریگەری خزمایەتی و پەیوەندییە خزمایەتییەکاندا پشتگوێ بخرێت و پێشێل بکرێت: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُواقَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقِيراً فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْتَعْدِلُوا وَ إِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً ) (النساء : ١٣٥) .**

فەرمان بە دادوەری بۆ سەرجەم خەڵکییە بەبێ جیاوازی لە نێوانیاندا، ئەمەش لەو ئایەتەدا دەردەکەوێت کە سەبارەت بە فەرمانڕەوایان دابەزیوە، هەروەک خوای زانا و دانا دەفەرموێت: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُواقَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقِيراً فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْتَعْدِلُوا وَ إِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً ) (النساء: ١٣٥).**

ئامانجی سەرەکی ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی پەڕاوەکانیان جێبەجێ بوونی دادگەرییە لە نێوان خەڵکی و نەهێشتنی ستەم و زۆردارییە: **(لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَ أَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَ الْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ) (الحديد:٢٥).**

خوای گەورەش دادخوازانی خۆش دەوێ: **(إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) (الحجرات: ٩**، خۆشی لە ستەمکاران نایەت: **(وَاللَّهُ لا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ) (آل**

**عمران :٥٧).**

دادپەروەری لە سیاسەت کردن و قەزاوەت کردندا فەرمانی خواییە: **(إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ (النحل:٩٠)**، **(وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ) (النساء:٥٨)**، هەمان داواش لە پەیامبەر کراوە: **(وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ ) (الشورى :١٥)**، **(قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ ) (الأعراف:٢٩)**، دادگەری لە وتار و گوفتاریشدا ئەرکێکی ئاینیە: **(وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا) (الأنعام :١٥٢)**. لە چەندین جێگە و باری جۆراوجۆری تردا دادپەروەری بنەما و روانگەیەکی قورئانییە.

لەم روانگەیەوەیە کاتێک ئافرەتێکی مەخزومی دزی دەکات پێغەمبەر (د.خ) ئامادە نیە لێخۆشبوونی بۆ دەرکات و لێی ببورێ، هەرچەندە تکایان بۆی کرد و هەوڵی زۆریان بۆی دا .. پێغەمبەر (د.خ) فەرمانڕەوایان دەترسێنێت لەوەی ناپاکی لە موسڵمانان بکەن و هەڕەشەی چونە دۆزەخیان لێ دەکات **(عن أبي معلى معقل بن يسار (ر.ض ) عنه قال: سمعت رسول الله (ص) يقول: (مامن عبد يسترعيه الله رعيةً، يموت يوم يموت وهو غاشٌ لرعيته إلاحرّم الله عليه الجنة) متفق عليه**، کەواتە ناپاکی کردن لە دەست و پەیوەند و خەڵک و جەماوەر هۆکاری چوونە دۆزەخە.

یەکێک لەو حەوت کۆمەڵەی کە لەژێر سایەی سێبەری خوای گەورەدا جێی دەبێتەوە پێشەوایەکی دادگەر (إمام عادل)ە، هەروەک لە فەرمودەیەکی (مسلم )دا هاتووە: **(أهل الجنة ثلاث ذوسلطانٍ مقسطٍ موفق، ورجلٌ رحيمٌ رقيق القلب لكل ذي قربى، ومسلم عفيف ذو عيال) رواه مسلم**. لێرەدا دەسەڵاتداری دادگەر یەکێکە

**ناپاکی کردن لە دەست و پەیوەند و خەڵك و جەماوەر هۆكاری چوونە دۆزەخە.**

لەوانەی کە موژدەی بەهەشتی پێدراوە.

دادگەری بنەمای مانەوە و سەقامگیری ژیان و کۆمەڵگەکانە و ستەمیش پێچەوانەکەیەتی، کاروباری دونیا رێک و راست دەروات بەرێوە ئەگەر دادگەری بەرپابوو با هەندێ تاوان و گوناهیشی تێکەوێت هەروەک لە واقعی ئەمڕۆی هاوچەرخدا دەیبینین، بەڵام ژیان و گوزەرانی خەڵک بەتەواوی تێکدەچێت و شیرازەی دەپچڕێت ئەگەر ستەمکاری باڵادەست بوو با ستەمکاریش خۆی بە موسڵمان بزانێت، خوای گەورە دەوڵەتی دادگەر پایەدار دەکات با کافریش بێت و دەوڵەتی ستەمکاریش شکست پێ دێنێ با مسوڵمانیش بێت، ئەمە کرۆکی وتەی زانایەکی وەک (ابن تيميه)یە بە هەڵێنجان لە قورئان و سوننەتەوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێ لەو ستەمانەی لە ئەمڕۆدا ئەنجام دەدرێت دەدرێتە پاڵ ئەم زانایە، ئەو لەمبارەیەوە دەڵێت: **(وَأُمُورُ النَّاسِ تَسْتَقِيمُ فِي الدُّنْيَا مَعَ الْعَدْلِ الَّذِي فِيهِ الِاشْتِرَاكُ فِي أَنْوَاعِ الْإِثْمِ: أَكْثَرُ مِمَّا تَسْتَقِيمُ مَعَ الظُّلْمِ فِي الْحُقُوقِ وَإِنْ لَمْ تَشْتَرِكْ فِي إثْمٍ؛ وَلِهَذَا قِيلَ: إنَّ اللَّهَ يُقِيمُ الدَّوْلَةَ الْعَادِلَةَ وَإِنْ كَانَتْ كَافِرَةً؛ وَلَا يُقِيمُ الظَّالِمَةَ وَإِنْ كَانَتْ مُسْلِمَةً. وَيُقَالُ: الدُّنْيَا تَدُومُ مَعَ الْعَدْلِ وَالْكُفْرِ وَلَا**

## فیکری دادگەری لە ئیسلامدا فراوانە و دەچێتە نێو بوارەکانی تاك و خێزان و کۆمەڵگە و کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانەوە.

**تَدُومُ مَعَ الظُّلْمِ وَالْإِسْلَام).**

بەم پێیەو لەم ڕوانگەیەوە (ابن القیم) گوتەنی: هەرکەس لە شەریعەت تێگەیشتبێ و ئاشنای کەمالاتەکانی بێ و ئەوەی زانیبێ بەرژەوەندی دین و ژینی خەڵکی لەخۆدەگرێ و ئەوپەڕی دادگەری تێدایە و هەمووانیش دەگرێتەوە و هیچ دادگەرییەک لە سەرووی ئەوەوە نییە و لە هیچ شوێنێک بەو شێوەیە بەرژەوەندی ڕەچاو نەکراوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە: سیاسەتی دادگەرانە، بەشێکە لە بەشەکانی شەریعەت و چڵێکە لە چڵەکانی، هەرکەسیش شارەزای مەبەست و کرۆکەکانی بێ و باش لێی تێگەیشتبێ بەهیچ شێوەیەک پێویستی بە سیاسەتێکی تر نییە. سیاسەتیش لە دیدی ئەودا دوو جۆرە: سیاسەتی ستەمکارانە کە شەریعەت حەرامی کردووە، سیاسەتێکی دادگەرانە کە ماف لە ستەمکار دەسێنێت و مافی مافداران بەدەست دێنێت، ئەمە بەشێکە لە شەریعەت ئیتر کێ دەیزانێت یا نایزانێت ئەوە شتێکی ترە، ئەمەش تێکستەکەی ئیبنوقەییمە: **(وَمَنْ لَهُ ذَوْقٌ فِي الشَّرِيعَةِ، وَاطِّلَاعٌ عَلَى كَمَالَاتِهَا وَتَضَمُّنِهَا لِغَايَةِ مَصَالِحِ الْعِبَادِ فِي الْمَعَاشِ وَالْمَعَادِ، وَمَجِيئِهَا بِغَايَةِ الْعَدْلِ، الَّذِي يَسَعُ الْخَلَائِقَ، وَأَنَّهُ لَا عَدْلَ فَوْقَ عَدْلِهَا، وَلَا مَصْلَحَةَ فَوْقَ مَا تَضَمَّنَتْهُ مِنَ الْمَصَالِحِ: تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّ السِّيَاسَةَ الْعَادِلَةَ جُزْءٌ مِنْ أَجْزَائِهَا، وَفَرْعٌ مِنْ فُرُوعِهَا، وَأَنَّ مَنْ لَهُ مَعْرِفَةٌ بِمَقَاصِدِهَا وَوَضْعِهَا وَحُسْنِ فَهْمِهِ فِيهَا: لَمْ يَحْتَجْ مَعَهَا إِلَى سِيَاسَةٍ غَيْرِهَا أَلْبَتَّةَ. فَإِنَّ السِّيَاسَةَ نَوْعَانِ: سِيَاسَةٌ ظَالِمَةٌ فَالشَّرِيعَةُ تُحَرِّمُهَا، وَسِيَاسَةٌ عَادِلَةٌ تُخْرِجُ الْحَقَّ مِنَ الظَّالِمِ الْفَاجِرِ، فَهِيَ مِنَ الشَّرِيعَةِ، عَلِمَهَا مَنْ عَلِمَهَا، وَجَهِلَهَا مَنْ جَهِلَهَا).**

کاتێک باس لە دادگەری دەکرێت لە بەرامبەردا ستەم و زۆرداری باس و خواسی هەیە، جا ئەگەر دادگەری بریتی بێت لە دانانی شتەکان لە جێگە و ڕێگەی شەرعی و شایستەی خۆیدا و پێدانی ماف و پایەکان بێ بە خاوەنەکانیان، ئەوا دەتوانرێت بوترێ: ستەم دانانی هەرشتێکە لە شوێنی ناشایستەدا جا بە کەمکردنەوە بێت یان زیادکردن، یان لادانی هەر شتێکە لە کات و شوێنی خۆی، یاخود بەوە پێناسەی بکەی کە (ظلم) دژ و پێچەوانەی (عدل)ە (٣).

باس و خواسی ستەم واز لێ دێنین لە پێناو پابەندبوون بە درێژنەبونەوەی بابەتەکە و چەند سەرنجێکی کورت لەبارەی دادگەرییەوە تۆمار دەکەین:

١. ئیسلام داخوازی دادگەرییە و ستەم و زۆرداری حەرام دەکات، جا ئیتر ئەمە لە ژیانی تاک دابێ یان کۆمەڵ یاخود لە کاروباریی فەرمانڕەواییدا، تەنانەت ئەوانەی دەسەڵاتی بەرجەستە بوو لە ئیماندا بە زەرور نازانن (ئەگەر بەبێ ئیمام بتوانرێت دادگەری بەرپا بکرێت و دەنگێکی وەها لە مێژووودا هەیە)، بەڵام بەرپاکردنی دادگەری بە پێویست دەزانن، کەواتە دادگەری لە دیدی ئیسلامدا ئەو چەمکەیە کە بە

هیچ شێوەیەک ناکرێت تەنازولی لێ بکرێت و لە هیچ بارێکدا نابێت پشتگوێ بخرێت.

٢. سەرجەم ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ دەستەبەرکردنی ڕێز و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین، پێویستە پشتگیری لێ بکرێت و بنرخێنرێت، چونکە هەر هەنگاوێک لەو ڕووەوە هەنگاوێکە بەرەو دادی خوایی و دەستەبەرکردنی کەرامەتی مرۆڤایەتی مرۆڤ، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجی پەیامی پێغەمبەران و ڕێگە خۆشکردنێکیشە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە قەناعەتی تەواو و ڕاستگۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ بیروباوەڕ و بیروبۆچونە جۆراوجۆرەکاندا بکەن.

٣. فیکری دادگەری لە ئیسلامدا فراوانە و دەچێتە نێو بوار و ڕایەڵەکانی تاک و خێزان و کۆمەڵگە و سەرجەم کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانەوە، تایبەت نییە بە بواری سیاسەت و فەرمانڕەواییەوە...

٤. جیاوازی هەیە لە نێوان مێژووی موسڵمانان و مێژوویەک کە ئیسلام پێی ڕازییە، ئیسلام دان بە مێژوویەکدا نانێت کە بەپێی بنەما و مەبەستەکانی ئیسلام پیادە نەکرابن و ڕەنگدانەوەی حەقیقەتەکانی ئەو نەبن، با موسڵمانانیش پێی هەستابن، ئیسلام داندەنێ بە لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی موسڵماناندا و ئەوی تر بە سەرپێچی و لادان دادەنێت، ئیتر هەرکەس پێی هەستابێ. مرۆڤەکانیش لە دیدی ئیسلامدا فریشتە نین و توانای ئەنجامدانی کاری باش و خراپیان هەیە و بەرپرسن لە ئاست هەڵسوکەوتەکانیان.

لادان لە بیروباوەڕ و بنەماکانی ئیسلام، شاهیدییەک نییە دژ بە ئیسلام بەکاربهێنرێت، جا ئەگەر ئیسلام سازێنەر و دروستکاری ستەم و زۆرداری نەبێت، بەڵکو شۆڕشێک بێ دژ بەستەم و زۆرداری و موژدە بەخشی ئازادی و دادگەری بێت، ئەوا ئەوەی لە هەندێ سەردەم و کاتدا ڕوویانداوە و ستەم و زۆرداری ئەنجامدراوە و لە دادگەری ترازاون ئیسلام وەک ئایین لێی بەرپرس نییە، ڕەوا نییە بدرێتە پاڵ ئیسلام و لەسەر ئیسلام ئەژمار بکرێت هەرچەندە مسوڵمانان لێی بەرپرسن، مێژووی ڕاستەقینەی ئیسلام چەردەیەکە لە هەڵوێست و ڕەفتار کە موسڵمانان بەپێی ئیسلام و لەو ڕوانگەیەوە پێی هەستاون ... ئەویتر لەسەر مێژووی نەفامی و هۆزایەتی و پیادەکردنی هەڵە کەڵەکە دەکرێ نەک خودی ئیسلام وەک ئاین و بیروباوەڕ.

٥. ناتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت کە ئیسلام وەکو ئایین ستەم و زۆرداری بە یاسا کردووە و شەرعیەتی پێداوە، بەوپێیەی سەرجەم ڕێنماییەکانی بانگەشەیە بۆ دادگەری و کودەتایە بەسەر ستەم و ستەمکاریدا، ئاماژەشمان بە هەندێک وتەی ئەو زانایانەدا کە دەڵێن لە هەر کوێ دادگەری هەبێ شەرعی خوا لەوێیە.

٦. ناتوانرێت بسەلمێنرێ ستەم و زۆرداری لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا بووە بە بیروباوەڕێکی دروستی ڕەوا (عقيدة مشروعة)، هەروەک لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا هەبووە، بەوەی فەلسەفەیەکی سیاسی جۆرێک لە ئولوهیەت ئیمتیازاتی دەبەخشیە پاشا و پاپاکانی کەنیسە کە دواجار ئەوان مافی ئەوەیان هەبوو لە سەرووی یاساوە دابنرێن، بەڵام لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا شۆڕش دژی ستەم و زۆرداری بەردەوام بووە،

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامیتی بەها ئیسلامییەکانی هاووێنەی دادگەری لە دڵ و دەروونی زۆربەی موسڵمانانداندا بە ڕادەیەک تیاچوونی نەفس و سامان و داراییان لەپێناوی گەڕانەوەی ئەو بەها و **(مُثُل)**ە ونبووانە بە کەم نرخ زانیوە ...

٧. ستەم و زۆرداری تاپۆ نیە لەسەر مێژووی موسڵمانان، ئەو بابەتە مێژوویيەکی قوڵ و تراژیدی لە هەناوی مرۆڤایەتیدا هەیە، بەپێچەوانەوە لەو ڕووەوە ئیسلام ڕۆڵی هەرە گرنگ و ئیجابی بینیوە، لەنێو موسڵمانانیشدا کەسی وا هەڵنەکەوتووە بانگەشەی ئلوهیەت بکات، یاخود بە ناوی خواوە قسە بکات، یا گومڕایی و سەرلێشێواوییەکەی لە بەرامبەر خەڵک و جەماوەری خۆیاندا بگاتە ئەو ئاستەی لە بازاڕەکاندا ((چەکی لێخۆشبوون و بەهەشت)) بفرۆشرێت، یاخود زەوی بە موڵکی فەرمانڕەوا دابنرێت، ئەگەر هەندێک دەربڕینی لەو شێوەیەش هەبووبێ بووەتە خاڵی ڕەش و شەرمەزاری...

٨. ئەگەرچی زۆرداری و خۆسەپاندن لە کۆمەڵگە مسوڵمان نشینەکاندا سیمایەکی دیاری ژیانی دەسەڵاتداریتی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی مسوڵمانان زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەکی سستەمی زۆرداری نەبووە، هیچ سەردەمێکی خاڵی نەبووە لە هەژموون و جۆرێک لە ئاوێزان بوون (تفاعل) لەگەڵ ئیسلام و بەهاکانیدا، ئەمەش لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی گەورە و گرنگی بینیوە.

٩. گرفتی گەورەی مێژووی مسوڵمانان بریتی بووە لەوەی نەیانتوانیوە ئەم بەها گەورەیە و هاوشێوەکانی بگۆڕن بۆ بارێکی فەلسەفی پێگەیشتوو، تا دواتر وەک بنەما و سستەمێکی نەگۆڕ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو بەجێهێڵراوە بۆ خواستی تاکەکان و ویژدانی فەرمانڕەواکان، لە مێژووی فیکری سیاسی ئیسلامیدا ئەم نەگۆڕینە کارەساتی بەرهەمهێناوە بەشێوەیەک هەتا ئێستاش کاریگەرییە سەلبییەکانی بەردەوامە، بە درێژایی مێژوو فەرمانڕەوا و کاربەدەستەکان بەشێوازی جۆراوجۆر توانیویانە خۆیان لە لێپرسینەوە و کارە ستەمکارییەکانیان قوتار بکەن و پاساوی زۆریان بینیوەتەوە بۆ درێژەدانیان بە ملهوڕی و نادادییەکانیان و لەوپێناوەشدا هەندێک جار پەنایان بۆ دەق و تەئویلی هەندێ دەقی شەرعی بردووە لە ڕێگەی زانای دەربارەوە، هەندێک جاریش بەشێک لە زاناکان لەژێر پەستانی واقع و زەبری ڕۆژگاردا پەنایان بۆ هەندێک چارەسەری واقیعی بردووە و دواجار تەئویلی شەرعی بوونی لە هەناوی دەقدا بۆ کراوە لەکاتێکدا ئیسلام و پەیامی پێغەمبەران بۆ ئازادی و دادگەریی و بەزەیی و کەرامەتی مرۆڤ بووە.

# جیهاد

## لە نێوان نیگای خودایی و کەلەپووری کۆمەڵایەتیدا

نوسینی: سعید قدیة
وەرگێڕانی: کامەران جمال محمد



## پێشەکی

شاراوە نیە لای هیچ توێژەرێکی زانستە ئیسلامییەکان رێژەی ئەو دەستکاری کردن و گۆڕانکارییەی کەوا تووشی تێگەیشتنی کۆمەڵ لە موسڵمانان هاتووە بۆ هەندێ لە زاراوە ئیسلامییەکان، بەشێوەیەک بەگوێرەی تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەر ئەم تێگەیشتنانەدا هاتووە، لە تێگەیشتنێکی شەرعی خاوەن مانا و مەبەستێکی تایبەتی بۆ تێگەیشتنێکی کەلەپووری خاوەن مانا و مەبەستێکی فکری و هەندێ جاریش سیاسی، جا یەکێک لەو زاراوانەی کەوا گۆڕانکاری زۆری بەسەر دا هاتووە بریتیە لە تێگەیشتنی کۆمەڵگای موسڵمانان بۆ زاراوەی جیهاد، بەشێوەیەک زۆرێک لەو نوسینانەی کەوا لەبارەی جیهادەوە نوسراوە وەک کارێکی مەزن کە بە چڵەپۆپەی ئیسلام هەژمار دەکرێت بەرێژەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری و دەستکاری کردنی تێدا کراوە.

ئەم توێژینەوەی ئێمە هەوڵ دەدات ماناو مەبەستی جیهاد باس بکات لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە، هەروەها دەیەوێ ئەو رێژە زۆرەی گۆڕانکاری و دەستکاری کردنەی کەوا بەسەر زاراوەی جیهاددا هاتووە بخاتە بەر دیدی خوێنەران.

## باسی یەکەم
### بنچینەی زمانەوانی زاراوەی جیهاد:

جیهاد لە زمانەوانیدا بە مانای یەکێک لەم وشانە هاتووە: ئەزیەت و نارەحەتی، بەگەڕخستنی هەموو تواناو هێزت، یان ئەو هیلاکیەی کەوا توشت ئەبێت لە دوای بەگەڕخستنی تواناکانت. لە کتێبی (تاج و العروس)دا هاتووە کەوا (جهد) بە فەتحەی جیمەکە بە مانای مەشەقەو ئەزیەت دێت. ئیبنو ئەسیریش دەڵێت: وشەکە لە فەرمووودەدا بە (جهد بة جهد) هاتووە، واتە بە فەتحەی جیم و بەزەممەي جیم، لە پاشان دەڵێت: ئەگەر بە فەتحەی جیم بوو ئەوە بەمانای ئەزیەت و نارەحەتی دێت، خۆ ئەگەر بە زەممەي جیم بوو ئەوە بەمانای تواناو هێز دێت، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: (واقسموا بالله جهد ایمانیهم)، واتە هەر داوای لە خوای گەورە کرد هەتا گەیشت بەمەبەست و توشی نارەحتی و ئەزیەت بوو. راغیبی ئەسفەهانیش لە کتێبی (المفردات في غریب القرآن)دا دەڵێت: (الجهاد والمجاهدة) واتە: بەکارهێنانی هەموو توانا و هێزی خۆت لە بەرپەرچدانەوەی دوژمندا.

لە باسکردنی ئەوەی کە تێپەڕی گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەوا جیهاد بەمانای: بەگەڕخستنی هەموو هێزو وزەو توانا دێت.

## باسی دووەم
### مەبەست لە زاراوەی جیهاد لە قورئانی پیرۆزدا:

ئەگەر بە وردی سەرنج لە قورئانی پیرۆز بدەین دەبینین کەوا وشەی جیهاد یان ئەو وشانەی کەوا لە ئەوەوە هەڵهێنجراون (٣٤)جار باس کراون، ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە هەروەک هەندێ لە زانایان ئاماژەیان بۆ کردووە کەوا جیهاد وشەیەکە بۆ یەکەمجار قورئانی پیرۆز باسی لێوەکردووە، چونکە بەهیچ جۆرێ پێشتر نە عەرەبە جاهلیەکان نە خەڵکی تر ئەم وشەیەیان بەکارنەهێناوە.

کاتێکیش کە دێین سەرنجی قورئان دەدەین دەبینین جیهاد چەند مانایەکی جیاوازی هەیە، واتە بەگوێرەی شوێن و مەبەستی ئایەتەکان مانای جیهادیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە،

بەڵام دەتوانین هەموو ئەم مانایانە لە سێ بواری سەرەکیدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: (الجیهاد بالقول) جیهاد بە وشە، سەبارەت بەم بەشەیان خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: **فَلا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَاداً كَبِيراً (الفرقان٥٢)**. تەبەری دەڵێت: واتە جیهادیان لەگەڵ بکە بە ڕوونکردنەوەی ئەم قورئانە و تێگەیاندنیان هەتا وایان لێدەکەیت کە ملکەچی قورئان دەبن و شوێنی ئەکەون، ئەم جۆرە لە جیهاد پێی دەوترێت جیهاد بە بەڵگەو لۆجیک، کە لە پێشترە لە جیهاد بە ڕم و شمشێر.

دووەم: جیهاد بەهێزو بازو: سەبارەت بەم بەشەشیان خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: **لا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلاًّ وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْراً عَظِيماً (النساء:٩٥)**، مەبەست لە وشەی جیهاد لەم ئایەتە و هاوشێوەکانیدا بەرەنگاربوونەوەی بێباوەڕانە لە مەیدانی شەڕدا، بەم جۆرەش لە جیهاد دەڵێن جیهاد بە ئامێرە جەنگییەکان.

سێیەم: جیهاد بەکردەوەی جوان و چاک: سەبارەت بەم بەشەشیان خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: **وَمَن جَاهَدَ فَإِنَّمَا يُجَاهِدُ لِنَفْسِهِ إِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ (العنكبوت:٦)**، ئیبن کەسیر دەفەرموێت: مانای ئەمەش هەروەک مانای ئایەتی: (من عمل صالحا فلنفسه) (فصلت:46)ە، واتە هەرکەس کردارێکی باش بکات، ئەوە سودی کارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆی، چونکە خوای گەورە هیچ پێویستییەکی بەکاری بەندەکانی نیە.

بەکورتی ئەگەر سەیری زۆربەی هەرە زۆری ئایەتەکانی قورئان بکەین دەبینین مانای جیهاد لە یەکێک لەم سیانە بەدەر نیە: جیهاد بە وشە، جیهاد بەهێزو بازو، جیهاد بە کردەوەی چاک.

باسی سێیەم/ مانا و مەبەستی جیهاد لە ڕوانگەی فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ):

باس و خواسی جیهاد جێگەو شوێنێکی ئێجگار گرنگی لە فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) دا داگیرکردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەوا ئەو کتێب و فەرهەنگانەی فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) لەخۆگرتووە زۆر زۆر زیاترو فراوانترن لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز، چونکە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز چەند ئایەتێکی دیاریکراون. بۆیە د.مەحمود محەمەد ئەحمەد لە کتێبی (تطور مفهوم الجهاد) هەستاوە بە دابەشکردنی ئەو فەرمودانەی کەوا باسی جیهاد دەکەن بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا، ئەوانیش:

لایەنی یەکەم: ئەو فەرمودانەن کە باسی زاراوەی جیهادیان کردووە بەشێوەیەکی ڕەها، وەک ئەو فەرمودەیەی کە لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە دەگێڕنەوە کەوا پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر(د.خ)کرد : ( **(أَيُّ النَّاسِ أَفْضَلُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: مُؤْمِنٌ يُجَاهِدُ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ قَالَ ثُمَّ مَنْ قَالَ ثُمَّ رَجُلٌ مُعْتَزِلٌ فِي شِعْبٍ مِنَ الشِّعَابِ يَعْبُدُ رَبَّهُ وَيَدَعُ النَّاسَ مِنْ شَرِّهِ ))**، واتە کێ لە هەموو کەس باشترە ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)، فەرمووی موسوڵمانێک کەوا بە نەفس وماڵی خۆی جیهاد بکات لەپێناوی خوادا، وتی: ئەی دوای ئەو کێ باشترە؟ فەرمووی پیاوێک کەوا لە شیوێ لە شیوەکاندا پەرستشی خوا بکات و خەڵکی لە خراپەی پارێزراو بن.

لایەنی دووەم: ئەو فەرمودانەن کەوا جیهادیان باسکردووە بە مانای چاکەکاری نەک ڕوبەڕووبونەوەو کوشتار، نمونەی ئەمەش:

(عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، نَرَى الْجِهَادَ أَفْضَلَ الأَعْمَالِ، أَفَلا نُجَاهِدُ مَعَكَ ؟ فَقَالَ: لا، لَكِنْ أَفْضَلُ الْجِهَادِ حَجٌّ مَبْرُورٌ)، واته له دایکی ئیمانداران عائیشەوە ئەگێڕنەوە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت) کە فەرموی بە پێغەمبەر (د.خ) ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە ئەبینین کەوا چاکترین کارێک کە مرۆڤ بیکات بریتییە لە جیهاد، ئایا ڕێگە نادەیت ئێمەی ئافرەتانیش جیهاد بکەین لەگەڵت؟ فەرموی نەخێر، بەڵام چاکترین جیهادێک کەوا ئێوە بیکەن بریتییە لە حەجێکی وەرگیراو).

(وعن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-يَسْتَأْذِنُهُ فِي الْجِهَادِ فَقَالَ أَحَيٌّ وَالِدَاكَ قَالَ: نَعَمْ قَالَ: فَفِيهِمَا فَجَاهِدْ)، لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە ئەگێڕنەوە کەوا فەرمویەتی: پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (د.خ) بۆئەوەی مۆڵەتی لێوەربگرێت بۆ جیهاد، پێغەمبەری خوا لێی پرسی: ئایا دایک و باوکت زیندون؟ وتی بەڵێ، فەرمووی دەبڕۆ جیهادی تۆ بریتییە لە خزمەتکردنی ئەوان).

## لایەنی سێیەم:
## بریتییە لەو فەرمودانەی کەوا زاراوەی جیهادی بەکارهێناوە بەمانای جەنگ و خۆبەخت کردن لەپێناو خودادا:

لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خودای لێبێت) دەگێڕنەوە، کە فەرمویەتی: قال رسول الله – صلى الله عليه وسلم-: «تَضَمَّن الله لمن خرج في سبيله – لا يُخرجه إلا جهاداً في سبيلي، وإيماناً بي، وتصديقاً برسُلي فهو عليَّ ضامن أنْ أُدخِلَهُ الجنة، أو أرْجِعَهُ إلى مسكنه الذي خرج منه، نائلاً ما نال من أجر أو غنيمة، والذي نفسُ محمد بيده، ما مِنْ كَلْم يُكلَمُ في سبيل الله، إلا جاء يومَ القيامةِ كهيئتِه حين كلم، لونُه لونُ دَم، وريحُه رِيحُ مِسك، والذي نفس محمد بيده، لولا أن يَشُقَّ على المسلمين ما قَعَدْتُ خِلافَ سَرِيَّة تغزو في سبيل الله أبداً، ولكنْ لا أجِدُ سَعَة فأحملهم، ولا يجدون سَعَة، ويَشُقُّ عليهم أن يتخلَّفوا عني، والذي نفس محمد بيده، لودِدْتُ أن أغزوَ في سبيل الله، فأُقْتَل، ثم أغزو فأقتل، ثم أغْزُو فأقتل»

واتە پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرموی: خوای گەورە لە ئەستۆی خۆی گرتووە کە ئەو کەسەی لەپێناو ئەودا لە ماڵ دەرئەچێت بۆ جیهاد-و دەرچونەکەشی تاکە هۆکار بۆی باوەڕبوونی بێت بە ئەو، هەروەها لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت و لە بەڕاست زانینی پێغەمبەرەکەیەوە سەرچاوەی گرتبێ ، کەوا بەهەشتی بۆ مسۆگەر بکات، یان بیگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی بە سەلامەتی لەگەڵ هەموو ئەو خێرو قازانجەی کە بەدەستی هێناوە، پاشان فەرمووی: بەو کەسەی گیانی محەمەدی بەدەستە هیچ کەسێک نیە کە لەپێناو خودا بریندار بووبێت ئیلا ڕۆژی قیامەت دەهێنرێت لەسەر ئەو شێوازەی کەوا بریندار کراوە، ڕەنگی خوێنەکە هەرهەمان ڕەنگی خوێنە، بەڵام بۆنەکەی وەک بۆنی میسک وایە، پاشان فەرمووی بەو کەسەی گیانی محەمەدی بەدەستە ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە کە لەسەر موسوڵمانان قورس دەبوو ئەوا هیچ کات دوای هاتنەوەی پۆلێک لە موسوڵمانان لە جیهاد دانەدەنیشتم، بەڵکو خێرا لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەدا دەڕۆیشتم، بەڵام نە من لە ڕووی ماددییەوە توانای ئەوەم هەیە نە ئەوانیش لە ڕووی بەدەنییەوە بەرگەی ئەوە دەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا پێیان ناخۆش ئەبێت لە من دوا بکەون، بەو کەسەی گیانی محەمەدی بەدەستە پێمخۆشە لەپێناو خودا غەزا بکەم و بکوژرێم دیسان غەزا بکەم و بکوژرێم جارێکی کەش غەزا بکەم و بکوژرێم.

**باسی چوارەم**

**مانا و مەبەستی جیهاد لە ڕوانگەی فەقیهەکانەوە:**

فەقیهەکان بیروبۆچونی جیاوازیان هەیە لە ناوهێنانی باسی جیهاددا، هەندێکیان لەژێر ناونیشانی (کتاب السیر) باسیان کردووە، هەندێکیشیان بەناونیشانی (کتاب الجهاد) باسیان لێوەکردووە، هەروەها لە ڕیزبەندییان بۆ بابەتی جیهاد دیسان جیاوازیان هەیە، هەیانە لە سەرەتای کتێبە فیقهییەیدا هێناویەتی، هەشیانە خستویەتیە کۆتاییەوە، هەروەها بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا جیهاد لە بەشی عیبادات و خواپەرستییە یان لە بەشی موعامەلاتە، بەڵام ئەوەی تێپەڕی بەلای ئێمەوە زۆر گرنگ نیە، ئەوەی زۆر بەلامانەوە گرنگ بێت ئەوەیە، کە ئایا مانا و مەبەستی جیهاد چی دەگەیەنێت لای فەقیهەکان، بەکورتی نیمچە یەک دەنگیەک هەیە لەلای فەقیهەکان لەسەر ئەوەی کەوا جیهاد بەمانای (شەڕکردن لەگەڵ بێبڕواکان)دا دێت.

لە کتێبی حەنەفییەکاندا پێناسەی جیهاد کراوە بەوەی کە بریتییە لە: (بەکارهێنانی هەموو توانا و هێزت لە شەڕکردن لەپێناو خوادا بە ڕۆح و ماڵ و زمان، یان بە غەیری ئەمانە) (بدائع الصنائع، ٤٢٩٩/٩). یان گووتویانە بریتییە لە: (بانگ کردن بۆ دینی ڕاست و دروست و، شەڕکردن لەگەڵ ئەوانەی کەوا قبوڵی ناکەن) (فتح القدیر، ٤٣٦/٥).

فەقیهە مالیکییەکانیش گوتوویانە جیهاد بریتییە لە: (شەڕکردنی موسوڵمانان لەگەڵ ئەو بێباوەڕانەی کەوا هاوپەیمان نین، بۆ بەرز ڕاگرتنی وشەیلاإله إلا الله) (الشرح الصغیر علی أقرب المسالك للدردیر (٢/ ٢٦٧). شافیعییەکان لە لە ئبین حەجەرەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) گێڕاویانەتەوە کەوا جیهاد بریتییە لە: (بەکارهێنانی هەموو هێزو توانات لە شەڕکردن لەگەڵ بێبڕواکاندا) (فتح الباری، ٦/ ٣). حەنبلییەکانیش گوتوویانە جیهاد بریتییە لە :(شەڕکردن لەگەڵ بێبڕواکاندا). (مطالب أولي النهی، ٤٩٧/٢ ).

**جیهاد بۆ یەکەمجار قورئانی پیرۆز باسی لێوەکردووە. بەهیچ جۆرێ پێشتر نە عەرەبە جاهلیەکان نە خەڵکی تر ئەم وشەیەیان بەکارنەهێناوە.**

دواتر فوقەهاکان هاتوون جیهادیان دابەشکردووە بۆ دوو بەش، ئەوانیش بریتین لە:

١- جیهادی بەرگری و دورخستنەوە (جیهاد الدفع).

٢- جیهادی داواکاری و دەستپێشخەری (جیهاد الطلب).

مەبەست لە جۆری یەکەم بەرپەرچدانەوەی هەموو دوژمنکارییەکە کەوا بکرێتە سەر کۆمەڵگای موسڵمانان، ئەم جۆرەشیان زانایان بەیەک دەنگی ئەڵێن کەوا فەرزی کفائیە لەسەر موسڵمانان (واتە ئەگەر کۆمەڵێک بە کارەکە هەستان لەسەر ئەوانی دیکە لا دەچێت)، بەڵام هەندێک جار لە فەرزی کفائیەوە دەگۆڕێت بۆ فەرزی عەینی، واتە لەسەر تاک بە تاکی موسوڵمانان واجب دەبێت، ئەمەش کاتێک دەبێت کەوا سەربازانی موسڵمانان بە تەنها خۆیان توانای ڕەتکردنەوەی هێزی دوژمنیان نەبێت، لەوکاتەدا لەسەر تاک بە تاکی موسوڵمانان واجب دەبێت کەوا خاک و هاونیشتمانیانیان لە خیانەتی خیانەتکاران بپارێزن.

## سۆفیەکان مانای جیهادیان گۆڕی لە ڕووبەڕووبونەوەی کافر و بیبڕواکانەوە بۆ پاڵفتەکردن و پاککردنەوەی نەفس و دەروون.

مەبەستیش لە جۆری دووەم ئەوەیە کەوا موسوڵمانان دەستپێشخەری بکەن لە پەلاماردانی ئەو وڵاتانەی کەوا موسوڵمان نین، ئەویش پاش ئەوەی کە بانگهێشت دەکرێن بۆ موسوڵمان بوون و، سەرپشک دەکرێن لە نێوان: موسڵمان بوون یان جزیە دان یان شەڕ کردن.

### باسی پێنجەم
### ماناو مەبەستی جیهاد لای سۆفییەکان:

سۆفیەکان مانای جیهادیان گۆڕی لە ڕووبەڕووبونەوەی کافر و بیبڕواکانەوە بۆ پاڵفتەکردن و پاککردنەوەی نەفس و دەروون، بۆ بەهێزکردن و پشتگیریکردنی بیروبۆچونەکانیشیان پشتیان بەستووە بە چەندین بەڵگەی قورئانی و سوننەت، ئەوان پێیانوایە جیهادی باڵا بریتییە لە جیهادی نەفس و دەروون، جیهادی کافران لای ئەوان بایەخێکی ئەوتۆی نیە.

بۆیە ئیبن ئەلعەرەبی کە لە سەردەمی هێرشی خاچپەرستەکاندا ژیاوە لە کتێبی (الوصایا )دا دەڵێت: (تۆ پێویستە جیهادی مەزن بکەیت کە بریتییە لە جیهادی هەواو ئارەزووەکانت، چونکە تۆ ئەگەر جیهادی نەفست کرد ئەوا جیهادەکەی کەشت بۆ یەکلایی دەبێتەوە کە بریتییە لە جیهادی بیباوەڕان، ئەو جیهادەی، کە خودا فەرمویەتی لەبارەی ئەوانەی کەوا شەهید دەبن تیایدا (ئەوانە زیندوون لەلایەن خودای خۆیان ڕۆزی دەدرێن).

لێرەدا دەردەکەوێت ئیبن ئەلعەرەبی جیهادی دەروونی پێش جیهادی ڕووبەڕووبونەوەی کافران خستووە.

### مەبەست لە جیهاد لە نێوان ئایەتەکانی قورئان و زاراوەی فەقیهەکاندا:

مەبەستی قورئان لە زاراوەی جیهاد لە ئایەتێک لە ئایەتەکاندا ئاماژەی پێکراوە کە خوای گەورە دەفەرموێت (وقاتلوهم حتى لا تكون فتنة ويكون الدين كله لله فإن انتهوا فلا عدوان إلا على الظالمين)، لەم ئایەتەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە مەبەست لە جیهاد لە قورئانی پیرۆزدا بریتییە لە:

1ـ پەرستش تەنها بۆ خودا بێت.

2ـ بەرز ڕاگرتنی وشەی لاإله إلا الله.

3ـ بڵاوکردنەوەی ئایینی ڕاست و دروست لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا.

بەڵام لای فوقەهاکان مەبەست جیهاد بریتییە لە:

1ـ بەرز ڕاگرتنی ئایینی ئیسلام.

2ـ پاراستنی خاکی موسڵمانان.

3ـ پارێزگاری لە کۆمەڵی موسڵمانان.

سەید قوتب دەڵێت: یەکەمجار جیهاد لەپێناو خودادا بکە، بۆئەوەی ناخۆشی و نارەحەتی لەسەر موسوڵمانان نەمێنێت، هەروەها بۆئەوەی بێخەمبیت لە سەرو ماڵ و ناموس و بیروباوەڕیان، دووەمجار جیهاد بکە بۆئەوەی خەڵکی ئازادبن لە بانگەوازکردن بۆ ئەو بیروباوەڕەی کەوا باوەڕیان پێیەتی، سێیەم جار جیهاد بکە بۆئەوەی لەسەر زەوی یاساو دادپەروەری بەرقەرار بێت، هەروەها بۆئەوەی خەڵکی لە ئاژاوە و پاشاگەردانی بەدووربن.

## کورتەی مەبەست

لە کۆتاییدا بۆمان دەرکەوت کە جیهاد لە قورئانی پیرۆزدا بریتییە لە: بەگەڕخستنی هەموو توانا و هێزت، بەڵام فەقیهەکان هاتوون زاراوەی جیهادیان کورتکردۆتەوە لە شەڕکردن لەگەڵ بێباوەڕاندا، عاریفەکانیش هاتوون کورتیانکردۆتەوە لە جیهادکردنی دەروون دا، بەڵام جیهاد بە مەبەستە قورئانیەکەی زۆر گشتگیرترە، بەجۆریک هەموو بەشەکانیکە لەخۆ دەگرێت. بۆیە زانایانی سەردەم مانای جیهادیان بە زاراوە قورئانیەکە لا پەسەندترەو، هاتوون بە مانا گشتیەکە پێناسەی جیهادیان کردووە.

زانای پایەبەرز د.محەمەد عەمارە دەڵێت: (بەگەڕخستنی هەموو هێزو تواناکانت لە ڕێگەکانی زانست و زانیاریدا جیهادە، بەکارهێنانی تواناو هێزت لە ئاوەدانکردنەوەی زەویدا جیهادە، بەڵکو نەرمونیانی و بەزەیی هاتنەوە بەبێ زمانەکاندا هەر جیهادە، هەروەها چاکەکاری لەگەڵ باوک و دایک و خزم و کەسوکاردا جیهادە، لەگەڵ ئەوەشدا ترسان لە خواو دورکەوتنەوە لە حەرامەکان و زۆر پاڕانەوە لێی چڵەپۆپەی ئەو جیهادەیە، کە خوای گەورە لەسەر ئێمەی پێویست کردووە، هەروەها قسەی ڕاست و دروست جیهادە).



# ئارام قادر:
# ئیسلام دەوڵەتی مەدەنی داهێناوە
# و دژە بە حکومەتی ئایینی

بابەتی شێوەی ئەو دەوڵەتدارییەی کە ئیسلام بانگەشەی بۆ دەکات، پرسیاری زۆر هەڵدەگرێت، گۆڤاری خاڵ بەشێک لەو پرسیارانەی ئاڕاستەی نووسەرو ڕۆشنبیر مامۆستا ئارام قادر کرد، بەڕێزیشیان بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە:



**ئارام قادر لە دایکبووی ١٩٦٥، هەڵەبجە.**
**ماستەر لە زانستی سیاسی دا.**
**زیاتر لە (٢٠) بەرهەمی چاپکراوی هەیە.**
**ژمارەیەکی زۆر وتارو لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراوەتەوە.**

**+ سەرەتا لە پێناسەی دەوڵەتی دینی و دەوڵەتی مەدەنی دەست پێبکەین؟**

– دەوڵەتی دینی: بریتییە لەو دەوڵەتەی حکومەتی دینی (ثیوقراطی) واتە حکومەتی کاهین و قەشەکان، کە دەسەڵاتیان ڕاستەوخۆ لەلایەن خواوە ڕادەست کراوە، یان لەلایەن خواوە ڕێنمایی دەکرێن، یان خۆیان بە کوڕی خوا ناساندووە، یاخود خۆیان بەخوا ناساندووە یان بەناوی خواوە دەسەڵات پیادە دەکەن، یان دەسەڵاتی ڕەها لە دەست پیاوە ئاینییەکاندایە، یان بەناوی بنەماڵەیەکی پیرۆزەوە حوکمرانی خەڵک دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن هەڵبژێردراوی خوان لەسەر زەوی.

حکومەتی دینی کۆمەڵێک بنەمای هەیە و بەو بنەمایانەدا دەناسرێتەوە لەوانەش: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوونی نیە، دەسەڵاتەکانی یاسایی و دادوەریی و جێبەجێکردن لە دەست یەک کەسدا کۆبۆتەوە، جا ئەو کەسە پاپایە یاخود ئیمپراتۆر یان کەسێکی بنەماڵەی پاشایەتی، دەسەڵات لە حکومەتی دینیدا ڕەهایە و کەس بۆی نیە پێچەوانەی بڕیار و ڕینماییەکانی بوەستێتەوە یان بە هەڵەیان بزانێت.

بەڵام دەوڵەتی مەدەنی: بریتییە لەو دەوڵەتەی مافی هەموو تاکێک دەپارێزێت بێگوێدانە ئینتیمای سیاسی، ئایینی، مەزهەبی، نەتەوەیی و بیربۆچونە جیاوازەکان، هەروەها بە شێوازێکی تریش پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە کۆمەڵێک هاوڵاتی کە لە سنورێکی جگرافی دیاریکراودا بژین و هەموو بەیەکسانی ملکەچ بن بۆ یاسا و سستەمێکی دیاریکراو، هەروەها دەزگایەکی دادوەری باڵادەست هەبێت بەشێوەیەکی یەکسان یاساکان بچەسپێنێت و کار بکات بۆ بەرپاکردنی دادگەری. هەروەها جگە لە پێناسەکەی، دەوڵەتی مەدەنی کۆمەڵێک بنەما لەخۆدەگرێت ئەگەر یەکێک لەو بنەمایانە بوونی نەبوو بە دەوڵەتی مەدەنی ناونابرێت، لەوانە: پێشێل نەکردنی مافی هیچ کەسێک و لەژێر هیچ پاساوێکدا، دەستاودەست کردنی دەسەڵات، پاوان نەکردنی پلە و پۆستەکان، ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ، قۆرخ نەکردنی دەسەڵات لەلایەن گرووپ و بنەماڵە و تاکێکەوە، ڕێزگرتنی ڕاوبۆچونە جیاوازەکان و بواردان بە دەربڕینی ئازاد، لەگەڵ ئەوەشدا بنەمای سەرەکی ناسینەوەی دەوڵەتی مەدەنی بریتییە لە پێوەری مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵ میللەت لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون!!

**+ نمونەی ئەم جۆرە دەوڵەتانە بوونیان هەبووە لە مێژوو ئێستادا؟**

– نمونەی دەوڵەتی ئایینی مەملەکەتی شانگ لە چین، ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی، دەوڵەتانی ئەورووپا لە پێش شۆڕشی فەرەنسی، هەروەها لە هەندێک قۆناغ و لە هەندێک شوێنی جیاوازدا دەوڵەت دروستبووە بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە، لە ئێستاشدا دەوڵەتی ڤاتیکان و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا کە بە داعش ناسراوە. نمونەی دەوڵەتی مەدەنیش لە مێژوودا دەوڵەتی مەدینە کە خولەفای ڕاشدین پیادەیان کردووە، لە ئێستاشدا سویسرا، سوید و نەرویج..هتد.

**+ ئایا دەتوانین بە دەوڵەتی ئیسلامی بڵێین دەوڵەتی مەدەنی؟**

– زۆر بەداخەوە زۆرێک لە نوسەر و بیرمەندانی ئیسلامی کەوتونەتە ئەو هەڵەیەوە کە دەیانەوێت پاساو بهێننەوە بەوەی پێناسەکانی دەوڵەتی مەدەنی بەسەر دەوڵەتی خولفای

ڕاشیدیندا بچەسپێنن کە ئەوەش ستەمێکە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکرێت، لە بنەڕەتدا ئیسلام دەوڵەتی مەدەنی داهێناوە، دژی حکومەتی عەسکەریی و دیکتاتۆریی و ئاینی بووە، ئیسلام ئاینێکی ئاسمانییە سستەمێکی دەسەڵاتی دەستنیشان کردووە کە ئەو بنەمایانەی لە دەوڵەتی مەدەنیدا باسی لێوە دەکرێت ئەو بە تیۆریی و کردەیی هێنایە بوون و بۆ یەکەم جار ناساندنی بە مرۆڤایەتی، بەنمونە لەکاتی دەسەڵاتی خولەفای ڕاشیدیندا دوو ئیمپراتۆریەت حوکمی بەشێکی جیهانیان دەکرد، لە ڕۆژئاوا دەسەڵاتی بیزەنتییەکان کە بە ناوی خواوە حوکمڕانی دەکرد و کەس بۆی نەبوو لە ڕێنمایی کڵێسا و پاپاکان لابدات، بەناوی ئاینەوە میللەتانیان ملکەچ دەکرد بۆ قەیسەرەکان کە لە ڕێگەی میراتگرییەوە حوکمیان دەکرد، لە ڕۆژهەڵاتیش لەنێو ئیمپراتۆریەتی فارس دا بنەماڵەیەکی دیاریکراو خۆیان بە خانەوادەیەکی پیرۆز دادەنا و بۆ کەس نەبوو ڕەخنەیان لێ بگرێت و خۆیان بە خاوەنی سەر زەوی دەزانی. دەسەڵاتی خولفای ڕاشیدین دژی هەردوو جۆرە دەسەڵاتەکە وەستایەوە و هەرەسی پێهێنان و لەبری ئەوان دەسەڵاتیکی مەدەنی پێکهێنا، کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دەسەڵاتی مەدەنی جیاکردنەوەی تایبەتمەندی کار بوو کە پێش هاتنی خولەفای ڕاشدین ئەو سستەمە پیادەنەکراوە، بەڵکو هەموو دەسەڵاتەکان لە دەست یەک کەسدا کۆکرابوونەوە، بۆ نمونە کاروباری دادوەری لە کاروباری ئیداری جیاکرایەوە، لە شاری مەدینە کە عومەری کوڕی خەتاب خۆی تێدا نیشتەجی بوو هەروەها پایتەختی دەوڵەتی خولەفاش بوو ئەبودەردا کاروباری داوەری لە ئەستۆ بوو، شریح ئەلکندی داوەری کوفە بوو کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی فارسەکان بوو، عوسمانی کوڕی عاص دادوەری میسر بوو، بەڵام عەمری کوری عاص والی بوو کە پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی بیزەنتییەکاندا بووە، ئەبو موسای ئەشعەری دادوەری بەسرە بوو کە پێشتر بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی فارسی.

**+ هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر بە دەوڵەتی ئاینی چۆنە؟**

– ئیسلام دژی حکومەتی ئاینییە، ئیسلام وەک ئاینێکی ئاسمانی خوای باڵادەست ناردوویەتی بۆ مرۆڤایەتی لەپێناو ڕزگارکردنی مرۆڤ لە بەندایەتی بەندەوە بۆ بەندایەتی خوای تاک و تەنها، واتە سروشتی ئیسلام بە یەکتاپەرستی و یەک بوونی خوا دەستپێدەکات، ئەمەش لەگەڵ تیۆری دەوڵەتی ئاینیدا دژ دەوەستیت، تیۆری دەوڵەتی ئاینی سستەمێکە لەگەڵ باوەڕبوونی بە تاک ڕاگرتنی خوا دژ دەوستێتەوە، لە هەندێک حاڵەتی دەوڵەتی ئاینییدا دەسەڵاتداران خۆیان بە خوا دەزانن یان لە ئاستی خوای تاک و تەنها خۆیان حساب دەکەن، لە هەندیک حاڵەتی تردا پاشا بە کوڕی خوا دەزانن، یان لەلایەن خواوە ڕاسپێدراوە حوکمی خەڵک بکات و هەڵە ناکات، ئەم تێروانینانەش لەگەڵ سەرەتاترین چەمکی ئیسلام کە یەکتاپەرستییە دژ وەستاوە، لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا پاپا حاکمی سەرەکی بوو، بە ناوی خواوە دەسەڵاتی سەپاندووە، خۆی بە وەکیلی خوا ناساندووە، وای لە خەڵک گەیاندووە لەلایەن خواوە ڕاسپردراوە بۆ حوکم کردن، بڕیارەکانی حەلاڵ و دروستە، قەدەغەکراوەکانی حەرام و نادروستە، لە تیۆری سیاسی ئیسلامدا حاکم مرۆڤیکە وەک مرۆڤەکانی تر، بەناوی خۆیەوە حوکم دەکات.

**+ دەوڵەتداری لە سەردەمی خولەفای ڕاشیدن چۆن بووە کە ئەوان بەرجەستەی قورئانیان کردووە لە دەسەڵاتدا؟**

– ئەوان پیادەی حکومەتیکی مەدەنیان کردووە، ئەوان بەجیهانیان سەلماند کە کۆتایی هاتووە بە سستەمەکانی دیکتاتۆریی و عەسکەریی و ئایینی، بە کۆمەڵێک بنەما و سستەم و هەڵویست و مامەڵەی هەر چوار خەلیفەکەدا دەردەکەویت، نمونەش لەسەر ئەم بابەتە یەکەم وتەی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکر (ڕەحمەتی خوای لێ بیت) پاش بەیعەت پێدانی: (لما بويع أبوبكر بالخلافة بعد بيعة السقيفة تكلم أبوبكر، فحمد الله وأثنى عليه ثم قال «أما بعد أيهاالناس فإني قد وليت عليكم ولست بخيركم، فإن أحسنت فأعينوني، وإن أسأت فقوموني، الصدق أمانة، والكذب خيانة، والضعيف فيكم قوي عندي حتى أريح عليه حقه إن شاء الله، والقوى فيكم ضعيف حتى آخذ الحق منه إن شاء الله، لايدع قوم الجهاد في سبيل الله إلا ضربهم الله بالذل، ولاتشيع الفاحشة في قوم قط إلا عمهم الله بالبلاء، أطيعوني ماأطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم). بڕوانە(بسيوني، محمود شريف: الوثائق الدولية المعنية بحقوق الإنسان، المجلد الثاني، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠٣)

لەم ڕوداوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەوڵەتی خولەفای ڕاشیدین دەوڵەتیکی مەدەنیە و بنەمای دەوڵەتی مەدەنیان چەسپاند کە پێشتر ئەو بنەمایانە نەناسراو بووە و پیادەنەکراوە، بۆیە وەسفی دەوڵەتی ئایینی بەسەر دەوڵەتی خولەفاکاندا ناچەسپێت، بەنمونە ئەوان بە هەڵبژاردن و ڕەزامەندی خەڵک هاتوونەتە سەر حوکم ئەویش بەگرێبەستیک کە بەیعەتدانە لە نێوان خەلیفە و میللەتدا و لەسەر کۆمەڵێک مەرج و دانانی کۆمەڵێک ئەرک بەسەریەوە، لەکاتێکدا لە حکومەتی ئایینیدا مەرج و گرێبەست نیە لە نێوان حاکم و میللەتدا، سەیری ئەم دەقە بکە(أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم)، لەهەمان کاتدا وتویەتی من بومەتە خەلیفەتان، بەڵام مەرج نیە باشترینتان بم سەیری ئەم دەقە بکە(فإني قد وليت عليكم ولست بخيركم)، ئەمەش بنەمای حکومەتی ئایینی هەڵدەتەکێنێت کە حاکم و دەسەڵاتدار خۆیان بە نوێنەری خوا و نێراوی خوا و وەکیلی خوا دەزانن و بەوە وەسفی خۆیان دەکەن کە پاک و بێگەردن و دوورن لە هەڵە و کەموکورتی. خەلیفە خۆی خەڵکی ئاگادارکردووە کە هەڵە دەکات پێش دەستبەکاربوون سەیری ئەم دەقە بکە(وإن أسأت فقوموني)، هەروەها ئەرکی خستۆتە سەر میللەتەکەی بەوەی کە دەبێت ڕاستی بکەنەوە و لێی قبوڵ نەکەن و بێدەنگ نەبن.

لە حکومەتی ئایینیدا میللەت بۆی نیە دەستوەربداتە کاروباری حاکم، قسە و کرداری پاشا هەمووی ڕاست و دووڕستە و دوورە لە هەڵە و کەموکورتی، خەلیفەی یەکەم خۆی بە بەندەی خوا وەسف دەکات و میللەتەکەی ئاگادار دەکاتەوە هەرکات گوێڕایەڵی خوای کرد ئەو کات خەڵکیش گوێڕایەڵی ئەو بن سەیری ئەم دەقە بکە(أطيعوني ما أطعت الله ورسوله)، هەرکات گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا نەبوو خەڵکیش نابێت ملکەچ بێت بۆ ئەو دەسەڵاتدارە و دەبێت لێی بێدەنگ نەبن، بەڵام لە حکومەتی ئایینیدا دەسەڵاتدار خۆی بەبەندە نازانێت یان لە ئاستی خودا خۆی دادەنێت یان بەنێردراو و هەڵبژێردراوی خوا خۆی وەسف دەکات!!

**+ لە هەندێک شوێنی و لە هەندێک قۆناغی**

**مێژووی مسوڵمانانداا هەندێک بنەمای حکومەتی مەدەنی پێشێلکراوە و هەندێک بنەمای حکومەتی ئایینی پیادەکراوە؟**

– مسوڵمان دەبێت دان بنێت بە هەڵەی خۆیدا و نابێت دەمارگیری وای لێ بکات راستییەکان نەڵێت و لەهەمان کاتدا بەرگری کردن لە هەندێک قۆناغی مێژووی مسوڵمانەکان دژ دەوستێتەوە لەگەڵ بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، کە دەبێت باوەڕمان وابێت دەسەڵاتدار و زانا و بیرمەندەکان هەڵە و کەموکورتیان هەیە و مەعسوم نین، مەرج نیە هەموو ئەوەی دەیڵێن و دەیکەن راست و دروست بێت. ئیسلام وەک ئایین و بەرنامە دژی حکومەتی ئایینییە، هەرچەندە لە هەندێک قۆناغی مێژوویيدا کۆمەڵێک دەسەڵاتداری مسوڵمان هەمان رەوتی حوکمڕانی ئایینیان گرتووەتەبەر ئەویش لەپێناو پاوانخوازی و قۆرخکاری دەسەڵات بۆ خۆیان نەک چەسپاندنی دەقەکانی ئیسلام هەرچەندە بەناوی ئیسلامەوە حوکمیان کردووە، بۆ نمونە لە سەردەمی دوڵەتی ئەمەوی دا دەسەڵات لە هەڵبژاردنەوە کرا بە پاشایەتی، ئەمە پێشێلکارییە بەرانبەر بە بنەماکانی ئیسلام کە بۆ حوکمڕانی دیاریکردووە نەک ئیجتیهاد بێت و هێشتا چاوەڕیش بین پاداشتی لەسەر وەربگرن.

**+ ئایا حوکمڕانی لە ئیسلامدا شێوازێکی دیاریکراوی هەیە؟ یان لە دەقەکانی قورئاندا بە چ جۆرێک وەسفی دەسەڵات کراوە؟**

– یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئیسلام ئەوەیە ناو و شێوازێکی دیاریکراوی دانەناوە بۆ سستەمی حوکمڕانی، بەڵکو تەنها کۆمەڵێک بنەمای دیاریکردووە بۆ سستەمی دەسەڵات و بواری هێشتوەتەوە بۆ مرۆڤەکان بە ویست و ئیرادەی خۆیان و بە سوودبینین لە عەقڵ و ئەزمونی خۆیان و دەوربەر و چۆنێتی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانیان دەتوانن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر سستەم و شێوازی نوێ دابهێنن و گۆڕانکاری تێدا بکەن و مەرج نیە بەناو و شێوازێکەوە پابەندبن، گرنگ ئەوەیە بنەماکانی تێدا بێتەدی، لە گرنگترین بنەماکانی سستەمی دەسەڵات لە ئیسلامدا: دادپەروەری، هەڵبژاردنی سەرۆک، پاش هەڵبژاردنی دەبێت سەرۆک پابەند بێت بە پرس و راو راپرسی، پاراستنی ئازادی، پاراستنی مافەکانی تاک و کۆمەڵگا، دەستاودەست کردنی دەسەڵات، جیاکردنەوەی تایبەتمەندییەکان....هتد.

**+ خاڵی لاواز لە فیقهی سیاسی ئیسلامیدا چیە؟**

– کۆمەڵێک زانای گەورە لە مێژووی ئیسلامدا رۆچوون لە بواری فیقهی سیاسیدا و بابەتەکانی سستەمی دەسەڵاتیان شیتەڵکردووە و رونیان کردووەتەوە، بۆ نمونە پێشەوا: غەزالی، ئیبن تەیمیە، جوینی، ماوردی، شافعی و ئەبوحەنیفە..... هتد، بەڵام مەرج نیە ئەوەی لە ئەمڕۆدا پێوست بێت لەو فیقهەدا دەستمان بکەوێت، چونکە فیقهی سیاسی ئیسلامی بەپێی قۆناغ و شوێن دەگۆڕێت، بۆیە زۆر بابەت هەیە کە ئێستا پێویستی بە فەتوا و رای فیقهی تازە هەیە، بۆیە دەبێت زانایان و بیرمەندانی کوردستان بیر لە دارشتنی بە یاساندنی فیقهی سیاسی ئیسلامی بکەنەوە بە سوودبینین لە کولتوور و نوسراوەکان لە مێژوودا و ئاوێتەکردنی لەگەڵ رووداوەکانی رۆژ و بارودۆخە گۆڕاوەکان، هەروەها فیقهی سیاسی ئیسلامی پێویستی بە دارشتنەوە هەیە بەپێی سەردەم و گۆڕانکارییەکانی ئێستا ئەمەش بە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئیسلام دادەنرێت کە سستەمی دەسەڵاتی لە قاڵب نەداوە و بواری فراوان کردووە بۆ گۆڕانکاری بەپێی بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگا.



# بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنی لە فیکری ئیسلامیدا




**محەمەد ڕەئوف**

لەدایکبووی ١٩٦١، هەڵەبجە.
بەکالۆریۆس لە زاستە ئیسلامییەکان.
دبلۆمی باڵا لە زانستە سیاسییەکان.
خاوەنی ژمارەیەک بڵاوکراوەیە.

سەرەتای سەدەی بیستەم ژانی لەدایکبوونی سەدەیەکی بێ خەلافەتی ئیسلامی گرتبووی، سەرەنجام ئەوەی مسولمانان لە جیهاندا لێی دەترسان بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئاڵۆزی و قەیرانی بەردەوامی ناو جەستەی خەلافەت، دەوڵەتی عوسمانی و خەلافەتەکەی پاش شەش سەدە لە حوکمڕانی و ئیمپراتۆریەتکردن هەرەسی هێنا و ڕووخا.

بیرمەندان و زانایانی وەک کەواکبی و جەمالەدینی ئەفغانی پەنجا ساڵ پێش ڕووخانی دەسەڵات و کیانی ئیسلامی و خەلافەت، هەوڵی زۆریاندا و پرۆژەی چاکسازی سیاسی، کارگێری، فیکری، یاسایی و مەعریفی زۆریان پێشکەش کرد لە قۆناغی پیاوە نەخۆشەکەی خەلافەتی عوسمانیدا، بەڵام بێ ئەنجام بوو.

پاش سێ ساڵ لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و لە ساڵی ١٩٢٦ کۆنگرەیەک بەسترا، لەو کۆنگرەدا نوێنەر و زانا و بیرمەندی ٣٤ وڵاتی ئیسلامی ئامادەبوون، لەکۆتاییدا کۆنگرەکە سەرکەوتوو نەبوو، ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوە، لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە:( خەلافەتی شەرعی کە هەموو مەرجەکانی خەلافەتی تیدا بێت وەک ئەوەی شەریعەت باسی دەکات کە گرنگترینیان بەرگریکردنە لە نیشتیمانی مسولمانان و ئاین و جێبەجێکردنی شەریعەتی پیرۆز، لە ئێستادا ناکرێت و ئەستەمە بەدیبێت بەهۆی ئەو بارودۆخەی موسوڵمانانەوە کە تێیکەوتوون). بەوشێویە بە فەتوای زانایان مەسەلەی گێڕانەوەی خەلافەت کۆتایی پێهێنرا، بەبیانووی نالەباریی بارودۆخی جیهانی ئیسلامی.

لە دوای ئەو مێژووەوە موسڵمانانی جیهانی ئیسلامی بە سەرکردایەتی زانایان و بیرمەندان و شێخانی تەریقەت هەوڵی زۆریاندا بۆ سەربەخۆیی لەسەر ئاستی وڵاتەکانیان ئەویش پاش پارچە پارچەکردن و دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی.

دواتر شێوازی دەوڵەتی مۆدێرن لە هەموو پارچەکانی دەوڵەت و خەلافەتە پارچەکراوەکەدا جێگیر بوو، کۆمەڵێک چەمکی سیاسی، فیکریی و ئابووری نوێ سەریان هەڵدا و یاسا نێودەوڵەتییەکان پەرەیان سەند و جێگیر بوون، یاساکانی ئەورووپاش وردەوردە خزێنرانە نێو دەستور و یاساکانی وڵاتانی ئیسلامی.

لەو چەمک و دەستەواژانەی زۆرترین قسەی لەسەر کراوە جەدەل و دیالۆگی دروستکردووە و دواجار سەدان نامەو تێزی زانستی و فیکری لەسەر نووسراوە، بابەتی دەوڵەت و جۆرەکانی دەوڵەت بوو، بابەت و توێژینەوەکانیش یان گەڕان بووە بەدوای چارەسەردا یاخود وەڵامی پرسیاربوون یان وەڵامی شوبهە و گومانە دروستکراوەکان بوون یان وەڵامی ئەو (تحدی) و هەڵێنجانە فیکرییانە بوون کە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی ڕوویانکردە جیهانی ئیسلامی، وەک چۆن سەرهەڵدانی ڕێنیسانس کۆتایی بە دەسەڵاتی کەنیسە و حکومەتی ئاینی ثیوکراتی هێنا، هەر بەوچەشنەش ویستیان کۆتایی بە ئیسلام و فیکری ئیسلامی و شەریعەتی ئیسلامیش بهێنن.

لەم دەسپێکەوە دەرۆمە نێو کاکڵە و مەبەستی بابەتەکە، کە بریتییە لە:-دەوڵەت و جۆرەکانی و جیاوازی نێوان جۆرەکانی دەوڵەت، دواتریش باسەکە چڕ دەکەینەوە لە باس و شیکاری دەوڵەتی مەدەنی لە تێڕوانین و هەڵوێستی

فیکری ئیسلامیدا لەسەر زمان و قەڵەمی زانا و بیرمەندانی سەردەم.

## دەوڵەت

پێناسە:» کۆمەڵێک خەڵک (گەلێک) چالاکی و گوزەرانی خۆیان ئەنجام دەدەن لەسەر هەرێمێکی جوگرافی دیاریکراو، پابەندن بە سستمێکی سیاسی دیاریکراوەوە کە لەسەری ڕێکەوتوون و دەوڵەتەکەی پێ بەڕێوەدەبەن، دەوڵەتیش واتە حکومەت کە سەرپەرشتی چالاکییە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە ئامانجیان پێشخستن و گەشەپێدان و باشکردنی ئاستی ژیانی خەڵکەکەیەتی». جیهانیش دابەش دەبێت بەسەر کۆمەڵێک دەوڵەتی زۆردا، بە جیاوازی شێوازی دەوڵەتەکان و سستمی سیاسیانەوە.

## جۆرەکانی دەوڵەت

1. دەوڵەتی ئاینی ئیسلامی، وەک: تالیبان لە ئەفغانستان و داعش لە سوریا و عێراق.
2. دەوڵەتی ئاینی «ثیوکراتی کەنیسەیی» نزیک لە دەوڵەتی ئێران بە هەندێک جیاوازییەوە، لەگەڵ ئیسرائیل.
3. دەوڵەتی ئیسلامی مەدەنی، وەک مالیزیا و سودان.
4. دەوڵەتی عەلمانی، وەک فەڕەنسا.
5. دەوڵەتی عەلمانی مەدەنی، وەک تورکیا.
6. دەوڵەتی مەدەنی، وەک سوید و دانیمارک.

## پێناسەکان

### یەکەم/ دەوڵەتی ئاینی ئیسلامی یان دەوڵەتی پێغەمبەران(د.خ):

ئەو دەوڵەتانە بوون، کە حاکم و دەسەڵاتدار تێیاندا پێغەمبەران(د.خ) بوون، دەوڵەتی دادگەری و یەکسانی و مافەکان بوون، ئەم دەوڵەتانە بە مردن و کۆچکردنی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) کۆتاییان هات. لەبەرئەوەی وەحی کۆتایی هات و پێغەمبەری دیکەش نایەت و هیچ فەرمانڕەواو سستمێکی حوکمڕانیش ناتوانێت بەناوی خواوە حوکم و فەرمانڕەوایی بکات، بۆیە هەر فەرمانڕەوا و دەوڵەتێک بەناوی خواو ئایینەوە فەرمانڕەوایی بکات و فەرزی دەسەڵات و ئیرادە بکات ئەوە شەرعیەت وەرناگرێت، مەگەر بە خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت.

### دووەم/ دەوڵەتی ئاینی ثیوکراتی کەنیسەیی:-

واتە دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی (الاکلیریوس)، ئەو دەوڵەتەیە کە حاکم و دەسەڵاتدار بەناوی خواو بریکار و جێگری خواوە بەسەر کۆمەڵگادا فەرمانڕەوایی دەکات، حاکم و یاساکان و بریکارەکانی پیرۆزی لە پیرۆزیی ڕەهایی خواوە وەردەگرن. زانایان و بیرمەندان کۆکن لەسەرئەوەی، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەورووپا ئەم جۆرە دەوڵەتە فەرمانڕەوایی کردووە، بە هەموو زیادەڕەوییەکەوە، سەرەنجام بیرۆکەی شۆڕش بەسەر دەسەڵاتی لاهوت و حوکمە بەناو ئاینییەکان دروستبوون و ڕوخێنران.

### سێیەم/ دەوڵەتی ئیسلامی مەدەنی:-

بەپێی هەموو ئەو بابەتە شیکارییە مێژوویی و فیقهیانەی کە ئەنجامدراون، لەلایەن زانایان و بیرمەندانی کۆن و نوێ و ئەوانەش ئێستا لە ژیاندان هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە:» دەوڵەت و حکومەت و فەرمانڕەوایی پاش کۆچی پێغەمبەر (د.خ) ماوەتەوە بۆ ئیجتیهاد، واتە بۆ عەقڵی موجتەهید بەپێی جیاوازی کات و شوێن و دابونەریت بەسوودوەرگرتن لە دەقەکان».

بەردی بناغەی مەدەنی بوونی دەوڵەتیش بۆ یەکەم دەستوور (صحیفە- دەستوری مەدینە) دەگەڕێتەوە، کە لە (٥٢) مادەدا پەیوەندییەکانی نێوان مسوڵمانان و جولەکە و موشریکەکانی ڕێکخست، بە هەموو مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون ...هتد.

**چوارەم/ دەوڵەتی عەلمانی:-**

بەو دەوڵەتانە دەگوترێت کە تەواوی ئاین لە سیاسەت و ژیان جیادەکەنەوە و لە دەستووردا ئاماژە بە هیچ ئاینێک ناکەن، وەک (د.اسماعیل الشطي) دەڵێت:( زۆر وڵات ئاینی فەرمی وڵاتی لە دەستووردا هەڵگرتووە پاشان تۆماری کردووەتەوە و پاشان جارێکی تر هەڵیگرتووەتەوە).

ئەگەر باش هۆکارەکانی ئەو دڵەڕاوکێ و ناجێگیرییە بخوێنیتەوە، دەبینین دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی زۆرینە و کەمینە و جەدەلی عەلمانی بوون و مەدەنی بوون و ئاینیبوونی دەوڵەتەکە، بەڵام لە دەوڵەتی مەدەنی تەواودا ئەو دڵەڕاوکە و ناجێگیرییە هەڵگیراوە و دەوڵەتە مەدەنییەکان ئاینی زۆرینەیان لە دەستووردا جێگیرکردووە. لە نێوان ساڵانی(1970 ـ 2000)دا (٢١) دەوڵەت مەزهەبی کاسۆلیک و (٩) دەوڵەت پرۆتستانت و(٢٢) دەوڵەت ئاینی ئیسلامیان لە دەستووردا جێگیرکردووە.

دەوڵەتی عەلمانی تەواو بەپێچەوانەی دەوڵەتی ثیۆکراتی کڵێسەوە بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادات هیچ شەریعەتێکی ئاسمانی ڕۆڵی دەستوری یان یاسایی یان سیاسی یان لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکاندا هەبێت.

**٥) دەوڵەتی عەلمانی مەدەنی:-**

ئەوەی بیرمەندان و زانایان گوتوویانە، محەمەد جبار کۆیکردووەتەوە و دەڵێت:» دەوڵەتی عەلمانی- مەدەنی، ئەو دەوڵەتەیە کە دەسەڵاتەکانی حوکم و فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن و یاسادانان و فێرکردن لە دامودەزگا ئاینییەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ دەستگاو دەستە مەدەنییەکان، بۆئەوەی ڕۆڵی ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە ببینن بەپێی شێواز و ڕێبازە زانستییەکان بە جۆرێک کە خۆشگوزەرانی دەستەبەربکات بۆ هەموو کۆمەڵگە لە نیشتیمانێکدا کە هەموو خەڵک وەک هاووڵاتی پێکەوەن بێ جیاوازی و جیاکاری لە ڕەگەز و بیروباوەڕدا «.

**٦) دەوڵەتی مەدەنی:-**

پێناسەو شرۆڤەی زۆری بۆ کراوە، بەڵام لە کورتترین پێناسەدا هاتووە:( دەوڵەتی مەدەنی ئەو دەوڵەتەیە چاودێری هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەکات و دەپارێزێت بەبێ گوێدانە جۆری ئینتیمای نەتەوەیی، ئاینیی و فیکرییان). هەریەکە لە د.یوسف قەرزاوی و غازی ئەلتوبە دەڵێن:( دەوڵەتی مەدەنی پێچەوانەی دەوڵەتی عەسکەری و دیکتاتۆریەت و دەوڵەتی ئاینی کەنیسەیە، بەڵام بە جیاوازییەکی بەرچاو لە دەوڵەتی عەلمانی).

## پوختەی دەوڵەتی مەدەنی و هەڵوێستی زانا و بیرمەندانی ئیسلامی

پێشەکی و ڕیشەی مێژوویی:

« بیرۆکەی (دەوڵەتی) پاش کۆمەڵێک هەوڵی فیکریی و مەعریفی فەیلەسوفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری دەرکەوت، لە سەردەمی ڕێنیسانسدا کە لە سەدەی چواردەوە دەستپێدەکات و تا سەدەی حەڤدە دەخایەنێت، سەرەتاکانی ئەم

قۆناغەش لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە ئیتاڵیا دەستپێدەکات و پاشان بە هەموو ئەوروپا بڵاوبوویەوە، ریشەی فیکری ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ئامانجی دروستکردن و هێنانەکایەی دەوڵەتی مۆدێرن، کە لەسەر پرەنسیپ و بنەماکانی یەکسانی و رەچاوکردنی مافەکان دابمەزرێت و پشت ببەستێت بە بەها ئەخلاقییەکان لە حوکمڕانی و سەروەریدا، ئەم بیرۆکەیە دواتر رەنگ و روخساری خۆی وەرگرت و گەڵاڵە بوو، ئەویش پاش ئەوەی دەوڵەمەندکرا بە پشکدارییەکی زۆر لە چەند سەرچاوەی جیاواز لە زانستی کۆمەڵایەتیدا.

چەمکی دەوڵەتی مەدەنی

ئەو دەوڵەتەیە کە تیایدا پۆست و پلەوپایەکانی وڵات بە کەسانی پسپۆرو تێگەشتوو لە کاروباری سیاسی و ئابووریی و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان دەستپێردرێت، نەک بە زانایانی ئاینیی و پیاوانی ئاینی، خۆ ئەگەر پیاوێکی ئاینی پلەوپایەی پێدرا ئەوە لەبەر پێگە ئاینییەکەی نییە، بەڵکو لەبەر پسپۆری و توانا و لێهاتووییەکەیەتی.

### بنەماو کۆڵەکەکانی دەوڵەتی مەدەنی

د.یوسف قەرزاوی، بەپێی ئەو پێناسەی کە دەیکات بۆ دەوڵەتی مەدەنی، بنەماو پایەکانی دەوڵەتەکە دیاری دەکات و دەڵێت:( دەوڵەتی مەدەنی، واتە دەوڵەتی یاسا، کەواتە نە دەوڵەتی سەرۆک وەزیرانە و نە سەرۆک کۆمار و نە پاشا، بەکورتی سرووشتی دەوڵەتەکە، لە سەر بنەما و رێسای جیاکردنەوەی تەواوی هەرسێ دەسەڵاتەکە دادەمەزرێت، ئەو جیاکردنەوەش پێکهێنەری بنەڕەتییە و سرووشتی پەیکەرەکە و

**هەر دەوڵەتێك بەناوی خواوە فەرمانڕەوایی بکات و فەرزی دەسەڵات و ئیرادە بکات ئەوە شەرعیەت وەرناگرێت، مەگەر بە خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت.**

رۆشنبیری کۆمەڵگەییەکەیەتی).

کەواتە پایە بنچینەییەکانی دەوڵەتی مەدەنی بریتییە لە:

١/ مرۆڤبوونی فەرمانڕەواو، پیرۆز نەبوونی.
٢/ گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە.
٣/ ئازادی رادەربڕین (شورا یان دیموکراتیەت بە پلەکانیەوە)
٤/ جیاکردنەوە و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان.
٥/ نوێنەرایەتی هەڵبژێردراو بۆ گەل.
٦/ مافی هاوڵاتیبوون.

### هەڵوێست و بۆچوونی زانایان لەسەر(مەدەنیەتی دەوڵەت) لە ئیسلامدا

کۆربەندی توێژینەوەی ئیسلامی ئەزهەر لە بەیانێکیدا دووپاتی دەکاتەوە کە :» ئیسلام دەوڵەتی دینی ناناسێت، ئەو قسانەش راست نین کە جێبەجێکردنی ئیسلام واتە ئەبێت دەوڵەت دینی بێت، چونکە ئیسلام تەنها دەوڵەتی مەدەنی دەناسێت«.

هەروەها د.عبدالمعطي بيومي کە ئەندامی ئەو کۆربەندەیە دەڵێت:( هەرکەسێک بڵێت شەریعەتی ئیسلامی، پێچەوانەیە لەگەڵ دەوڵەتی مەدەنی، ئەو کەسە دەرکی بەوە نەکردووە کە دەوڵەتی ئیسلامی خودی خۆی دەوڵەتی مەدەنییە و فیقهی

**حکومەت و فەرمانڕەوایی پاش کۆچی پێغەمبەر (د.خ) ماوەتەوە بۆ ئیجتیهاد، واتە بۆ عەقڵی موجتەهید بەپێی جیاوازی کات و شوێن.**

ئیسلامیش لە زۆرێک لە بڕیار و ئەحکامەکانیدا فیقهێکی دانراوە وەک ئیجتیهاد و تێگەیشتنی مرۆڤ، چونکە فیقهیش وەک یاسا بە پێی حاڵەتە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا دێت).

لە شیکارێکی بابەتیانەدا و وەک کۆکردنەوەی هەموو ڕاو سەرنج و بیرو بۆچوونەکان لە فیکری سیاسی ئیسلامیدا د.صبری محمد خلیل (مامۆستای فەلسەفەی بەها ئیسلامییەکان لە زانکۆی خەرتوم) بابەتێکی کورت و چڕوپڕی نووسیوە لەژێر ناونیشانی (الدوله الدينيه في الفكر السياسي الاسلامي) تیایدا دەڵێت:» مەبەست و واتاکانی دەستەواژەی دەوڵەتی مەدەنی: ئەم دەستەواژەیە مەبەست و واتای فرەیی و چەند ڕەهەندی هەیە، وەک هەموو دەستەواژەکانی دیکە، کە یەکەمیان مەبەست و واتای (گشتی – هاوبەشە) بەم واتایە هەموو مەزهەبە سیاسییەکان هاودەنگ و کۆکن لەسەر یەک مانا و مەبەستی چەمکی دەوڵەتی مەدەنی، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەو دەوڵەتەیە کە دەسەڵاتی سیاسی دەگێڕێتەوە بۆ گەل و بەوپێیە دەسەڵات دەبێتە بریکار و نوێنەری گەل، گەلیش مافی دامەزراندن و چاودێری و لەکارلابردنی هەیە، ئەمەش پێچەوانەی دەوڵەتی ئاینی ثیوکراتییە، کە تاک یان دەستەیەک تاکڕەوانە و بە بێ پرس و ڕای گەل دەیبەن بەڕێوە و حوکمڕانی دەکەن.

کەواتە بە گوێرەی ئەم پێشەکییەی د.صبری هەموو ڕێبازە سیاسییەکان هاودەنگن لەسەرئەوەی کە لە دەوڵەتی مەدەنیدا گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات مەدەنیانەیە و بە پێی هەڵوێست و بڕیاری گەلە، ئەمەیان تێگەیشتنی هاوبەشە و میکانیزمەکانی دەسەڵات ڕێکدەخات.

## هەڵوێستە جیاوازەکان لە دەوڵەتی مەدەنیدا

بۆچوونی زانایان و ڕێکخراوە جیاوازەکان بەرامبەر بەم چەمکە لە سێ هەڵوێستدا کۆدەبێتەوە:-

یەکەمیان: ڕەتکردنەوەی ڕەها.

دوەمیان: وەرگرتن و دانپیانانی ڕەها.

سێیەمیان: هەڵوێستی ڕەخنەیی.

- ڕەتکردنەوەی ڕەها: ئەوانەی بڕوایان بە ڕەتکردنەوەی ڕەهای دەوڵەتی مەدەنی هەیە، بە هەموو واتا و مەبەست و (دلالات)ەکانەوە ڕەتیدەکەنەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان هەمووی پێچەوانەی ئیسلامە.
- وەرگرتن و دانپێدانانی ڕەها: ئەوانەن کە باوەڕی تەواویان بە هەموو واتا و مەبەست و نیشانە (دلالات)ی چەمکی دەوڵەتی مەدەنی هەیە.
- هەڵوێستی ڕەخنەیی: هەڵوێستێکە لە نێوان هەردوو هەڵوێستی ڕەهای ڕەتکردنەوە و وەرگرتن دا، ئەم هەڵوێستە هەرسێ مانا بەخشینەکە (دلالات) چەمکی دەوڵەتی مەدەنی لەیەک جیادەکەنەوە، (دلالەی گشتی) (دلالەی

منفرد) (دلالەی تایبەت)، واتە مانا و مەبەستی گشتی و جیاکردنەوەی گۆشەنیگا و تایبەت بە هەر واقیعێک.

د.صبری دەڵێت: ئیسلام پێچەوانە نییە لەگەڵ مانا و مەبەستی گشتی چەمکەکەدا، کە بەرجەستە دەبێت لەوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوا نوێنەر و بریکاری گەلبن و، گەل مافی دامەزراندن و لادان و لێپێچینەوە و لابردنیانی هەبێت...

لێرەدا د.صبری ئاماژە بە قسەیەکی ئیمامی قازی باقلانی دەکات دەربارەی بەیعەت، کە دوای ئەوەی بەرێکاری شورا و ئەهلی حەلل و عەقد، ئیمام یان سەرۆکی دەوڵەت دادەنرێت، ئیتر هەر ئەوان بە نوێنەراتی گەل لێپرسینەوە و چاودێری دەکەن و دەتوانن لە پۆستەکەی لایدەن. قازی باقلانی دەڵێت:( ئیمام بۆ ئەوە دادەنرێت کە حوکمەکان و حەددەکان و کاروبارێک کە پێغەمبەر(د.خ) لەسەری ڕۆشتووە جێ بەجێ و پیادەی بکات، ئەوانەش ئوممەت یان نوێنەرانی لێی ئاگادارن دەزانن چین، ئیمامیش لە هەموو کاروبارەکانی وەکیل و بریکاری خەڵکە و دەتوانن لە پۆستەکەی لایبەرن و بیگۆڕن بە کەسێکی تر، هەرکات کارێکی ئەنجامدا کە گۆڕینی پێویست بکات).

د.صبری لە کۆتایی بابەتەکەدا، ئاماژە بە چارەسەری ئیسلامی دەکات، لە بەرانبەر پرۆژەی ثیوکراتی و عەلمانی و دەڵێت: چارەسەری ئیسلامی و تێگەیشتنی فیکری سیاسی ئیسلامی لە ڕێسایەکدا کۆدەبێتەوە کە بریتییە لە:-( دینیة التشریع و مدینة السلطة)، ئەمەش بۆ چارەسەری گرفتی پەیوەندییە لە نێوان ئاین و دەوڵەتدا و بەپێی ئەو ڕێسایە، پەیوەندی نێوان ئاین و دەسەڵات دەبێتە (پەیوەندی وابەستەیی – علاقة ارتباط) نەک پەیوەندی تێکەڵکردن، وەک لە مەزهەبی ثیوکراتی دا هەیە، هەروەها دەبێتە (پەیوەندی جیاکاریی/علاقة تمیز) نەک پەیوەندی جیاکردنەوە و دوورخستنەوە، وەک لە عەلمانیەتدا هەیە)).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەین لە جیاوازی نێوان مەزهەبی ئیسلامی و مەزهەبی لیبراڵی لە گۆڕاو نەگۆڕەکاندا: زانایانی ئیسلامی و بیرمەندانی کۆن و نوێ کۆکن لەسەر دەستەواژە نەگۆڕەکان، بەڵام بەتەواوی کۆک نین لەسەر نەگۆڕەکان.

بەتەواوی چەندن، ئەوەی کە جێگای مشتومڕ نییە، دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامی با مەدەنی تەواویش بێت هەرگیز نایگەیەنێتە بێ سنوورییەکانی لیبراڵیزم، چونکە لە حکومەت و دەسەڵاتی مەدەنی ئیسلامیدا ڕێگا نادرێت حیزب و ڕێکخراو دروست بکرێت بۆ بانگەشەی بتپەرستی یان ئیلحاد، ڕێگاش نادرێت بۆ بانگەشەی حەڵاڵکردنی سوو ڕیبا، هەروەها ڕێگا نادرێت ڕێکخراو دروست بکرێت بۆ هاوسەرگیری هاوڕەگەزی، ئەم جۆرە بابەتانە یان لە نەگۆڕی بیروباوڕن یان لە نەگۆڕی مامەڵە و بازاڕن یان لە نەگۆڕی ئەخلاق و ڕەوشتن، بەڵام بە ژمارەی بابەتیش زۆرنین.

## لە فکری سیاسی ئیسلامدا، دەوڵەتی مەدەنی بۆ چییە؟

زانایان و بیرمەندانی فکری سیاسی ئیسلامی دەوڵەتی مەدەنیان بۆ دوو مەبەست و ستراتیژ دەوێت و پێیان باشە و هەوڵی بۆ دەدەن، ئەوانیش:

یەکەم/ لە ژینگەی دەوڵەتی مەدەنیدا

کەشوهەوای ئازادی رادەربڕین دەرەخسێ و، دوور لە بیری توندڕەوی و تیرۆر دەتوانرێت ئیسلام وەک خۆی بگەیەنرێت بە خەڵک ئەم یەکەمەیان مافی گشتی خەڵکە بەسەر نوخبەی موسڵمانەکانەوە و مانەوەی موسڵمانەکانە لە بازنەی (خەیریەت)دا، وەک دەفەرمەێت:(( كنتم خير أمة أخرجت للناس ،تأمرون بالمعرف و تنهون عن المنكر))(( أدع الى سبيل ربک باحكمة و الموعظة الحسنة)) ((بلغوا عني ولوأيتي)).

دووەم/- ئامانجی دووەم ، دەوڵەتی مەدەنی باشترین ژینگە و میکانیزم و چوارچێوەیە بۆ بەرجەستەکردنی پرینسیپەکانی حوکمی ئیسلامی رەشید، لە زەمینەی دەوڵەتی مەدەنیدا پرۆژەی حوکمێکی ئیسلامی رەشید گەڵاڵە دەبێت و بەتەواوی رەنگ دەگرێت، چونکە دەوڵەتی مەدەنی و بەها و پایەکانی لە تەک بەها و پایە و پرینسیپەکانی حوکمی ئیسلامی رەشیدا یەکدەگرنەوە.

هەر لە روانگەی فکری سیاسی ئیسلامیەوە و وەک پرۆژەیەک بۆ سەردەم و نەخشە رێگایەک بۆ مامەڵەکردنێکی گونجاو و واقیعیانە لەگەڵ هەلومەرج و بارودۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی و سستمی نوێی جیهانی و گونجان لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرن، د.اسماعيل الشطي بیرمەندی گەورەی کویتی لە بەشێک لە کتێبەکەیدا (الاسلاميون وحكم الدولة الحديثة) پرۆژەیەک بۆ ئەمڕۆ دەخاتە روو، کە پوختەکەی بریتییە لە سێ خاڵی سەرەکی و دەڵێت: ئەوەی ئێستا ئیسلام پێویستیی پێیەتی سێ شتە:

١- ئابوورییەکی بەهێز، کە بتوانێت پێداویستییە سەرەکیەکانی ژیانی رۆژانە دابین بکات لە وڵاتێکی هاوچەرخ و خاوەن خزمەتگوزاری تەواو.

٢- حوکمێکی دانا (الحكم الرشيد)، کە تەنیا مەبەستی دابینکردنی دادپەروەری بێت لە نێوان هاوڵاتیاندا و رێکخەری پەیوەندیەکانی نێوان سستمی خوێندن و پرۆژەکانی گەشەپێدان بێت بە شێوەیەکی دروست و وڵات بە پێوەرەکانی ئەستۆپاکی و شەفافیەت و کەمکردنەوەی گەندەڵی بەرێوەبەرێت.

٣- دیموکراسیەتێک ئازادییە گشتییەکان بپارێزێت و ئاسایش بۆ مرۆڤ دابینبکات و زەمانەتی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بکات و باوەڕی بە ئاڵوگۆری ئاشتیانەی دەسەڵات هەبێت.

وەک زانا و بیرمەندێکی مسوڵمان و شارەزا و نوسەر لە فیکری سیاسی ئیسلامیدا، راشید ئەلغەنوشی دەستپێشخەرییەکی جوان و زانستیانە و پر جورئەتی کردو کتێبی (الحريات العامة في الدولة الأسلامية)ی لە ساڵی ١٩٩٣ دا گەیاندە چاپ و بڵاویکردەوە و بوو بە یەکێک لە شاکارە هەرە گەورە و بە نرخەکان لە پاشخانی فیکری سیاسی ئیسلامی و دەرگایەکی گەورەی گفتوگۆی فیکری و مەعریفی لەگەڵ رۆژئاوادا کردەوە، ئەو باس و بابەتە چەقبەستوانەش کە دەیان ساڵ بوو کەس نەیدەوێرا باسی بکات و خۆی لێبدات لەو کتێبەدا زۆر بە روونی و بێ توێکڵ باسی کردون.

غەنوشی لە پاشکۆی ژمارە(٤)ی چواری کتێبەکەیدا، پوختەی پرینسیپەکانی حوکمی دانا (الحكم الرشيد)ی نوسەری گەورە (زيد الوزير) کە لە کتێبی ((تصحيح المسار)نوسیوێتی، هێناویەتی و دەڵێت:

حوکمی ئیسلامی رەشید لە حەوت پرینسیپ پێکدێت، ئەم حەوت پرینسیپە لێرە بڵاودەکەینەوە،

وەک بەیەک گەشتنێکی هەموو ئەوانەی تینوی حوکمێکی ئیسلامی داناو ڕەشیدن ئەم حەوت پرینسیپ و مەشخەڵەش ئەمانەن:

یەکەم/- گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، بە دەسەڵاتی یاسادانانیشەوە لە شتێکدا نەبێت کە دەقێکی (محکم) هەبێت لە قورئان یان سوننەت یان ئیجماع.

دووەم/ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، تاوەکو هەندێکیان باڵ نەکێشێت بەسەر هەندێکیاندا.

سێیەم: سەرۆکی دەوڵەت ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا هەڵدەبژێردرێت و ماوەی فەرمانڕەواییەکەی دیاریدەکرێت، بۆئەوەی کەس تا مردن بە سەرۆک و فەرمانڕەوا نەمێنێتەوە.

چوارەم/ ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بەشێکی گرنگ و زیندووە لە ژیانی پەرلەمانی سیاسی.

پێنجەم/ فرەلایەنی حیزبی پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە، چونکە (مالایتم الواجب الا بە فهو واجب))، ڕوون و ئاشکرایە کە دادپەروەری و ئازادی لە سایەی سستمی یەک حیزبیدا بەدەست نایەت و جێگیر نابێت.

شەشەم/ هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل لە پەرلەمانێکی ئازاد و ئازادا.

حەوتەم/ ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕادەربڕین و فیکر و بیروباوەڕ.

هەرکات هەر هێزێکی ئیسلامی باوەڕی بەم حەوت پرینسیپە هەبوو، ئەوکاتە دەبێتە یەکەمەکانی ئەوانەی ناویان تۆمار دەکەن لە لیستی ئەوانەی نمونەیەکی کرداری دەبن بۆ حوکمێکی ئیسلامی کە ئاواتمانە.

## سەرچاوەکان


١- د.اسماعیل الشطي: الاسلامیون و حكم الدوله الحدیثه.

٢- ویكیپیدیا.

٣- ابراهیم خلیل علیان: الدوله الدینیه والدوله المدنیه.

٤- یوسف القرضاوي: هل هناك مایسمی في الاسلام بالدول المدنیه؟

5- مصطفی فهمي عبدة: الدولة الدینیة والدولة المدنیة، 2011.

6- محمد جبار: القرق بین الدولة العلمانیة و الدینیة و المدنیة، 2011.

7- غازی التوبه: ماهیه الدوله المدنیه؟ (الجزیرة نت)

8- د.سامي عباس: الدولة المدنیة.

9- راشد الغنوشي: الحریات العامة في الدولة الاسلامیة، 1993.

10- چەند سایتێکی ئینتەرنێت.



# ڕۆڵی میانڕەویی لە سەقامگیریی کۆمەڵگادا



**شیروان شەمێرانی**

نووسەر و توێژەر بەکالۆریۆس لە فکری ئیسلامی.

بەڕێوەبەری کۆربەندی جیهانی میانڕەویی کوردستان.

خاوەنی ٤ کتێبی چاپکراو.

**ئەم بابەتە لە پێشەکییەک پێکدێت کە باس لە میانڕەویو توندڕەوی دەکات وەک دوو چەمکو دوو شێوازی ژیانی بەرامبەر یەکتر، لەگەڵ سێ بابەت قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە میانڕەویی چ ڕۆڵێک دەبینێت لە پاراستنی کۆمەڵگا لە ئاژاوەگێڕیو بەرپاکردنی سەقامگیریو بەرجەستەکردنی گیانی پێکەوە ژیانێکی سەردەمیانە، ئەوانیش بابەتەکانی فکریی،ـ دەروونیو کۆمەڵایەتی (جیاوازەکان)و سیاسیو مامەڵەکردنە لەگەڵ یەکدی و کۆتاییەک..**

## میانڕەوییو توندڕەویی

میانڕەویی(وەسەتییەت - ئیعتیدال)، واتایەکی فراوانە هەموو چمکو چەمکەکانی ژیان دەگرێتەوە، چەندەها زاراوەی هاوماناش هەن هەمان واتا دەدەن، یان تەنها ئاماژە بە بەشێکی دەکەن، ئەوەی ئێمە مەبەستمان بێت لێرەدا ئەو بەشەیەتی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە باتەکەمانەوە هەیە، ئەویش سەقامگیری کۆمەڵگایە کە دەکرێت بە میانڕەویی(ئیعتیدال) تەعبیری لێبکرێت، بۆیە میانڕەویی لای ئێمە لەم باسەدا بریتییە لە:

(مامەڵەکردنو گرتنی ڕاستییە فکرییو کردەییەکان لە ژیاندا و پێدانی سەنگو مافو نرخی خۆیان بێ زیادو کەم، بێ بەرزو نزمی، لە ژیانی تاک یان کۆمەڵگادا)، واتە ئەو بۆچوونەی وا دەزانێت کە میانڕەویی بریتییە لە گرتنی هەڵوێستێکی نێوەندگیری ڕووت، بەرامبەر ڕوداوو کایەکانی ژیان ئەوە بۆچونێکی هەڵەیە، بەڵکو هەڵوێستی ڕاستو دروست بریتییە لە گرتنی حەقو ڕاستییەکان لە هەردوو لاکانەوە بێ خۆدان بەملاو لادا، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت (وكذلك جعلناكم امة وسطا لتكونوا شهداء على الناس ويكون الرسول عليكم شهيدا) واتە امة عدلا.. بۆیە میانڕەویی کۆکەرەوەی ڕاستییەکانی هەردوو جەمسەری هاوکێشەکانە، ـ الوسطية الجامعة ـ، ئیمامی شاتبی لە موافقاتەکەیدا دەفەرموێت (ألأخذ من الطرفين دون الميل لاحدهما) واتە نابێت بەهیچ هۆیەک تۆ بێیت و پێوەرەکان بشوێنیت و مافی لایەک پێشێل بکەیت بە بیانووی میانڕەوەیی و ئیعتیدال، بۆ نموونە ئەگەر کێشەیەکت لەبەردەستدا بوو واپێویستی دەکرد هەڵوێست وەربگریت، دەبێت بەگوێرەی بوونی حەقو ڕاستی لە هەر لایەک تۆ هەڵوێستی خۆت وەربگریت، ئەگەر لە 70%ی ڕاستی لە لایەک بوو 30% یش لە لاکەی تر ئەوکاتە میانڕەویی ئەوەیە کە تۆ لە 70% لەلایەک نزیک بیتو 70% لە لاکەیتر دوربیت، نەک بێیتو لە ناوەڕاستدا ڕاوەستیت بەبیانووی میانڕەوی، هەندێک دەڵێن ئەگەر زانایەکت بینی لە نێوان ستەمکارو ستەملێکراودا دارەکەی لە ناوەڕاستەوە گرتبوو بە پاساوی میانڕەوی، ئەوە دارەکەی لە دەست وەرگرە و لە خۆی بدە، چونکە ئەوە نەخۆشە نەزانایەو نە میانڕەو..

هاوسەنگیش هەر بەو واتایە دێت، کە

پێوەرەكان وەک خۆیان كار بكەن، نەک تێكبدرێن، (ألأخذ من الطرفين دون الميل لاحدهما)، ئیتر ئەم پێوەرە ئایا لە جیهانی فكردا بێت، یان لە جیهانی كارو كردەوەو مامەڵەكردندا بێت وەک ڕاستییەكی بونەوەری، چونكە یەكێک لەو بنەمایانەی كە خوای گەورە بونەوەری لەسەر دروستكردووە بریتییە لە ئەندازەیی(القدرية)، لە چەندین ئایەتی قورئاندا باسی لەم ئەندازییە كردووە وەک بنەمایەک ڕەچاوكراوە لەكاتی بونیاتنانی بونەوەردا،(وكل شيء عنده بمقدار)، هەموو شتەكان لای خوا بە ڕێژەو ئەندازەیەكی دیاركراوە...

لە بەرامبەردا ـ غلو-بە مانای زیادەڕۆیی- یان زیادەڕەوی- دێت، غلویش دوو ئاراستەی هەیە، یان زیادەڕەوی بۆ سەرەوە یان زیادەڕەوی لە ئاسانكاریدا بەبیانووی میانڕەوی تا ئاستی دەست لێبەردان (تقصير).. زیادەڕەویو توندوتیژی حاڵەتێكی دەروونی عەقڵییە لە كردەوەكانی مرۆڤو لەو دیدو بۆچونانەی هەڵیگرتووە دەردەكەوێت، ئیتر ئایا تاک بێت یان گرووپێكی ئایینی بێت یان عەلمانی و لائیكی.. ئەویش بریتییە لە زیادكرنی نابەجێو قبوڵنەكردنی ڕێژەیی شتەكان، یان لەدەستدانو دەستەبەرداریو كەمكردنەوەی نابەجێو قبوڵنەكرادنی ئەندازەیی شتەكان، بە هەردوو دیوەكەدا توندڕەوییە، لە پابەندبوونی زیاد لە سنور یان بە دەستبەردان، ئەویش هەروەک میانڕەویی گۆی كایەكانی ژیان دەگرێتەوە، لە ئاستی بیروبۆچوندا یان لە ئاست كارو مومارەسەی ژیاندا... زیادەڕۆیی (غلو)، یان كەمڕەویو كەمكردنەوە-(تقصير)، شتەكان دەشێوێنێت و هاوسەنگییەكە تێكدەدات ئەو كاتە میانڕویی و دروست ڕەوییەكە تێكدەچێت و دەبێتە سەرەتاییەک بۆ ئاڵۆزیو ئاژاوەگێڕی، چونكە هیچ شتێک لە شوێنی خۆیدا نامێنێت... بۆ

نمونە:-

١- ئەو توێژەی ئۆزۆن كە چواردەوری گۆی زەوی داوە .... خوای گەورە بەشێوەیەک ئەندازەكەی دیاریكردووە كە هاوسەنگی ژیان بپارێزێت لەسەر بنەمای (وكل شي عنده بمقدار)، كەمكردنەوە لێی واتە شكاندنی چەندێتی ئەو دیوارە غازییەی كە وەک توێكڵێک وایە بۆ زەوی و ئەوەش دەبێتە مایەی زیادبوونی ئەو ڕێژەیەی تیشكی خۆر كە دەگاتە سەر زەوی، ئەوەش نەخۆشی پێست بڵاودەكاتەوە بەتایبەتی نەخۆشی شێرپەنجە.. خۆ لە بەرامبەردا ئەگەر ئەو توێژە غازییەی ئۆزۆن ئەستورتر بوو ئەوەش دەبێتە مایەی وشكبوونی زەویو زیادكردنی ڕێژەی وشكاییو دەشتی بێ ئاوو لەناوچوونی توێكڵی ئاویی..

٢- لە ژیانی كۆمەڵایەتیشدا بەهەمان شێوەیە، لە ژیانی هەموواماندا ئێستا دیاردەی زیاد بەكارهێنانی ئامێرە ئەلكترۆنییەكان هەیە، بەكارهێنانی ئەو ئامێرانە لە تەلەفۆنو ئایپادو كۆمپیوتەر سنوری ئاسایی خۆیی بەزاندووەو زۆرجار وەک نەخۆشییەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت.. ئەمە لەگەڵ ئەوەی كە هۆكاری پەیوەندی كردنی بەتەواوی بۆ ئاسان كردوینو وەک سەرچاوەیەكی زانیاری دەستخستن بەكاری دەهێنین، لە بەرامبەردا زیادەڕۆیی لە بەكارهێنانیدا ژیانێكی ساردو سڕی پێ بەخشیوین، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی لاواز كردووە، لەلایەكی تریشەوە كوشتنی ڕۆڵی مرۆڤ لە زۆر كایەی ژیاندا، تەنانەت لە زۆر جێگادا بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكان پێویستمان بە مامەڵەكردن لەگەڵ مرۆڤدا نییە، بەڵكو بوونی چەند ئامێرێک بەسە بۆ جێبەجێكردنی كارەكەمان..

ئەمانە نمونەن بۆ خراپیەكانی توندڕەویو

زیادەڕۆییو شکاندنی هێڵی ڕاستی تەندروستی ژیان، پاشان تێکدانی کۆی کایەکان، شتەکان لە جێگاو پێگەی خۆیاندا نامێنن، بەوەش ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا تێکدەچێت و ڕێگای ڕاستو دروست ون دەبێت..

پاش ئەم پێشەکییە، بە پێویستی دەزانین چەند بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی کۆمەڵگا باس بکەین، کە تەنها بە میانڕەویی سەقامگیرییان دەپارێزرێت....

## یەکەم/ میانڕەوی و سەقامگیری عەقڵی فکری

دەروونی هاوسەنگو ئارام عەقڵێکی هاوسەنگ دروست دەکات، بەپێچەوانەشەوە، میانڕەویی عەقڵێکی لەسەرخۆو ئارام، هێمنو هاوسەنگ، دور لە گرژیو توڕەییو هەڵچوونو شەڕەنگێزی پێکدەهێنێت، هەروەها لە داخراوی و بەخۆدا پێچراوییو ڕقو کینە بەرامبەر ئەوانیتر دەیپارێزێت، هەربۆیە تێگەیشتنێکی میانڕەوانەی ئیسلام بەردەوام زامنی لەناوبردنی عەقڵ و فیکرە ئاژاوەگێڕیی و توندڕەوییەکانە، کاریگەرترین فاکتەرێک بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجە دەروونی و ئەخلاقییەکان هاوسەنگی و میانڕوییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خێرو شەڕدا، لەگەڵ چاکەو خراپەدا، لەگەڵ دۆست و دوژمندا، لەگەڵ مسوڵمانو نا موسوڵماندا، لە خۆشیو ناخۆشیدا...، هەر هۆیەکیش ئەنجامەکەی تێکدانی باری دەروونی ئادەمیزاد بێت لە ئیسلامدا نەهی لێکراوە، ئەگەر لەژێر پەردەی بەندایەتی خواشدا بێت... چ لە ئاستی تاک یان لە ئاستی کۆمەڵدا.

لە ڕوانگە تیۆرییەکەیەوە، دورکەوتنەوە لە حوکمدانو قەزاوەتکردن بەسەر خەڵکدا، خۆبەدورگرتن لە بەشینەوەی بڕیارەکانی بە کافرکردنو بە بیدعەچی ناساندنو، جوزئی کردن بە کوللیو سوننەت کردن بە فەرزو، ئەو پرسانەی کە لە دەرەوەی عەقیدەن بخرێنە ناو بنەماکانی عەقیدەوەو لێپێچینەوەی خەڵکیان لەسەر بکرێت.. ئەسڵ لەمانەشدا بریتییە لە ئەو ئایەتو فەرمودانەی کە نەهی لە زیادەڕەویی و توندڕەوی لە فیکرو تێگەیشتندا دەکەن، لە وێنەی(لاتغلوا في دينكم)، پێغەمبەر(د.خ)-دەفەرموێت:(هلك المتنطعون)و(اياكم والغلو في الدين فلن يشاد الدين احد الا غلبة)، هەروەها وەک دکتۆرێکی بە بەزەیی مامەڵە لەگەڵ گوناهباردا بکرێت نەک ناردنی بۆ دۆزەخ، کاری ئیرشادو ئامۆژگاری بگیرێتەبەر... لەگەڵ جیاوازەکانیشدا دان بە بوونیاندا بنرێت... میتۆدی دۆستایەتیو هاونیشتمانیو ئولفەت لەگەڵ کۆمەڵگادا پەیڕەو بکرێت، نەک سەنگەرگرتن لێی..

لە ڕوانگە کردەییەکەیشیەوە، دوو تایبەتمەندی فکری دەروونی هەن، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە دامەزراوەیی عەقڵو تۆکمەیی بڕیارەکانییەوە هەیە، لەگەڵ ئەوانیتردا مرۆڤ لە ستەمو زیادەڕویی و توندڕەویی دەپارێزێت، ئەویش دورییە لە مبالەغەو، ئینساف خەرجاندنە..

بۆ ئەوەی کە عەقڵێکە بابەتی بە ئینساف هەبێت، بڕیارو هەڵسەنگاندنەکان دادپەروەرانە بێت، هەرکەس و هەرشتێک مافی خۆیی پێبدرێت، پێویست دەکات لەقسەکانتدا ئینسافت هەبێت، ئەمەش لە خسڵەتی هاوسەنگییەوە سەرچاوە دەگرێت..

موبالەغە: موبالەغە دوو ئاڕاستەی هەیە، یان زۆر گەورەکردن و بەرزکردنەوە و مەدح کردنی کەسێک یان مەزهەب و فکرێک بە شکڵێک لە ڕاستی خۆی دەریدەکات، شتانێک دەداتە پاڵی کە لە بنەڕتدا نییەتیو نەیبووە، ئەمەش هەروەک چۆن لە ئایینەکاندا بەتایبەت لە شوێنەکەوتوانی

مەزهەبە فکریی و فیقهییەکاندا لە مێژوودا زۆر بووە، بەهەمان شێوە لە جیهانی سیاسەت کردنیشدا هەیە، لە کۆتاییدا دەمارگیری بۆ ئەو مەزهەبە دروستدەبێت و پەڕگیری و داخرانێک بەرامبەر ئەوانیتر، لە سیاسەت کردنیشدا مشەخۆری و گەندەڵی بەرهەم دەهێنێت..

ئاراستەی دووەم، موبالەغە لە خراپ وێناکردندا، بەرامبەر نەیارەکان، ئەمیش لە هەردوو مەیدانی ئایینو سیاسەتدا هەیە، دەرەنجامی دەمارگیرییو پەڕگیرییە، هەروەها توندڕەوی لێدەکەوێتەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازەکاندا، بەڕەشو قێزەون وێنا دەکرێن و ماف و بەهای خۆیانیان پێ نادرێت، لەکۆتاییدا ستەم بەرهەم دێت... لە وێنەکانی موبالەغە (گشتاندن)ە لە حوکمداندا، وەک بڵێی فلانە کەس یان فلانە گرووپ و کۆمەڵ سەرتاپا خراپن و بۆیەوە ناشێت لێیان نزیک ببیتەوە، لە ئەنجامدا دەرگا بەسەر پەیوەندیکردن لەگەڵ توێژێکی کۆمەڵگادا دادەخرێت و کەلێنەکان فراوانتر دەبن..

لە بەرامبەر موبالەغەدا، ئینساف دێت... ئینساف لە فرە ڕەنگیو ئاوێتەییو ئاڵۆزی کەسەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ژیان زۆر تێکەڵو ئاڵۆزە، قورسە بە ئاسانی شتەکان یەکلایی بکرێنەوەو بڕیاری شەڕ یان خێر بدرێت، (وەک وێنەیەکی زەیتی وایە نازانی چ کات یەکێک لە ڕەنگەکان کۆتایی پێدێت تا ئەویتر شوێنی بگرێتەوە، ئینساف لەو حاڵەتەدا بریتییە لە دەرک کردنی جیاوازی نێوان ڕەنگەکان، ژیانی مرۆڤیش بەهەمان شێوە ئاڵۆزە، پێویست بە جیاکردنەوەو وردکردنەوە دەکات تا بەجوانی تابلۆکە ڕوون بێتەوەو دەربکەوێت)، خوای گەورەش لە قورئاندا نمونەی ئینساف خەرجاندنی بۆ باسکردوین، ئەوەتا لە هەڵسەنگاندنی ئەهلی کیتابدا دەفەرموێت

(ليسوا سواء من اهل الكتاب امة قائمة يتلون كتاب الله آناء الليل وهم يسجدون). ئال عمران(75)

واتە: وەک یەک نین، یەک جۆرو چەشن نین، لە ئایەتێکی تردا، کاتێک باسیان دەکات خەسڵەتە باشەکانییان پێش خراپەکانییان دەخات (ومن اهل الكتاب من ان تامنة بقنطار يؤده اليك ومنهم من ان تامنه بدينار لايؤدة اليك الا مادمت عليه قائما).. ئەم هاوسەنگییە لە هاوسەنگی عەقڵ و دەروونەوە سەرچاوە دەگرێت، میتۆدێکی دادپەروەرانەیە لە مامەڵەکردندا..

### دووەم/ میانڕەوییو سەقامگیری سیاسی

باوکی پشێوی لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا سیاسەتە، کە دور لە هەموو پێوەرێکی ئاسایی مومارەسە دەکرێت، ئەوەی کە لێرەدا بمەوێت بیلێم، (3) خاڵە:-

1-ڕژێمەکان.. حکومەتەکان .. دەسەڵاتداران، بێگومان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی بیری توندڕەوی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بریتییە لە درندەیی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان، ئەوان هۆکارێکی بنەڕەتین بۆ دروستبوونی بیری توندڕەویی بەهۆی نادیموکراسی بونیان کە لە کۆتاییدا سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەتەواوی هەڵدەگرێت. ڕژێمەکان جەمسەری سەرەکیو دووەمی هاوکێشەکەن بۆ فەراهەمهێنانی دۆخێکی سیاسی جێگیر لە وڵاتدا، بەکرانەوەو ئیدارەکردنی ئەو قەیرانو ململانێیانەی لە نێوان کاراکتەرەکاندا ڕودەدات، بەشێوەیەک دوربێت لە توندوتیژی، واتە بە پەیرەوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی ڕێز و کەرامەتی ئادەمیزادو دادپەروەری لە بەردەم یاساو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەتایبەت لە زیندانەکاندا، کە هەرچی

هونەری نامرۆیی هەیە بەکاردەهێنرێت...

-2لە بنەما نەگۆڕەکانی کاری سیاسی کۆمەڵایەتی، پەنا نەبردنە بۆ توندوتیژی وەک ڕێگایەک بۆ دەستخستنی ئامانجەکان لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە... واتە نابێت لەژێر هەر پاساوێکدا بێت توندوتیژی بەهەر ئەندازەیەک بێت لە خەباتی سیاسیدا بەکاربهێنرێت، لە پەیرەو و پرۆگرامی میانڕەوەکاندا توندتیژی چەک تەنها بەرامبەر دوژمنی دەرەوە بەکاردێت، نەک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەو ململانێ نێوخۆییەکان، بۆیە هەر حیزبێک پەنای بۆ توندوتیژی برد لە کایەی سیاسیدا ئەوە شەرعییەتی یاسایی لەدەست دەدات، دەبێت هۆکارە مەدەنییەکان تەنها ڕێگاو میکانیزمی هەڵبژێرراو بن بۆ دەستخستنی مەرامەکان، لە هەڵبژاردنو خۆپیشاندانو کاری ڕێکخراوەیی‌و نوسین... هتد، لە چوارچێوەی یاسایەکی مرۆڤدۆستی ئازادیخوازدا، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بزاڤی ئیسلامی میانڕەو بەیەکجاری توندوتیژی لە فەرهەنگی کارو خەباتیدا سڕیوەتەوە...

ئەگەر ئەمە بەمشێوەیە بێت ئەو کات ئارامی لە کۆمەڵگا نابڕێتو هەمیشە جیاوازەکان پێکەوە ململانێیەکی مەدەنییانە دەکەن لە گۆڕەپانداو جەماوەریش کۆتا بڕیار دەدات.. ئەم ڕێگایە لە نێوان توندوتیژی‌و خوێنڕشتن لەلایەکو تەسلیم بوون بە واقیع لەلایەکی ترەوە دێت..

-3دورکەوتنەوە لە گوتاری ئیستیفزازی، بەداخەوە گوتاری سیاسی‌و میدیایی ئێمە لە کوردستاندا توندوتیژ و ئاڵۆزە، هەمیشە بەدوای وروژاندنی هەستەکاندا دەگەڕێت، بەردەوام لە هەوڵی جوڵانی هێزی بازودایە زیاتر لە هێزی عەقڵ.. لەکاتی قەیرانەکانیشدا بەشێوەکی هاوسەنگو میانڕەو ئاخاوتن ناکەن..

## تێگەیشتنێکی میانڕەوانەی ئیسلام بەردەوام زامنی لەناوبردنی عەقڵ و فیکرە ئاژاوەگێڕیی و توندڕەوییەکانە

زۆرجار گوتاری سیاسی بە دەستئەنقەست، هەوڵی ئازاردانی هەستی نەیارەکانی دەدات، بەتایبەت نەیارە ئیسلامییەکان، لە کوردوستاندا ئەمە ڕوویدا، چ لە کاردانەوەی ڕووداوەکانی دەرەوەدا وەک کودەتا سەربازییەکەی میسر، یان ڕووداوەکانی ناوخۆ، کە هەموو دەزانین چۆن جەماوەری هەر لایەکی دژی لاکەی تر هاندەدا، ئەوەش بە شەڕی ڕاگەیاندن ناودەبرێت، چونکە هەمیشە لە هەردولا خەڵکانێکی توندڕەو هەن کە ئامادەن وەڵامی ئەو گوتارە ئیستیفزازییە بە کارێکی چاوەڕواننەکراو بدەنەوە، هەروەک چۆن گەنجێکی مسوڵمانی توندڕەوی وەک محەمەد بوێری بێ دڵەڕاوکێ(ڤان کوخ)ی دەرهێنەری فیلمی سینەمایی گاڵتەکەری بە پێغەمبەری ئیسلام کوشت..

### سێیەم/ سەقامگیری کۆمەڵایەتی

لە ڕوانگەی فیکری ئیسلامی میانڕەوەوە، چەند بنەمایەک هەن، دەبنە مایەی فەراهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی سەقامگیرو لە دەرەوەی جیهانی فیکری میانڕەویش دەست ناکەون، گرنگترینیان ئەمانەن:-

-1فرەیی.. تەنها خودا یەکە، ئیتر کۆی دروستکراوەکان دوانەو فرەن، هەمەچەشنەو

# یەکێك لەو بنەمایانەی کە خوای گەورە بونەوەری لەسەر دروستکردووە بریتییە لە ئەندازەیی(القدرية)

فره جۆرن، فرەیی واتە بینیی دیدو بیروبۆچونو رەنگە جیاوازەکانو داننان بە بونییان، ئیقرارکردن بە بوونی جیاوازەکان واتە مافی دروستبونی جیاوازی و چەند رەنگی لە کایەکانی فیکر و سیاسەتداو نەمانی بەیەک چاو بینین و عەقڵییەتی داپلۆسین، لەوکاتەشدا هەموویان بەیەکەوە چەند بژاردەیەک لە بەردەم جەماوەردا نمایش دەکەن و بە مەدەنییانە جەماوەر هەڵوێستە دەکات بە دور لەوەی کەسێک پروپاگەندەی خاوەندارێتی رەهای راستییەکان بکات. توندرەوانە و بەزەبری هێز هەوڵی سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆی لە رێگای دەوڵەت یان هەر پێکهاتەیەکی ترەوە نادات و مافی جیاوازی لە مرۆڤەکان وەرناگرێتەوە، لە بەرامبەردا نەبونی فرەیی و جێگیر نەبوونی وەک بنەمایەکی فکری و سیاسیی و کۆمەڵایەتی دۆخی کۆمەڵگا بەرەو خنکاندن و تەقینەوە دەبات..

2. دۆستایەتیو تەئالوف، گەران بە دوای هاوبەشەکاندا، گوتاری سیاسی کۆمەڵایەتی میانرەو گوتارێکی پر هیوا و دۆستانە و دڵسۆز و بەبەزەییە، هەوڵی یەکخستن و گەرانە بەدوای خاڵە هاوبەشەکاندا لەکاتی ئاخاوتنی کۆمەڵگا بەگشت پێکهاتەکانییەوە، (ادعو الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم باللتي خي احسن)، (لاتستوي الحسنة ولا السيئة ادفع باللتي هي احسن فاذا الذي بينك وبينه عداوة كانه ولي حميم)، ئەمە لەکاتێکدا کە پرسەکان لە چوارچێوەی ململانێیەکی مەدەنییانەدا بمێننەوە، بە دور لە کوڵنجو شەرفرۆشتن، بەڵام بێ نمایشکردنێکی زەلیلیانەی خود..

میانرەوییو خاوەن ئایینەکانی تر

هەڵوێست لە خاوەن ئایینەکانی تر هەر لە چوارچێوەی ئیقرارکردنی مافی جیاوازیی و فرەییدا دێت، ئەوەی کە ئێستا دەیبینین لەلایەن گرووپە توندرەوەکانەوە دەرهەق بە هەڵگرانی ئایینەکانی تر دەکرێت لە رۆح و دەقەکانی نیگای خواییەوە دورە...

لە قورئاندا خوای گەورە لە ئایەتێکدا باس لە شوێنی خواپەرستی نا مسوڵمانەکان دەکات و دەفەرموێت (ولولا دفع الله الناس بعضهم ببعض لهدمت صوامع وبيع وصلوات ومساجد يذكر فيها اسم الله كثيرا)، واتە ئەگەر خوا بەو ململانێو کێبرکێیەی ناو کۆمەڵگاکان هەندێکی لانەدایەو هەندێکی تری نەهێنایە، ئەوە مزگەوتانێک کە ناوی خوایان بە زۆری تیادا دەهێنرێت دەرووخێنران... لەم ئایەتەدا ئەوە دەردەکەوێت کە خوا یەکێک لە حیکمەتی ململانێی کۆمەڵگا هێشتنەوەی پەرستگاکانی خاوەن ئایینەکانی ترە .. دووەم، خوا مزگەوتی لە دوای شوێنگەکانی ترەوە هێناوە وەک ئاماژەیەک بە مافی ئەوانیش لە بونداو ئازادییان لە پێش مسوڵماناندا، سێیەم، بە هەموویانی فەرمووە:( يذكر فيها اسم الله كثيرا)، ناوی خوایان زۆر تیادا دەهێنرێت، هەروەها پێغەمبەر لە مزگەوتەکەی خۆیدا مۆڵەتیدا بە مەسیحییەکانی نەجران کە روو بکەنە قودس و عیبادەتی مەسیحییانەی خۆیان بکەن.. لە مێژووشدا نمونەی بەرجەستەکراو هەن،

که بەڵگەن لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی میتۆدێکی میانڕەوەوە.

لەگەڵ خاوەن فکرە مرۆییەکاندا

هەر لە چوارچێوەی فرەیی‌و مافی بوونی جیاوازییەکاندا، پرۆگرامی میانڕەو مامەڵە لەگەڵ فکرە بەشەرییە دانراوەکاندا دەکات، لەناو بازنەی ململانێیەکی ئاشتییانەی کۆمەڵایەتیدا، لە ڕێگای میکانیزمە مەدەنییەکانەوە، نەک داپڵۆسین..

بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتی فکریی لەگەڵ ئەوانی تردا، لە ڕوانگەی سلوکی ئیسلامییەوە، مرۆڤ لە حاڵەتی جەنگدا نییە لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا، جنێو بداتو تورەبێتو دڵی پڕبێت لە کینەو پەستان بخاتە سەر جیاوازەکان، لە کۆتاییدا لەنێو جەنگێکی دەروونی عەقڵی بژی لەگەڵ خۆیداو هەمیشە ئامادەبێت تا بدات بەسەر سەرجەم ئەوانەی دیدوبۆچوونیان لەگەڵ ئەودا ناگونجێت، فکری ئیسلامی میانڕەو ڕێز لە فکر و ئازادی ئایدیاکانی تر دەگرێت، لەگەڵیاندا دەژی دور لە هەر نەفەسێکی پەستان خستنەسەرو ناشرینکردن و هەوڵی لەناوبردن لەڕێگای زۆرلێکردنەوە(وجادلهم باللتي هي احسن..).

دیالۆگی زانستی لەسەرخۆی هێمن، بەمەستی لێکتێگەیشتن تاکە هۆکاری پەیوەندیکردن دەبێت لەگەڵ نەیارەکاندا، دیالۆگیش بنەماو ئادابی خۆیی هەیە، گرنگرینیان گەیشتن بێت بە ڕاستییەکان، دوربێت لە ناوزڕاندن و ناشرینکردن، ئەوانەی تەنها بۆ قسە و سوککردنی بەرامبەر گفتوگۆ دەکەن، وەک ئەوەی لە میدیاکانی کوردستاندا دەبینرێت، ئەو شێوازە بە تەواوی دورە لە دیالۆگ و وتوێژکردن، دەبێت خۆ دوربگیرێت لەو جۆرە کەسانە، چونکە قسەیان تەنها بۆ قسەیە نەک بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان.

**لەکۆتاییدا**

- ئەوەی کە وتمان ئەگەرچی لە سۆنگەی میانڕەویی ئیسلامییەوە داڕێژراوە، بەڵام میانڕەوی دەبێت لە گشت کاراکتەرەکانی ناو کۆمەڵگادا هەبێت، ئەگەرنا هەرگیز بەلایەک سەقامگیری کۆمەڵگا فەرهەم نایەت..

- دەوڵەت دەبێت دیموکراتی بێت، مافی تاک و کۆ بپارێزێت، نەبێتە ئامێرێک بەدەست گرووپ یان حیزبێکەوە بۆ خۆسەپاندن و پاکتاوکردنی ئەوانی تر، بنەماکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی لە دامودەزگاکانیدا پارێزراوبێت، قەیرانەکان لە ڕێگای ململانێی مەدەنییانەوە یەکلایی بکرێنەوە نەک بە زۆرو داپڵۆساندن و تۆقاندن..

- گرووپ و لایەن و کاراکتەرە عەلمانییە لائیکییەکانیش بەهەمان شێوە، لە چوارچێوەی ململانێی فکریدا مامەڵە لەگەڵ جیاوازەکاندا بکەن، وەک شتێکی نامۆ وێنایان نەکەن، هەموویان ئەندامی یەک کۆمەڵگان، ئەگەر بە دانانن بە بوونی جیاوازییەکان لەسەر بنەمای فرەیی فیکری سیاسی جوڵەی خۆیان نەکەن، ئەوە لەکۆتایدا کۆمەڵگایەکی ناسەقامگیر دروست دەبێت، کە پڕە لە کێشە و قەیران، پڕە لە دودڵی‌و بێ متمانەیی، چ لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا، یان لە نێوان دەوڵەت و حکومەت و گەل دا...

# تەوەری داهاتوو

## (تەکفیر، چەکی قۆرخکردنی ئایین)

گۆڤاری خاڵ، بابەتی (تەكفیر، چەكی قۆرخكردنی ئایین) دەكاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەكە، لەو چوارچێوەشدا دەخوازێت لێكۆڵینەوە لەم بوارانەدا بكرێت:

١- چەمكی تەكفیر، ڕیشەی مێژوویی.
٢- هۆكارەكانی سەرهەڵدان و گەشەكردنی تەكفیر.
٣- پرەنسیپ (ضوابط)ی تەكفیر لە شەریعەتی ئیسلامدا.
٤- ڕۆڵی زانایان و ناوەندە ئیسلامییەكان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەكفیر.
٥- كاریگەری تەكفیر لەسەر تێكدانی ئاشتی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی موسڵمانان.
٦- چۆن ڕووبەڕووی تەكفیر ببینەوە؟

داواكارین لە نووسەرانی بەڕێز، لێكۆڵینەوەكانیان لەو بوارانەی ئاماژەیان پێدراوە تا (٢٠١٦/١١/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەكە و بە ڕێنووسی یونیكۆدیش بنووسن.

**گۆڤاری خاڵ**



# سستمی سیاسی ئیسلامی
# لەلای بونیاگەراکان و سەلەفییەکان


**ئیمداد تەها**

لەدایکبووی ١٩٩٠

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.

چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە

**لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت لە چەمکی بونیادگەرای بکۆڵینەوەو هێزو بزوتنەوە سیاسَیە بونیادگەراکان و هۆکاری سەرهەڵدانیان باس بکەین، پاشان باس لە پەیوەندَیان دەکەین بە سەلەفییەتەوە، کە ئەمڕۆ زۆرێک لە بزوتنەوە بونیادگەراکان، هەڵگری عەقیدەی سەلەفیین و، بونیادگەرایی و سەلەفیەت بونەتە دوانەیەکی لێک جودانەبوّوە، پاشان کەمێک لەبارەی هۆکارە سیاسییەکان لە دەرکردنی فەتوای شەرعیدا باس دەکەین.**

زاراوەی بونیادگەرایی (الأصولية)، بریتییە لەو دەستەواژەیەی لە ڕۆژگاري ئەمڕۆماندا بەکاردەهێنرێت بۆ وێناکردني بزوتنەوەیەکي ئاینی سیاسی کە هانی شوێنکەوتووانی دەدات بۆ دەستگرتن و گەڕانەوە بۆ بنەما سەرکییەکاني ئەو ئاین و ڕێبازەی کە باوەڕیان پێیەتی و خۆیان پێوە پابەند کردووە(١). مێژووي سەرهەڵداني زاراوەی ئوسولیەت وەک یەکێک لە زاراوەکاني سەردەم، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوتی ئاینی پرۆتستانتی مەسیحی، لە سەدەی نۆزدەی زاینی، ئەم ڕێبازە ئاینییە کاری بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەو بیروباوەڕەی دەکرد کە پێیوایە بۆ جاري دووەم عیسای مەسیح سەلامی خوای لێبێت دەگەڕێتەوە سەر زەوي. سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەی ئوسولیەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زنجیرە بلاوکراوە و کتێبانەی کە دەردەکران لەژێر ناونیشانی «نشرات الأصول وخلفاؤهم المباشرون»، کە لە ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی (١٩١٠ – ١٩١٥) بلاوکرانەوە. زاراوەی ئوسولَی تێدا بەکارهات بەمانای بنەما سەرەکییەکانی عەقیدە لە وەحی و بەڵگەکان، لەگەڵ ئەو بۆچونەی کە عیسا بەخودا دەزانێت و هەموو ئەو بیروبۆچونە نەگۆڕانەی لە ئاینی مەسیحیەتدا هەن(٢). هەروەها ئەم بزوتنەوە ئاینییە لەو بارودۆخە قەیراناویەی ئەمەریکادا سەریهەڵدا هەموو بوارەکاني ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری گرتبۆوە. هەروەها ئەو ترسە زۆرەی کە گیاني ڕابەران و شوێنکەوتواني کەنیسەی پرۆتستانتی داگرتبوو، کە داهاتوویەکی نادیار چاوەڕێی دەکردن. ئەتوانین بڵێین ئەم بزوتنەوە ئوسولّیەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستی ترساو بوو لە ئازادي مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی سەرمایەداری، هەروەها دژایەتی بیرۆکەی داروینیزم و هەموو ئەو لێکدانەوانەی دیکەی دەکرد کە دەرخەری پەیوەندی مرۆڤ بوون بە سروشتەوە(٣).

## تایبەتمەندییەکانی ئوسولّیەتی مەسیحی

تایبەتمەندییەکانی خۆي لە سێ خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، ئەوانیش(الشمولية، والنصوصية، والانحياز المطلق).

شمولیەت: واتە هەر ڕووداو و پێشهاتێک ڕوبدات لە دونیادا ئەوا یاسا و حوکمی تایبەت بەخۆی هەیە لە ئاینڈا. نصوصیەت: واتە دەستگرتن بە دەقە ئاینیەکانەوە بەشێوەیەکی ڕوکەشانەو بەبێ لێکدانەوەو تێگەیشتن لە ماناو مەبەستی ناوەڕۆکی دەقەکان. والانحياز المطلق: واتە قەدەغەکردنی پرسیارکردن لە بنەما سەرەکیەکان و ڕەتکردنی هەر بۆچونێکی بەرهەڵستکارانە. ئەم ڕەوتە ئاینیە لەنێو هەندێک لە لایەنگرانی پارتی کۆماری ئەمریکادا دەبینرێن و داکۆکیکارێکی سەرسەختی بەهاکانی خاچپەرستین لە پیادەکردنی سیاسەتدا(٤).

## بونیادگەرایی ئیسلامی

بیرمەندان لە ناساندنی بونیادگەرایی ئیسلامیدا وتویانە، دەستگرتنە بە تێکرای قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (د.خ) لەگەڵ چاوپۆشین لەو ماوە درێژەی لە نێوان دابەزین و هاتنە نێو دونیای ئایەت و فەرمودەکانەوە بۆ دنیای ئیسلام، بەبێ گوێدانە ئەو گۆڕانکارییانەی لە ژیانی خەڵکدا ڕوویانداوە. هەندێک لە بیرمەندان پێناسەی ئوسوڵیەتی ئیسلامییان کردووە بەوەی کە کار دەکات بۆ بونیادنانی سستەمێکی سیاسی ئیسلامی لەسەر زەویدا وەک جێگرەوەیەک بۆ سستەمی جیهانگیری ڕۆژئاوایی(٥).

بەڵام ئوسوڵیەتی ئیسلامی هەمووی لە یەک ئاستدا نیە و وەک یەک نین، ئوسوڵیەتی شیعەکان جیاوازە لە ئوسوڵیەتی سوننەکان. ئەگەر ئوسوڵیەت لەلاي سوننەکان تەنها خۆی لە پابەندبوون بە قورئان و فەرمودەدا ببینێتەوە ئەوا لەلاي شیعەکان بریتییە لە پەیوەستبوون بە قورئان و فەرمودە وتەو کردارەکاني ئیمام عەلي و دوازدە ئیمامەکەی تریش کە بە لاي شیعە دوازدە ئیمامیەکانەوە بێهەڵەن (المعصوم). ئیمامەکان بە لاي شیعەکانەوە هەرچەندە ناگەنە پلەی پێغەمبەران لە ڕیزو شکۆمەندیدا، بەڵام چوونیەکن لەگەڵیاندا لە پارێزراوییان لە هەڵەکردندا و تێکڕای موسوڵمانانیش پێویستە لەسەریان دەست بە ڕەفتار و گوفتارەکانیانەوە بگرن، بە بەشێک لە ئاییني بزانن، بەڵام بۆچووني جیاواز و ناکۆکی هەیە لە نێوان شیعەکان دەربارەی ڕێبەری گشتي و ویلایەتی فەقیه کە ئایا هەمان حوکمی ئیمامەکان وەردەگرن یان نا ؟ لەکاتێکدا پێیانوایە فەتواو بۆچوونەکانی ڕابەر قابیلی هەڵە نیە و پێویستە جێ بەجێ بکرێت، گێڕانەوەی نیە مەگەر لەلایەن خۆیەوە.

بەلای شیعە دوازدە ئیمامیەکانەوە ویلایەتی فەقیهـ هەمان حوکمی ئیمامەکان وەردەگرێت، بەڵام بەلای شیعەکانی ترەوە بەو جۆرە لێي ناڕوانن و دەست بە ویلایەتی فەقیهەوە ناگرن کە زۆربەی شیعەکانی عێراق لەوجۆرەن.

دوو ڕەوتی سەرەکی ئوسولگەرا هەن، کە یەکێکیان ڕەوتێکی توندڕەوە و باوەڕی وایە هەموو ڕێکارێک بگیرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، بە شۆڕشی چەکداری بێت یان لە ڕێگەی خۆتەقاندنەوە و توندوتیژی بێت وەک ئەوەی لە جەزائیر و عێراق و سوریا بینیمان، بزوتنەوەکانی ئەلقاعیدە و داعش و بۆکۆحەرام لە نمونە و بەرجەستەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەن. ڕەوتی دووەم ڕەوتی میانڕەوەکانە، ئەم ڕەوتە باوەڕیان وایە کە کارکردن بە دەقەکاني قورئان و فەرموودە لە پاش چواردە سەدە پێویستی بەلێکدانەوە و ماناکردني نوێ هەیە و پێویستە ڕەچاوي ئەم بارودۆخە بکەین کە ئێستا تێیدا دەژین، خۆمان پەیوەست نەکەین بە هەموو دەقەکان یان مانای هەموو دەقەکان و کەلەپوری ئیسلامییەوە و تێگەیشتني نوێمان هەبێت بۆیان.

هەندێک لە بیرمەندانی ئیسلامی ئەم ڕەوتە بە ڕەوتێکي ئوسولي ناناسێنن، بەڵکو بە ڕەوتێکی عەقڵانی عەلمانی یان دەناسێنن(٦). ئەمە لەکاتێکدا پێویستە ئێمە ئەوە بزانین کەوا هەموو هێزە ئوسوڵییەکان یەک بەرنامەی کارکردنیان نیە و ڕوانینیان بۆ بابەتەکان وەک یەک نیە، هەریەکەیان بە جۆرێک بیرکردنەوەی تایبەتەوە لە مەیداندا کاردەکات و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دەدات(٧).

بەکارهێنانی زاراوەی ئوسوڵ لە زانستە ئیسلامیەکاندا ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و بۆ یەکەمینجار ئیمامی شافیعی زانستی«علم

الأصول»ی داناوە و نوسینی لەو زانستەدا خستووەتەڕوو. لە چاخ و سەردەمە جیاوازەکاندا کۆمەڵێک فەقیهـ و زانا هەبوون بیرۆکەی سەلەفیەت و ئوسولگەراییان پیادە کردووە، بەمانای دەستگرتن بە ئاینەوە، ئوسولیەت و چەمکی ئوسولی بوون سەربەخۆیی وەرگرتووە و جیابۆتەوە لە زانستی ئوسول، سەلەفیەت و ئوسولگەرایی بۆتە ڕەوتێک لە بەرامبەر ڕەوتی سۆفیگەریدا.

ئەگەر ئێمە بەوشێوەیە لە کەسی ئوسولی بڕوانین دەبێت بڵێین باوەڕی بە پایە و بنەما سەرەکیەکانی ئیسلام هەیە و بە شێوەیەکی ڕەها جێ بەجێیان دەکات، باوەڕی بەو بابەتانە هەیە کە لە ئیسلامدا باسکراون، بەوپێیەش خەڵکانێک دەبینین کەوا باوەڕو بیرکردنەوەیان هەروەک ئەوانە و ئوسولین، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە ئەمان پێیانوایە پێویستە جیاکاری لە نێوان ئاین و سیاسەتدا بکرێت و بەشێوەیەکی سێکیولارییانە لە چەمکی سیاسەت و ئاین و دەسەڵات دەڕوانن. دروشم و بنەما سەرەکیەکانی کارکردن لەلای بزوتنەوە ئوسولیەکان لە سێ خاڵدا کۆبکەینەوە، ئیخوان موسلیمین بەوپێیەی یەکەمین بزوتنەوەی سیاسی چەکدار ئیسلامی بووە بە باوکی هەموو بزوتنەوەکانی دیکە هەژمار دەکرێت، هەموو هێزێکی ئوسولی لەژێر ناوي ئیخوانییوندا خۆی دەبینێتەوە ئەگەرچی ناوێکی دیکەشی هەبێت و جۆری کارکردنیشی جیاوازی تێدابێت.

یەکەم: الحاكمية لله، ئەم گرووپە ئوسولیانە سستەم و یاساکانی وڵاتانی موسوڵمان نشین یاخود ئەو وڵاتانەی کە زۆینەی دانیشتوانەکەیان مسوڵمانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ وڵاتانی باکووری ئەفریقا بە ناشەرعی دەزانن، پێیانوایە مرۆڤەکان بەپێی یاسا مەدەنیەکان دایانناون و لە قورئان و فەرمودەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئەم دەوڵەتانە بە دەوڵەتی ئیسلامی هەژمار ناکەن، چونکە حاکمیەت تێیدا بۆ خودا نیە. هەندێک لە گرووپە چەکدارەکان بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی کە تێیدا حاکمیەت بۆ خودایە پەنادەبەنە بەر شۆڕشی چەکداری و بەکارهێنانی توندوتیژی، هەتا ئەو دەوڵەتە دروست بکەن کە خەلیفە تێیدا لە ڕێگەی شوراوە دەبێتە خەلیفەی بڕواداران، باشترین نمونەی ئەم جۆرە بزووتنەوانە ڕێکخراوی داعشە کە ئێستا بەشێکی زۆري سوریا و عێراقی لەژێر کۆنترۆڵدایە.

دووەم: جێبەجێکردنی یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانیان و پێیانوایە هەموو ئەو دەستور و یاسایانەی بەپێی یاسا مەدەنییەکان دانراون شەرعی نین و لە قورئان و فەرمودەوە سەرچاوەیان نەگرتووە. جێبەجێ نەکردنی ئەو سزایانەی لە قورئان و فەرموودەدا هاتوون دەربارەی تاوانباران لە: مل پەڕاندن، بەردبارانکردن و دەست بڕین...هتد، دەبێتە هۆي نانەوەی پشێوی و ئاشووب و خراپەکاری لە کۆمەڵگەدا. بەکورتی بۆچونیان وایە ئەو دەستورو یاسانەی ئەمڕۆ لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا کاریان پێدەکرێت هەمان ئەو یاسایانەی سەردەمی نەفامیە کە پێغەمبەر(د.خ) هات بۆ بنبڕکردنی، پێویستە ئێمەش لە ئەمڕۆدا بەهەمان کار هەستین.

سێیەم: ئیسلام چارەسەرە، یەکێکە لە دروشمە سەرەکییەکان، بەبڕوای هەموو ڕەوتە ئوسولییەکان بە توندڕەو و میانڕەوەوە. ئوسولیەکان دەڵێن مادام ئاینی ئیسلام ئاینێکی تەواوە و کەموکورتي تێدا نیە چارەسەری هەموو کێشەو ڕوداوەکانی ڕۆژگاری تێدایە، دەکرێت بکرێتە جێگرەوەی سستەم و یاسا مەدەنییەکان(٨).

### هێزە سیاسییە بونیادگەراكان

ئیخوان موسلمین : ئەم گرووپە ئیسلامییە بانگەشەی چاكسازي گشتگیر دەكات، بە گەورەترین بزاوتی سیاسی ئۆپۆزسیۆن ئەژمار دەكرێت لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەكاندا، رێكخراوەكە حەسەن بەننا لە ساڵي ١٩٢٨دا دایمەزراندووە.

ئیخوانەكان پێیانوایە دامەزراندنی ئەم بزوتنەوەیە بۆ چاكسازی سیاسیی و ئابوریی و كۆمەڵایەتییە لە كۆمەڵگە ئیسلامییەكاندا، ئەم بزوتنەوەیە رۆڵێكی بەرچاوی بینیوە لە هاوكاریكردني بزوتنەوە جیهادییەكاندا كە بۆ سەربەخۆی خۆیان یان دژي هێزی داگیركەر جیهادیان كردووە. حەسەن بەننا لە یەكێك لە كۆبونەوە جەماوەرییەكاندا پرۆگرامی ئەم رێكخراوە دەخاتەروو دەڵێت: بانگەوازێكی سەلەفییە، واتە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە یەكەمینەكانی ئیسلام دەكەین كە لە قورئان و فەرموودە پێكهاتووە. بە رێبازی سوننەت، هەڵگرتن و كاركردن بە سوننەت لە رووی بیروباوەڕ و مامەڵەكردن و... هەموو لایەنەكانی دیكە. ناوەڕۆكێكی سۆفیگەرانەیە، واتە ئیخوانەكان باوەڕیان بە پاڵفتەكردنی دەروون، دونیا نەویستی، خۆشەویستی خودا، بەردەوام بوون لەسەر كاری باشە هەیە. هەروەك گووتی روكارێكی سیاسیشمان هەیە، واتە داوای چاكسازی دەكەین لە حوكمڕانیدا و خەڵك پەروەردە دەكەین لەسەر هیممەت بەرزی(٩).

### گرووپی تەكفیر و هیجرە

دووەمین رێكخراوی ئاینی لە دوای ئیخوان موسلیمین دروست بووبێت گرووپی تەكفیرو هیجرەیە، تەكفیرو هیجرە یان جەماعەتی موسلیمین، شكری ئەحمەد مستەفا لە پاش ئەوەی لە ساڵي ١٩٧٤ لە زیندان ئازادكرا هەستا بە دروستكردنی ئەم رێكخراوە. ئەم رێكخراوە گەنجەكانی ئیخوان موسلمینی لە خۆی كۆكردەوە. ناونانی ئەم گروپە بەتەكفیر و هیجرە تەنها كاری راگەیاندنكارەكانە و لە بنەڕەتدا ناوی «الجماعة المسلمة»یە، هۆكاری ناونانەكەشی ئەوەبوو كە ئەم رێكخراوە بۆچونیان وابوو هەركەس لەگەڵیان نەبێت بێباوەڕە، هەر ئەندامێكیش واز لەم گرووپە بهێنێت بە هەڵگەڕاوە ئەژمار دەكرێت و پێویستە بكوژرێت. مەبەستیش لە هیجرەت ئەوەیە كە پێویستە مسوڵمان ئەو شوێنە جێبهێڵێت كە كوفر تێیدا باڵادەستە و كۆچ بكات بۆ شوێنێكي دیكە(١٠).

> **رۆشنبیری بزوتنەوەی ئەلقاعیدە لە سەلەفیەتەوە سەرچاوەی دەگرت و لە نیوەدورگەی عەرەبییەوە بۆ ئەفغانستان كۆچی كردبوو**

### رێكخراوی ئەلقاعیدە

یەكێكي دیكە لە هێزە بونیادگەراكان رێكخراوی ئەلقاعیدەیە، ئەلقاعیدە ئەو رێكخراوە بونیادگەرایەیە كە لە پاشماوەی ئیخوان موسلیمین و هەموو ئەو سەلەفیە جیهادییانەی دیكە دروست بوون كە لە میسر و جەزائیر و وڵاتانی كەنداودا هەبوون و ئازاد كران و دواتر رەوانەی ئەفغانستان كران.

# هەموو هێزە ئوسوڵییەکان یەك بەرنامەی کارکردنیان نیە و ڕوانینیان بۆ بابەتەکان وەك یەك نیە

## دروستبوونی ئەلقاعیدە

توێژەران لە باسکردنی چۆنیەتی دروستبوون و گەشەکردنی ئەلقاعیدەدا دەڵێن ئەمەریکا دەستی باڵای هەبووە لە گەشەکردنی ئەلقاعیدەدا لە ئەفغانستان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی، کە ئەو کات بزوتنەوە چەکدارییە جیهادییەکان لە دژي سۆڤیەت دەجەنگان و هەوڵی وەدەرنانیان دەدا لەو وڵاتە. هەروەها ئەو فەتوایانەی کە لەلایەن شێخە سوننیە سەلەفیەکانەوە دەردەکرا و فەتوای جیهاد درا، ئەمەش وایکرد زۆرێک لە جیهادییەکان خۆیان بگەیەننە ئەفغانستان لەنێویشیاندا عەبدوڵڵا عەزامی ئیخوانی، عەزام لە ساڵی ١٩٨٤ (مکتب الخدمات)ی دامەزراند و لە ڕێگەی ئەم مەکتەبەوە سەرپەرشتي هاوردەکردني عەرەبە موجاهیدەکاني دەکرد بۆ ئەفغانستان، چەند جارێکیش سەردانی ئەمریکای کرد بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری. بەم پێیەش عەزام نەخشەکێشی یەکەمي شۆڕشێک بوو لە دژی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوکاتیش ئوسامە بن لادن هاوکاری عەزام بوو. لە ساڵی ١٩٨٥ زۆرێک لە جیهادییەکان و ئەندام و لایەنگرانی ئیخوان موسلیمین کە لە وڵاتە عەرەبییەکان و بەتایبەت لە میسر دەستگیر کرابوون بەرەو ئەفغانستان ڕەوانەکران، ئەو وڵاتانە ویستیان لەو ڕێگەیەوە لە کۆڵ خۆیانیان بکەنەوە. لەنێویشیاندا ئەیمەن زەواهیری بوو کە هەوادارێکی سەرسەختی سەید قوتب بوو. ئەیمەن زەواهیری سەرکردەی جەماعەتی ئیسلامیش بوو کە لەو ڕۆژگارەدا خۆیان بە تاکە خاوەنی ڕاستەقینەی ئیسلام دەزانی، زەواهیری لەگەڵ کۆچکردنی بۆ ئەفغان دەستی بە بڵاوکردنەوە و برەوپێدانیی بیروبۆچونەکانی کرد. لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگ و سەرکەوتني ئەفغانییەکان بەسەر سۆڤیەتدا، ئەو بۆچوونە لەلاي موجاهیدان دروستبوو هەمان جیهاد لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامي دوبارە بکەنەوەو سەرکەوتن لەوێش بەدەستبهێنن، لەم سەروبەندەشدا ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، بوون بە دوو دەستەوە، دەستەی عەبدوڵڵا عەزامی میانڕەو، هەروەها دەستەی زەواهیری توندڕەو.

زەواهیری لەلایەک هەوڵی کاڵکردنەوەی تارمایی عەزامی دەدا، لەلایەکی دیکەوە بەو بەڵێنەی کە بە بن لادنی دابوو کە بیکاتە ئەمیری جەماعەتی ئیسلامی توانی ماڵ و سامانەکەی ئەو بۆ خزمەتی فیکرەکەی خۆی بەکاربهێنێت. تا کار گەیشتە ئەوەی شوێنکەوتووانی زەواهیری نەک هەر نوێژیان لە پشت عەزامەوە نەدەکرد، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک پروپاگەندەیان دەخستە شوێنی بۆئەوەی لە بەرچاوی موجاهیدان ناشرینی بکەن. بن لادنیش هاتە نێو گرووپەکەی زەواهیریەوە، بەو مەرجەی بیکەن بە ئەمیر، پیلانیان دانا بۆ عەزام و بە مایکێکی بۆمبڕێژکراو کە بۆیان دانابوو وتاری پێبدات کوشتیان و کۆتاییان بە ژیانی هێنا. پاشانیش زەواهیری و بن لادن بیروبۆچونەکانی خۆیان لەنێو پارتە ئیسلامیەکاندا برەوپێدا و بەتایبەت لە میسرو جەزائیر، بەهۆي بیروبۆچونەکان ئەوانەوە، چەندین ڕووداوی تراژیدی و خوێناوی ڕوویاندا، بە هەزاران خەڵکی بێتاوان بوونە قوربانی شۆڕش و کودەتاکان(١١).

## بزوتنەوەی تاڵیبان

بزوتنەوەیەکی سیاسی بوو لەلایەن مەلا محەمەد عومەر لە ویلایەتی قەندەهاری ئەفغانستان لە ساڵی 1994 دروست کرا، تاڵیبان کۆی وشەی (طالب)ە، مەلا محەمەد عومەر ئەو کاتە بوو بە سەرۆکی ئەم بزوتنەوەیە کە 53 خوێندکاری خوێندنگە ئاینییەکان لە قەندەهار کۆبوونەوە و مەلامحەمەدیان وەک سەرکردە هەڵبژارد و دەستیان دایە چەک، و توانیان لە ماوەیەکی کورتدا بەشێکی زۆر لە خاکی ئەفغانستان کۆنترۆڵ بکەن، دواتریش مەلامحەمەد عومەر بوو بە خەلیفەی موسوڵمانان(12).

## ئامانجەکانی بزوتنەوەی تاڵیبان

مەلا عەبدولمەنان نیازی وتەبێژی فەرمی بزوتنەوەی تاڵیبان، ئامانجەکانی بزوتنەوەکەی ڕاگەیاندو گووتی: ئامانجي سەرەکی ئەم بزوتنەوەیە بریتییە لە گێرانەوەی هێمنی و ئاسایش بۆ ئەفغانستان. بەڵام لە پاش ئەوەی زۆرێک لە ویلایەتەکانی خستە ژێر قەڵەمرەوی خۆیەوە، لەلایەن زۆرێک لە عەشیرەتەکانەوە دانی پێدانرا، ئامانجی ئەم بزوتنەوەیە گۆڕا بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی، لە ڕێکەوتی 4/4/ 1996 مەلامحەمەد عومەر لە بەردەم زانایانی قەندەهاردا ئەمەی ڕاگەیاند و ئامانجەکانی بزوتنەوەکەی بەمشێوەیە ڕاگەیاند: دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەر ڕێبازي خولەفای ڕاشیدین، بەشێوەیەک ئیسلام ئاینی خەڵک و دەوڵەت بێت،-دەستنیشانکردنی زانایان و خەڵکانی پەیوەست بە ئاین بۆ پۆستە ئیداری و حکومییەکان، نەهێشتنی هەموو ناکۆکیەکی نەتەوایەتی لەو وڵاتە، پاراستنی ئەهلی زیممەو ئەوانەی داوای پارێزگارییان لە دەوڵەتی ئیسلامی کردوە و بڕوادار نین، لەگەڵ پاراستنی ماڵ و ناموسیان، گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ هەموو دەوڵەتە ئیسلامی و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، گرنگیدان بە پۆشاکی شەرعی ئافرەتان و پێویستی پۆشینی لەلایەن ئافرەتانەوە لە هەموو بوارەکاندا، دروستکردنی دەزگای فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە لە هەموو وڵاتدا، نەهێشتنی تاوانە ئەخلاقییەکان و ڕێگری لە بڵاوبونەوەی فیلم و ڤنەی بەدرەوشتی. دروستکردنی سوپایەک بۆ پارێزگاری لە دەوڵەت و دانانی سستەمێکی پەروەردەیی گونجاو لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی بۆ قۆناغەکاني خوێندن.

## کێ لە پشت بزوتنەوەی تاڵیبانەوە بوو؟

ئەگەرچی مەلامحەمەد عومەر دەڵێت: بیرۆکەی دروستکردنی ئەم بزوتنەوەیە خۆم دامرشتوە لەوکاتەی کە وڵاتەکەمم لەوبارە ناهەموار و بڵاوبونەوەی گەندەڵیە زۆرەدا دیوە و ئاستی زانستی شەرعی خۆمم بەشیاو بینیوە زیاتر لە 1500 زانام کۆکردەوە، بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەم پێض ڕاگەیاندوون و ئەوانیش بەیعەتیان پێداوم و کراومە ئەمیر، بەڵام توێژەران دەڵێن مەولەوی فەزلۆڕەحمان سەرۆکی دەستەی زانایانی ئیسلامی لە پاکستان لەوکاتەی بەرپرسی لیژنەی پەرلەمان بووە بۆ کاروباری دەرەکی لە حکومەتەکەی بێنەزیر بۆتۆ، بیرۆکەی دارشتنی ئەم ڕێکخراوەی دارشتوەو بۆ ئەم مەبەستە ڕاوێژی بە بورهانەدین ڕەبانی و عەبدرەب ڕەسوڵ کردووە، ئەوانیش ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕیوە، چونکە گورزێکی کوشندەی لە حکومەتەکەی حیکمەتیار دەدا کە دوژمنی ئەوان بوو(13).

## جیاوازییەکانی نێوان بزوتنەوەی تاڵیبان و ئەلقاعیدە

هەرچەندە هەردوو بزوتنەوەکە یەک سەرئەنجامیان هەبوو لە ئەفغانستان و هەردووکیان کۆتاییان پێهات، بەڵام چەند خاڵێکی جیاوازی جەوهەری لە ئایدۆلۆژیای هەردو ڕێکخراوەکەدا هەیە، بزوتنەوەی ئەلقاعیدە بزوتنەوەیەکی ئیسلامی جیهانی بوو واتە دانی بەو سنورانەدا نەدەنا کە ئێستا هەیە لە نێوان وڵاتاندا بەتایبەت وڵاتە ئیسلامییەکان، دەیویست هەموویان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و خەلافەتی ئیسلامی زیندوو بکاتەوە، بەڵام تاڵیبان بەپێچەوانەوە، بزوتنەوەیەکی ئیسلامی ئەفغانی بوو ڕێزی لە سنورەکان دەگرت و مامەڵەی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی باشتر بوو لە ئەلقاعیدە.

جیاوازي دووەم لە ڕووی ڕۆشنبیری ئایینییەوە بوو، بزوتنەوەی تاڵیبان بزوتنەوەیەک بوو لەناو ئیسلامەتی باشووری ئاسیاوە سەریهەڵدابوو، ڕۆشنبیرییە ئایینییەکەی لۆکاڵی و ئەو ژینگەیەی خۆی بوو کە بیری سەلەفیەتی تێدا لاوازبوو، بەڵکو بزوتنەوەی تاڵیبان پڕی بوو لە بیري سۆفیگەری و مەزهەبی حەنەفی، بەڵام ڕۆشنبیری بزوتنەوەی ئەلقاعیدە لە سەلەفیەتەوە سەرچاوەی دەگرت و لە نیوەدورگەی عەرەبییەوە بۆ ئەفغانستان کۆچی کردبوو(14).

## پەیوەندی و ڕووە لێکچووەکانی سەلەفیەت و بونیادگەرایی

ئەتوانین بڵێین خاڵی سەرەکی و جەوهەری لە ڕووە لێکچووەکانی نێوان سەلەفیەت و بونیادگەرایی بریتییە لە پابەندبوون بە دەق(النص) ەوە، بەشێوەیەکی بنبڕو بێ هیچ تەئویل کردنێک، بەشێوەیەک لێکدانەوە و واتاکردنی دەقەکان بەپێی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژگار کارێکی ناپەسەندە و گۆڕانی سەردەم هیچ کارێک لە واتاکردن و شرۆڤەکردنی دەقەکاندا ناکات، ئەو مانایەی لە کاتی هاتنی ئەو دەقەوە بۆ نێو دنیای ئیسلام جا چی فەرموودە بێت پێغەمبەر(د.خ) فەرموبێتی یان ئایەتێک بێت و دابەزیبێت، مانا کرابێت و کاری پێکرابێت، نابێت لێی لابدرێت، دەبێت بەهەمان تێگەشتن و کارپێکردن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بەڵام لێکچونێکی ئەوتۆ لە نێوان سەلەفیەت و بونیادگەراییدا نییە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم دوو ڕەوت و تێڕوانینە ئاینیەدا، لە گرنگترین ئەو جیاوازیانە پێش و پاش کەوتنی سەلەفیەت و بونیادگەراییە بەسەر یەکتردا، سەلەفیەت زۆر لە بونیادگەرایی لە پێشترە و ڕیشەیەکی مێژووی هەیە، ئەگەر دوورنەکەوینەوە بۆ سەلەفیەتی سەردەمی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیبن تەیمیە و، باسی ئێستا بکەین، سەلەفیەتی ئەم ڕۆژگارە و لەم چەرخەی خۆمان تێیدان کە لە وەهابیەتدا خۆی دەبینێتەوە، لە ژینگەیەکی بیابانی پڕ لە کۆمەڵە دابونەریت و بەندایەتیەکدا دەرکەوت کە لە ڕوانگەی وەهابیەکانەوە بە هاوبەش بۆ خودا پەیداکردن هەژمار دەکرا، کاری سەرەکی وەهابیەت خۆی لە دژایەتی ئەو دیاردە ناشەرعی و هاوبەش بۆ خودا پەیداکردنانەدا دەبینییەوە، لە بنەڕەتدا بەنیازی دامەزراندنی سستەمێکی سیاسی نەبووە، بەڵکو ئامانجی ژیان گوزەراندن بووە لەژێر سایەی میرنشینێکدا، چەندین میرنشین گەڕاوە تاوەکو جێگەی بکەنەوەو بتوانێت بانگەواز بکات، بەڵام بونیادگەرای زۆر لە دوای سەلەفیەت دەرکەوت و یەکەم دەرکەوتنی ئیخوان موسلمین بوو، کە بزوتنەوەیەکی سیاسی بوو، ئامانجی دروستکردنەوەی خیلافەتی ئیسلامی یان دەوڵەتێک و سستەمێکی سیاسی بوو.

هەروەها لەنێو بونیادگەراکاندا چەندین کەسایەتی و بۆچوون هەن بە ئاشکرا باوەڕیان بە نوێکردنەوە و ریفۆرمی ئاینی هەیە بەپێی پێشکەوتنەکانی ڕۆژگارو بەتایبەت ڕۆژاوا، بەڵام سەلەفیەت بەپێچەوانەوەیە، ئەو جۆرە بیرکردنەوانە بە کوڕی سیکۆلاریزم دەبینێت و ڕەوتێکی کۆن پارێزو موحافیزکارە نەک ریفۆرمخواز. لە بنەڕەتی دروستبونیشیدا سەلەفیەت لە نیمچەدوورگەی عەرەبیدا لەبەر چەند دیاردەیەک و دژایەتیکردنی ئەو دیاردانە سەریهەڵدا و هیچ پەیوەندی یان کارتێکردنێکی ڕۆژئاوایی بەسەروە نەبووە و کەڵکی لێوەرنەگرتوون، بەڵام بونیادگەرایی لە دروستبونیدا و لە شێوەی بیرکردنەوەیاندا کاریگەری ڕۆژئاوایان لەسەرە، ئەمە لەکاتێکدا لە سەلەفیەتدا رابەر و پێشەواکان پێویستە پسپۆڕییان لە شەریعەت و زانستە ئیسلامییەکاندا هەبێت، بەڵام لە بونیادگەراییدا ئەمە بە مەرج نەگیراوە و چەندین کەسایەتی بەناوبانگی ئوسوڵییەکان هەن پسپۆڕییان لە زانستەکانی تری وەک پزیشکی و ئەندازیاری و زانستەکانی تردا هەیە.

بونیادگەراکان بانگەشەی واڵاکردنی دەرگای ئیجتیهاد دەکەن، بەڵام سەلەفیەکان دژی ئەوەن، هەروەها بونیادگەراکان پێیان وایە دەبێت کاری ئیسلامی و بانگەواز بهێنرێتە دەرەوەی مزگەوت و گرنگی بە کۆڕ و سیمینار و کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی دەدەن، بەڵام سەلەفیەکان- کەمێکیان نەبێت- بەپێچەوانەوە تەنها گرنگی بە مزگەوت دەدەن، دژی حیزبایەتین و بەشێک لە کاری سەرەکییان دژایەتی حیزبایەتییە، هەروەها بونیادگەراکان لەگەڵ ئەوەن ئافرەتان بخوێنن و پۆستی ئیدارییان هەبێت، بەڵام سەلەفیەکان بەپێچەوانەوە کەیفیان بەوەنایەت ئافرەتان زۆر

**ئەو سەلەفیەتەی لە سعودیە باڵادەستە (وەهابی و مەدخەلی) دژی کاری حیزبی و هەر جۆرە ڕێکارێکی مەدەنیانە و ڕەخنەگرتنن لە حکومەت.**

بخوێنن و بە ڕەوای نابینن پۆستی ئیداری وەربگرن(15).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو سەلەفیەتەی ئێستا لە سعودیە باڵادەست و چالاکە بە هەردوو جۆرەکەیەوە(وەهابی و مەدخەلی) دژی کاری حیزبی و هەر جۆرە ڕێکارێکی مەدەنیانە و ڕەخنەگرتنن لە حکومەت. بە ئاشکرا دیارە کە چەندە جیاوازی هەیە لە نێوان سەلەفیەت و ئوسولیەتدا و دوو ئامانجی جیاوازیان هەیە و دوو ستایلی کارکردنی جیاواز و ناکۆک لەسەر یەکەم هەنگاو و کاری چاکەخوازی. ئامانجی سەلەفیەکان تەنها ژیان گوزەراندنە لەژێر سایەی حکومەتداو دوورکەوتنەوەیە لە سیاسەت، بەڵکو ئەوان ئەوەندە دژی سیاسەتن دورکەوتنەوە لە سیاسەت بە سیاسەت دەبینن و پێیان وایە ئەو سیاسەتەی حیزبە ئیسلامیەکان هیچ عەقڵ و مەنتیقێکی تێدانیە، محەمەد ناسرەدین ئەلبانی، فەرمودەناسێکی سەردەم و زانایەکی سەلەفییە دەڵێت: سیاسەت ئەوەیە خەریکی پاکژکردنەوەی بیروباوەڕی خەڵک بیت نەک حیزبایەتی کردن، پێویستە لەکاری بانگخوازی و چاکەکاریدا هەمان ڕێگەی پێغەمبەر(د.خ) بگرینەبەر، ئەگەر چاو لە سیاسەتی ئەو بکەین دەبینین یەکەمین

## بونیادگەرایی ئیسلامی تێکەڵەی زۆر بیروباوەڕ و کەسانی سەلەفی و سۆفی و حەنبەلی و عەقلانی و ڕیفۆرمخواز و کۆنەپارێزیان تێدایە

کاری بریتی بووە لە پاککردنەوەی بیروباوەڕی خەڵک لە بتپەرستی و پاشان دەستی داوەتە کاری سیاسی و دروستکردنی دەوڵەت، بۆیە ئێمەش دەبێت بەوشێوەیە بکەین و بارودۆخمان هەمان بارودۆخی پێغەمبەرە لەشاری مەککە، هێشتا نەچوینەتە قۆناغی بارودۆخی مەدینەوە، هەرکاتێک بیروباوەڕی خەڵکمان پاککردەوە لە هاوبەش بۆ خودا دانان ئەوجا سیاسەت دەکەین(16).

لە بەرامبەریشدا ئوسولیەکان ئەم دوورەپەرێزییەی سەلەفیەکان لە سیاسەت و ڕێکەوتنەکەی بوژێنەرەوەی سەلەفیەت محەمەد عەبدولوەهاب لەگەڵ محەمەد سعودی میری درعیە لەسەر دابەشکردنی دەسەلاتی ئاینی و سیاسی لە نێوانیان، بەکارێکی ناشەرعی دەبینن، بەڵکو زۆرێک لە ئوسولییەکان ئەم ڕەفتارەی سەلەفییەکان بەجیبەجێکردنی داخوازی عەلمانییەکان دەبینن، دەڵێن ئەم ڕووەی سەلەفیەت لە ڕووی سیکۆلاریزم دەچێت و هیچ جیاوازییەک نیە لە نێوان بیرمەندێکی سیکۆلار لەگەڵ شێخێکی سەلەفی کە بانگەشەی دوورەپەرێزی لە سیاسەت دەکەن بەناوی ئاینەوە. هەروەها ئەو سەلەفیە جیهادیانەش کەوا ئەمڕۆ خۆیان لەنێو بونیادگەراکاندا دەبیننەوە و بەنەهجی ئەوان کار دەکەن، لە بنەڕەتدا سەلەفی وەهابی بوون و لە سعودیەوە بۆئەفغانستان کۆچیان کردووە و دەستیان بە کاری سیاسی کردووە، بیروباوەڕیان(العقیدة) لە وەهابیەکانەوە وەرگرتووە و بیرۆکەی بونیادگەرایشیان لە ئیخوان و قوتبییەکانییەوە وەرگرتووە، بۆ نمونە ئەیمەن زەواهیری پیاوی دووەمی ئەلقاعیدە خۆی بە پەیڕەوکەری بیرو سیاسەتی سەید قوتب دەزانێت(17).

بونیادگەرایی ئیسلامی ڕەوتێکە تێکەڵەی زۆر بیروباوەڕ و بۆچونە و کەسانی سەلەفی و سۆفی و حەنبەلی و حەنەفی و عەقلانی و ڕیفۆرمخواز و کۆنەپارێزیان تێدایە، هەموویان لە بابەتی ئۆپۆزسیۆن بوون و خروجکردن و بەرهەڵستی دەوڵەت و هەوڵدان بۆ بونیادنانی سستەمێکی سیاسی یەکدەگرنەوە. بەڵام لە جەنگی ئەفغانستانەوە سەلەفی جیهادی سەرهەڵدەدات و بانگەشەی دەرچوون لەژێر سایەی حوکمی دەوڵەتدا دەکات، هەوڵی گۆڕینیان دەدات. ئەم جیهادییانە بیروباوەڕ لە سەلەفیەتەوە وەردەگرن و لەگەڵ باقی سەلەفیەکان ناکۆن لە بابەتی حاکمیەت و جیهاد و خروجکردن و بابەتی وەلائ و بەراو ..تاد.

گەشەکردنی سەلەفیەتی جیهادی بەشێوەیەکی یەکجاری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1990، کاتێک وڵاتی سعودیە هاوکاری لە هێزە بیانییەکان وەرگرت و هێنانیە وڵاتی سعودیە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی و، ئازادکردنی وڵاتی کوێت، کە عێراق داگیری کردبوو، لەوکاتەدا زانایانی ئاینی سعودیە ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوەو دەستەی گەورە زانایانی سعودیە بە ڕەوایان بینی و، کۆمەڵێک زاناو بانگخوازی

دیکە بە نارەوایان زانی و، دژی هێنانی هێزی هاوپەیمانان و هاوکاری لێوەرگرتنیان بوون، ئەو زاناو بانگخوازانە داوای چاکسازیان لە حکومەت دەکرد و شۆرشی چەکدارییان بە چارەسەر دەبینی بۆ گۆرینی دەسەلاتی پاشکۆی هێزو دەوڵەتە بیانییەکان.

## گرنگترین بنەما فیکرییەکانی سەلەفیەتی جیهادی خۆی دەبینێتەوە لە:

أ- تەوحیدی حاکمیەت، واتە: سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی دەستورو یاسا دانراوەکان شەریعەتی ئیسلامی بێت، واتە تەنها خودای گەورە مافی یاسادانی بۆ خەڵک هەیە.

ب- (الولاء والبراء)، واتە: دەوڵەت لەسەر بنەمای ئایینی دابمەزرێت نەک لەسەر بنەمای نەتەوایەتی و نیشتمانی، خۆشەویستی و وەلائی بۆ ئیسلام و موسوڵمانان هەبێت و دژی بێباوەران بێت، لە سیاسەت کردنیشدا ئامانجی بەرزراگرتنی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی ئیسلام بێت، ئەگەر ئەهلی کیتاب لەنێو ئەو دەوڵەتەدا هەبوون سەرانەیان لێوەربگیرێت.

ج- تێکۆشان دژی دەوڵەتانی داگیرکەری وڵاتی ئیسلامی و روخاندنی ئەو دەوڵەتەی پاشکۆی داگیرکەران و بێباوەرانە.

بەڵام لەمە بەدواوە ناکۆکی گەورە و ئاڵۆز کەوتە نێوان سەلەفیەکان و ئیخوان موسلیمین، کاتێک شێخە سەلەفیەکانی سعوودیە بە هەردوو رەوتەکەوە- وەهابی و مەدخلییەکان- بۆیان روونبویەوە کەوا ئیخوانەکان و هەندێک لە سەلەفیەکان کە کاریگەرن بە بیروبۆچون و تێروانینەکانی سەید قوتب و مەودودی ـ کە دوو بانگخوازی دیار و هەڵکەوتووی ئیخوانن ـ دەربارەی خروجکردن لە دەوڵەت و بەتایبەت بەرامبەر حکومەتی سعودیە دڵیان گەردی گرتووە و بە حکومەتێکی لارێ بووی ناوزەند دەکەن و هەمان تێروانینی حکومەتە نەتەوەیی و سیکۆلارەکانی تریان هەیە بۆ سعودیەش، ئەوا کەوتنە تانەدان لە ئیخوان موسلیمین و سەلەفیە جیهادییەکان و بەگرۆی لارێ بوو و خەواریجی سەردەمیان ناوزەند کردن.

ئەم فەتوایانەی شێخە سەلەفیەکان لە دژی ئیخوان موسلیمین و ترسی گواستنەوەی شۆرش بۆ سعودیەو لابردنی ئالی سعوود لەسەر تەختی حوکمرانی وایکرد، سعودیە بە چەندین ملیار دۆلار پشتگیری سیسی بکات بۆ لابردنی مورسی لەسەر حوکم و ئێستاش بەردەوام لە پێدانی قەرز بە سیسی بەردەوامەو دابەزینی نرخی نەوت و خەرجییەکانی شەری حوسییەکانی یەمەنیش بە رێشییەوە بووە و دەستی پێهەڵنەگرتووە لە هاوکاریکردنی سیسی. هەروەها هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە بۆ راکێشانی میسر بۆ ناو ئەو هاوپەیمانێتیەی دروستیکردووە بۆ بەرەنگاربونەوەی تیرۆر و خۆ بەدەم سپیکردنی دەوڵەتانی عەرەبی و پێشرەوی کردنیان وەک پێشاندانی هەیمەنەیەک لە بەرامبەر ئێراندا.

بە ئاشکرا هۆکار گەلێکی سیاسی دەبینین بۆ فەتوادان و دەرکردنی گرووپەکان لە چوارچێوەی ئەهلی سونەو جەماعە، هەروەک لە دەرکردنی ئیخوان و سەلەفییە جیهادییەکان بینیمان لەلایەن شێخە سەلەفییەکانەوە کاتێک رەخنەیان لە حوکمەتی سعودیە گرت و بوونە هۆکاری درووستکردنی مەترسی لەسەری و ویستیان هەمان جیهاد کە پێشتر بەهاوبەشی دەیانکرد بیگوێزنەوە بۆ ئەوێش.

## پەراوێزەکان

١ د. كاظم حبيب : مفهوم الأصولية والأصوليات الإسلامية، http://www.tasheeh.com/

٢ محمد حلمي عبد الوهاب: مقاربات أولية حول مفهوم الأصولية، http://archive.aawsat.com/

٣ د. كاظم حبيب: مفهوم الأصولية والأصوليات الإسلامية، http://www.tasheeh.com/ .

٣ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤ الأصوليات الإسلامية في عصرنا الراهن. الكتاب الثالث عشر والرابع عشر – تشرين الأول ١٩٩٣.

٥ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦ الأصولية، أ. الأمير، بروفيسور في العلوم العصبية المعرفية، http://www.qiraat.net

٧ عزيز العظمة: الأصالة أو سياسة الهروب من الواقع. بحوث اجتماعية -١٤- ط ١، دار الساقي، بيروت، ١٩٩٢، ص ١٣.

٨ إخوان المسلمون، http://www.ikhwanwiki.com

٩ جماعة التكفير والهجرة، http://www.marefa.org

١١ نشأة تنظيم القاعدة، http://arabobservatory.com

١٢ من هم طالــبان، https://forum.sedty.com

١٣ حركة طالبان.. النشأة والإمارة، http://www.aljazeera.net

١٤ الفرق بين الطالبان والقاعدة، http://www.muslm.org

١٥ تهافت الاصولية لشاكر النابلسي، www.alattaronline.com

١٦ الفتاوى المهمة للعلامة محمد ناصرالدين الألباني, دار الغد الجديد, مصر- القاهرة، ط1، ٢٠٠٩ .

١٧ تهافت الاصولية لشاكر النابلسي، www.alattaronline.com.

# بابەتی گشتیی



# ئاماژە بە کورد و کوردستان

## لە قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)دا



**د. عومەر عەبدولعەزیز**

لەدایکبووی ١٩٥٨ هەڵەبجە. دکتۆرا لە توێژینەوەی ئیسلامیی. سەرۆکی ڕێکخراوی زانست بۆ باس و توێژینەوە. چەند کتێبی چاپکراو، دەیان لێکۆڵینەوە و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.



## تەوەرەی بابەتەکان:

بەشی یەکەم: ئاماژەکانی قورئان بە باسی کورد و کوردستان:
1. نوح و جودی و کوردستان.
2. نەتەوە بە زەبرەکە (قوم أولی بأس شدید).
3. هەوڵی سووتاندنی ئیبراهیم پێغەمبەر(د.خ).

بەشی دووەم: کورد و کوردستان لە ژیاننامەی پێغەمبەردا (د.خ):
1. (جابان)ی کوردیی یاوەری پێغەمبەر(د.خ).
2. مەیمونی کوڕی جابانی کوردیی.
3. جابانو مەیمونی کوڕی، لە سەرچاوەکانی فەرمودەدا.
4. منداڵانی تری جابان.
5. پێغەمبەر (د.خ)و پۆشینی جلوبەرگی کوردیی.
6. ئاماژە بە نەتەوەی کورد و کڵاشی کوردیی لە فەرمودەدا.

## پێشەکی

نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکرێت کە قورئانی پیرۆز ڕاستەوخۆ وشەی (کورد) وەک نەتەوە و (کوردستان) وەک جوگرافیای تێدا نەهاتووە، هەرچەند تاکە کێوێک کە لە قورئاندا ناوی برابێت، کێوی (جودی)یە، کە دەکەوێتە باکووری کوردستانەوە، نزیک شاری جزیرە. بەڵام بەپێی هەندێک خوێندنەوەی جوگرافیی و وتە و بۆچوونی ژمارەیەک لە ڕاڤەکار و موفەسسیرەکانی قورئانی پیرۆز، لە چەند سورەتێکدا ئاماژە بە کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک جوگرافیا و ناوچەکە کراوە. هەروەها لە ناواخنی باسی بەسەرهاتی چەند پێغەمبەرێکدا-وەک ئیبراهیم و نوح (س)، لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە تێیدا ژیاون ئاماژە بە کورد و کوردستان وەک نەتەوە و جوگرافیا کراوە.

هەروەها بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە فەرمودەکانی پێغەمبەری ئیسلامیان کۆکردۆتەوە (د.خ)، دەقێکی فەرمودە لەبەردەستدا نیە کە ڕاستەوخۆ لە زاری پێغەمبەرەوە(د.خ) وشەی (کورد)ی تێدا هاتبێت، وەلێ چەند فەرمودەیەک لەبەردەستدان کە لە زمانی سەحابەوە ئاماژەیان تێدایە بۆ نەتەوەی کورد.

بەڵام ئەوەی کە سەلمێنراو و زانراوە ئەوەیە کە پێغەمبەر(د.خ) نەتەوەی کوردی ناسیوە و لەنێو ماڵیاندا باسی کورد و کار و بەرهەمە دەستییەکانی کورد کراوە، چونکە عائیشەی هاوسەری، باسی جۆری پۆشاک و جلوبەرگی کوردی کردووە، هەندێک لە یارانیشی لە تەفسیری هەندێک ئایەتدا ئاماژەیان بە نەتەوەی کورد کردووە، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە زانیارییەکانیان لە پێغەمبەرەوە (د.خ) وەرگرتووە.

ئەم زانیارییە جێی گومان نیە، چونکە لە سەردەمی نەفامیدا و تاکاتی هاتنی پەیامی ئیسلام، چەندین کەس و بنەماڵە لە نەتەوە غەیرە عەرەبەکان، لە فارس و تورک و کورد و حەبەشییەکان، بەمەبەستی بازرگانیی بووبێت،

یان بە هەر هۆکارێکی تر، چوونەتە مەککە و مەدینە و شارەکانی تری ئەوکاتەی حیجاز و عەرەبستان.

بەنیسبەت بوونی کەسانێکی کوردەوە لەو شارانەدا، ئەوەی گومانی تێدا نەماوە، بوونی کەسێکە بەناوی (جابان)، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلامدا مسوڵمان بووە و بۆتە یەکێک لە یارانی نزیکی پێغەمبەری خوا (د.خ)و فەرمودەی لێ گێردراوەتەوە، بەهەمان شێوە کوڕێکیشی بەناوی (مەیمون) لە جیلی پەیڕەوان(تابعین) و، وەک (ڕاوی)یەکی فەرمودە و بانگخوازێکی ئیسلامیی، ناوبانگی زۆری هەبووە. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەگەر لە سەردەمی نەفامیشدا نەتەوەی کورد لای عەرەبەکانی نیمچەدورگە زۆر نەناسرابێت، لە سەردەمی جێگیربوونی پێغەمبەرەوە لە شاری مەدینە، ئاشنایی لەسەر کورد زیاد بووە.

بەهەرحاڵ، لەم کورتە بابەتەدا هەوڵ دەدەم لەبەر ڕۆشنایی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز و سەرچاوە تەفسیرەکاندا، هەروەها چەند فەرموودەیەک و بۆچوونی ڕاڤەکارانی فەرموودەدا، لە چەند برگەیەکدا، تیشک بخەمە سەر پەیوەندیی نێوان کورد و ئیسلام و کورد و پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، بەهیوای کردنەوەی دەروازەیەک بە ڕووی توێژەراندا.

## بەشی یەکەم: ئاماژەکانی قورئانی پیرۆز بە باسی کورد و کوردستان

یەکەم/ نوح و جودی کوردستان:

1. خوای گەورە لە ئاقاری باسی تۆفانە گەورەکە و چارەنووسی نوح پێغەمبەر و هاوڕێکانیدا (سڵاوی خوایان لەسەر بێت)، ڕوو بە نوح دەفەرموێ: ﴿**فَإِذَا اسْتَوَيْتَ أَنْتَ وَمَنْ مَعَكَ عَلَى الْفُلْكِ فَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي نَجَّانَا مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ. وَقُلْ رَبِّ أَنْزِلْنِي مُنْزَلًا مُبَارَكًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ**﴾ **المؤمنون/٢٨**، واتە: هەرکات تۆ و ئەوانەی لەگەڵ تۆن، لە سەر کەشتییەکە جێگیر بوون، بڵێ: تەواوی سوپاسی شایان بۆ ئەو خوایەی ڕزگاری کردین لە نەتەوە ستەمکارەکان، هەروەها بڵێ: ئەی پەروەردگارم! لە شوێن و نشینگەیەکی پیرۆز و بەفەڕ دامبەزێنە، تۆ باشترین کەسێکیت کە دادەبەزێنی.

2ـ جا بەپێی دەقی خودی قورئانی پیرۆز، ئەو کەشتییەی کە پاش دامرکانەوەی تۆفانەکە، لەسەر کێوی (جودی) لەنگەری گرت، هەمان کەشتی نووحە، ئەوەتا دەفەرموێ: ﴿**وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْداً لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ**﴾ هود/44. واتە: ئەی زەوی! ئاوەکەت هەڵلوشە، ئەی ئاسمان! تۆش کۆتایی بێنە بە باران. ئاوەکە ڕۆچوو و پێچرایەوە و نەما، کار تەواو بوو، کەشتییەکە لەسەر (جودی) لەنگەری گرت، پاشان وترا: نەتەوە ستەمکارەکان لەوەولا تر چن..!

3ـ جا، بەوپێیە کە ناوی هیچ کێوێکی تر لەناوچەکە و تەنانەت لە دوورتر لە ناوچەکەش بەناوی (جودی) نەبیستراوە، دڵنیا دەبین کە ئەو (جودی)یەی قورئان باسی دەکات، هەمان کێوی (جودی)یە کە لە باکووری کوردستاندایە و کەوتۆتە نزیک شاری (جەزیرە).

جێی ئاماژەیە کە لە کتێبی تەورات و لە کۆنترین دەقە بەجێماوەکانی سۆمەرییەکانیشدا، هەر بەوجۆرە باسی تۆفانی نوح و ناوچە و شوێنەکە و کاتەکەی کراوە، کە قورئان باسی دەکات، بە کەمێک جیاوازییەوە.

4. لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ئەوە دووپات کراوەتەوە کە کەشتی نوح لە شوێنێک نیشتەوە کە لە کێوی (جودی)یە بەناوی (ثمانین) کە بە کوردی

پێی دەگوترێ (هیشتدانە)(1)، یان (هەشتیان)(2)، دواتر مێژوونوسانی عەرەب وتیان: شوێنەکە ناوی (ثمانین)ە(3)، بە گومانی ئەوەی کە (80) کەس لە کەشتییەکەدا بوون. دیارە (هەشت) و (هەشتا)، واتە: (ثمان)و (ثمانین)یان لا تێکەڵ بووە. بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە (هەشت)ە نەک (هەشتا)، چونکە لە تەورات و (کتاب المقدس)دا هاتووە کە نوح و سێ کوڕەکەی (سام) و (حام) و (یافث)و سێ ژنەکانیان و خێزانی نوح (واتە هەشت کەس بوون). دواتریش ئەو شوێنە بە کوردی لە بەر هەمان هۆ، ناونراوە (هیشتدانە) (هەشت دانە)، کە ئێستەش لە بناری چیای (جودی)یە لە ئارارات.

شایانی باسە ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێت ئەوەیە کە سەرچاوە ئەرمەنییەکان ئاماژە بەناوی (تمنیس) لە بناری (کوردوق) دەکەن لای (ئارارات)، کە هەمان کێوی جودی لێیە. بۆیە (ئەحمەد ئیبن رستە)ی جوگرافیناس دەڵێت: «یەکەمین گوند لەسەر زەوی، کە پاش تۆفانی نوح دروستکرا، گوندی (باقەردێ) بوو، نوح پێغەمبەر(علیه السلام) دروستیکرد، هەرکەس لەو بڕوادارانەی لەگەڵی بوون، یەکی خانوویەکی بۆ دروستکردن، ئەو گوندە تا ئێستەش پێی دەڵێن: **(سوق الثمانين)**»(٤).

5. بەپێی ئایەتی یەکەم کە نوح (علیه السلام) تیایدا داوایەک دەکات و دەڵێت: (خوایە! لە سەرزەوییەکی بەپیت و بەفەڕدا دامبەزێنە)، خوای گەورەش کێوی (جودی) دیاری دەکات، کەواتە ئەو کێوە و ئەو شوێنەش کە ئەو کێوەی تێدایە، موبارەک و بەفەڕ و بەپیتە، چونکە دوعای پێغەمبەران بەتایبەتی نوح-کە یەکێکە لە پێغەمبەرانی (أولو العزم) گیرایە و ناگونجێت دوعا و پاڕانەوەی پێغەمبەرێکی کۆڵنەدەری وا- کە هەزار ساڵ لە پێناوی گەیاندنی ئاینی خوادا،

## نەبیستراوە پێغەمبەر (د.خ) قەدەغەی کەسێکی کردبێ لەو (غەیرە عەرەب)انەی کە چوونەتە لای بە جلی خۆیانەوە

ڕەنجی کێشا- گیرا نەبێت و خوای میهرەبان ئەو داوایەی وەرنەگرێ و پاداشتی نەداتەوە.

بۆیە لەم پێشەکییە مەنتقییەوە دڵنیا دەبینەوە کە ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز، ئەو تەفسیرە هەڵدەگرێت، کە: کێوی(جودی)و ناوچەکە، بەشێکە لەو شوێنانەی کە خوای گەورە فەڕو پیتی تێخستووە، چونکە شوێنی تریش هەن کە باسکراون بە موبارەک، وەک مەککەی پیرۆز و مزگەوتی (ئەقصا)و دۆڵی (طُوی)، کە پێغەمبەران ئیبراهیم و عیسا و یوسف و یەعقوب پێیدا تێپەڕیون و موسا و ئیلیاس تێیدا ژیاون.

6. سەبارەت بەپیت و فەڕداریی کوردستانیش، ئەوەی کەمێک بەبێ دەمارگیریی لە جوگرافیا و واقعی کوردستان وردببێتەوە، دەبینێت کە خوای میهرەبان بە چەندین بەهرە و نیعمەتی خۆی، ئەو سەرزەوییەی موبارەک کردووە، هەر لە ئاو و تاڤگە و دەریاچە و شاخ و دەشتی بەپیت و کەشوهەوای سازگارەوە، تا دەگاتە چەندین جۆر کانو کانزای سروشتیی. بۆ نمونە کوردستان بەناوبانگترین سێ ڕووباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی تێدایە، کە بریتین لە (دیجلە)و (فورات)و (ئاراس). جگە لە دەیان دەریاچەو زێو ڕووباری گەورەو بچووک. هەروەک لەم ساڵانەشدا لە

# ئیسلام زۆر دژی تواندنەوەی نەریت و کولتووری پەسەندی نەتەوەکان بووە

ڕووی واقعیی‌و زانستییەوە سەلمێنراوە کە بە سەدان کێڵگەو بیری نەوتو گازی سروشتی لە زۆربەی بەشەکانی کوردستاندا هەیە. هەروەها خوا ئەو نیعمەتەی پێداوە کە بەرزترین شاخەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی تێدایە. وەک زنجیرە شاخەکانی (زاگرۆس)و (ئارارات)، بێ گومان ئەم شاخانەو دەوروبەریان، پڕن لە جۆرەها کانزای بەنرخی ئاسنو یۆرانیۆمو مسو کبریتو فۆسفاتو.. هتد. هەروەها دۆخو کەشوهەوایەکی سازگاری پێبەخشراوە، کە گونجاوی کردووە بۆ کشتو کاڵو ڕەزدارییو باخدارییی، بۆیە دەیان جۆر میوەو بەروبووم لە کوردستان هەن، کە لە کەم ناوچەی جیهان بەو چۆنیەتییو تایبەتمەندییەوە هەبن.

7. ئەگەر بۆ میسداقیەتی فەرو بەرەکەت لە مێژووی نیشتەجێ و دانیشتووەکانی کوردستانیشدا بگەڕێین، ئەوە بەڵگەی زۆری ناوێت، چونکە هەم لە قورئاندا ئاماژە بە هاوڕێ و هاونشینانی نوح (علیه السلام) کراوە، هەم کورد خۆی وەک نەتەوە، سەلماندوویەتی کە پشکی شێری هەبووە لە خزمەتکردنی ئیسلام و مرۆڤایەتیی و ژیار و شارستانێتیدا، چ لە ڕووی زانا و پیتۆڵی بلیمەتەوە، چ لە ڕووی سەدان سەرباز و جەنگاوەری قارەمانەوە، چ لە ڕووی چەندین سەرکردە و کەسایەتیی هەڵکەوتووەوە، کە جێپەنجەی هەموویان لەسەر تابلۆی ژیانی شارستانیی و مرۆڤایەتیی و زانست و زانیاریدا دیارە.

ئەوەی کە بەڵگەی قورئانییە ئەوەیە کە دەفەرموێ: **﴿قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِّنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ﴾ هود** /٤٨. واتە: وترا: ئەی نوح! دابەزە بە سلامەتیی و بێوەیی و بە فەڕ و بەرەکەتگەلێکەوە کە لە لایەن ئێمەوە بەسەر تۆ و ئەو کۆمەڵانەدا کە لەگەڵتان، ڕژاندمان. ئەمە دەری دەخات کە فەڕ و بەرەکەتی خوا ڕژاوە بەسەر نوح و تەواوی ئەوانەدا کە لەگەڵ نوحدا بوون.

موفەسیری گەورەی قورئان (طبری) دەڵێت: «خوا ڕێزی لە سێ کێو ناوە، بە هۆی سێ کەسەوە: جودی، بەهۆی نوحەوە، (طور)ی سینا، بەهۆی موساوە، (حراء) بە هۆی محەمەدەوە (سەلامی خوا لەسەریان بێت)»(5).

خۆ ئەگەر تەفسیری (بەرەکەت) کەمێک فراوانتر بکەین و بچینە ڕەهەند و مەودا مەعنەوییەکەیەوە، ئەوە دەکرێت ئاماژە بکەین بە سەدان زانای هەڵکەوتووی نەتەوەی کورد، لە هەموو بوارەکانی تەفسیر و فەرموودە و شەریعەت و زانستە زمانەوانییەکان و مێژوودا، کە هەموو مرۆڤایەتی بە خزمەتەکانیان بەهرەمەند بووە، نەک تەنها کورد و ئوممەتی ئیسلامیی.

8. لە مانگی ئایاری ساڵی 1948دا شوانێکی کورد بەناوی (ڕەشید سەرحان) لە دانیشتووانی گوندی (نسار)، (Nisi)لە ناوچەی جزیرە پاشماوەی دارو تەختەی کەشتییەکی لە لوتکەی چیای (جودی) دۆزییەوە. سەیر ئەوەیە ناوی ئەو گوندە ناوی هەمان ئەو گوندەیە کە لە

دەقە بابلییەکاندا هاتووە، کە گوایە نوح لەگەڵ نەتەوە سەرکەشەکەی تێیدا ژیاون و تۆفانەکە نغرۆی کردوون. لەو ساڵەوە شوێنەوارناسە نێردراوەکان کەوتنە خولیای گەڕانو لێکۆڵینەوە لەو پارچە تەختەو دارە دۆزراوانە. سەرەتا پاش پشکنینی فیزیاییو تاقیکرنەوەی زانستیی، بۆیان دەرکەوت کە تەمەنی ئەو کەشتییە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 4500 ساڵ، کە هەمان سەردەمی پێغەمبەرایەتی (نوح)و ڕووداوی تۆفانەکەیە!. دواتر بە هەوڵی دوو توێژەری بیانی بە ناوەکانی دیڤید فاسۆلد(David Fasold) و ڕۆن ویات (Ron Wyatt)و پرۆفیسۆری تورکی ناسراو (ئەحمەد ئەسلان) کە لە ماوەی چل ساڵدا پەنجا جار بە کێوی (جودی)دا هەڵکشا زۆرێک لە ڕاستییەکان ڕوونبوونەوە، کە پارچە تەختەکان پارچەی هەمان کەشتییەکەی نوحەو شوێنەکەش هەمان شوێنە، تەنانەت توانییان سەکۆی لەنگەرگای کەشتییەکەش بدۆزنەوە، کە لەوەوە توانییان بە شێوەیەکی خەملاندن، لە قەبارە و درێژیی و پانیی و قووڵی کەشتییەکەش نزیک ببنەوە!(6).

9. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەم کە لە سێ جێگەی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە کراوە کە کەشتی نوح ئایەت و نیشانە و بەڵگەیە و خوای گەورە بۆ پەند و عیبرەت دەیهێڵێتەوە:

أ- لە باسی بەسەرهات و چارەنووسی کەشتییەکەدا، لە ئایەتی 14و 15ی سورەتی (القمر)دا دەفەرموێت: **(تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاءً لِّمَن كَانَ كُفِرَ ★ وَلَقَد تَّرَكْنَاهَا آيَةً فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ)**، واتە: کەشتییەکە بە چاودێریی خۆمان دەڕۆیشت، (ئەو کارە) سزا بوو بۆ بێ بڕوایان. بە دڵنیایی کەشتییەکەمان وەک نیشانە و بەڵگە هێشتەوە، جا، ئایا کەسانێک هەن وردبنەوە و یادبکەنەوە؟ بۆیە (ابن کثیر) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت:» خوا کەشتییەکەی لە گوندی (باقەردی) لەسەر زەوی جزیرە، وەک بەڵگە و نیشانەیەک هێشتەوە، تا خەڵکانی سەرەتاکانی ئوممەتی (ئیسلام)یش، کەشتییەکەیان بینی»(7).

موفەسیری هاوچەرخیش (محمد الطاهر بن عاشور) دەڵێت: «واتای ئایەتەکە: ئێمە کەشتی نوحمان هێشتەوە و نەمانهێشت بڕزێت و بفەوتێت، تا ببێتە بەڵگە و نیشانەیەک و هەرکەس لەو نەتەوانەی پێغەمبەرانیان بۆ هاتوون، ویستیان ببینن، بچن سەیری بکەن... دواتر کەم کەم کەشتییەکە هەڵوەشا، تاکو سەردەمی سەرەتای ئوممەتی ئیسلام، پارچەکانی داروتەختەکەیان بینی. بەوجۆرە هەموو نەتەوەکان بینییان و (بەسەرهاتی تۆفان و نوح و کەشتی)، پلەی متمانەییو تەواتوری لای هەموو نەتەوەکان وەرگرت»(8).

بئەم باسی هێشتنەوەی کەشتییەی نوح بۆ وەرگرتنی پەند و عیبرەت، لە جێیەکی تری قورئانیشدا دووپات کراوەتەوە، کە ئایەتی (15)ی سورەتی (العنکبوت)ە، دەفەرموێ:**(فَأَنْجَيْنَاهُ وَأَصْحَابَ السَّفِينَةِ وَجَعَلْنَاهَا آيَةً لِلْعَالَمِينَ)**، واتە: نوح و هاوڕێیانی ناو کەشتییەکەمان ڕزگارکرد، کەشتییەکەشمان کردە نیشانە و بەڵگە بۆ هەموو جیهانییان.!

جلە ئایەتی (121)ی سورەتی (الشعراء) یشدا وەصفی کەشتییەکەی بەوە کردووە کە ئایەتو نیشانەو بەڵگەیە. دەفەرموێت:**(إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ)**، واتە: لەوەدا (واتە: لە بەسەرهاتی نوح و کەشتی و تۆفاندا)، نیشانە و بەڵگەیەک هەیە، بەڵام زۆربەیان بڕوادار نین.

ئەو دووپاتکردنەوەیەی قورئان لەسەر ئەوەی کەشتییەکە بووەتە نیشانە و بەڵگە بۆ هەموو جیهان، هەڵوێستە لەسەرکردنی دەوێت، چونکە

زۆر ڕوونە کە ئاماژەیە بەو ڕاستییە مێژووییە و بەو تەواتورەی کە تەواوی نەتەوەکانی سەر زەوی و کتێبە ئاسمانییەکان بەتایبەتی (تەورات)و ژێدەر و سەرچاوە مرۆییەکانیش لە سۆمەری و ئەکەدییەکانەوە تا دواتر، ئاماژەیان پێکردووەو دووپاتیان کردووەتەوە.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم تەفسیرە ڕاڤەناسی ناسراو پێشەوا (بوخاری) لە (جامع الصحیح) ەکەیدا لە زمانی (قەتادە)وە دەڵێت»أبقی الله سفینة نوح، حتی أدرکها أوائل هذه الأمة»، واتە: خوا کەشتییەکەی نوحی هێشتەوە، تا ئەو کاتەی سەرەتاکانی ئەم ئوممەتە بینییان(9).

وا دیارە ئەم دەنگۆیەی مانەوەی شوێنەواری کەشتییەکەی نوح، تا سەدەی دووەمی کۆچیش ماوە، بۆیە مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە:» ساڵی (174)ی کۆچیی، هارون ڕەشیدی خەلیفەی عەباسی، سەردانی ئەو گوندەی (باعەردێ)ی کردووە و چووەتە سەر کێوی(جودی) و گەڕاوە بۆ ئاسەوارەکانی کەشتیی نوح»(10).

کەواتە ئەو دەستەواژەیە زۆر تەواوە، کە بڵێین: کوردستان لانکی دووەمی مرۆڤایەتییە، چونکە پاش ئەو تۆفانە سەراپاگیرەی نوح (س)، مرۆڤایەتی لەوێوە سەرلەنوێ دەستیکردووەتەوە بە ژیانەوە.

## دووەم/ نەتەوە بە زەبرەکە (قوم أولي بأس شدید):

لە شوێنێکی تری قورئانی پیرۆزدا، باس لە ئازایەتیی نەتەوەیەکی بە زەبر کراوە، کە هەندێک لە ڕاڤەکارو موفەسیرەکانی قورئان لە سەردەمی (صەحابە) و (تابعین)دا، وایان لێکداوەتەوە، کە مەبەست لەو نەتەوەیە، نەتەوەی کوردە.

خوایگەورەلەسورەتی(الفتح)دادەفەرموێ:(قل للمخلفین من الاعراب ستدعون الی قوم اولی بأس شدید تقاتلونهم او یسلمون) الفتح/16، واتە: ئەی محمدا! بەوانەی کە (لە بەشداریی حودەیبیە)، دواکەوتن، بڵێ: لە داهاتوویەکی نزیکدا، بانگ دەکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵکێکی خاوەن زەبری توند (واتە ئازاو جەنگاوەر)، کە: یان شەڕیان لەگەڵ دەکەن، یان ئەوان مسوڵمان دەبن، جا ئەگەر گوێڕایەڵیی بکەن، خوا پاداشتێکی جوانتان دەداتێ، ئەگەر پشتیش هەڵکەن وەک پێشتر پشتتان هەڵکرد ئەوە سزایەکی پڕئێشتان دەداتێ.

موفەسیرەکان بۆ دیاریکردنی ئەو خەڵکە کە لە ئایەتەکەدا بە (قوم أولي بأس شدید)، واتە: نەتەوەیەکی خاوەن زەبروزەنگی بەهێز، ناوبراون ڕای جیاوازیان هەیە. هەندێک وتوویانە: مەبەست لەوانە هۆزی (بنی حنیفە)یە، واتە تاقمی (موسەیلەمە)ی درۆزن، ئەوانەی لە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەردا (د.خ) وەرگەڕانەوە و پەلاماری مەدینەیان دا. هەندێکی تر وتویانە: مەبەست فارسەکانن، هەندێکی تر وتویانە: مەبەست هۆزی (هەوازن)ە، ئەوانەی لە (حونەین)دا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا جەنگیان کرد.

لەناو ئەم ڕاو بۆچونانە (ابن أبي حاتم) لە (أبو هریرة)وە، دەگێڕێتەوە دەڵێت:» مەبەست لەوانە (بارز)ە واتە: کوردەکان»، وەک لە تەفسیری (در المنثور)دا هاتووە. (ابن کثیر)یش دەڵێت:» أبو هریرة وتوویەتی: پێغەمبەر فەرمووی: (تقاتلون قوما نعالهم الشعر)، واتە: شەڕ لەگەڵ نەتەوەیەک دەکەن، پێڵاوەکانیان لە مووە، ئەوانە کوردەکانن»(11).

هەروەها (ابن المنذر)و (تەبەرانی) لە (الکبیر) دا لە (موجاهید)ی گەورە تابعی دەگێڕنەوە کە وتویەتی: «مەبەست لەو قەومە لە ئایەتەکەدا،

عەرەبەکانی فارس و کوردانی عەجەمن»(12).
ئالوسی نووسەری تەفسیری (روح المعانی) لەمبارەیەوە دەڵێت: «ئەم پێکەوەگرێدانەی (عەرەبی فارس و کوردی عەجەم) وا دەگەیەنێت کە نەتەوەیەک بەناوی (کوردانی عەرەب)یش هەبێ، بەڵام ئێمە ئاوا دابەشکردنێک شک نابەین، بەڵکو جیلێک لە خەڵکیی هەن کە پێیان دەگوترێت: (کورد)، بەبێ نیسبەتدانیان بۆ لای عەرەب، یان عەجەم»(13).

پاش ئەوە (ئالوسی) ئەو گومانە ڕەتدەکاتەوە کە کورد نیسبەت دەدرێنە لای هۆزە عەرەبەکان و ئەسڵیان دەبرێتەوە سەر ئەوان و دەڵێت: «هیچ شتێک لەمەی وترا، بەلای منەوە ڕاست نیە«. پاشان بۆ ئەوەی ئەو تەفسیرە دووپات بکاتەوە کە مەبەست لە (قوم أولي بأس شديد) لە ئایەتەکەی سورەتی (فتح)دا کوردە، دەڵێت:» بەگشتیی نەتەوەی کورد بە ئازایەتیی و نەبەردیی ناوبانگیان دەرکردووە. کورد کەسانی گەورەی زۆریان تێدا هەڵکەوت، هەندێکیان فەزڵ و گەورەیی صەحابەبوونیان بەنسیب بووە، لەوانە (جابان)ی باوکی مەیمون، کە (ابن حجر) لە کتێبی (الإصابة في تمييز الصحابة)و (الطبراني) لە (المعجم الصغير)، فەرمودەیان لێ گێڕاوەنەتەوە(١٤).

### سێیەم/ هەوڵی سووتاندنی ئیبراهیم پێغەمبەر د.خ:

1. لە ئاقاری گێڕانەوەی بەسەرهاتی دانانی مەنجەنیق بۆ سووتاندنی ئیبراهیم پێغەمبەر (عليه السلام)، قورئانی پیرۆز ئاماژە دەکات کە کەسانێکی نەیار بەو پێغەمبەرە، وتیان: زۆر بە خراپ بیسووتێنن و پشتیوانیی لە (خواکانتان) بکەن، ئەگەر بەتەمان شتی وا بکەن. ئایەتەکە بەم جۆرەیە: **(قالوا: حرّقوة وانصروا آلهتكم ان كنتم**

**پێغەمبەر(د.خ) نەتەوەی کوردی ناسیوە و لەنێو ماڵیاندا باسی کورد و کار و بەرهەمە دەستییەکانی کورد کراوە.**

**فاعيلين).** موفەسیرەکان سەبارەت بەو کەسەی کە ئەم فەرمانەی داوە، ڕای جۆراو جۆریان هەیە. بەڵام زۆربەیان بە چاوکردن لە (تەبەری) کە ساڵی (٣١٠) کۆچی دوایی کردووەو یەکەم تەفسیری فراوان و گشتگیری نووسیوە، دەڵێن:» ئەو کەسەی وتی ئیبراهیم بسوتێنن، پیاوێک بوو لە کوردانی فارس». پاشان ڕیوایەتێک لە (موجاهید) وە دەگێڕنەوە کە گوایە ئایەتەکەی خوێندۆتەوە بۆ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، ئەویش پرسیویەتی لە (موجاهید): ئایا ئەزانی کێ بوو ئەو کەسەی ئاماژەی کرد بە سووتاندنی ئیبراهیم؟ دەڵێت: وتم نەخێر. وتی: پیاوێک بوو لە عەرەبەکانی فارس. وتم مەگەر فارس عەرەبیان هەیە؟ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر وتی: بەڵێ. کوردان بریتین لە عەرەبەکانی فارس و پیاوێک لەوان بوو، ئاماژەی کرد بە سووتاندنی ئیبراهیم بە ئاگر»(15).

بەڵام دیارە ئەم بۆچوونە کە لەم ڕیوایەتەدایە، هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە لە ڕووی مێژوویی و واقیعییەوە، نەتەوەیەک، یان هۆز و کەسانێک نین پێیان بگوترێت: عەرەبەکانی فارس. جگە لەو هەڵەیەش خودی ڕیوایەتەکە لە ڕووی ئیسنادەوە لاوازە، چونکە دوو کەسی تێدایە بەناوەکانی (لیث) کوڕی (أبوسليم)و (حەسەن) کوڕی (دینار)

**بەوپێیە ناوی هیچ کێوێکی تر بەناوی (جودی) نەبیستراوە. دڵنیا دەبین ئەو (جودی)یەی قورئان باسی دەکات هەمان کێوی (جودی) یە لە باکووری کوردستاندایە**

کە هەموو ڕیوایەتەکانیان لاواز و ناپەسەندن و تەنانەت دووەمیان تۆمەتبارە بە درۆکردن(١٦).

لەم سۆنگەیەوە موفەسیری هاوچەرخ عەللامە ئالوسی لە تەفسیرە نایابەکەیدا (روح المعاني)، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە کەسانێک هەبن پێیان بگوترێت: عەرەبەکانی فارس و مەبەست کورد بێ، وەک پێشتر وتمان دەڵێت:» لێکدانی عەرەبی فارس و کوردی عەجەم، وادەگەیەنێت کە کوردی عەرەبیشمان هەبێت، بەڵام ئێمە ئاوا دابەشکردنێک شک نابەین، بەڵکو جیلێک لە خەڵکیی هەن کە پێیان دەگوترێت (کورد)، بەبێ نیسبەتدانیان بۆ لای عەرەب، یان عەجەم!»(١٧).

جا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو کەسەی فەرمانی سووتاندنی دا، ڕازی لە (مفاتیح الغیب)-هەرچەند ڕیوایەتەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەهێنێت، بەڵام دەڵێت:» لە قورئاندا دیاری نەکراوە کێیە، بەڵام وا مەشهورە کە (نەمرود) بووە«(١٨).

من پێم وایە زۆر ئاساییە کە کوردێک یان یەکێک لەوانە هاواریان کردووە: «بیسووتێنن»، کورد بووبێت، چونکە دانیشتووانەکە کورد بوون، بەڵام بەڵگەی بەهێز بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ڕیوایەتە ئەوەیە کە ئایەتەکە بە صیغەی کۆ هێناویەتی. دەفەرموێ: **(قالوا:حرّقوة وانصروا آلهتكم)**، واتە: وتیان بیسووتێنن و پشتیوانیی لە خواکانتان بکەن، ئیتر چۆن ئەم بێژەرە بوو بە یەک کەس و کەسەکەش کورد دەرچوو؟!

جگە لەوە لێرەدا پرسیارێکی زۆر مەنتیقیش سەرهەڵدەدات، کە: ئایا بۆچی دەبێت سووتێنەر و فەرماندەر بە سووتاندن، کوردبوو بن، بەڵام لەو شوێنە کوردستانیی و کوردنشینەدا، تەنها ئیبراهیم پێغەمبەر(علیه السلام) کورد نەبووبێت؟! لەکاتێکدا لە تەواوی کتێبە ئاسمانییەکان و گێڕانەوە مێژووییەکاندا، نەبینراوە کە گوترابێت: ئیبراهیم خەڵکی ئەو شوێنە نەبووە و کۆچەری شوێنێکی تر بووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆربەی گێڕانەوەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئیبراهیم لەدایکبووی شاری (حەڕان)ە لە خۆرئاوای باکوری کوردستان (لەسەر مەرزی نێوان تورکیا و سوریە)و دواتر کۆچی کردووە بەرەو شام و ئوری باشووری عیراق و نیمچەدورگەی عەرەب. لەمبارەیەوە مێژوونووسی گەورە (طبري) دەڵێت:» هەندێک لە مێژوونووسان وتوویانە: ئیبراهیم لە (حەڕان) لەدایکبووەو (تارخ)ی باوکی گواستوویەتەوە بۆ سەر زەوی بابل»(١٩).

جگە لەوە ئایا مەعقول و ڕەوایە پێغەمبەری نەتەوەکە کورد نەبووبێت، بەڵام ئەو قەومەی بۆیان نێرراوە کورد بووبن؟! لەکاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت:(وما ارسلنا من رسول الى بلسان قومه ليبين لهم)إبراهیم/٤، واتە: هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە بە زمانی نەتەوەکەی نەبێت، تا بۆیان ڕوون بکاتەوە.

٢- سەبارەت بە چارەنووسی ئیبراهیم، سێ ئایەت پاش ئەو ئایەتەی باسی سووتاندنەکەی

دەکات، دەفەرمویێت: «(ئیبراهیم) و (لوط)مان ڕزگارکرد بۆ ئەو سەرزەوییەی فەڕو پیت و بەرەکەتمان تێخست بۆ جیهانییان)ونجینه ولوطا الى الارض التى بركنا فيها للعلمين) الأنبياء/71، سەبارەت بەو سەرزەوییە، هەندێک لە موفەسیرەکان، دەڵێن: مەبەست وڵاتی شامە، هەندێک دەڵێن: مەبەست مەککەیە(٢٠)، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن: مەبەست ناوچەی (حران)ە(٢١).

من پێموایە ئەگەر هەیە ئەم بۆچوونەی دوایی دروستترین تەفسیر بێت، لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: ئیبراهیم لەو ئاوارەبوونەیدا خاتوو (سارە)ی خوازبێنی کرد، کە کچی پاشای (حەڕان) بووە و ئامۆزای خۆیشی بووە، کە دژی ئاینی نەتەوەکەی بووە(٢٢).

دووەم: پێشتر لە باسی دوعاکەی نوحدا، گوتمان کە فەرمووی: (**ربّ أنزلني منزلا مباركا**)، واتە: پەروەردگارم! لە شوێنێکی بە فەڕو پیرۆز دامبەزێنە، خوای گەورەش لەسەر کێوی (جودی) دایبەزاند، کەواتە کاتێک لەوێ کوردستان بە (منزلا مباركا) ناوبراوەو لێرەش بە (الأرض التي باركنا) هاتووە، من پێموایە ئەم دوو ئایەتە یەکتر تەفسیر دەکەن و ئەبێ هەر (حەڕان) بێت، شارەکەی زانای گەورەی کورد و ئیسلام (ابن تيمية). ئەوەندەش جێی گومان نیە کە جێی مانەوەی ئیبراهیم حەڕان بووە، چونکە بەپێی تەواوی سەرچاوە مێژووییەکان کاتێک چووەتە سەرزەوی حیجاز، تەنها بەیتی دروست کردووەو مەککەی نەکردووە بە نیشتیمانی خۆی و گەڕاوەتەوە بۆ حەڕانی نیشتیمانی ئەسڵیی خۆی(٢٣)، کە لە مێژوودا گوتراوە کەوتۆتە ناوچەی شام و لە پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیی کەوتۆتە بەشی تورکیا لە کوردستانی بەشکراو.

## بەشی دووەم: کوردو کوردستان لە ژیاننامەی پێغەمبەردا (د.خ)

یەکەم/ (جابان)ی کوردیی یاوەری پێغەمبەر(د.خ):

لە چەندین سەرچاوەی فەرموودە و ڕیوایاتدا باسی سەحابییەک کراوە بەناوی (جابانی کوردی)، کە لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ)دا ژیاوە و بەشداریی کۆڕ و کۆبونەوەکانی کردووە و فەرمودەی لێوەرگرتووە و فەرمودەی گێڕاوەتەوە، لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئاماژە بە زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانە دەکەم.

سەرەتا دەربارەی ژیاننامەی ئەو زاتە، (إبن الأثير الجزرى) کە مێژونووسێکی گەورەی کوردە و هاوچەرخی دەوڵەتی سەلاحەدینی ئەیوبی بووە و ساڵی (٦٣٠) کۆچی لە دونیا دەرچووە، بەم جۆرە باس لە (جابان) دەکات: «جابان، باوکی مەیمون، دەڵێ: زیاتر لە جارێک، تا نزیکەی دەجار لە پێغەمبەرم بیستووە (د.خ)، دەیفەرموو: (**أي رجل تزوج امرأة، وهو ينوي أن لا يعطيها صداقها، لقي الله زانيا**)(٢٤)، واتە: هەر پیاوێک ژنێک مارە ببڕێ و نیازی ئەوە بێ مارەییەکەی نەداتێ، ئەوە وەک زیناکارێک دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا».

باسی ئەم هاوەڵەی پێغەمبەر (د.خ) جگە لە سەرچاوەکانی فەرموودە، لەم سەرچاوە مێژووییانەشدا هاتووە: 1ـ أسد الغابة، ابن الأثير الجزرى -2 الإصابة في تمييز الصحابة، ابن حجر العسقلاني -3 تجريد اسماء الصحابة، الحافظ الذهبي.

دووەم/ مەیمونی کوڕی جابانی کوردیی:

لە سەرچاوەکانی فەرمووددا بە ڕادەی (جابان) باس لە (مەیمون)ی کوڕیشی کراوە، کە کونیەکەی (أبو بصير)ە، لە تەواوی ئەو

سەرچاوانەی سەرەوەدا ناوی (مەیمون)یش براوە، چونکە بەناونیشانی (عن میمون عن جابان) یان (عن میمون، عن أبیه) هاتووە، بۆیە ناوی سەرچاوەکان دووبارە ناکەمەوە.

(مەیمون) یەکێکە لە پەیڕەوان (تابعین)، پێشەوا (ذهبي) باسی دەکات و فەرمودەی لێ دەگێڕێتەوە، یەکێک لەوانە ئەو فەرموودەیەیە کە دەفەرمویت:» الجراد من صيد البحر»، هەروەها زاهیدی گەورە مالیکی کوڕی دینار فەرمودە لەم کوڕەی جابانەوە دەگێڕێتەوە.

پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش دەڵێت: یەزیدی کوڕی دەیلەم بۆی گێڕامەوە کە مەیمون کوڕی (أبو عثمان) گوێی لە عومەر بووە وتاری داوەو، گوتویەتی: گوێم لە پێغەمبەر(د.خ)بوو دەیفەرموو: (إن أخوف ما أخاف على هذه الأمة كل منافق عليهم اللسان)(٢٥)، واتە: خراپترین شتێک کە لێی ئەترسم تووشی ئەم ئوممەتە ببێت، هەموو کەسێکی دووڕووی زمانزانە!.

هەروەها لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە مالیکی کوڕی دینار پرسیاری کردووە لە (مەیمونی کوردی)، وتویەتی: باوکت واتە (جابان) پێغەمبەری دیوەو، فەرمودەی لێ بیستووە، هەندێک فەرمودەمان بۆ بگێڕەرەوە، مەیمون وتویەتی: «باوکم فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ)ی بۆ نەدەگێڕاینەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەک کەم و زیادیان تێدا بکات!». ئەمەش شایەتیدانێکە لەسەر ڕادەی خواناسیی و وەرعی ئەو سەحابییە بەڕێزە، کە خۆی لاداوە لە گێڕانەوەی زۆری فەرموودە، بۆئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە و شتێک زیادوکەم نەکات لەسەر فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ).

سێیەم/ ناوبردن و باسکردنی جابان و مەیمونی کوڕی، لە سەرچاوەکانی فەرمودەدا:

جابانی سەحابی و مەیمونی کوڕی لەم سەرچاوانەدا ناویان هاتووە:

١ـ موسنەدی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، بە ژمارەکانی: ١٣٧، لە: ١/ ١٤١، هەروەها ژمارە: ٢٩٣، **لە ١/ ٢٣٧، ٦٥٩٨، لە: ١٣٦/١٤، ١٩٦٣٥، لە: ٤٩٨/٤١، ٦٢٥١، لە: ٢٩٨/١٣، ٦٥٨٧، لە: ١٢٥/١٤.**

٢ـ سونەنی ئەبو داود، بە ژمارەکانی: ١٥٧٩، لە: ١٩٤/٥. هەروەها: ١٥٨١، لە: ١٩٦/٥.

٣ـ سونەنی نەسائی، بە ژمارە: 4953، لە: ١٧٥/٣، ٥١٨٢، لە: ١٣١/3، ٥٥٧٧، لە: ١٥١/١٧.

٤ـ**السنن الكبرى للبيهقي**، ١١٣/٢، ٢٠٧/٥، ٥٨/١٠.

٥ـ المستدرك على الصحيحين، للحاكم، بە ژمارەکانی: ٣٧٣٩، **لە: ٤٦٥/٨، ٤٦٥٥، لە: ٤٧٦/١٠.**

٦ـ شعب الإيمان للبيهقي، بە ژمارەکانی: ١٧٣٠، **لە: ٩٥/٤ ، ١٧٣١، لە: ٢٩٦/٤.**

٧ـ المعجم الكبير، للطبراني، بە ژمارەکانی: **٤١٤٤، لە: ١٧٥/٣، ٧٢٣٤، لە: ٦٢/٧، ٧٨٤٠، ٧٨٤١، ٧٨٤٢، ٧٩١٣، ٧٩٣٧، ٧٩٣٨، ١٠١٥٢، ١٠٩٩٠، ١٠٩٩، ١٠٩٩٢، ١١١١٣.** جگە لەم شوێنانە لە ١٨ جێگەی تری ئەم سەرچاوەیەدا باسی هاتووە، لەبەر زۆریی نەقڵم نەکردوون.

٨ـ المعجم الأوسط للطبراني، بە ژمارەکانی: ١٩٢٠، لە: ٣٨٠/٤، ١٩٢١، **لە: ٣٨١/٤، ٦٣٩٣، لە: ٤٧١/١٣، ٦٣٩٤، لە: ٤٧٢/١٣.**

٩ـ المعجم الصغير، للطبراني، بە ژمارە: ١١١، **لە: ١١٤/١.**

١٠ـ معرفة الصحابة، لأبي نعيم، بە ژمارەکانی: **٢٥٢/٢١، ٦٣٧٤، لە: ٨٣/٢١، ٢٥٣/٢١.**

١١ـ مسند أبو يعلى، بە ژمارە: ٥٤٢، **لە: ٤٦/٢،**

١٢ـ مسند عبد بن حميد، بە ژمارە: ١١، ١٤/١.

١٣ـ الإبانة، لإبن بطة، بە ژمارە: ٩٤٢، لە: ٤٦٤/٢.

١٤ـ مصنف عبد الرزاق، بە ژمارەکانی: ٤٠٥٣، **لە: ٤٥٢/٢، ١٣٨٥٩، لە: ٤٥٤/٧.**

١٥ـ مصنف ابن أبي شيبة، بە ژمارەکانی: ١٠٠/٦، ١٥١/٦.

١٦ـ بغية الحارث، بە ژمارەکانی: ٨١٩، لە: ١/ ٢٥٥، ٨٣٧، لە: ١/ ٢٥٩، ٨٥٢، لە: ١/ ٢٦١.

چوارەم/ منداڵانی تری جابان:

لەو سەرچاوانەدا کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن، لە سەنەدی هەندێک ڕیوایەتدا، جگە لە مەیمونی کوڕی جابان، باس لە چەند کەسێکی تر کراوە بەناوی کوڕانی (جابان)، کە پێویستیان بەڕاستکردنەوە هەیە، ئاخۆ کوڕانی هەمان (جابان)ی سەحابین، یان کەسێکی تر. ئەمانەی خوارەوە ناوەکانیانە، لەگەڵ جێگەی باسکردنیان:

١ـ أبو طالب بن جابان القاري، لە: (موسنەدی ئەحمەد)، بە ژمارە: ١٩٦٣٥.

٢ـ بشر بن جابان الصنعاني، لە: (السنن الكبرى للبيهقي)، ٢/ ٢١٣.

٣ـ موسى بن جابان، لە: (بغية الحارث)، بە ژمارە: ٨٢٢، ١/ ٢٥٥ و، ٨٣٤، لە:١/٢٥٨، ٨٥٢، لە: ١/ ٢٦١.

٤ـ شداد بن جابان، لە: (مصنف عبدالرزاق)، بە ژمارە: ٤٠٥٣، لە: ٢/ ٤٥٢.

٥ـ محمد بن جابان الجنديسابوري، لە: (المعجم الكبير للطبراني)، بە ژمارە: ٤١٤٤، لە: ٤/ ٣٢٥.

پێنجەم/ پێغەمبەر(د.خ)و پۆشینی جلوبەرگی کوردی:

لە کۆکردنەوەی چەند فەرموودەیەکدا ئەو زانیارییەمان دێتە دەست کە پێغەمبە(د.خ) جلوبەرگی کوردی پێ باشتر بووە لە هەر جلێکی ترو لەبەری کردووە، لەبەر ئەوەی شێوەکەی سادە و ساکار بووەو گوڵدار نەبووە، تا لە نوێژدا خەیاڵی دوور نەخاتەوە. بەپێی پێناسی زاناکانی ڕاڤەکاری فەرموودەش وادیارە ئەو پۆشاکە کوردییە لە جۆری (شاڵ) بووە، چونکە بە ڕوونیی ئەم ناونیشانانەیان بۆ وتووە:

١–جۆری قوماشەکە زبر بووە.

٢–ڕەنگەکەی ساکار بووە و ڕستنەکەی لە یەک جۆر مەرەز بووە و نەخش و نیگاری تێدا نەبووە.

3 لە مەرەزی ئاژەڵ دروستکراوە..

دیارە ئەم ناونیشانانەش تەنها لە قوماشی (شاڵ)ی خۆماڵیی کوردادا هەیە و لە ناوچە نزیکەکانی نزیک بە نیمچەدورگەی عەرەبیی، تەنها کوردەکان بە دروستکردنی ئەو جۆرە قوماشەوە ناسراون. جگە لەوەش وەک دواتر ڕوونی دەکەمەوە لەنێو بازاڕی مەدینەدا ئەو قوماشی (شاڵ)ەی کورد فرۆشراوەو سەحابەکانو دانیشتووانی مەدینە پێی ئاشنا بوون!

دەقی فەرموودەکان

فەرمودەی یەکەم لە (صەحیحی بوخاری) دایە، عائیشەی دایکی موسوڵمانان دەیگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەر(د.خ) (خەمیصە)یەکی گوڵداری لەبەر دەکرد، لەکاتی نوێژەکانیدا سەیری نەخش و نیگارەکانی دەکرد. کاتێ لە نوێژەکەی بووەوە، فەرمووی: ئەم (خەمیصە)یە بەرنەوە بۆ (ئەبو جەهم)، لە جێگەی ئەمە (ئینبیجانیە)کەی بێنن، چونکە (خەمیصە)کە پێش کەمێک خەیاڵی بردم (واتە لە نوێژەکەمدا داڵغەی بۆ دروست کردم).

هیشام کوڕی عوروە لە باوکییەوە دەگێڕتەوە، کە عائیشە وتوویەتی: پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: لە نوێژەکەمدا سەیری نیگاری سەر قوماشەکەم کرد، بۆیە ئەترسم داڵغەم ببات. عوروەی کوڕی زوبێر (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: (وأخذ (صلى الله عليه وسلم) كرديا كان لأبي جهم. فقيل: يا رسول الله! الخميصة كانت خيرا من الكردي) واتە: (پێغەمبەر(د.خ) پۆشاکێکی کوردیی (ئەبو جەهم)ی وەرگرت، دواتر یارانی وتیان: (خەمیصە) کە باشتر بوو لە (ئینبیجانیە)کە(٢٦). لەبەرئەوە ئەمەیان وتووە، چونکە یەکەمیان کە (خەمیصە) کە بووە نەرم بووە، بەڵام دووەمیان کە جلە

کوردییەکە بووەو پێیان وتووە (ئینبیجانیە) زبر بووە، هەروەها ناساندوویانە کە: ئەو جۆرەیان قوماشێکی زبر بووەو ئەگەری زۆرە کە (شاڵ) بووبێ.

واتای (خەمیصە) و (ئینبیجانیە)

(خەمیصە) ناوی جۆرە جلوبەرگێکە، لە خوری دروستکراوە و نەخش و نیگاری لەسەر بووە(٢٧).ئەم پۆشاکە لەلایەن سەحابەیەکەوە بەناوی (ئەبوجەهم) بە دیاریی دراوە بە پێغەمبەر(د.خ)، بەڵام وەک گوتمان پێغەمبەر(د.خ) زانیویەتی کە (ئەبو جەهم) پۆشاکێکی تری هەیە بەناوی (ئینبیجانیەی کوردی)، بۆیە فەرموویەتی: (خەمیصە)کەی بۆ بەرنەوەو (ئینبیجانیە) کەی بێنن بۆم.

(ئینبیجانیە) بە پێی پێناسی زمانزانان: جلێکی زبرەو نەخشو نیگاری تێدا نیە و لە مەرەزی حەیوان دروست دەکرێت، دیارە نیسبەتدانە بۆ شوێنێک یان وەزێک بە ناوی (انبیجان). مێژوونووسی عێراقی بە توانا عەباس عەزاوی، وشەی (انبیجان)ی لە ریزی هۆزە عیراقییەکاندا هێناوە، گوایە لقێکە ئەچنەوە سەر هۆزی گەورەی (ئەسلەم)، کە لە سەردەمێکی دێرینەوە هاتوونەتە عیراق(٢٨).

(ابن حجر العسقلاني) لە ڕاڤەی فەرمودەکەدا گوتویەتی: «(ئینبیجانیە)کەیان هێناو پێغەمبەر(د.خ) کردییە بەری. ئەو پۆشاکە لە مەرەزی زبری حەیوان دروست دەکرێت و لە وڵاتی کوردانەوە، لە گوندێک بەناوی (ئینبیجان) دەیانهێنا»(٢٩). پێشەوا(نەوەوی)ش دەڵێت: «(ئینبیجانیە) جۆرە جلوبەرگێکی زبرە، کە نەخشو نیگاری تێدا نیە«(٣٠).

لە فەرمودەیەکی تردا عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر(د.خ) بەسەرهاتەکە تەواو دەکات و دەڵێت: (وأخذ كرديا كان لأبي جهم، فقيل: يا رسول الله! الخميصة خيرا من الكردي)(٣١)، واتە: پێغەمبەر(د.خ) جلە کوردییەکەی (ئەبو جەهم) ی وەرگرت، هەندێک وتیان ئەی پێغەمبەرا! (خەمیصە)کە باشتر بوو لە کوردییەکە.

من پێم وایە لەوێوە ئەو تێبینییەیان داوە کە جلە کوردییەکە چۆغەی چنراوی دەستی کوردەواری بووەو، شاڵ بووە، دیارە لەبەر زبرییەکەی حەزیان کردووە (خەمیصە)کە لەبەر بکات!، بەڵام پێغەمبەری خوا وەڵامی دانەوەو، جیاوازی ئەو جلەی لەگەڵ جلە کوردییەکە بۆ ڕوونکردنەوەو، فەرمویی: (ئەوی تریان (واتە خەمیصەکە) لە نوێژەکەمدا سەیری نەخش و گوڵەکانیم دەکرد)(٣٢).

بانگخوازی ناسراوی عێراقی (محمد أحمد الراشد)(٣٣)دەڵێت:» ئەو (ئینبیجانیە)ی کوردیان بردووە بۆ پێغەمبەری خواو لەبەری کردووە. ئەمەش شەرەف و سەربەرزییە بۆ هەموو کوردێکی هاوچەرخ»(٣٤).

ئەوەی ئەمە پشتراست دەکاتەوە فەرمودەیەکی پێغەمبەری خوایە کە (أبو هريره) بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێت:» ڕۆژێکیان لەگەڵ پێغەمبەر(د.خ) چووینە بازاڕ، پێغەمبەر (د.خ) لای کوتاڵفرۆشەکان دانیشت و چەند شەرواڵێکی کڕی بە چوار درهەم... عەرزم کرد ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)! جەنابت شەرواڵ لەپێ دەکەی؟ فەرمووی: بەڵێ، لە سەفەرو، لە ماڵەوە، شەوو ڕۆژ، چونکە من فەرمانم پێکراوە کە پۆشتە بم، شتێکیشم نەدی لەم شەرواڵە باشتر مرۆڤ دابپۆشێت(٣٥).

لێرەدا سەرەڕای ئەوەی وشەی (سروال) لەناو عەرەبیدا زۆر بەکار دەبرێ‌و بۆ جۆری جلوبەرگی عەرەبیش دەگوترێ، بەڵام لە بنەڕەتدا وشەکە کوردییە، جا لەبەرئەوەی کورد زۆر نەناسراوەو

لەبەرئەوەی فارس خاوەنی ئیمپراتۆریەت بوون، هەر وشەیەکی عەجەمی غەیرە عەرەبییان بەرگوێ کەوتبێ، وتویانە: ئەو وشەیە فارسییە و کراوە بە عەرەبی. عەسقەلانی لە شەرحی وشەی (سروال)دا دەڵێت:» (سروال) وشەیەکی فارسییە و کراوەتە عەرەبی، لە زمانێکی تریشدا پێی دەڵێن: شەرواڵ(٣٦).

سەرچاوە زمانەوانیەکان دەڵێن:» (سراویل) جلوبەرگی نیوەی خوارەوەی جەستەیە، ناوک هەتا هەردوو پێ دادەپۆشێ». هەروەها دەڵێن: «شەرواڵ جلوبەرگێکی فراوانە، بۆ بەشی خوارەوەی جەستە، بۆ زیادە ئیسراحەت گوشاد و فراوانە، لە بەشی نزیک قاچدا تەسک دەبێتەوە. لە سەروو ناوک بە تەنافێک دەبەسترێ»(٣٧).

دیارە بەم تایبەتمەندیی و ناونیشانانەدا تێدەگەین مەبەست لە (سروال) هەمان شەرواڵی کوردییە کە پێغەمبەر(د.خ) لە بازاڕی مەدینە چەند دانەیەکی لێ کڕیوە، بەشەکانی تری فەرمووده پێشووەکەش دەیسەلمێنێت کە جۆری قوماشەکەش (شاڵ)ی کوردیی بووە.

بەڵگەیەکی تر کە گومان زیاد دەکات کە کوتاڵفرۆشەکە کورد بووبێت ئەوەیە کە لە هەمان ریوایەتدا هاتووە، ئەبو هورەیرە دەڵێت: کاتێ کە کوتاڵفرۆشەکە بۆی دەرکەوت کە کڕیارەکە پێغەمبەری خوایە (د.خ)، پەلاماریدا کە دەستی ماچ بکات، پێغەمبەر(د.خ) دەستی ڕاپسکاندو فەرمووی: ئەم کارە عەجەمەکان لەگەڵ پادشاکانیان دەیکەن، من پیاوێکم لە ئێوە!(٣٨).

ئەمە ئەو گومانە بەهێز دەکات کە فرۆشیارەکە عەرەب نەبووە، چونکە ئەگەر عەرەب بووایە دەیزانی کە دەست ماچکردن لەناو عەرەبباندا باو نیە و پەلاماری دەستی پێغەمبەری نەدەدا بۆ ماچکردنی.

هەروەها لەم ڕووداوەوە لەوە تێدەگەین کە دانیشتووانی مەدینەی پایتەختی ئیسلام، هەموو جۆرە جلوبەرگێکی تێدا فرۆشراوەو هەر نەتەوەیەکیش پارێزگاریی لە نەریت و پۆشاکی نەتەوەی خۆی کردووە و پێغەمبەریش جیاوازیی نەخستووە و هەرکامیانی بەدڵ بووبێ، لەبەری کردووە.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە گەڕام بە سەرچاوەکانی فەرموودەدا، بۆم دەرکەوت کە لە جلوبەرگدا هەموو ڕەنگێکی لەبەر کردووە، لە ڕەنگی سپی،(٣٩) ڕەش،٤٠) سوور،(٤١) زەرد(٤٢). دیارە لەبەر ئەم دیاردەیە کە لە مێژوودا هاتووە:» نەبینراوەو نەبیستراوە کە پێغەمبەر (د.خ) قەدەغەی کەسێکی کردبێ لەو عەجەمە (غەیرە عەرەب)انەی کە چوونەتە لای بە جلی خۆیانەوە، یان هانیان بدات بۆ لەبەرکردنی جلو بەرگی عەرەبی»(٤٣). دیارە ئەو بەشەی ئاساییە کە جلوبەگی نەتەوەکان ئازاد بووبێ، یان کەسە غەیرە عەرەبەکانی دانیشتووی مەککە و مەدینە و شارەکانی تر، ئازاد بووبن بە لەبەرکردنی جلوبەرگی خۆیان.

تا ئێرە گومانی تێدا نیە، چونکە ئیسلام زۆر دژی تواندنەوەی نەریت و کولتووری پەسەندی نەتەوەکان بووە، بەلاّم ئەوەی لەم بەسەرهاتەدا دەردەهێنرێت ئەوەیە کە لە بازاڕدا فرۆشیاری کورد هەبووە، جلوبەرگی کوردی بەتایبەتی شاڵی فرۆشتووە و پێغەمبەر(د.خ) کڕیاری ئەو جلە بووە. دوپاتیشی کردۆتەوە کە شەو و ڕۆژ و لە سەفەرو لە ماڵی خۆیدا لەبەری کردووەو بە باشترین جلوبەرگی زانیوە، لەبەرئەوە کە وەک جلی شامی و یەمەنی و وڵاتانی تری نزیکی حیجاز، نەخشو نیگاری تێدا نەبووەو سادەو ساکار بووە، چونکە شاڵی کوردیی وەک دیارە هیچ جۆرە وێنە و نیگارێکی تێدا دانانرێت.

هەروەها لەمەوە ئەوەش دەسەلمێت کە کۆمەڵگەی عەرەبی ئەوکاتە، ئاشنا بوون بە جلوبەرگێک کە پێی وتراوە جلوبەرگی کوردی (الإنبیجانیة الکردیة). ئەم ئاشناییە بە جلوبەرگی کوردیی تەنها بۆ جلو بەرگی پیاوان - واتە شاڵ نەبووە، بەڵکو جلو بەرگی کوردیی ژنانەش ناوو ناوبانگی لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا هەبووە. بەرادەیەکیش ئەو جلانە سەرنجی راکێشاون کە جلوبەرگی ژنە حۆرییەکانی بەهەشتتیان بەجلی ژنانی کورد شوبهاندووە. (ابن الراوندي) دەڵێت:» جلوبەرگی ئەهلی بەهەشت لە سوندوسو (ئیستەبرەق)و ئاوریشمە و بازن و دەستبەندی زێر و زیو دەپۆشن، بەرادەیەک کە لە بەرگی ژنانی کورد دەچن»(٤٤).

شەشەم/ ئاماژە بە نەتەوەی کورد و کڵاشی کوردیی لە هەندێک فەرمودەدا:

وەک پێشتر گوتمان جێی گومان نیە کە پێغەمبەر و یارانی تا رادەیەک ئاشنابوون بە نەتەوەیەک بەناوی کورد، هیچ نەبێ بەبوونی یاوەرێکی وەک (جابان)ی کوردیی، یان لە رێی هاتوچۆو ئاڵوگۆری بازرگانییەوە لە نێوان وڵاتانی شام و عێراقی ئەو سەردەمەدا، کە دەروازەیەک بووە بۆ کرانەوە بەسەر وڵاتی فارسدا. بۆیە جگە لەو فەرمودە و ریوایەتانەی باسمان کردن، لەکاتی تریشدا پێغەمبەری خوا ئاماژەی کردووە بۆ نەتەوەی کورد و هەندێک ناونیشانی وتووە کە ئەوان دەگرێتەوە، یان یارانی لە راڤەی فەرمودەکانیدا گەیادوویانە کە مەبەستی پێغەمبەر (د.خ) لە باسی هەندێک نەتەوە و ناونیشانیان، نەتەوەی کوردە.

یەکێک لەو فەرمودانە فەرمودەیەکی (صەحیح) و دروستە، دەفەرموێ: (لا تقوم الساعة حتی تقاتلوا قوما نعالهم الشعر)، لە ریوایەتێکی تردا فەرمووی: (وهو هذا البارز)(٤٥)، واتە: رۆژی دوایی نایەت تا لەگەڵ قەومێکدا شەڕ نەکەن، کە پێڵاوەکانیان لە موو دروستکراون.. ئەوانیش ئەم نەتەوە (بارز)ەیە.

من بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بۆم روون بۆتەوە کە جگە لە کورد هیچ نەتەوەیەکی تر لەوانەی لە ناوچەکەدان و نزیکی عەرەبن، پێڵاویان لە موو دروست نەکردووە. دیارە ئەمەش ئاماژەیە بە (کڵاش)ی کوردی، کە دیارە لەوکاتەشدا وەک بەرهەمێکی خۆماڵیی کورد ناسراوە و بۆتە ناونیشان بۆ کوردان و نمونەشیان بە وڵاتاندا چووە.

بۆیە سەحابی ناسراو ئەبو هورەیرە لە راڤەی ئەم فەرمودەیەدا وتویەتی: «مەبەست لە (البارز) لە فەرمودەکەی پێشەوەدا کوردەکانن»(٤٦). هەروەها چەندین زانای تریش دووپاتیان کردۆتەوە ئەو قەومەی کە لەو فەرمودەیەدا پێغەمبەر (د.خ) ئاماژەی پێکردوون، قەومی کوردە(٤٧). (ابن الأثیر) یش دەڵێت:» (بارز): ناوچەیەکی نزیکە لە (کرمان)و ناوچەیەکی شاخاوییە، لە هەندێ ریوایەتدا وتراوە: ئەوانە کوردن»(٤٨).

ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە ناوی زۆربەی شار و شارۆچکە و گوند و ناوچەکان بە تێپەڕبوونی کات ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەردا دێت، بەجۆرێک کە هەندێک جار زۆربەی پیتەکانی وشەیەک دەگۆڕێن و کەمێک لە پیتە ئەسڵییەکان دەمێننەوە. بۆ نمونە: شارێکی وەک (هەمەدان) کە پایتەختی دەوڵەتی کوردە مادەکان بووە، لە بنەرەتدا (ئەکباتان) بووە، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات بۆتە هەمەدان(٤٩). مەبەست ئەوەیە ناتوانرێت بە دڵنیایی ئەو شوێنە بناسرێتەوە کە لەوکاتەدا بە (بارز) ناسراوە، بەڵام ئەوەندەی سەلماوە کە ناوچەیەک بووە لەسەر زەویی کوردستان.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ أرمينيا حسب دليل العالم، س. يراميان، ١٩٦٣، ص53. ئەویش لە کتێبی: الأكراد، أرشاك، ص١٢٧، وەریگرتووە.

٢ یاقوت حەمەوی لە بڕگەی باسی (باقەردێ)، دەڵێت: «هەشتیان یەکێکە لە گوندەکانی نزیک باقەردێ».

٣ ابن حوقل، ص: ١٥٧، الأصطخري، ص: ٨٧. أخبار الزمان، المسعودی،ص: ٦٠. المقدسي، ص: ٦٠.

٤ الأعلاق النفيسة، ابن رسته، ، ب٧، چاپی ليدن، ١٨٩٥، ل١٩٥.

٥ ناوی ئەم گوندەی کوردستان (باقەردێ) لە دەیان سەرچاوەی تردا هاتووە، لەوانە: تاريخ الطبري، ڕوداوەکانی ساڵی ١٧٤. الكامل في التاريخ، ابن الأثير الجزري، ٥/ ٢٨٧. تاريخ مختصر الدول، ابن العبري، لا: 13. معجم البلدان، ياقوت الحموي، ٣٣٧/٤. الأخبار الطوال، أبو حنيفة الدينوري و.. هتد.

٦ الجامع لأحكام القرآن، الطبري، ٤٢/٩.

٧ سایتی (شبكة النبأ المعلوماتية) لە ٢٥/ جمادي الآخرة/1428، بەرامبەر١٠/٧/٢٠٠٧، بابەتەکەو تەنانەت وێنەی پارچە دۆزراوەکانیشی دابەزاندووە. بۆ بینینی وێنەکان سەیری ئەم دوو سایتە بکە: www.anchorstone.com.www. noahs-ark-anchors.com لەکۆتایی ئەم کتێبەشدا دەتوانیت نمونە لەو وێنانە ببینیت. جێی باسە کە ئەم بابەتە کراوەتە فلیمێکی دیکۆمێنتاریی بەناونیشانی Noahs ark The Discovery of، واتە: (دۆزینەوەی کەشتییەکەی نوح). فلیمەکە لە دەرهێنانی: Knowledge ٢٠٢٠، ساڵی ١٩٩٧ز.

٨ تەفسیری (ابن كثير)، لە ڕاڤەی ئایەکانی سورەتی (القمر)دا.. جگە لە (ابن كثير) ئەم تەفسیرانەی خوارەوەم سەیر کرد، هەموو لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایەتەی سەرەوەدا، ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە خوای گەورە کەشتییەکەی لەسەر کێوی (جودی) بۆ پەندو عیبرەت هێشتۆتەوە: (جامع البيان)ی (طبري)، تەفسیری بەغەوی، (فتح القدير)ی شەوکانی، (تفسير القرآن)ی ئالوسی، (الدر المنثور)ی (سيوطی)، (التحرير والتنوير) ی (محمد الطاهر بن عاشور)، تەفسیری (أبو السعود)، تەفسیری نەسەفی.

٩ تفسير التحرير والتنوير، محمد الطاهر ابن عاشور، ج 15، سورة القمر ، ئایەتی 14و15.

١٠ صحيح البخاري، كتاب تفسير القرآن، باب تفسير: اقتربت الساعة وانشق القمر.

١١ الكامل في التاريخ، ابن الاثير الجزري، ٥/ ٢٨٧.

١٢ تەفسیری (ابن كثير)، لە تەفسیری ئایەتی (١٦)ی سورەتی (الفتح)دا.

١٣ بۆ ئەم بۆچوونانە بڕوانە: تەفسیری (روح المعانی)، (الآلوسي)، ١٠٣/٢٦.

١٤ تەفسیری (روح المعانی، الآلوسي)، لە تەفسیری ئایەتی (١٦) سورەتی (الفتح)دا، ٦٧/١٧.

١٥ هەمان سەرچاوە، ٦٧/١٧

١٦ سەیری (جامع البيان في تفسير القرآن) ی (ابن جرير الطبري) لە تەفسیری ئایەتی (٦٨) ی سورەتی (الأنبياء)، هەروەها تەفسیری (ابن كثير)و تەفسیری (فتح القدير)ی (شەوکانی)و (النكت والعيون)ی (ماوەردی)و (معالم التنزيل)ی (بەغەوی).

١٧ بڕوانە: سيرأعلام النبلاء، الذهبي، ١٧٩/٦، وتهذيب التهذيب، ابن حجر العسقلاني، ١١١/٩.

١٨ تەفسیری (روح المعانى)، (الآلوسي) لە تەفسیری ئایەتی (١٦)ی سورەتی (الفتح)دا.

١٩ تەفسیری (مفاتح الغيب) ی رازی لە ئایەتی (١٦) (الفتح) دا.

٢٠ بڕوانە: تاريخ الأمم والملوك، الطبري، ٢٣٣/١.

٢١ بڕوانە: تەفسیری (زاد المسير)ی (ابن الجوزي)، لە ڕاڤەی ئایەتی (٧١)ی (الأنبياء).

٢٢ (ابن كثير) لە تەفسیری ئایەتەکەدا ئەمەی گوتووە. دیارە (حران) بە پێی هەموو مێژوونووسان و جوگرافیناسان، بەشێکە لە کوردستان، چونکە کەوتووەتە باکووری خۆرهەڵاتی تورکیا، نزیک ڕووباری (بليخ) لە سەرووی شاری (جزيرە)وە.

٢٣ زۆربەی مێژوونووسان ئەمەیان دووپات کردۆتەوە. بۆ نمونە بڕوانە: (تاريخ الرسل والملوك، الطبري، ١/ ٢٤٤).

٢٤ بڕوانە: تەفسیری (الطبري)، ٤٧٠/١٨.

٢٥ أسد الغابة في معرفة الصحابة، ابن الأثير الجزری، هەروەها لە: (الإصابة في تمييز الصحابة، ابن حجر العسقلاني).

٢٦ موسنەدی ئەحمەد، ژمارە ١٣٤، ٣٠٣/١.

٢٧ دەقە عەرەبییەکەی فەرموودەکە بەم جۆرەیە: (عن عائشة (رضي الله عنها) أن النبي (ص) كان له خميصة لها أعلام. فقال: شغلتني أعلام هذه، إذهبوا بها إلى أبي جهم، وأتوني بإنبيجانيته)، ئەم فەرموودەیە چوار جار لە صەحیحی بوخاری، بە ژمارەکانی: ٣٦٠، ٣٧٣، ٧١٠، ٥٣٦٩)،سێ جار لە صەحیحی موسلیم، بە ژمارەکانی: ٨٦٣، ٨٦٤، ٨٦٥)، چوار جار لە موسنەدی ئەحمەد، بە ژمارەکانی: ٢٢٩٥٨، ٢٣-٦٠، ٢٤٢٧٣، ٢٤٤٥٤)، هەروەها لە (ابن ماجه، بە ژمارە: ٣٥٤٠)، (نەسائی، بە ژمارە: ٧٦٣)، (موگأ مالك، بە ژمارە: 24 و 205) یش هاتووە. قسەکەی (عوروە)ش لای (أبوداود) بە ژمارە(٩١٥) هاتووەو، سەنەدی (صحيح)ە.

٢٨ معجم المعانى،پیتی خ.

٢٩ بڕوانە: عشائر العراق، عباس العزاوي، ٦٥/١.

٣٠ عبير الوعي،محمد أحمد الراشد، الرياض، ٢٠٠٩، ص: ٧٩. لە (فتح الباري، ابن حجر العسقلاني) وەری گرتووە.

٣١ شرح النووي على صحيح مسلم، كتاب المساجد، باب كراهة الصلاة في ثوب له أعلام. هەروەها: عون المعبود، العظيم آبادی، ٤٠٩/٢.

٣٢ سنن أبى داود، بە ژمارە: ١٠٩١٥ ، تەحقیقی ئەلبانی،سەنەدی فەرموودەکەش (حەسەن)ە.

٣٣ دەقی عەرەبیی ئەم بەشەی فەرموودەکە بەم جۆرەیە: (إني كنت أنظر إليها في الصلاة). (صحيح أبى داود، بسند حسن، الرقم: ٩١٥).

34 ئەوە ناوی خوازراویەتی، ناوە ئەسڵییەکەی بریتییە لە: عبدالمنعم صالح العلى.

٣٥ عبير الوعي،محمد أحمد الراشد، الرياض، ٢٠٠٩، ص: ٧٩.

٣٦ دەقە عەرەبییەکەی بەم جۆرەیە: (قال ابوهريرة: دخلت يوما السوق مع رسول الله (دخ)،فجلس إلى البزازين،فاشترى سراويل بأربع درهم... فقلت: يا رسول الله! إنك لتلبس السراويل؟

قال: أجل في السفر والحضر، والليل والنهار، فإنيأمرت بالستر، فلم أجد شيئا أستر منه)، ئەم فەرمودەیە: (بوخاری و ترمذی) گێڕاویانەتەوەو، لەم سەرچاوانەشدا هاتووە: (الفوائد المجموعة، الشوکانی (٤١٩)، (مجمع الزوائد، الهيثمي، ١٤٢/٢)و زۆر سەرچاوەی تریش.

٣٧ إرشاد الساري، شرح صحيح البخاري، ابن حجر العسقلاني، (١٠٩/٣). هەروەها لە چەندین سەرچاوەی تردا هاتووە.

٣٨ قاموسی (معجم المعانی الجامع)،پیتی (س).

٣٩ بەشێکە لە هەمان فەرمودەی پێشەوە کە دەقەکەیمان هێنا. عەرەبییەکەی بەم جۆرەیە: **(وَثَبَ إِلَى يَدِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُقَبِّلُهَا، فَجَذَبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَدَهُ مِنْه. وَقَالَ: هَذَا إِنَّمَا يَفْعَلُهُ الأَعَاجِمُ بِمُلُوكِهَا، إِنَّمَا أَنَا رَجُلٌ مِنْكُمْ... وَأَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ السَّرَاوِيلَ.. قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، وَإِنَّكَ لَتَلْبَسُ السَّرَاوِيلَ ؟ قَالَ: « نَعَمْ، وَبِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ، وَفِي السَّفَرِ وَالْحَضَرِ، فَإِنِّي أُمِرْتُ بِالتَّسَتُّرِ، فَلَمْ أَجِدْ شَيْئًا أَسْتَرَ مِنْهُ..)**

٤٠ لە فەرمودەی ژمارە (٣٠٣٦)ی (موسنەدی ئەحمەد)دا ئاماژەی پێ کراوە.

٤١ لە فەرمودەی ژمارە (٣٣٧٦)ی (صەحیحی موسلم)دا ئاماژەی پێ کراوە.

٤٢ لە فەرمودەی ژمارە (٣٠٦٥)ی (ابو داود)و، ژمارە (١١٣٧)ی (موسنەدی ئەحمەد)دا هاتووە.

٤٣ لە فەرمودەی ژمارە (١٣٧)ی (ترمذی)دا هاتووە.

٤٤ التراتيب الإدارية (نظام الحكومة النبوية)، عبد الحي الكتاني، (٤٤٢/١). کورد لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)،محمد مەلا محمود تاوگۆزیی ، لا: 55. دەقە عەرەبییەکەی دەڵێ:» ملابس أهل الجنة من السندس والإستبرق وأساور الفضة والذهب ... إنها تجعلهم يشبهون عروس الأكراد..»

٤٥ صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٣٥٨٧، ٣٥٩١). هەروەها: صەحیحی موسلم، بە ژمارە: (٧٤٩٤).

٤٦ فتح الباري، ابن حجرالعسقلاني، ٢٩٩/٢. هەروەها: البداية والنهاية، ابن كثير، (٢٥٠١٦).

٤٧ لەوانە: (عەسقلانی) لە (ارشاد الساری ٤٩١٦)، (العینی) لە (عمدة القاري في شرح البخاري)، (١٩٤/٢٤) أبو نعيم، لە (المستدرک) (1/٨٧)

٤٨ النهاية في غريب الحديث والأثر ، وشەی (برز).

٤٩ ئەمە زۆربەی مێژونوسان دوپاتیان کردۆتەوە. لەوانە: یاقوتی حەمەوی لە (معجم البلدان). بڕوانە: سایتی ویکیپیدیا، دانشنامەی ئازاد.

# چەند دیمەنێك لە كێوی جودی و ئەگەری پارچەی كەشتی نوح



دیمەنێک لە جێی لەنگەرگرتنی
کەشتی نوح لەسەر
کێوی جودی



پارچەیەک لە کەشتی نوح
کە لەسەر کێوی جودی
دۆزراوەتەوە




کارێکی شیکاریی کە لەسەر پێوەرو ئەندازەو قەبارەی کەشتی نوح کراوە (سەرچاوەی وێنەکان: تۆڕی (النبأ) بۆ هەواڵو زانیاریی، ساڵی ٢٠٠٧).



# جینۆساید و جینۆسایدی کورد لە عێراقدا




**عادل سدیق علی**

لەدایکبووی ١٩٨٤ هەڵەبجە، ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ. سێ بەرهەمی چاپکراوی هەیە. چەند وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاووبوەتەوە

**چەمکی جینۆساید و پەرەسەندنی:**

وشەی جینۆساید، کە بە مانای پاکتاوی رەگەزی دێت، لە بنەرەتدا لە دوو وشە پێکهاتووە: وشەیەکی گریکی (Genos)، کە واتای رەگەز یاخود بنەچە دەگەیەنێت و وشەیەکی لاتینی (Cide)، کە واتای کوشتن یاخود فەوتاندن دەگەیەنێت(١).

ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٣دا لە کۆنفرانسی مەدریددا لەلایەن دادوەر و لێکۆڵەرێکی جولەکەی بە رەگەز پۆلۆنی رافایل لیمکن(٢)(Raphael Lemkein) ، کە دواتر بوو بە راوێژکار لە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بەکارهێنراوە، ناوبراو تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە دەستی نازییەکان قرکران. لیمکن لە ساڵی ١٩٤٤دا جارێکی تر ئەم چەمکەی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی(یاسای میحوەری لە داگیرکردنی ئەوروپادا) بەکاری هێنایەوە، تا ئەوکاتە ئەم وشەیە لە هیچ فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیایەکدا نەبووە(٣).

هەروەها ئەم چەمکە لە تاوانبارکردنی تاوانبارانی جەنگی نازیدا لە نۆرمبێرگ لە ساڵی ١٩٤٤دا بەکارهێنرا، دواتر لیمکن بوو بە نوسەری سەرەکی رێکەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٤٨ی تایبەت بە قەدەغەکردن و سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید.

ئەنجومەنی ئاسایشی گشتی سەر بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرامبەر کارەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لەو رێکەوتننامەیەدا، کە لە ١١ی سێپتەمبەری ١٩٤٦دا بڵاویکردووەتەوە رایگەیاندووە: جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا تاوانە، بەپێچەوانەی پشتگیریی و پێداگرییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها لەلایەن جیهانی شارستانییەوە ریسواکراوە«(4).

لە مادەی دووەمی پەیماننامەی (قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی)، کە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٩٤٨/١٢/٢٩دا پەسەندی کردووە، هاتووە:» بەمەبەست لەناوبردنی گشت یاخود بەشێکی دانیشتوانە بەهۆی جیاکاری رەگەزی، نەتەوایەتی، ئاینی یاخود ئیتنیکی»(٥). لێرەدا دەردەکەوێت دەبێ مەبەستی قرکردنی سەرجەمی یاخود بەشێکی کۆمەڵە مرۆڤێک هەبێت بۆئەوەی بتوانرێت جینۆساید لە تاوانەکانی دیکە جیابکرێتەوە(٦). دواجاریش پەیماننامەکە لە 12ی کانوونی یەکەم فاشی ١٩٥١دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە(٧)..

جۆری ئەو تاوانانەش وەک لە بەندی دووەمی پەیماننامەکەی ساڵ١٩٤٨دا دیاریکراون ئەمانەن:

١.کوشتنی ئەندامانی گرووپێک.

٢. زیانگەیاندنی لە رادەبەدەری جەستەیی و رۆحی بە ئەندامانی گرووپێک.

٣. بە ئەنقەست و بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراو گرووپەکە ناچار و سنووردار بکرێت، تا دووچاری وێرانی فیزیکی گشتی یاخود لاوەکی بکرێت.

٤.ئەو هەنگاوانە بسەپێنرێت، کە مەبەست لێی رێگە گرتنە لە لەدایکبوون لە گرووپەکەدا.

٥. بە زۆر منداڵی گرووپێک بۆ گرووپێکی تر رابگوێزرێت(٨).

خاڵە سەرەکییەکانی پێناسەی جینۆساید بێجگە لە لایەنی لەناوبردن، بەشێوە گشتییەکەی

بریتییە لە: پێش وەخت نەخشە بۆکێشان و بەنهێنی جێبەجێکردنی، ئەوەی، کە تەواوی گرووپێک یاخود بەشێکی گرووپەکە لە شێوازێکی جیاوازدا بە هۆشیاری و بەمەبەستەوە دەستنیشان بکەی بۆ لەناوبردن(٩).

ولاتە بەشداربووەکانی پەیماننامە ساڵی ١٩٤٨ ئەو مەرجانەیان خستووەتە سەر خۆیان و پابەندبوون بەوەی، کە سزا بخەنە سەر نەک هەر تاوانی ڕاستەوخۆی جینۆساید، بەڵکو وەک لە بەندی (٣)ی پەیماننامەکەدا هاتووە:

١. جینۆساید.
٢. پیلانگێران بەمەبەستی جینۆساید.
٣. هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بەمەبەستی جینۆساید.
٤. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.
٥. بەشداریکردن لە جینۆسایددا.

کەواتە تاوانی جینۆساید، هەرئەوە نییە ڕاستەوخۆ جینۆساید ئەنجامبدرێت، بەڵکو هەریەک لەو کارانەی بەندی (٣)ی پەیماننامەکە ئەنجامبدرێت ئەوا ئەنجامدەر بەرپرسیارە لە بەرامبەر تاوانی جینۆساید(١٠). وەنەبێ جینۆساید هەر بە تەنها لەناوبردنی فیزیکی و ڕەگەزی و ئاینی بگرێتەوە، بەڵکو زۆر جۆر و شێوازی ئاڵۆزی دیکەی هەیە.

**جۆرەکانی جینۆساید**

-1جینۆسایدی فیزیکی (phicical Genocide):

ئەم شێوازە لە جینۆساید سادەترین و ئاشکراترین جۆرەکانی جینۆسایدە(١١)، شێوازەکانی لەناوبردنیش زۆر و جۆراوجۆرن وەک: لەسێدارەدان، گوللەبارانکردن، بەکۆمەڵ کوشتن، هێرشی سەربازی و بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەک فۆسفۆر و کیمیایی...هتد(١٢). هەندێ جاریش سیاسەتی خاکی سوتاو پەیڕەو دەکرێت. دیارترین جۆری ئەم شێوازە قڕکردنەش لە کوردستاندا کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیە، کە ئەنجامەکەی بە کوژرانی نزیکەی (٥)هەزار و برینداربوون و ئاوارەبوونی دەیان هەزار لە خەڵکی کۆتایی هات، ئەمە جگە لە سوتاندن و وێرانکردنی خاکەکەی، بەشێوەیەک هەتا ئێستاش کاریگەری ئەو چەکانە هەرماوە و بەوهۆیەشەوە چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر لەنێو خەڵکی ئەو شارەدا بڵاوبووەتەوە(١٣).

**-2جینۆسایدی بایۆلۆژی (Biological Genocide):**

ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە تەگەرە دەخەنە بەردەم ڕێگای گەشەکردن و زیادبوونی نەتەوەیەک یاخود کۆمەڵە خەڵکێک لە ڕێگەی نەزۆککردن و لەباربردنی کۆرپەلە یاخود خەساندنی پیاوان، یاخود لە ڕێگای دابڕینی پیاوان لە ژنان، دورخستنەوەی ئەندامانی خێزان لە یەکتری بۆ ماوەیەکی زۆر، کە ئامانج لێی فەوتاندنی وەچەی داهاتووی ئەو نەتەوە یاخود کۆمەڵەیە(١٤). ئەم جۆرە جینۆسایدە لە ئەنفالی بارزانییەکان و شاڵاوەکانی ئەنفالدا پەیڕەوکراوە بەتایبەتی دابڕینی پیاوان لە ژنان و دابڕینی کچان لە دایکان و باوکان، دواتریش منداڵان لە دایکان(١٥).

هەندێک جار ئەم جۆرە قڕکردنە بەشێوەی ڕێگریکردن لە کۆمەڵێک مرۆڤ لە پێشکەوتن و زیادبوون لەژێر بیانووی جۆراوجۆردا

ئەنجامدەدرێت، وەک ئەوەی ئەڵمانەکان لە دژی جولەکە و قەرەچەکان پێی هەستان لەپێناو پاراستنی توخمی ئاری، هەروەها سربەکان لە هەرزەوگۆڤینیا و هەرێمی کۆسۆڤۆ ئەم جۆرە قڕکردنانەیان لە ڕێگای دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ئافرەتانیان و بە زۆر سکپڕکردنیان لەپێناو هێنانەکایەی نەوەیەکی نوێی سربی(١٦).

سێیەم/ جینۆسایدی کولتووری ـ نەتەوەیی:

مەبەست لەم جۆرە جینۆسایدە قەدەغەکردنی زمان و ڕۆشنبیری و شێواندنی مێژووە لە ڕێگەی لەناوبردنی تایبەتمەندی نەتەوایەتی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵک. هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەک ڕووخاندنی پەیکەر و ئەشکەوت و مۆزە و گەڕەک و گەرماو و بازاڕ و مزگەوت و کڵێسا و هەموو شوێنەوارێک، کە پاشماوەی کۆن یاخود نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێت(١٧).

لە عێراقدا بەشێوازێکی بەرفراوان ئەم جۆرە جینۆسایدە پەیڕەو دەکرا، لەوانە: سەپاندنی زمانی عەرەبی، گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن، گۆڕینی ناوی شار و گوند و ناوچەکانی کوردستان... هتد. دەتوانین بڵێین قڕکردنی کولتووری، لەیەکچوواندنی (Asimilation) زۆرەملێی نەتەوە یاخود مرۆڤە لەناو نەتەوەی دەسەڵاتدار بە قەدەغەکردنی زمان و ئەدەبیات و شێواندنی مێژووی نەتەوەکە. هەروەها دەشکرێ بە ڕێگای دوورخستنەوەی ڕۆڵەکانی گرووپێک بۆ ناو گرووپێکی دیکەی جیاواز لە ڕووی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و شتی دیکە لەناویاندا بتوێنەوە و بەوهۆیەشەوە پێشینە و ڕەسەنایەتی خۆیان ون بکەن(١٨).

## چوارەم/ جینۆسایدی ئابووری (Economical Genocide):

ئەمە دەکرێت پێی بوترێت وێرانکاری ئابووری، واتە وێرانکردنی سامان و سرووشت و بەروبوومی ناوچەکان، تالانکردن و فەرهوودکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی. هەروەها گەمارۆی ئابووری بەمەبەستی برسیکردنی خەڵک. ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی فەوتاندنێکی لەسەرخۆی مرۆڤ، جگەلەوەی ڕێژەی مردن بەهۆی نەبوونی خۆراکی پێویست و داو و دەرمان و زیادبوونی نەخۆشییەوە زیاد دەکات، دەبێتەهۆی کۆچپێکردنێکی بەردەوامیش، کە ئەنجامەکەی چۆڵکردنی جێگەی دێرین و ڕەسەنی خەڵکەکەیە. ئەویش زۆرجار دەبێتە هۆی پەرتەوازەکردن و لەدەستدانی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و فەوتاندنی کولتووری نەتەوەیی. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گازی ژەهراوی سەرباری ئەوەی قڕدەخاتە مرۆڤ و هەموو زیندەوەرێک، دەبێتە هۆی مردنێکی ئابووری سەراپاگیری. وێرانکردنی ناوچەکان و وێرانکردنی ئابووری، پێکەوە تاوانێکی دیکەیان لێ بە ئەنجام دێ، ئەویش تاوانی (ئیکۆساید ـ Ecocide) ە واتە وێرانکردنی ئیکۆلۆژیا، کە ئەنجامەکەی بە جینۆسایدێکی گشتی دەشکێتەوە، ئەویش بە وێرانکردن و لەوتاندنی ژینگە ناسراوە. ئەم تاوانە خۆی تاوانێکی نێودەوڵەتی سەربەخۆیە و لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا زۆر گرنگی پێدراوە.

پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٧ تایبەتکراوە بە قەدەغەکردنی ئامرازی جەنگ و ئەو ئامرازانەی، کە زیان بە سرووشت دەگەیەنن، کە تاوانی

تێکدانی ژینگە بە تاوانێکی نێونەتەوەیی دیاری دەکات. دیارە لەوتاندنی ژینگەش دەبێتە هۆی فەوتاندنێکی لەسەرخۆی مرۆڤ، چونکە شێواندنی ژینگە دەبێتە هۆی (بیۆساید ـ Biocide) واتە فەوتاندنی ژیان، ئەمەش کاردەکاتە سەر نەک هەر بوونی مرۆڤ و ژیانی لەو ناوچانەدا، بەڵکو بوونی هەموو گیاندارێک و چۆنیەتی شێوەی ئاسایی سرووشتیش(١٩).

**جینۆسایدی کورد وەك كردەیەكی ئۆرگانیزەكراو**

جینۆساید شێوەیەکی پێشکەوتووی تیرۆرریزمی دەوڵەتە، بەکارهێنانێکی هەماهەنگی هێزە بەهۆی بژاردەگەلێکەوە لەنێو کۆمەڵگایەکدا بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر گرووپە ئامانجکراوەکەدا بچەسپێنن یاخود پەرەپێبدەن لەنێو هەمان دەوڵەتدا، کە هەرووک هەرەشە وێنا دەکرێت. ئەو وڵاتانەی، کە مێژوویەکی درێژیان لە سەرکوتکاری ناوخۆیدا هەیە، هەر ئەوانەن، کە مەیلی پیشاندانی نمونەی جینۆسایدیان لە سەردەمی هاوچەرخدا هەیە(٢٠).

بیرۆکراسیەتیش بۆخۆی رۆڵێکی گرنگ لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی جینۆسایددا دەبینێت، جینۆساید پێویستی بە کۆمەڵێک دامودەزگای چالاک هەیە بۆ ئۆرگانیزەکردنی، چونکە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سەردەمیانەی گرووپە سەربازی و مەدەنییە جیاجیاکان و گواستنەوە و ڕێگاوبانەکان گرنگییەکی گەورەی هەیە لەو پرۆسەیەدا.

ڕەنگە لە کۆندا شەڕ و هێرشە جینۆسایدییەکان پێویستی زۆر بە ئۆرگانیزە و ڕێکخستنی سیستماتێک نەبووبێت، بەڵکو زۆرجار خۆبەخۆیی(التلقائیە) ڕۆڵی گەورەی بینیوە و ڕق و کینەی ڕەگەزیی و ئایینی داینەمۆی شەڕ و کوشتارە خوێناوییەکان و پرۆسەکانی قڕکردنی دوژمن بووبێت، بەڵام جینۆسایدی مۆدێرن لەگەڵ هەرچی زیاتر پێشکەوتن و ئاڵۆزبوونی تەکنەلۆژیادا، پێویستی زیاتری بە مەهارەی لۆجیکی و ئۆرگانیزەکراو دەبێت(٢١).

## هەڵەبجە و ئەنفال دوو تراژیدیای دیوی یەك سیاسەتی جینۆسایدە و یەك كێشەی نەتەوەیی هاوبەشە

لە ڕوانگەی پێناسەی جینۆساید و شێوازەکانی ئەو کردەیەوە دەردەکەوێت، ئەوەی حیزبی بەعس لە عێراقدا هەر لە هاتنە سەر حوکمیەوە پێوەی خەریکبوو لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کورد، کردەیەکی جینۆسایدییە. بەتایبەتی لە دوای هاتنە سەر حوکمی سەدام حسەینەوە، ئیدی ستراتیژی بەعس و ڕەهەندەکانی ئەو پلانە جینۆسایدیانە تارادەیەک دیار و ئاشکرابوون(٢٢).

دڕندانەترین شاڵاوەکانی بەعس، کە دەچێتە خانەی جینۆساید و قڕکردنی بە بەرنامەوە، پەلامارەکانی ئەنفال و کیمیاباران بوون، چونکە ئەمانە هەر بە تەنها پرۆسەیەک نەبوون بۆ پەکخستن و چاوترساندنی هێزی پێشمەرگە و لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی باشووری کوردستان، بەڵکو ئەم شاڵاوانە لە بنەڕتدا بۆ بەیەکجاری قڕکردنی کورد و لە بنهێنانی بوو، هەربۆیە لە تەواوی پرۆسەکاندا دەست لە

**قڕکردنی کولتووری، لەیەکچوواندنی زۆرەملێی مرۆڤە لەناو نەتەوەی دەسەڵاتدار بە قەدەغەکردنی ئەدەبیات و شێواندنی مێژووی نەتەوەکە.**

خەڵکی سڤیلی بێ چەک و تەنانەت ژن و منداڵ و بەساڵاچوونیش نەدەپارێزران، لەو شاڵاوانەدا دەیان هەزار مرۆڤی کورد بوونە قوربانی(٢٣).

ڕوونتر بڵێین شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران، هاوشێوە و بگرە ترسناکتربوون لەو شاڵاوانەی، کە کرانە سەر ئەرمەن و جولەکەکان، ئەگەر بەپێی سەردەم و قۆناغەکانیان تەماشا بکرێن(٢٤). بەگشتی کۆمەڵکوژییەکان دوا هەنگاون لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا و کاتێک ڕوودەدەن، کە سەرکوتکار لە سایەی شکستێکی سەربازیدا دەناڵێنێت. بۆ نمونە جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە کاتی شکستی تورکەکان لە بولگاریا لە ساڵی ١٩١٢دا ڕوویدا، هەروەها کوشتنی جولەکەکان (هۆلۆکۆست) لە پاش شکستی نازییەکان لە ستالینگراد لە ساڵی ١٩٤٣ پەرەی سەند، زۆربەی جولەکەکان پاش ئەو ڕووداوە کوژران، کە ئەڵمانەکان بە فیعلی جەنگەکەیان دۆڕاند(٢٥).

شاڵاوەکانی دەستگیرکردن و لەناوبردنی بارزانیەکان و ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە هەمان شێوە لە دوای شکستی سوپای عێراق بوو لە بەرامبەر هێزەکانی ئێران و پێشمەرگەدا، لەڕاستیدا هەڵەبجە و ئەنفال دوو تراژیدیای دیوی یەک سیاسەتی جینۆسایدە و یەک کێشەی نەتەوەیی هاوبەشە و(٢٦) بۆردومانە کیمیاییەکانی ڕژێمیش ئاشکراترین دیمەنی جینۆسایدی گەلی کورد بوون(٢٧).

**سەدام، هیتلەری تێپەڕاند**

سەدام و هیتلەر هەردووکیان خاوەن ئایدۆلۆجیای فاشیستی بوون، ئامانجیان لەناوبردنی ئەو گرووپانە بوو، کە ڕقیان لێیان بوو، یاخود بە بڕوای ئەوان هەڕەشە بوون بۆ سەر دەسەڵاتەکانیان(٢٨). هیتلەر و سەدام لەوەدا هەرچیەکیان دەکرد دەبوو بنوسرێتەوە و هەردووکیشیان دڵنیابوون، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ سەرکردەکانیان هیچیان بەرامبەر ناکرێت، وەک یەک وابوون. هەربۆیە چ نازییەکان و چ بەعسییەکان هەموو بەڵگەنامە بیستراو و بینراو و نوسراو و نهێنی و تۆمارە دەنگییەکانیان دەپاراست و لە ئەرشیفدا هەڵیان دەگرتن، ئەگەر ئەوەش بزانین، کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ دامودەزگا هەواڵگری و سەربازییەکانی عێراقدا هەبووە. ڕژێمی عێراق هێندە متمانەی بەخۆی هەبوو، کە سەرکردەکانیان هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە، کە ڕۆژێک بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکانیان دەکەوێتە دەست قوربانیانی دەستیان(٢٩).

ڕژێمی بەعس لە عێراق لە بەرنامەیدا پەیڕەوی هەمان پرەنسیپی پروپاگەندە و فیکری ڕێکخراوەیی نازییەکانی دەکردەوە، لە بەرنامەی بەنازیکردنی گشت نەتەوەکانی ئەڵمان بەوەش، کە بەعس هەموو عێراق بکاتە

بەعسی. خودی میشێل عەفلەقی دامەزرێنەری بەعسی کاریگەر بوو بە ئایدۆلۆژیا و ئەدەبیاتی نازییەت(٣٠).

ڕەنگە چوواندنی دەقاودەقی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا لەگەڵ ڕژێمەکانی نازی لە ئەڵمانیا و فاشی لە ئیتاڵیا کارێکی زەحمەت بێت، بەتایبەتی سەبارەت بە جیاوازی کات و شوێنی هەردوو کۆمەڵ و وڵات لە ڕووی گۆڕان و گەشەکردنی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و فەرهەنگییەوە. جا ئەگەر دواکەوتن و بەجێمانی زەمینەی ماددی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی) عێراق، کە بیروباوەڕی بەعسی تیادا ترەکیوە ڕەچاوبکرێت و بەراورد بکرێت بەو ڕەوشە پێشکەوتووە (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگ)یەی ئەڵمانیا، کە نازییەتی تیادا لەدایکبووە، بە ئاسانی گەورەیی قەبارەی ئەو مەینەتیە بەرچاودەکەوێت، کە گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لەژێر سایەی بەعسدا چەشتوویەتی(٣١).

بەهۆی بەردەوامی حکومەتی عێراق و گوێ نەگرتنی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، سەدام حسێن هیتلەریشی تێپەڕاند لەوەدا، کە لە کاتی جەنگەکاندا چەکی کیمیایی بەکارنەهێنابوو، لەکاتێکدا سەدام زۆر بە ئاسانی و بە بەرفراوانی بەکاری دەهێنا(32). هیتلەریش بە کامپەکانی مردن دەستی پێنەکرد، بەڵکو لە ئەنجامی چەند کردارێک، کە لە دژی جولەکەکان ئەنجامیدا بێ ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کاردانەوەی هەبێ هێدی هێدی کردەوەی سامناکتری ئەنجامدەدا تا گەیشتە ئاستی قەڵاچۆکردن(٣٣).

## پەراوێزەکان


1Mark levene: Genocide in the age of the nation-state, B Tauris, London, 2005, p45. Eric D. Weirz: Acenchry of genocide Utopias of rice and nation, Prenciton University, United Kingdom, 2003, p8.

٢- ڕێکار مزووری: شێواز و میکانیزمی جینۆساید و دیمۆسایدی بارزانییەکان لە کتێبی کۆنگرەی بەجینۆسایدناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٠٩.

٣- گۆران باباعەلی: ئەنفال جینۆسایدێک لە ئاییندا بۆ ڕەوایەتی دەگەڕێت، گ(ڕەهەند)، ژ(٧)، ١٩٩٩، ل١٤٨ ؛ یوسف دزەیی: ئەنفال کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٩.

٤- کریستینا کۆیڤونەن: جەنگی شاراوە لە باکووری کوردستان، و.د.یاسین سەردەشتی، چ2، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠١١، ل٤٩.

Mark levene: Op.Cit, p35 , Nigel 5 Eltringham: Accounting for Horror Post-Genocide debates in Rwanda, First Published by Plutopress, London, 2004, 3-p2

؛ عبدالوهاب الكيالي: موسوعة السياسة، ج١، ط٣، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٠، ص١٦.

٦- د.مارف عومەر گوڵ: جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چ5، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٦ ؛

عەلی مەحمود محەمەد: دادگایی کردنی فرانس ڤان ئانرات و دەرەنجامەکانی، ب1، چاپخانەی رۆشنبیر، هەولێر، ٢٠١١، ل١٢٥.
٧ـ عەدالەت عومەر ساڵح: کۆنگرەی بەجینۆساید ناساندنی، ل٥٣.
٨ـ بڕوانە: د.ناظم عبدالواحید الجاسور: موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، ط1، دارالنهضة العربية، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٨، ص٣٩ ؛ عبدالوهاب الكيالي: م .س، ص١٦ ؛ د.مارف عومەر گوڵ: س.پ، ل٢٦ ؛ کریستینا کۆیڤۆنەن: س.پ، ل ٥٠ ؛ فریشتە کەوە: کارەساتی هەڵەبجە، چ1، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٥٠-٥١.
٩ـ یوست هیڵتەرمان: جینۆساید هاوتاوانی بێدەنگبوون، و.کاوە ساڵح، گ(ڕەهەند)، ژ(٧)، ١٩٩٩، ل١٤.
١٠ـ د.مارف عومەر گوڵ: س.پ، ل٢٦-٢٧.
١١ـ یوسف دزەیی: س.پ، ل٤٤.
١٢ـ د.مارف عومەر گوڵ: س.پ، ل٢٣.
١٣ـ یوسف دزەیی: س.پ، ل٤٤.
١٤ـ هـ .س، ل٤٥.
١٥ـ د.مارف عومەر گوڵ: س.پ، ل٢٣.
١٦ـ یوسف دزەیی: س.پ، ل٤٥ ؛
Hawrd Ball: Genocide, Areference,Handbook, Published by ABC-Clio,LLC, California,2011,P25-٢٦.
١٧ـ د.مارف عومەر گوڵ: س.ث، ل٢٣-٢٤.
١٨ـ یوسف دزەیی: س.پ، ل٤٦-٤٧.
١٩ـ د.مارف عومەر گوڵ: س.پ، ل٢٤-٢٥ ؛ کریستینا کۆیڤۆنەن: س.پ، ل٥٢-٥٣.
٢٠ـ کریستینا کۆیڤۆنەن: س.پ، ل٥٤.
٢١ـ گۆران باباعەلی: س.پ، ل١٤٩.
٢٢ـ هـ .س، ل١٥١.
٢٣ـ لەتیف فاتیح فەرەج و مەجید ساڵح: کوردقران، ب١، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٨.
٢٤ـ هـ .س، ل٢٨.
٢٥ـ کریستینا کۆیڤۆنەن: س.پ، ل٥٥.
٢٦ـ د.سالار باسیرە: تراژیدیاکەی هەڵەبجە لە کتێبی هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان، ل٢٦٠.
٢٧ـ د.مایکڵ.جەی کیلی: تارماییەکانی هەڵەبجە سەدام حسەین و جینۆسایدی گەلی کورد، و.کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٧٤.
٢٨ـ سەمانسا پاوەر: ئەمریکاو ئەنفال، و. بەختیار کەریم چ1، ٢٠٠٦، ل٣٩.
٢٩ـ جۆناتان سی ڕانداڵ: کوردستان یان کڵۆڵی نەتەوەیەک، دوای ئەو هەموو تاوانە لێبوردنی چی، د.خەسرەو ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٣٠٠.
٣٠ـ سالار حەمەسور باسیرە: هەڵەبجە و ئەنفال، چ1، بەڕێوەبەریتی چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٣.
٣١ـ گ(کۆمەڵە)، ژ(٢)، شوباتی ١٩٨٥، ل5-٦.
٣٢ـ د.عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١، ب٢، چ١، چاپخانەی زانکۆ، دهۆک، ٢٠١٠، ل١٤٢.
٣٣ـ پیتەر و گالبرێت: کۆتایی عێراق، چۆن کارنارێکی ئەمریکا شەرێکی بێ کۆتایی بەرپاکرد، و.مامکال، چ1، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٤٦.



# مەلای گەورەی کۆیە و هەوڵە ڕیفۆرمخوازییەکانی




**زامدار ئەحمەد**

بەکالۆریۆس لە مێژوو.

کتێبێکی چاپکراوی هەیە.

مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ئیبراهیمی کوڕی شێخ حەسەنە، دایکی ناوی عائیشەی کچی حاجی بەکر ئاغای حەوێزییە. مەلا محەمەد  بە مەلای کۆیە و مەلای گەورە و مەلای گەورەیی کۆیی ناسراوە، لە ساڵی (١٨٧٦) لە بنەماڵەی جەلیزادەی شاری کۆیە لەدایکبووە(١).

مەلای گەورە، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا لەلایەن باوکییەوە ئیجازەی مەلایەتی پێدەدرێت، لە دوای بوون بە مەلا، دەست دەکات بە کاری مەلایەتی و وتاردان، لە ماوەیەکی کەمدا بەهۆی بە توانایی و لێهاتووییەوە ناو دەردەکات، تەنانەت لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا ئیجازەی مەلایەتی بە چەند هاوڕێیەکی خۆی بەخشیوە(٢)، هەروەک لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵک چوونەتە لای مەلای گەورە و خوێندوویانە(٣).

مەلای گەورە، زۆر پلە و پۆستی سیاسی و ئیداری وەردەگرێت، لەسەر داوای مەلا محەمەد، والی موسڵ (سلێمان نەزیف) بڕیار دەدا قوتابخانە لە شاری کۆیە بەناوی (کویسنجاق ئولا) قوتابخانەی یەکەم بکاتەوە. لەوەش زیاتر لە ساڵی (١٩٢٠)دا مەلای گەورە و جەمیل ئاغای حەوێزی حاکمی شاری کۆیە، یاداشتیان بۆ حاکمی سیاسی بەریتانی بەرزکردۆتەوە و داوای دروستکردنی دەوڵەتی کوردییان کردووە(٤)، لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت:

هــەتا دەمـرم لە بۆ کوردان دەناڵم
عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بە ماڵم

مەلای گەورە، بایەخێکی زۆری بە خوێندنەوەی کتێبە زانستی و سیاسی و مێژووییەکان داوە، هاوکات زۆر بایەخی بە زمانی کوردی داوە، و زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیشی بە باشی زانیوە(٥). لە ساڵی١٩٣٠ بەدواوە، قۆناغی پێگەیشتنی فیکری و فەلسەفی مەلای گەورە دەستپێدەکات، چونکە لەو قۆناغەدا شارەزایی تەواو لە زۆربەی زانستە ئاینییەکانی ئیسلامدا پەیدا دەکات، هەروەک لەو ساڵە بەدواوە دەستیکردووە بە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز بەناوی کەلامی خودا، کە لە (١٠) بەرگ پێکدێت و لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٣ بۆ ١٩٤٣)دا تەواوی کردووە(٦). ناوبراو لە تەمەنی (٦٧) ساڵیدا و لە ١٩٤٣/١٠/١٢ بەهۆی نەخۆشی قورحەی مەعیدە، لە شاری کۆیە کۆچی دوایی دەکات(٧).

مەلای گەورە، لە ماوەی ژیانیدا ژمارەیەکی زۆر نووسین و کتێبی نوسیوە، زۆربەی کاتەکانی بۆ زانست و زانیاری تەرخان کردووە، بە وەرگرتن و بە بەخشین، مەلای گەورە، بەرهەمەکانی بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی نووسیوە، کە ئەمانەن(٨):

کتێبە کوردییەکان:

١. کەلامی خوداوەند/ تەفسیری قورئان
٢. فری فری قەل فری
٣. عەقیدەی کوردی
٤. نوێ کەرەوە
٥. دیاری مەلا محەمەدی کۆیی/ شیعر
٦. حیکایەت، خەون، کەرامەت

کتێبە عەرەبییەکان:

١. التكميل فی وجوب الفرق بين الممكن و المستحيل
٢. ضياعان: ضياع الحياة، ضياع الدين (دين الاسلام)

٣- ابهى المارب فى اثبات الواجب
٤- الالة والطبيعة العقل و النبوة
٥- حقيقة الاسلام و الايمان والاحسان
٦- الحدس سلم الارتقاء
٧- خراب العالم
٨- ستة اشخاص
٩- غايتي واملي فى علمى وعملي
١٠- القائد الي العقائد
١١- الكلام الجديد
١٢- مسالة الاختيار
١٣- المشاهد
١٤- المعجزات والكرامات
١٥- مقالة في تحقيق صفة الكلام
١٦- المصقول في علم الاصول

بەداخەوە بەهۆی کەمی و نەبوونی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەوە هیچ یەکێک لەو بەرهەمانە لە سەردەمی خۆیدا بڵاونەکرانەوە، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بەشێکیان بڵاوکرایەوە، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردووشدا زۆربەی کتێبەکانی چاپکرا و خرایە بەردەستی خوێنەران، بە(تەفسیری کەلامی خودا)شەوە.

ڕیفۆرم و چاکسازییە ئاینییەکانی مەلای گەورە

بەکارهێنانی چەمکی «مەلای گەورە» بۆ کەسایەتییەک، گوزارشتە لە لێهاتوویی و گەورەیی و جیاوازی ئەو زانایە، مەلای گەورە، مەلا و کەسایەتییەکی ئاینیی بوو، هاوشێوەی سەعید نورسی لە باکووری کوردستان، ئەحمەدی موفتیزادە و ناسی سوبحانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە باشووری کوردستان، واتە جیاواز لە کەسایەتییە ئاینییەکانی دیکەی هاوسەردەمی خۆی و دوای خۆیی بووە. لە دوای ئەوەی مەلای گەورە، ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت و نازناوی مەلای گەورەی پێدەدرێت لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ژمارەیەک چاکسازی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و ئاینیی ئەنجامداوە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لە کارەکانی ناوبراو دەکەین.

## مەلای گەورە، لە ژیانیدا دژی زۆرداران و ئەفسانە پەرست و مێشك وشك و ناحەزانی کورد بووە

مەلای گەورە، لە ژیانیدا دژی زۆرداران و ئەفسانە پەرست و مێشک وشک و ناحەزانی کورد بووە(٩)، بەردەوام دژی هەموو ئەو مەلایانە بووە کە دژی پێشکەوتن بوون و هەوڵی چاندنی تۆوی خورافەیان داوە لە دەماغی خەڵکیدا(١٠). بەتایبەت ئەوانەی هەوڵیانداوە ئایین بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن، بەنمونە شێخەکان، کە هەوڵیانداوە خەڵکی بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن و بیانکەنە دەروێش و موریدی خۆیان، لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت:

هەتا شێخی لە کوردستان بمێنێ
ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ
تەریقەی قادری و نەقشبەندی
بەبای دا ڕەونەق و ئاهەنگی کوردی(١١)

هەروەها، لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

شێخی ئەهلی سوننە و جەماعەت

## مەلای گەورە، بە بەردەوامی هانی خەڵكی دەدا كە سەربەست بژین و بۆ ئازادی هەوڵبدەن

بە هەمـوو فێڵ و تەدبیر و كیاسەت
هـەر وەكوو پاپا بەهەشت دەفرۆشی
وەی قورت بەسەر گەلی بێ هۆشی(١٢)

جگە لەم دوو پارچە شیعرە، لە چەند شوێن و شیعری دیكەدا سەبارەت بە شێخەكان قسە دەكات، ئەوەش ئاماژەیە بۆ باڵادەستی شێخەكان لەنێو كۆمەڵگەی كوردیدا، هەر لەو روانگەیەوە دەڵێت:

بەسـیە بۆ خاتری خـوا بەسیە
تابەكەی بەزمی خانەقا و تەكیە
شێخە فەندی ئیتر بترسی لە خوا
میللەتی قوڕ بەسەر چ حاڵ نەما(١٣)

رووبەڕووبونەوەی شێخ و تەكیە و خانەقا، لەلایەن مەلای گەورەوە، یەكێكە لە چاكسازییەكانی كە بۆ كۆمەڵگەی كوردی كردوویەتی، هەوڵیداوە كە خەڵكی هۆشیار بكاتەوە و تێیان بگەیەنێت ئەوانەی دەكرێن تەنیا كرداری دونیایین و بۆ مەبەستی تایبەتی دەكرێن. لە هەڵوێستێكی لەم شێوەیەدا، ئەگەر پێگە كۆمەڵایەتی و زانستی و ناسراوییەكەی بنەماڵەی جەلی زادە نەبووایە، دوور نەبوو مەلای گەورە شار بەدەر بكرایە، چونكە شێخەكان لەو سەردەمەدا خاوەن لایەنگرێكی زۆر و پێگەیەكی كۆمەڵایەتی و ئایینی بەهێز بوون، ئەگەر ئەوەش بزانین پێشوتر لە سەردەمی مەلا عەبدوڵڵای باوكی مەلای گەورەدا، حاجی قادری كۆیی، لە كۆیەوە ئاوارەی ئەستەنبوڵ كراوە(١٤).

لەو سەردەمەدا، لەلای خەڵكی زمانی قورئان و ئایین تەنها زمانی عەرەبی بووە، واتە نەدەكرا بە زمانێكی دیكە قورئان بخوێنیتەوە و بنووسی، بەڵام مەلای گەورە، ئەو قسانەی رەتكردەوە و قورئانی پیرۆزی وەرگێڕایە سەر زمانی كوردی و لە (١٠) بەرگدا نوسییەوە، تەفسیرەكەشی هەڵقوڵاوی نێو كۆمەڵگەی كوردەوارییە بوو، واتە خوێندنەوەیەكی كوردانەی بۆ كردووە. ئەڵبەتە لەنێو تەفسیرەكەشیدا، بانگەشەی بۆ چاكسازی كۆمەڵایەتیی و كولتووریی و فەرهەنگی و سیاسی كردووە(١٥)و بۆچوونی وابووە، كە دەبێت ئایین كاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر مرۆڤ هەبێت، دەبێ بەردەوام بۆ بەرزی بڕوانێت و خۆی بە بچووک و زەلیلی نیشان نەدات(١٦).

مەلای گەورە، بە بەردەوامی هانی خەڵكی دەدا كە سەربەست بژین و بۆ ئازادی هەوڵبدەن(١٧)، لە تەفسیرەكەشیدا باسی لەوە كردووە كە پێویستە سوود لە چاكسازی و شارستانێتی ئەوروپا وەربگرین، بەنموونە بڵاوكردنەوەی رۆژنامە و چاپخانە و كردنەوەی فێرگە و زانكۆ، تەنانەت لە هەندێ شوێندا سەرسامی خۆی بە شارستانێتی رۆژئاوا نیشان دەدات. ئەوە لەكاتێكدا بەشێكی زۆر لە مەلاكانی ئەو دەم، دووبارەكردنەوەی كارەكانی رۆژئاوا و تەنانەت قسەكردن بە زمانەكانی ئەوان بە گوناهـ و حەرام زانیوە، بەڵام ئەوە تێروانینی مەلای گەورە بووە(١٨).

یەكێک لە چاكسازییە كۆمەڵایەتییە گرنگەكانی مەلای گەورە، كە تاڕادەیەک پەیوەندی بە ئاینیشەوە هەیە، پرسی ناردنی منداڵانە بۆ خوێندنگاكان، ئەو

کات بەشێک لە مەلاکان لەو بڕوایەدا بوون کە ناردنی منداڵ بۆ خوێندنگا حکومییەکان کارێکی ناپەسندە و بە گوناهیان داناوە، ئەوان دەیانگووت پێویستە منداڵان لە حوجرەکاندا بخوێنن، بەڵام مەلای گەورە، گوێی بەو قسانە نەدەدا و نەجیبەی کچی لەگەڵ کوڕان ناردە خوێندنگا، ئەوەش بۆ ئەو سەردەم زۆر سەخت بوو، چونکە مەلاکان قایل نەدەبوون کوڕەکانیان بخەنە بەر خوێندنی حکومی(١٩)، لەمبارەیەوە مەلای گەورە دەڵێت:

عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە
(قـال) و (قول) گـشتی هـەبایە
عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە
بـەخوا نازانی خوا چی کردووە(٢٠)

نەجیبە جەلیزادەی کچی، بە یەکەم فێرخوازی کچ لە کۆیە دادەنرێت کە لەگەڵ کوڕاندا لە خوێندنگا خوێندوویەتی، ئەمەش بۆ قۆناغی خۆی بە چاکسازییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی و فەرهەنگی کوردی دادەنرێت. ئەمانەی کە باسکران، بەشێک بوون لەو ڕیفۆرمانەی کە مەلای گەورە، لە سەردەمی خۆیدا ئەنجامیداون.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- مغدید حاجي: الملا محمد الكويي (مەلای گەورە)، مطبعە وزارة الثقافية، ط٢، اربيل، ٢٠٠٨، ص٣٢.
٢- عەبدولخالق عەلادین: مەلای گەورە- زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٣.
٣- جواد فقي رسول الجوم حيدري: محمد بن عبدالله الجلي وجهودة العلمية، مكتب التفسير، اربيل، ٢٠٠٦، ص١٠٦.
٤- عەبدولخالق عەلادین: س. پ، ل٣٥.
٥- کامەران بابانزادە: مەلای گەورەی کۆیی- سێیەمین ڤیستیڤاڵی سەنتەری پەرەپێدانی لاوان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٤٦.
٦- مەلا محەمەدی جەلی کۆیی(مەلای گەورە): فڕی فڕی قەل فڕی، پرۆژەی تیشک، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٧.
٧- مەلای گەورە، ڕووناکبیرێکی پێشکەوتووخواز، ڕۆڤار، ژ(٧١)، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٧.
٨- مەلا محەمەدی جەلی کۆیی (مەلای گەورە): س.پ، ل٩.
٩- مەسعوود محەممەد: گەشتی ژیانم، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩، ل١٦.
١٠- هاوکار عەبدوڵڵا شێخ وەسانی: دین و جیهانبینی مەلای گەورە هەڵبژاردەیەک لە بەهێزترین بابەتەکانی تەفسیری مەلای گەورە، ٢٠١٦، (بڵاونەکراوە)، ل١١٣.
١١- عەبدولخالق علاءالدین: س.پ، ل١٠٧.
١٢- هـ . س، ل ١٤٨.
١٣- هـ . س، ل ١٥٨.
١٤- ئاراس محەمەد ساڵح: هەوڵەکانی مەلای گەورەی کۆیە لە چاکسازی و نوێکردنەوەی بیری ئایینیدا، ٢٠١٦، (بڵاونەکراوە)، ل١٣.
١٥- هـ .س، ل١٦.
١٦- هاوکار عەبدوڵڵا شێخ وەسانی: س.پ، ل١٢٧.
١٧- هـ .س، ل١١٩.
١٨- ئاراس محەمەد ساڵح: س.پ، ل١٧.
١٩- ئاڵا دارا عەبدولمەجید: ئافرەت لە دیدی مەلای گەورە، ماستەرنامەیەکە پێشکەشی بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە، ٢٠١٤، (بڵاونەکراوە)، ل٨٦.
٢٠- عەبدولخالق علاءالدین س.پ ، ل ١١٤.

# هۆشیاری سیاسی
# لە سەردەمی جیهانگیریدا



**ئیدریس کاریتانی**

لەدایکبووی ١٩٧٢، هەولێر.
ماستەر لە معاملاتی مالی و قوتابی دکتۆرا.
بەڕێوەبەری کشتی دەزگای ڕووناکی.



## مەبەست لە هۆشیاری سیاسی چییە؟

قسەکردن لەسەر بابەتە فیکرییەکان، ڕاماندەکێشێ بەرەو بابەتی هەستیار، بەتایبەتی هۆشیاری سیاسی، مەبەست لە هۆشیاری سیاسی ئەوە نییە مرۆڤەکان لە حاڵ و باسی سیاسی و دەوڵەتی و جیهانی و خۆجێی شارەزابن، یان بەو کەسانە بگوترێت خاوەن هۆشیاری سیاسین، کە چاودێری ڕووداوی سیاسی و هەواڵی سیاسی دەکەن، یان لەناو پرسێکی سیاسی دان! لەگەڵ ئەوەی ئەوانە لە پێداویست و داخوازییەکانی هۆشیاری سیاسین، بەپێی هەر بیردۆزەو قوتابخانەو بیروباوەڕێک هۆشیاری سیاسی پێناسە و ڕەهەندی جیاوازی هەڵدەگرێت، پێویست دەکات زۆر بە وردی بە دیدو بۆچونێکی تازەو هەڵسەنگاندنێکی واقیعی ئیستای جیهانگیری ئەم بابەتە شی بکەینەوە تاوەکو بگەینە دەرئەنجامێکی پێویست بۆ کاکڵی هۆشیاری سیاسی، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان.

## ڕەهەندەکانیی هوشیاری سیاسی

هۆشیاری سیاسی دوو ڕەهەندی سەرەکی هەیە:

١. ڕەهەندی سەرەکی بۆ هۆشیاری سیاسی، لە جیهان ڕوانینە بەگشتی.

٢. بنەمای تێڕوانین لە گۆشەو بیردۆزو فەلسەفەیەکی دیاریکراو بێت.

نابێت وا تێبگەین کە هۆشیاری سیاسی کارێکی زۆر گرانە و تەنیا ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار دەتوانن بەم کارە هەستن، بەپێچەوانەوە هۆشیاری سیاسی کارێکی زۆر ئاسانە، هەموو تاکێک بۆی هەیە شارەزابێت لە هۆشیاری سیاسی، چونکە هۆشیاری سیاسی مەرج نییە ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانی جیهان بێت، زانیاری و زانستی هەموو دنیا بزانێت. دەکرێت هۆشیاری سیاسی هەبێت لە یەک بابەت، یان پرسێکی جیهانی، بەتەنها تێڕوانین لە بابەتێک و خوێندنەوەی بابەتێکە بەشێوەیەکی تەندروست، دەکرێت هۆشیاری سیاسی بەهێز بێ. ڕاستە هۆشیاری سیاسی ڕێژەییە و جیاوازە، هێز و توانای هۆشیاری سیاسی لەگەڵ هێز و توانای زانستی و زانیاری دەگۆڕێت، تا زانست و زانیاریت زۆر بێت، ئەوەندە هۆشیاری سیاسی بەهێز دەبێت.

## پێناسەی هۆشیاری(الوعی)

لە (لسان العرب)دا دەڵێت: (الوعی: حفظ القلب الشيئ، والحديث يعيه وعيا وأوعاه: حفظه وفهمه وقبله فهو واع، وفلان أوعى من فلان اى احفظ وأفهم)(١) ، واتە: هۆشیاری: ئاگاداری و لەبەرکردنی شتێکە لە دڵ، یان بە دڵ لە شتێک ئاگادار بوو. لە فەرموودەو قسەیەک تێبگات و پێی هوشیار بێتەوە، یان لەبەری کرد تێگەیشت، قبوڵی کرد، فڵان هۆشیارە، فڵان هۆشیارترە لە فڵان، واتە ژیرتر و تێگەیشتوو ترە. فەرهەنگی دەریا چەند مانەیەکی جوانی بۆ هۆشیاری داناوە دەڵێت: ( الوعی: هۆشیاری، بێداری، هەستکردن، ئاگاداری، وریایی، عەقڵ و ژیری، بەرچاو و دیار)(٢).

لە دوو فەرموودەی پیغەمبەر(د.خ)دا واتای هۆشیاری زۆر پڕ مانا هاتووە:

١. پێغەمبەر(د.خ) (نظر الله إمرأ سمع مقالتی، فوعاها فأداها، فرب مبلغ أوعى من سامع)(٣) ، واتە: بەهاداربێ لەلایەن خوداوە، ئەو کەسەی گوێی لە وتەیەکی من دەبێت، تێدەگات و عەقڵ و ژیری لێ وەردەگرێت، جاری وا هەیە ئەو کەسەی پێی گەیشتووە هۆشیارتر و ئاگادارترە لەو کەسەی گوێی لێ بووە.

٢. پێغەمبەر (د.خ) دەفەموویێت: (اقرأ القران، فان الله تعالى لا يعذب قلبا وعي القران)(٤) ، واتە: قورئان بخوێنن، بەڕاستی خودای گەورە ئازاری دڵێک نادات هۆشیار و ئاگادار بێت بە قورئان.

## پێناسەی هۆشیاری سیاسی

جوانترین پێناسە بەلای منەوە، کە هەڵبژێردراوە بە کەمێک دەستکارییەوە لە (م. وەلید عەبدولعز و د.فەتحی یکن)، ئەمەیە هۆشیاری سیاسی واتا تێڕوانینە بۆ جیهان لە ڕوانگەیەکی تایبەت، بنیاتنرابێت لەسەر (ئیمان و عەقیدە و مەبدەئێکی ڕوون، موسڵمان بزانێت چی دەگوزەرێت لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی دەوروبەری خۆی، تەماشای جیهان بکات بە تێڕوانینێکی مێژوویی، سونەتی گەردوون ملکەچی بکات بۆ ئەم بیروباوەڕە و ئیمانەی کە هەڵیگرتووە، دەرەنجامی کاریگەرییەکانی بۆ سەر کۆمەڵگە، بە ئەندازەیەک کارلێک بکەن ئاستی هۆشیاری بەرزبکاتەوە، تا ئاستی هەستپێکردن، ئەمەش لەگەڵ فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دێتەوە کە دەفەرموویت: (من لم یهتم بأمر المسلمین فلیس منهم)، واتە: هەرکەسێک گرنکی نەدات بە کاروباری موسڵمانان لە ئێمە نیە، گرنگیدان بە کاروباری موسڵمانان لێوردبونەوە و تێگەیشتن و خەم خواردن و بەڕێوەبردنیانە. چاودێریی و بەڕێوەبردنیش سیاسەتە، هەروەها گرنگیدانیش بریتییە لە هۆشیاری و پەی پێ بردن، کە شوێنی بڕیار و هەستپێکردنە(٥).

## بنچینەکانی هۆشیاری سیاسی

بێگومان ئەم بابەتە گرنگە دەبێت چەند مەرج و بنەمایەکی هەبێت، تا هۆشیاری سیاسی ڕاست و دروست هەبێت، لەوانە:

١_ گومەڵگای پڕ لە گرفت و کێشە ژینگەکەی لەبارترە بۆ هوشیاری سیاسی لە گومەڵگەیەکی دۆگما و ڕاوەستاو، کەواتە لە گۆمەڵگای پڕ جموجوڵدا هوشیاری سیاسی بەهێزترە.

٢_ بە تەنها شارەزا بوون لە سیاسەت، کەموکورییە بۆ هوشیاری سیاسی، بەڵکو هۆشیاری سیاسیی بەهێز ئەوەیە: سنورێکی فراوان بۆ خۆی دیاری بکات لە زانستەکاتی تر، تا هۆشیارییەکەی گشتگیر بێت.

٣_ کاتێک تەماشای هەڵوێست و ڕووداوە سیاسییەکان دەکەین، دەبێت دووریان بخەینەوە لەوەی کە بڵێین پەیوەندی بە هیچ شتێکەوە نیە، یان بە پێچەوانەوە پەیوەندی بە هەموو شتێکەوە هەیە، نەخێر دەبێت بۆ تێگەیشتنی هۆشیاری سیاسی هەر ڕووداوێک بە هۆکار و شوێن و ژینگەی خۆی شیکردنەوەی بکرێت .

٤_ دورکەوتنەوە لە گۆشەگیری و لاگیری بۆ لایەنێکی دیاریکراو لە هۆشیاری سیاسی، ئەمە یان کەموکوڕییەو کاریگەری دەبێت لە سەر بۆچوون و هەواڵی درۆ دەکات بە ڕاست و ڕاست دەکات بە درۆ.

٥_ دورکەوتنەوە لە هۆشیاری سیاسی بێ ئامانج، خۆ خەریک کردن بۆ هوشیاری بەشەکی لەبری هوشیاری گشتی.

٦_ کەسی خاوەن هوشیاری سیاسی، نابێت هەر بە زانیاری ناوخۆیی قایل ببێ، دەبێت هوشیاری سیاسی گشتی و فراوانی هەبێت و ڕایی بگەیێنێت بۆ هەموو خەڵک بۆ بەرهەڵست کردن لەناو کۆمەڵگا.

## ڕێگاکانی پێگەیاندنی تاک لەسەر هۆشیاری سیاسی

دەگونجێت چەند ڕێگەیەک بە کورتی دیاری بکەین هەتا تاک بتوانێت سوودی لێوەربگرێت، بۆ تێگەیشتن لە هۆشیاری سیاسی و ڕووداو و هەڵوێستەکان، لەوانە:

یەکەم/ لێکۆڵینەوە لە شەریعەتی ئیسلام

ئیسلام تێڕوانینێکی زۆر فراوان و گشتگیری بۆ دنیای سیاسەت و ڕووداو و پێشهاتەکان هەیە،

دەکرێ مسوڵمان ئەم تێڕوانینە بکاتە پێوەر و بنەما بۆ ڕووداوە سیاسییەکان.

کرداری سیاسی، دەکرێت بەسێ بەش: ١- هۆشیاری سیاسی. ٢- شیکاری سیاسی. ٣- موومامەرەسەی کرداری سیاسی.

قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بە تێروتەسەلی باسی هەرسێ پرسکەیان کردووە، پرسی: (حاکم و محکوم)، (زاڵم و مەزلوم)، (حکومەت و میللەت)، (ڕەئیس و مەرئوس)، (گەل و دەوڵەت) باس کردووە، هەموو ئەمانەش بابەتی سیاسین و پەیوەندییان بە پرۆسەی هۆشیاری سیاسییەوە هەیە.

دووەم/ لێکۆڵینەوە مێژوو

مێژوو پڕە لە بنچینە و بنەمای واقیعی سیاسی میللەتان، لەوەی کە چۆن سەریانهەڵداوە، بەچی پێشکەوتوون، (مقەوماتی بونیان) چی بووە، بەچی و بۆچی لەناوچوون، خاڵی لاواز و بەهێزیان چی بووە، کێ دوژمنیان بووە، بەچی ڕزگاریان بووە لە دەستی دوژمن، گەیشتونەتە کوێ. بەهەمان شێوە لێکۆڵینەوەی مێژووی سەردەم، تەیارە فکرییەکان کێن؟ کامیان بەهێزن؟ بۆ بەهێزن؟ کامیان ترسناکن؟ لە کێوە فێربین؟ هەموو ئەم پرسیارانە بنچینە و ڕێگای بەهێزی هۆشیاری سیاسین.

سێیەم/ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و شیکاری سیاسی

وەک چۆن دوورکەوتنەوە لە ڕووداو و هەڵوێستە سیاسییەکان وا لە مرۆڤ دەکات نەشارەزا بێت و بە هەڵە لە ڕووداوەکان بگات، بەهەمان شێوەش بەدواداچوون و شیکاری سیاسی، هۆشیاری سیاسی بەهێز دەکات و ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی سەرکەوتوو دەبێت.

**ئەمڕۆ لە کاری سیاسی و هاوکێشەکاندا مسوڵمانان لە دواوەن، بەشێکی زۆریشی پەیوەندی بە لاوازی هۆشیاری سیاسییەوە هەیە.**

### جۆرەکانی تەفکیری سیاسی

تەفکیری سیاسی دەکرێت بەسێ بەشەوە:

١. بیرکردنەوەی سیاسی لە سستەم، وەک دەڵێت ئەمەیان سستەمی ئیسلامییە و ئەوەشیان سستەمی دیموکراسییە.

٢. بیرکردنەوەی سیاسی لەو ئامرازانەی (ئالیەتی حوکم) کە پەیوەندیان بە گارکێڕی و بەڕێوەبردنی وڵاتەوە هەیە.

٣. بیرکردنەوەی سیاسی لە هەواڵ و ڕووداوەکان.

هەموو ئەمانە گەشەی هۆشیاری سیاسی زیاد دەکەن، بەڵام ئەوەی زیاتر پەیوەندی بە گەشەی سیاسییەوە هەبێت خاڵی سێیەمە، کە بیرکردنەوەی سیاسییە لە هەواڵ و ڕووداوەکان، هەروەها چۆن بیبەستینەوە لەگەڵ (واقیع)، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت سوود لەم خاڵانەی خوارەوە ببینین:

١. زانیاری لەسەر پێوەری(المعادله) سیاسی هەبێ.

٢. زانیاری لەسەر بیردۆزە فکرییەکان .

٣.زانیاری لەسەر ڕاگەیاندن و شێوازی گواستنەوەی هەواڵی سیاسی.

٤. زانیاری لەسەر چەمک و زاراوەکانی سەردەم.

٥. ئەرشیفی سیاسی.

**ناکرێت مسوڵمان لەنێو ئەم شەپۆلە سیاسییەدا هۆشیاری تەواوی نەبێت، تاوەکو نەکەوێتە داو و تەڵەی سیاسەتمەدارە ماکیاڤیلییەکان.**

٦. نوسراو و هەڵوێست وەگرتن لەسەر ڕووداوە سیاسیەکان.
٧. بەشداریکردن لە سیمیناری سیاسی.
٨. خوێندنەوەی کتێبی فکری سیاسی.
٩. دروستکردنی بازنەی گفتوگۆی سیاسی.

چوارەم/ ئەزمونکردنی کاری سیاسی

ئەم خاڵانەی پێشوو باسمان کرد لە هۆشیاری سیاسی تەنها لایەنی تیۆری بوون بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، بۆیە پێویست دەکات بۆ گەشەی هۆشیاری فکری، بە کردەیی ئەزموونی کاری سیاسی بکەین، کەسێک دوای ئەم زانیارانە بە کردەنی ئەزموونی کاری سیاسی بکات زۆر سەرکەوتوو دەبێت، هۆشیاری سیاسی ئەو کەسە بەتەواوی پێدەگات.

## گرنگی هۆشیاری سیاسی

لەبەرئەوەی سیاسەت ئەمڕۆ بۆتە کارەکتەرێکی زۆر بەهێز لە ڕووداو و هەڵوێستەکان، وای لێهاتووە کاریگەری لەسەر ڕاگەیاندن و ئابووریی و شەڕ و ئاشتەوایی دروستکردووە، دەوڵەت و حیزب و دامودەزگاکان هەتا دەگاتە کۆمپانیاکانیش، بەدوای ئەوەوەن دامودەزگای سیاسییان هەبێت، بەلایەنی کەمەوە دەزگایەکی ڕاگەیاندنیان هەبێت تا هەواڵ و ڕووداوی سیاسی بگوازنەوە و ڕێکلامی پێوە بکەن، خۆیانی پێ بناسێنن، ناکرێت مسوڵمان لەنێو ئەم شەپۆلە سیاسییەدا هۆشیاری سیاسی تەواوی نەبێت، تاوەکو نەکەوێتە داو و تەڵەی سیاسەتمەدارە ماکیاڤیلییەکان. بەکورتی دەتوانین بڵێین هۆشیاری سیاسی لەبەر چەند هۆکارێک یەکجار گرنگە، لەوانە:

١. کاری سیاسی ئاڵۆزترین کارە لە ژیانی مرۆڤدا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەموو بەشەکانی ژیان هەیە، سیاسەتکردن ئەرکێکی زۆر گرنگە، کاروبار و گارکێڕی و هەڵسوڕان و پەیوەندی دەرەوە و ناوەوە و هونەری ئاشتی و جەنگ و کاری سیاسین، هەموو ئەمانەش زۆرترین هۆشیاری و کارامەیی و فکر و لێهاتوویی دەوێت، سیاسەت کردنیش بەبێ هۆشیاری نابێت.

٢. لە دنیای جیهانگەراییدا سیاسەت بووەتە فێڵ وتەڵەکە و زۆرانبازی، بەتایبەت زۆربەیان سیاسەتی ماکیاڤیلی پەیرەو دەکەن، بەبێ هۆشیاری سیاسی مسوڵمانان دەکەونە نێو تەڵەی ئەوان و بەکاریان دەهێنن.

٣. ئەمڕۆ لە کاری سیاسی و هاوکێشەکاندا مسوڵمانان لە دواوەن، بەشێکی زۆریشی پەیوەندی بە لاوازی هۆشیاری سیاسییەوە هەیە، ئەوەش وادەکات نەتوانن واقیعەکە وەک خۆی بخوێننەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.

٤. جیهانی سیاسەت زۆر فراوانە وەک جیهانی بازرگانی وایە، بۆیە مسوڵمان ئەگەر کەلوپەلەکان نەناسێتەوە نازانێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، لەکۆتاییدا بەهۆی نەبوونی هۆشیاری سیاسییەوە دەسەڵاتەکە دەدۆڕێنێت.

٥. مامۆستایانی ئایینی ئەمڕۆ لە کوردستان ڕێژەیان بە ئەندازەی پارتێک دەبێت، پێگەیان بە حوکمی مینبەر و ئەم ئیسلامە بەرزە زۆر بەهێزە، بەڵام لەبەرئەوەی هۆشیاری سیاسییان لاوازە

ناتوانن کاریگەریان لەسەر رووداو و پێشهاتەکان هەبێت! دەیان بڕیاری چارەنووس ساز دەردەچێت، کێ پرسیان پێدەکات! هەندێک جار هێندە بێئاگان نازانن کەی رووداوەکە روویداوە و هۆکاری رووداوەکەی چی بووە.

٦. نەبوونی هۆشیاری سیاسی وایکردووە بەشێک لە مسوڵمانان بڕۆنە نێو ئەجێندای سیاسی عەلمانیەکانەوە، لەمەش کارەسات تر زۆرێک لە مامۆستایانی ئایینی بەبێ ئاگایی دەبنە بەشێک لە فکرەی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت (فصل الدين عن الدولە).

نابێ باسی پەرلەمان و دەستور و یاسا و هەڵبژاردن هتد... بکەی ئەمە سیاسەتە! تەنها بۆت هەیە وتاری ئەخلاقی، تەلقینی مردوو، دوعاکردن، سەرقەبران، مارەبڕین و تەڵاقدان ئەنجام بدەی! لەمە زیاتر بۆخۆت گووتوتە نابێ ئەنجامی بدەی، ئەمە بۆ؟ تەنها لەبەر نەبوونی هۆشیاری سیاسی.

٧. کاری سیاسی و بڕیاری سیاسی خۆی بەسەر هەموو جومگەکانی ژیاندا زاڵکردووە، خەڵکی ئەمڕۆش تەنها بە دوعا و سەرقەبران قایل نابێت، دەیەوێ خەڵکی دەستپاک و دڵسۆز و ئیمام کاروباری سیاسەت بگرنە دەست، ئەمەش بەبێ هۆشیاری سیاسی نابێت.

٨. چەندە هۆشیاری سیاسیت زۆربێ ئەوەندە کاروکردەوە و بڕیارت باشتر و بەسوودتر دەبێت، پێچەوانەکەشی راستە.

٩. گۆڕانکارییەکان زۆر خێران کاریگەری لەسەر جیهان دروست دەکەن بەتایبەتی رووداوی سیاسی، ژیان لەم رووەدا پانتایی بیرکردنەوەی زیادکردووە، ئەو رووداوانەی لە کیشوەرێکی تر روودەدات راستەوخۆ کاردەکاتە سەر رەوشی ئابووریی، سیاسیی و راگەیاند... هتد، بەبێ هۆشیاری سیاسی ناتوانیت راوبۆچونی خۆت دەربڕی.

١٠. ئەو رێژە و داتایانەی لەبەردەستماندان، پێمان دەڵێن ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٩١وە یەکەم رابوونی ئیسلامی لە باشووری کوردستان دەستی بەکار کردووە، بەڵام لەهەر هەڵبژاردنێکدا رۆژ بە رۆژ و ساڵ بە ساڵ رووی لە پاشەکشە بووە، ئەم حاڵەتە پێمان دەڵێت وەک پێویست گرنگی بە هۆشیاری سیاسی نەدراوە.

١١. نەبوونی هۆشیاری سیاسی، پاشکۆیی و لاوازی و دواکەوتنە، کەچی خودای گەورە داوای لە مسوڵمان کردووە پێشەنگ بن، چاوساغی میللەتان بن. (وكذلك جعلناكم أمة وسطا)(٦) ، واتە:( بەو شێوەیەش ئێوەمان بە گەلێکی میانەڕەو گێڕاوە، لە هەموو روویەکەوە، لە رووی عیبادەت و خواپەرستییەوە، لەرووی دنیا و قیامەتەوە، لە رووی داخوازییەکانی رۆح و نەفسەوە ...هتد، تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکییەوە، تا بزانن ئەم ئایین و بەرنامەیە هەمووی مایەی خێر و سەربەرزییە بۆ تاک و کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا). (كنتم خير أمة أخرجت للناس) (٧) ، واتە:( بەراستی ئێوە چاکترین ئومەتێکن کە بۆ سوودی خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە).

١٢. خاڵی کۆتایی لە گرنگی هۆشیاری سیاسی بە وتەیەکی زۆر جوانی بیرمەندی ئیسلامی (محەمەد غەزالی) دەهێنین، تەواو واتای گرنگی ئەم بابەتەمان بۆ روون دەکاتەوە، دەفەرموویێت: (ان الفكر السياسى عند جمهره المتدينين يقسم بالقصور البالغ، انهم يرون الفساد ولا يعرفون سببه، ويقروون التاريخ ولا يكشفون عبره، وانهزمنا فى عصر كذا، فلا يدركون سبب هذه الكبوه)(٨) ، واتا:( بەراستی فکری سیاسی لەلای کۆمەڵی ئیمانداران کەموکورتی زۆری تێدایە، ئەوانەن فەساد دەبینن نازانن هۆکارەکەی چیە! مێژوو دەخوێننەوە پەندی لێوەرناگرن! دەڵێن پێشتر ئێمە زۆر بە دەسەڵات و

بەهێز بووین، نازانن نهێنی ئەو دەسەڵات و عیزەتە چی بووە، لە فلان سەردەم لاواز بووین و شکاین، نازانن هۆکاری کەوتنەکەی چییە).

## زیانەکانی نەبوونی هوشیاری سیاسی

نەبوونی هۆشیاری سیاسی کارەساتێکی گەورەیە، چەندین زیانی هەیە، زۆر بە زەحمەت سنوردار دەکرێت، بەکورتی هەندێکیان بۆ بەرچاو روونی دەخەینە روو، لەوانە:

١. نەبوونی هۆشیاری سیاسی دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن لە زمانی سیاسەت و چەمک و زاراوەکانی سەردەم، وەک جیهانگیری، عەلمانیەت، پێکدادانی شارستانیەت، توندرەوی هتد...

٢. ناتوانرێت بنەما شەرعییەکان و ئایەت و فەرموودەکان بە رووداوە سیاسی و سەردەمییەکان ببەسترێنەوە.

٣. لەگەڵ دنیای نوێگەرایی (التجدید) دەرناچێت، بەوهۆیەشەوە لە کاروانی زانست و زانیاری بەتایبەتی لە فکری سیاسی بەجێدەمێنێت.

٤. ناتوانێت نەخشەرێگا بۆ داهاتوو دابنێت.

٥. خوێندنەوەی بۆ رووداوەکانی جیهان و ناوخۆ لاواز دەبێت.

٦. دەکەوێتە نێو ئەجێندای دوژمن بێ ئەوەی هەستی پێ بکات.

٧. لەگەڵ پێشهات و رووداوەکان تێکگیران روودەدات.

٨. لەکاتی روبەروبونەوە هەر زوو شکست دەهێنێت.

٩. ناتوانرێت سوود لەدەرفەت و رووداوەکان وەربگیرێت.

١٠. دوژمنی خۆی ناناسێتەوە، هەندێک جار کەسێک بە دوژمنی خۆی دادەنێت لەکاتێکدا ئەو دوژمنی نییە!

١١. لەنێو گومەڵگە رۆژبەرۆژ سەنگی دادەبەزێت.

١٢. متمانەی جەماوەر لەدەست دەدا.

١٣_ نازانێ لە کێ سوود وەرگرێت و کامیان زەرەرە بۆی.

١٤. بەردەوام پێی وایە لە پێشە!! لە واقیعیداشدا زۆر دواکەوتووە.

١٥. لەکۆتاییدا، ئەگەر جاران هۆشیاری سیاسی ئەوەندە گرنگ نەبووبێت، لەبەرئەوەی سیاسەت بۆ بەرێوەبردن پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک ئەخلاق و رەهەندی پەروەردەیی... هتد، ئەوا ئێستا کە وترا سیاسەت واتە فێڵ و تەڵەکە، درۆکردن، چۆن خۆت دەوڵەمەند دەکەی، تەنها کورسیەکەت هەبێ چۆن حوکم دەکەی بیکە، ئەم جۆرە سیاسەت کردنە بە مسوڵمان دەڵێت: تێگەیشتن و هۆشیاری سیاسی بە حوکمی شەرعی پێویستە، پێغەمبەر **(د.خ)** دەفەرموێت: **(الْمُؤمِنُ كَيِّسٌ فَطِنٌ حَذِرٌ وَقَّافٌ، مُتَثَبِّتٌ، عَالِمٌ وَرِعٌ، لا يَعْجَلُ)**(٩) ، واتە: مسوڵمان ژیرە، دانایە، هۆشیارە، هێواش و لەسەرخۆیە، خۆڕاگرە، زانایە، لە خواترسە، پەلە ناکات).

## پەراوێزکان


١. لسان العرب( ب١٥ – ل٣٩٦).

٢. فەرهەنگ دەریا، رزگار کەریم (ب٢، ل١٦٢٣).

٣. ترمذي گێراویەتەوە

٤. سنن دارمي ذمارة (٣٢٦١).

٥. دوو نوسراوی بەرێزان: ولید عبدالعز و د.فتحي يكن بة ناونيشاني (الوعي السياسي).

٦. سورەتی البقرة ئايةتی (١٤٣).

٧. سورەتی ال عمران ئایةتی (١١٠).

٨. محمد غزالي: حركة الاسلامية، رؤية مستقبلية.

٩. نوادر الاصول امام الترمذي (ب١ – ل١٢٦) ژمارە (١٤١٨).

# کۆنفرانسێك بۆ ڕووب






بۆ قسەکردن لە سەر میکانیزمەکانی ڕووبەڕوونەوەی فیکری توندڕەوی و تەکفیرکردن لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە ڕۆژی ٢٠١٦/٠٩/٢٢ پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ ناوەندی هزریی و ڕۆشنبیری خاڵ کۆنفرانسێکی زانستی لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو.

کۆنفرانسەکە چەند ڕاسپاردەیەکی لێکەوتەوە کە بریتی بوون لە:

١- ڕێزو سڵاو بۆ هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی کوردستان کە بونەتە قەڵای پاراستنی هەرێمی کوردستان.

٢- پێویستە موسڵمانان لەنێو خۆیاندا تەبا و یەکریز و لێبوردە و دڵسۆزبن و هەموو هەوڵێک بۆ جیاکاری و تەفرەقە بە هەر پاساو و بیانوویەک مەحکوم دەکەین.

٣- پشتگیری دەکەین لە هەر هەنگاوێک بۆ نزیککردنەوەی ڕەوت و بیرە جیاوازەکانی ناو نەتەوەی ئیسلام.

٤-بۆ هیچ گرووپ و مەزهەبێکی ئیسلامی ڕەوانیە ئایینی ئیسلام بۆ خۆی قۆرخ بکات و غەیری خۆی لە بازنەی گەورەی ئیسلامەتی دەربکات و بۆی نیە تەکفیری پەیڕەوانی گرووپ و مەزهەبەکانی دیکە بکات.

٥- بۆ ڕێگرتن لە مەنهەجی تەکفیر پێویستە برەو بە زانستە ئیسلامییەکان و بیری میانرەویی بدرێت بەتایبەت پشتگیریی لە کۆلیژ و پەیمانگا شەرعییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی بکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانییەوە.

٦- پشتگیری دەکەین لە هەر هەنگاوێکی ئاشتەوایی سیاسیی و مەزهەبی و نەتەوەیی و هەر کارێک بۆ لێکترازانی سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەیی بە نارەوا لە قەڵەم دەدەین و خۆمانی لێ بە دوور دەگرین.

٧- هەوڵدان بۆ بە عەقڵانی کردنی بزاڤی فیکری

# ــەڕووبونەوەی بیری تەکفیری





ئیسلامی و پابەندبوون بە دەق و بنەما جێگیرەکان لە سۆنگەی پاراستنی مەقاسیدی شەریعەتەوە.

٨- پێداچوونەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن و پەروەردە لە ئاستی بنەڕەتی تا خوێندنی باڵا لەسەر بنەماکانی پێکەوە ژیانی لێبووردەیی و یەکتر قبوڵ کردن.

٩- فتوادان لەسەر خەڵک و ئاراستە فیکرییەکان کاری تاکەکەس و سەرپێی نییە، بەڵکو ئەرکی دەزگای دادوەریی سەربەخۆی دوور لە کایەی سیاسییە.

١٠- ئەرکی سەرشانی زانایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە لە ڕێگەی میحراب و مینبەرەکانیانەوە جەخت لەسەر لێبوردەیی و فرەیی و یەکتر قبووڵکردن بکەنەوە و خەڵک لەسەر ئەم چەمکە گەردوونییانە پەروەردە بکەن.

١١- ئەرکی دەسەڵاتی سیاسییە لە کایە ئایینی و مەزهەبییەکاندا بێ لایەن بێت و ڕێکا بگرێت لە هەر سووکایەتییەک بە پیرۆزییەکان، چونکە سووکایەتیکردن ڕێگا خۆشکەرە بۆ توندڕەویی و تەکفیر و لێکترازان و پشێویی کۆمەڵایەتی.

١٢- جەختکردن لەسەر یەکپارچەیی و چارەنووسی هاوبەشی ئوممەت و جیهانی ئیسلام و بانگەوازی زیاتر و کاری پێکەوەیی و نەهێشتنی دەمارگیریی و داکۆکی کردن لە مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبی و سیاسییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکاندا.

١٣- داوا دەکەین لە هەموو لایەن و دەوڵەت و هێز و جەمسەرە ناکۆکەکان لە هەموو گۆشە و کەنارەکان و جیهانی ئیسلامدا بەرەو تەبایی و ئاشتی و چارەسەر بڕۆن و دووربکەونەوە لە تەکفیر و تەخوین و بەدناوکردنی یەکتری.

**بەشداربووانی کۆنفرانسی**
**ڕووبەڕووبوونەوەی تەکفیر لە سلێمانی،**
**٢٠١٦/٩/٢٢**

# بەشێك لەو كتێبانەی لەسەر ئیسلام و دەوڵەتتداری بە زمانی كوردی نوسروان


















**له بڵاوکراوەکانی گۆڤاری**

# چەند ڕێنماییەك بۆ نوسەرانی (خاڵ)

نوسەرانی بەڕێزی گۆڤارەکەمان ئاگادار دەکەینەوە کە لە ناردنی بابەتەکانیاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەن:

١. نوسینەکانتان بە یونیکورد(Unikurd) و بە سایزی(١٤) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان، یاخود فۆنتی کوردی (Ali k sahifa bold)ی سایزی(١٤) و عەرەبییەکەشی (Ali A sahifa bold) سایزی(١٢) بێت.

٢. تکایە زۆر بە جوانی هەڵەچنی زمانەوانی و خاڵبەندی بکەن، بۆئەوەی هیچ گرێ و گۆڵ و ناڕوونییەک لە بابەتەکانتاندا نەمێنێت کاتێک دەینێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

٣. لەگەڵ ناردنی بابەتەکانتاندا وێنەیەکی ڕوون و پرۆفایلی خۆتانی لەگەڵدا بنێرن.

٤. نوسینەکانتان بەر لە تەواوبوونی وادەی دیاریکراوی خۆی بۆ گۆڤارەکەمان بنێرن.

٥. بابەتەکان با زانستی و چڕوپڕ بن، هەروەها پابەندیش بن بەو ژمارە وشەیەی کە گۆڤارەکە بۆ هەر بابەتێک دیاری کردووە.

٦. ناونیشانەکان گوزارشت بن لە ناوەڕۆک و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

٧. پێش فاریزە(،) سپەیس نیە، بەڵکو سپەیس دوای فاریزە(،) دادەنرێت.

٨. پێش خاڵ(.) سپەیس دانانرێت.

٩. پێش وشەکانی (بەڵکو، بەڵام، هەروەها، چونکە، لەبەرئەوەی) فاریزە(،) دادەنرێت.

١٠. لە بنەڕەتدا فاریزە(،) لەبری (و)ی ئامرازی پەیوەندی دادەنرێت، ئەو فاریزەیە بۆ وچانی کورتە کە فاریزە دانرا ئیتر پێویست بە (و)ی ئامرازی پەیوەندی ناکات دابنرێت لە پێش یان پاشی فاریزەکە.

١١. (و)ی ئامرازی پەیوەندی با (و)ە ئەسڵییەکەی سەر کیبۆردەکە بێت و لە پێش و لە پاشیشییەوە سپەیس هەبێت.



## دواخاڵ



تۆفیق کەریم

# بەکەلتوورکردنی دەوڵەتداریی

مەسەلەی دەوڵەتداریی و بەڕێوەبردنی دەسەڵات، هەرچەندە پەیوەندی بە ژیانی تاک تاکی کۆمەڵگەوە هەیە، کەچی کە مترین پانتایی لە هزر و نووسینی فەقیهو زاناو رۆشنبیرە ئیسلامییەکاندا بەدرێژایی مێژوو گرتووە، ئە مە دەلیم سەبارەت بەپشتگویخستنی باسی دەولەتداری لایان، بە بەراورد بە کایەکانی دیکە، وەکو بابەتی عیبادەت. ئە خلاق... هەر بۆنمونە ئەگەر سەرنجی کتێبەکانی فیقهو فەرموودە بدەین دەبینین لە پۆلێنکردن و دابەشکردنیاندابەسەر (کتاب)و (باب)و (فصل)و چی و چی بۆ هەمو بوارەکانی عەقیدەو عیبادەت و معامەلات و ئەخلاق دانراون، کەچی کەمێکی زۆر کەمیان نەبێت ئەگەر نا تەنها بە پرش و بڵاوی و پچڕ پچڕ لەشوێنە جیا جیاکانی ئەو کتێبانەدا ئاماژە بۆ دەسەڵات و دەوڵەتداری کراوە ئەویش ئەکەر کرابێت.

ئەمەیان لە ئاستی کەلەپوری جیهانی ئیسلامیدا بەوپانو بەرینیەیەوە, خۆ ئەگەر بێینە سەر وڵاتی کوردەواریی قەیرانەکە قوڵتردەبێتەوەو ئەو چکە چکەیەش ڕوو لەوشکبوون دەکات. ئەم بابەتە هێندە پشتگوێخراوە خەریکە نەک نەیارانی ئیسلام، بەڵکولای بەشێکی یارانشیەوە نکوڵی لێبکرێت و گومان لەسەر پەیوەندی نێوان ئاینو دەوڵەتداریی دروستبکەن، بۆیە ئەرکی زاناو ڕۆشنبیر و نوسەرانە بابەتەکە گرنگی پێبدەن و بنەماو پایەکانی دەوڵەتداریی لەئیسلامدا ڕوونبکەنەوە و نمونەیەکی جوانی تیۆری سەر دەمیانەی پاپەند نیشانی جەماوەر و خەڵکە هۆشیارەکە بدەن، تا دەبێتە بەشێک لە کەلتوری ئەم گەلە، چونکە ئایندارى تەواو بەبێ بوونی دەوڵەتێکی دادگەر و خزمە تگوزار دروست نابێت, ئەو پەیامە خوداییەی کە بۆ بەندەکانی ناردووە کە بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی دادگەر و بنەبرکردنی جەورو ستەمکارییە، دەبێت بۆ خەڵکی رونبکرێتەوە, ئەمە ئەرکێکی پێغەمبەری خواو خەلیفەکانی دوای ئەو بوون کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان لەڕێگەی دامەزراندنی دەولە تێکی لەو شێوەوە بە بەرجەستە کراو نیشانی جیهاندا و هە رئەوەش بووبەهۆی سەرەکی پەلهاویشتنی ئاین بەو جیهانە پان و بەرینەی ئیسلامدا کەلە ماوەیەکی کورتدا. بۆیە ئەرکی زانایەکی سە رمینبە رە, ڕۆشنبیرێکی شارەزایە, نوسەرێکی خامە ڕەوان, ماموستایەکی وانە بیژە, بابەتی دەولەتداری لە دیدێکی ئاینیەوە بوروژێنن‌وموناقەشەی بکە نوهە لسە نکاندنو خویندنەوی نوێی بۆبکە ن, تاهەمولایەک پێی ئاشنا دەبنو وەک زۆرکایەی دیکە دەبێتە بەشیک لەکەلتورو نامۆیی لەناو کۆمەڵکەدا نامێنێت.

کە خۆشبیەختانە هەستی پێ دەکرێت ئەم کاروانە کەوتوەتە ڕێگەو وردە وردە هەنگاو دەنێت با زۆربەهێواشیش بێت.